
# گزینگ

٧

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە

بەهاری ١٣٧٤ ـ ١٩٩٥

- کوردستان خۆشەویستی هەمیشەیی باوکم بوو
- فەرهەنگنووسی کوردیی کرمانجی: هەڵسەنگاندن و لێدوانێک
- کورتەیەک لەسەر شانۆی دایکی نیشتمان
- رووناکبیر و پەسن و ئەرکەکانی
- مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا
- زۆرداریی حەفتاساڵەی تورک
- سیامانتۆ و خەجێ زارە
- ڕێبەرانی نەخۆش ڕەوتی دنیایان گۆڕی



تاق وەسان ـ کرمانشان

له مەیدانی شەڕانخێوی خەباتی قەڕنی بیستەمدا
سەرم سووڕما کە ئەسپی سووکە سواری کوردی بۆ وەستان

وەڵامی دامەوە پیرێکی ئازادەی جیهاندیدە:
خەتای سواران نەبوو پێش سوارەکانمان قورس و ناوەستان

«هێمن»

# گزینگ ژمارە ٧

**بەهاری ١٣٧٤(١٩٩٥)**

## نێوەرۆک

بابەت — نووسەر — وەرگێڕ — لاپەڕە


هەر بژی یاشار کەماڵ هێرش.................... ٤
وتووێژ لەگەڵ«دوریە عەونی» پ. وەیس ٥
فەرهەنگنووسی کوردیی کرمانجی... مکاییل شایەت ـ حەسەنی قازی ١١
کورتەیەک لەسەر شانۆی دایکی نیشتمان : برایمی فەڕشی....... ٢٣
ئاگادارییەک: م. مالمیسانج.......... ٢٨
ڕووناکبیر و پەسن و ئەرکەکانی د. حوسێنی خەلیقی ٢٩
مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا: ژیلا.ف ـ تەیفور............ ٣٣
مێژووەچیرۆک: عەبدولقادری دەباغی.......... ٣٩
زۆرداریی حەفتا ساڵەی تورک: یاشار کەماڵ هاشم ٤٤
وتووێژ لەگەڵ یاشار کەماڵ داگنزنیهێتر هاشم ٤٥
هاوپرسەکی لەگەڵ گینا یاکۆبی حەسەنی قازی ٤٦
سیامانتۆ و خەجێ زارە ئەنودری سوڵتانی ....... ٤٧
شێعر: ئاشق، ئەنووەر س، عەبدولقادر سەعید، گۆران قەرەداغی، هیوز ٥٠
چیرۆک: گیاندان مەهاباد قەرەداغی ....... ٥٣
........: گۆڵی ئاخ کوردان...... ٥٥
تێشکێک بۆسەر ڕەچەڵەکی قەرەج ئەنوەر محەمەد ئەحمەد ٥٩
کوا حەق وایە؟ عەلی کەریمی ........ ٦٠
مەحزوونی یا بێسارانی؟ ئەحمەد شەریفی ........ ٦٢
ڕێبەرانی نەخۆش ڕەوتی دنیایان گۆڕی: لیندمارکێر ـ عەزیز نەژادیان ٦٤
ڕانانی کتێب ........................ ٦٦



**بەرکار و بەرپرسی نووسین :**

**س .ج . هێرش**

ناو و نیشان :

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
SWEDEN

**ژمارەی فاکس:**
Faxnr: +650 - 94029

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**
Postgironr: 443 5022-1


**« گزینگ » خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.**

## نەورۆزتان پیرۆز

**«گزینگ»ساڵێکی پڕ لە شادی و بەختەوەرییتان بۆ بە ئاوات دەخوازێ..**


چاپی سوێد: ئاپریل(ئاوریل)ی ١٩٩٥

ISSN 1104 - 3473

# هەر بژی یاشار کەماڵ

هێرش

هەروەک ئاگادارین،«یاشار کەماڵ» ڕۆماننووسی گەورە و نووسەری تورکنووسی بنەچەک کورد، لە مانگی ڕابردوودا، بە تاوانی لەقاودانی سیاسەتی نائینسانی و دژی کوردانەی ڕێژیمی تورکیا ـ لە ڕۆژنامەی **«شپیگێل»** *دا ـ لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی و قەڵەمە بەکرێگیراوەکانی سەر بە ڕێژیم، کەوتە بەر دڕەندەترین پەلاماری تەبلیغاتی و تەنانەت ڕێژیمی تورکیا بە پێداگرتن و لەبەرچاوگرتنی چەندساڵ زیندان بە تاوانی**«جیاوازیخوازی»** بە توندی هەڕەشەی لێدەکا.. هەر ئەو نووسەرەی کە سەردەمێک بۆ بەرهەڵستکارانی پێشووی دژ بە«حکوومەتی ژەنەڕاڵەکان» و بەشدارانی ئەوڕۆی ڕێژیم، مایەی شەرەف و شانازی بوو ئێستا دەخرێتە ژێر ناڕەواترین تەشەر وبوختانی نابەجێ و بگرە ئەگەر بیروڕای گشتی جیهانی ڕێ بدا، لەوانەیە بەسەختترین شێوە سزا بدرێ وتەنانەت سەربەنیستیش بکرێ. دیارە لە ڕێژێمێکی کە لە پیسترین و چەپەڵترین تاقمی ڕەگەزپەرستی تورک پێکهاتووە، جگە لەو هەڵوێستە شتێکی دی چاوەڕوان ناکرێ. بەڵام سەیر لەوەدایە هەر ئەوانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەلایەن ڕێژیمی پێشووی ژەنەڕاڵەکان کەوتبوونە ژێر سانسۆر و ڕاونان و بگرە زیندانیش، ئەوانیش ئێستا لە گەڵ کاربەدەستانی ڕەسمی ڕێژیم هاودەنگ و هاوهەڵوێستن کە گۆیا«یاشارکەماڵی خاین! ئەو ماڵەی کە خۆی لێی دەخەوێ پیسی دەکا..».

بابزانین تاوان و خەیانەتی! یاشار کەماڵ چییە؟ هەرچەند یاشار کەماڵ، وەک کورد لە هیچ کوێ بە ڕەسمی خۆی نەناساندووە و دیارە گرینگیش نییە کە بە زۆری بیکەینە کورد، بەڵام وەک نووسەرێکی ئەمەگدار و خاوەن ڕێبازی ئینسانی و لایەنگری«مافی مرۆڤ»، هیچکات بوون و هەوێتی نەتەوەیەکی ـ بە قەولی خۆی ـ ١٥میلیۆنیی کوردی نەخستووەتە ژێر تەم و مژی حاشا لێکردن و بگرە لە دژوارترین قۆناخی خەباتی هەقخوازانەی ئەو گەلەی کە بە ئاشکرا لە لایەن ڕێژیمی ڕەگەزپەرستی تورکیاوە، فەرمانی تواندنەوە و لەناوچوونی دەدرێ..، پیاوانە و ئازایانە هەڵوێست دەگرێ و سیاسەتی قەڵاچۆکردنی دژ بەکوردان لە قاو دەدا.

یاشار کەماڵ چ لە وتارەکانی خۆیدا و چ لەبەرهەمەکانیدا: وەک ڕۆمانەکانی«حەمەچکۆڵ»، «کاریتە»، «تەنەکە»، «ئەفسانەی چیای ئاگری» وزۆری دی.. کە ڕەنگ وبۆی فەرهەنگ و کولتووری کوردەوارییان پێوەدیارە و ڕەنگدەرەوەی ژیانی تفت و تاڵی خەڵکی هەژار و بێ دەرەتانی ناوچەی«ئاناتۆلی»ین.. هەمیشە سیاسەتی پیس و نائینسانی دەستەڵاتدارانی تورکی خستووەتەبەرچاو.

بۆ یاشار کەماڵی هونەرمەند و داهێنەر، جیاوازی ڕەگەز و ڕەنگ وڕێباز گرینگ نییە، ئەو بەهەمان ئەندازە کە خەڵکی تورکی خۆش دەوێ هەر ئاواش خەڵکی کوردی خۆش گەرەکە و بە تایبەت لە جیهانبینی فکری وهونەری ویدا تەنیا ئینسانییەت و «مافی مرۆڤ»و دێمۆکراسی شیاوی بایەخ وسەرنجدانن. ئەم هەڵوێستەی یاشار کەماڵ ئی ئەوڕۆ و دۆێنێی نزیک نییە، بەڵکوو ئەوە لە کانگای بیری قووڵ و داهێنەرانە هونەرییەکەی سەرچاوەدەگری کە ڕێبازێکی بەرزی ئینسانییە.

هەر ئەو کەماڵەی تا دۆینی بە تاوانی کومونیست بوون لە لایەن ڕێژیمی ژەنەڕاڵەکان دەگیرا و سزادەدرا.. ئەوا ئەوڕۆ لە لایەن ڕێژیمێکەوە کە بە ڕواڵەت خۆی دە جلوبەرگی ڕازاوەی دێمۆکراسیدا بە کۆڕوکۆمەڵی جیهانی ناساندووە و جارجار پۆزی وڵاتانی ئورووپاییش لێدەدا.. تاوانی! **«جیاوازیخوازی»**دەخرێتەپاڵ و حەواڵەی دادگای دەستکرد دەکرێ.. تاوان و خەیانەتی! یاشار کەماڵ تەنیا و تەنیا ئەوەیە کە«دەیهەوێ وێنەیەکی پیس و ناحەز لە تورکیا، بۆ بیروڕای گشتی جیهانی و نێونەتەوەیی بخاتەبەرچاو..» و دان بە مافی«تورکە چیایی!»یەکانی دوێنێی ئەووڵاتە بێنێ..

بۆ نووسەر و هونەرمەندێکی هەقبێژ و ڕەوشت پاک و ئاکارچاکی وەک یاشار کەماڵ، تاوان! ئەوەیە کە سووکایەتی و بێ نامووسی وەدەرخواردانی پیسایی کە لە لایەن ڕێژیمی تورکیاوە دژ بە خەڵکی کورد بەڕێوەدەچێ، لەبیروڕای گشتی جیهانی ناشارێتەوە، بەڵێ خەیانەتی! گەورەی ئەو نووسەرە ئەوەیە کە لەسەرمافی مێژوویی کوردان وەدەنگدێ و پێدادەگرێ و بە ئاشکرا داکۆکیان لێدەکا.

ئایا ڕێژیمە سەرەڕۆیەکانی زۆربەی وڵاتانی جیهان بە گشتی و ڕێژیمی تورک بە تایبەتی، دەتوانن لەو پیلانەیایدا کە دژ بە ئازادی بەیان و بیروباوەڕدەربڕین وخەفەکردن و سڕینەوەی وشەی هەق و هەقیقەت و شکاندنی زمان و قەڵەمی نووسەرانی ئەمەگدار وەڕێیان خستووە سەرکەون؟ ئەوە وڵامێکە کە لە سەنگەری یەکێتیی ئەهلی قەڵەم و لایەنگرانی ئازادی بیر و باوەڕ و کۆڕوکۆمەڵانی ئازادیخواز، دەدرێتەوە کە بە خۆشییەوە تائێستا لە لایەن بەشێکی زۆر لە نووسەران و هونەرمەندانی تورکیا و ئورووپا و وڵاتانی دی، دژ بە هەڵوێستی دڕندانە و نائینسانی ڕێژیمی تورکیا لە ئاست نووسەری خۆشەویست ولەسەردڵان یاشارکەماڵ، ناڕەزایەتی نیشان دراوە و ئەو پیلانە پووچەڵ کراوەتەوە.

هەر بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی لە هەموو نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی کورد داوابکرێ کە بەهانای«بیر و قەڵەم»ەوە بێن و پشتیوانی خۆیان لەو نووسەرە ڕێزدارە کە لە پێناو داکۆکی لە مافی کوردان سزادەدرێ، دەربڕن و پێشێلکەرانی «مافی مرۆڤ» و «ئازادی بیر و باوە و بۆچوون»لە قاوبدەن.

لەکۆتاییدا گۆڤاری**«گزینگ»**، وێڕای سپاس و ڕێز و پێزانین لە قەڵەمی هەقبێژی یاشار کەماڵ، پشتیوانی ڕوحی و ویژدانی و ئینسانی خۆی لە ژێر عینوانی **«هەربژی یاشار کەماڵ»** ئاراستە دەکا و هاوزمان لەگەڵ وی ئەو وتەیەی دووپات دەکاتەوە: «**بەستەوێژان لە قانوون دانەران بەهێز ترن.. نووسەران ئێستاش توانای ئەوەیان هەیە کە بە لاتی ئازادی هەر دوو جیهان هەنگاو هەڵێنن..**». ■

* بڕوانە لاپەڕەی ٤٤ (زۆرداریی چل ساڵەی تورک: یاشار کەماڵ)



# «کوردستان، خۆشەویستی هەمیشەیی باوکم بوو»

**وتوویژی هاوکارمان**
**«پ. وەیس»**
**لەگەڵ**
**ڕۆژنامەنووس و نووسەری کورد**

## «دوریە عەونی»

**ناساندن**

ماوەیەک پێش ساڵی زایینی خوشکە **«دریە عەونی»** سەفەرێکی کرد بۆ سوێد و **«گزینگ»** لەو هەلە کەڵکی وەرگرت و وتووێژێکی لەگەڵ پێکهێنا.. ئەو وتووێژە ، لەسەر کتێبێکی تازەی ئەو ژنەتێکۆشەرەی کورد و هەروەها بیردوەرییەکانی لەسەر باوکی بەڕێزی: **محەمەد عەلی عەونی و وەزعی ئێستای کوردستانە.**

بۆ بەرەی نوێ و ئەوکەسانەی کە ناوی **«محەمەد عەلی عەونی»** یان نەبیستبێ هەر ئەوەندە پێویستە بڵێین کە ئەو لە ساڵی ١٨٩٧دا لە شاری سێوەرۆک لە دایکبوو، لەسەرەتای گەنجێتیدا بەشداری جووڵانەوەی کوردایەتی کرد و پاشان بۆ خوێندنی بەرز چوو بۆ قاهیرە. بە هۆی دەورێکی باڵا کە لە پێکهاتنی «کۆمەڵەی خۆیبون» لە ساڵی ١٩٢٧دا هەیبوو، لەگەڵ یەکێک لە هاوشارییەکانی خۆی بە ناوی «عوسمان ئەفەندی» حوکمی بەرگری لە گەڕانەوەیان بۆ دەرچوو و هەر لەوێ نیشتەجێ بوون. لە قاهیرە، بە یارمەتی گەلێک لە تێکۆشەرانی هەڵکەوتوو وەک **«جەلادەت بەدرخان»** و **«ئەمین زەکی بەگ»** و خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی میسر، دەستی بە تێکۆشانی ئەسرەوتوو کرد. یەک لە کارە بەرزەکانی، لە چاپدانەوەی کتێبی «ئەمیرشەرەفەدینی بدلیسی» بەناوی **«شەرەفنامە»**، بە فارسی و وەرگێڕانەوەی ئەو کتێبەیە بە عەرەبی. ئەو، هەروەها کتێبی ***«تاریخی کوردوکوردستان»*** و ***«تاریخی مەشاهیری کورد لە سەردەمی ئیسلامی دا»***، لە نووسراوەکانی ئەمین زەکی بەگ»ی کرد بە عەرەبی و بۆخۆشی کتێبێکی یەکجار بەنرخی لەسەر جووڵانەوەکانی گەلی کورد لە سەرووی کوردستان و سیاسەتی چەپەڵی تورکەکان نووسی، کە تا ئێستاش باشترین نووسراوەیە کە لەسەر مێژووی نوێی کوردستانی تورکیا هەتا ساڵی ١٩٣٠ دەرچووبێ. ئەو کتێبە لەسەر ناوونیشانی ***«کێشەی مێژیینە و ئێستای کورد»*** نووسینی «بەلەچ شێرکۆ» (کە نازناوی محەمەد عەلی عەونی بووە) لە لایەن کاک «محەمەد حەمەباقی» یەوە کراوەتە سۆرانی و تائێستاش سێ چاپی لێ بڵاوبووەتەوە.

«دوریە عەونی»، هەر کچی پیاوێکی بەناوبانگ نییە، بۆخۆشی لە هەموو ژیانیدا هەوڵی داوە کە ڕێباز و ڕەچەڵەکی باوکی ون نەبێ. ئەو لەگەڵ ئەوەشدا کە دایکی (میسری)یە و لە وڵاتێکی دوور لە کوردستان هاتووەتەدنیا، هەر لەسەرەتای پێگەیشتنییەوە شەیدای خەباتی وڵاتی بابی بووە و بەپێی توانای خۆی ـ کە کەمیش نەبووە ـ لە یارمەتی هەمە چەشنە بە خەباتی گەلی کورد کۆتایی نەکردووە. ئەو دەمەی کە باسی وەزعی خوارووی کوردستان و شەڕی خۆکوژی دەکا، فرمێسک لە چاوی دەگەڕێ و بە دەنگێک کە لەهاوار دەچێ، لە ئاست ئەو سیاسەتەی کە گەلی کورد بەرەو هەڵدێرێکی سامناک دەبا، هەستی خۆی دەردەبڕێ. ئەوەش لە ڕاستیدا قسەی باوکی دەردەخا کە: «گرینگ نییە پیاو لە کوێ بێ، نیشتمان ئەوینێکە کە لەدڵدا هەر دەمێنێ».

تێکۆشانی دوریە عەونی، نەک هەر وەک کوردێکی نیشتمانپەروەری دەرەوەی وڵات، بەڵکوو وەک ژنێکی ئازا و نەبەزیش، بۆ کچان و ژنانی کورد شیاوی سەرنج و دەرس لێ فێربوونە. ئەو کە لە کۆمەڵەیێکی ژنکوژی ڕۆژهەڵاتی پاشکەوتوو ڕا هاتووە، هەر لە سی ساڵ لەوەپێش، لەناو گەورەترین و بەناوبانگترین ئاژانسی خەبەری (فرانس پرێس: A. F. P) جێگای خۆی کردووەتەوە و ئەو کارەشی کردووەتە ئامرازێک بۆ خزمەت بە گەلەکەی. دوای خانەنشین بوونیش لە ساڵی ١٩٩٢ دا سەفەرێکی تایبەتی کرد بۆ سەروو و خوارووی کوردستان و بەرهەمی ئەو سەفەرەش کتێبێک بوو بە عەرەبی لە ژێر عینوانی (عرب و اکراد، خصام أم و ئام) کە لە ڕۆژنامەکانی عەرەبیدا دەنگی دایەوە. (پ. وەیس)


● **خوشکە دوریە! تکایە هێندێک باسی ڕابردووی خۆت و ڕووداوەکانی ژیانت بکە!**

ـ بەڵێ، دوای خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و وەرگرتنی باکالۆریا لە مەدرەسەی فەڕانسەیی ـ میسری لە قاهیرە، ماوەی ساڵێک چووم بۆ عێراق و لەوێندەرێ، لەلای مامم «نەجمەدین عەونی» دەژیام کە وەک موهەندیسێکی میری لەعێراق کاری دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا لەپێوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی گەلی کورد چووبووە ئەوێ. لەوێڕا، بۆ دەستپێکردنی خوێندنی زانکۆیی چوومە فەڕانسە و دەستم کرد بە خوێندنی زانستی سیاسی و هەروەهادەرسی تەرجوومانی هاوکات و پێموابێ لەوسەردەمەدا، یەکەم کەس بووم کە ئەو دەرسەی بۆ سێ زمانی عەرەبی ـ فەڕانسەیی ـ ئینگلیسی خوێندبێ. پێش تەواوبوونی ئەو دەرسانە و بە هەڵکەوت و ←

هێندێکیش لە سایەی جووڵانەوەی گەلی کورد، چوومە سەرکاری هەواڵنێری. کەسێک کە بەمەسەلەی کوردەوە ماندوو بوو- دوای ئینقلابی عەسکەری لە عێراق(ساڵی ١٩٦٤)- داوای لێکردم کە هێندێک وەزعی ئەوێی بۆ ڕوون بکەمەوە، دوای ئەوەیکە زانی زۆر زانیارییم هەیە لە سەروەزعی عێراق بە گشتی(و بۆ نموونە دەمزانی هەڵوێستی ژنراڵەکان چییە و یا خۆ کوردن یا عەرەبن)، دەزگای ئاژانسی (فرانس پرێس:A. F. p)م بۆ کرایەوە و لەو شوێنە دامەزرام. دوای ئەوەش کە زانیان زۆر شت لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانم، کارتی هەواڵنێرییان پێدام. هەر ئەو ساڵەش، دوای ئەوەیکە هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەی(الاهرام)پێی زانی کە ژنێکی میسری کە زمانەکەشی لە بنەڕەترا فەڕانسەیی نییە و لە شوێنێکی وەک(فرانس پرێس: A. F. p)کاردەکا، نووسراوەیەکی لە سەرمن لە ڕۆژنامەکەیان بڵاوکردەوە و هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەیکە حەفتەنامەی(المصور)داوام لێبکا تا ببمە نوێنەر و هەواڵنێریان لە فەڕانسە. ئەوەش ساڵی ٦٥ بوو. کە وابوو هاوکات دوو کارم دەستپێکرد، هەواڵنێری عەرەبی و فەڕانسەیی.

**● شێوەی پێشبردنی کارەکەت چۆن بوو؟**

- ناوابوو کە دەبا یا لە فەڕانسەرا، یا خۆ بەچوون بۆ ئەو شوێنانەی کە کارەساتیان لێدەقەومان، خەبەر و زانیاری کۆبکەمەوە و ڕێکوپێکیان بکەم. چوارچێوەی کارەکەشم هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، هەر بەو پێیە بە دوای شەڕ وکێشەی ڕێژیمەکانی عێراق لە دژی جووڵانەوەی کورددا، بووم و ئاشناییم لەگەڵ زۆربەی ڕێبەرەکانی جووڵانەوەکەدا هەبوو. دوای پێکهاتنەکەی مارسی ١٩٧٠ش، لەگەڵ ژەنەڕال بارزانی بۆ(فرانس پرێس: A. F. p)و گۆڤاری(المصور)وتووێژم کرد. بۆ ئەو وتووێژانە و ڕێ و ڕەسمی شەڕ ڕاوەستان، بانگهێشتن کرابووم بۆ عێراق. دیارە چەندین جێژنی دیکەشم لە پێشدا دیتبوو و بۆم دەرکەوتبوو کە خەڵکی عەرەب لە عێراق شەڕ لە دژی کوردستانیان ناوێ و گەلی کورد و عەرەب دەتوانن بە باشی بەیەکەوە بژین، گەلی عەرەب لە عێراق چەندین جار قبووڵی کردووە کە گەلی کورد ئۆتۆنۆمی خۆی هەبێ لە وڵاتی خۆیدا و هەر جارەش بۆ دەربڕینی ئەو مەبەستە



شایی و هەڵپەرکێیان دەکرد، بەڵام ئەوە ڕێژیمەکانی ئەو وڵاتەن کە هەرجارە پەیمان شکێنی دەکەن یا خۆ ناوەڕۆکی ئەو پەیمانانەیان دەگۆڕن و بەوپێیە دەبنە هۆی شەڕ وماڵوێرانی.

**● پێموابێ هەر لەو ساڵانەدا(واتە ٦٥ - ٧٠)، لەگەڵ زۆربەی تێکۆشەرانی کورد لە پارچەکانی دیکەشەوە ناسیاویت هەبوو؟**

- بەڵێ، وەک کورد و لە چوارچێوەی کارەکەشمدا زۆربەیانم دەدی، بە تایبەت ڕێبەرانی کوردی عێراق. لە کوردەکانی ئێران، «قاسملوو»م ئەوکاتە ناسی کە هێشتا ڕێبەر و بەناوبانگ نەبوو. خۆم وەک خوێندکار، بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی (خوێندکاری کورد)لە دەرەوەی وڵات دەبووم و بەداخەوە ئەوەدەمە، سەرەڕای ئەوە کە قاسملووش لە فەڕانسە دەبوو، نەماندەناسی و زۆر نەدەهاتە نێو ئەو کۆڕانە. دواتریش کە هەر لەژێرناوی سەردوە کۆڕ و کۆبوونەوە پێکدەهات، یەک دو جار دیتم. پێوەندی من زۆرتر هەر لەگەڵ کوردەکانی عێراق بوو و ئەوەش زیادتر بەهۆی ئەوەبوو کە عێراق ڕاستەوخۆ لە ناوچەی کاری مندا بوو، بۆخۆشم لە عێراق ژیابووم و زۆر دەچوومە ئەوێ، هەموویانم دەناسی.

**● پێش ئەوەیکە زۆرتر باسی پێوەندی خۆت و کوردایەتی بکەین، با بچینە سەر ئەو باسە کە تۆ چۆن توانیت وەک ژنێک، ڕێگای خۆت لە ناوکۆمەڵێکی پڕ لە ڕقەبەری دا بکەیەوە؟ ئەوەش بە زانینی ئەومەسەلەیە کە بەداخەوە لە کۆمەڵانی ئێمەدا پێشی ڕاهاتنی ژن بۆ کاری کۆمەڵایەتی بەستراوە و نەک هەر هیچ هاندانێک دەگۆڕێدا نییە، بەڵکوو بە هەموو شێوەیەک بەرگری وبەربەندی دەکرێ لە ئاست ئەم توێژەوە. دیارە ئەو وەزعە، سی - چل ساڵ لەوەپێش نالەبارتریش بووە.**

- هەر وەک دەزانی بنەماڵەی ئێمە، بە هۆی کار و زەحمەتەکانی باوکم، لە نێو کورداندا زۆر باش ناسراون. بەداخەوە، باوکم کە مرد من زۆر گەنج بووم. بابم لە دەرباری «مەلیک فارووق»دا وەک وەرگێڕ کاری دەکرد و ٢٢ ڕۆژ پێش لە ڕووخانی ڕێژیم و وەلانانی مەلیک فارووق، وەفاتی کرد(١١ی ژووییەی ١٩٥٢). هەربۆیە بە داخەوە نەمتوانی لە کار و پیشەی باوکم کەڵک وەرگرم. ئەو، نووسەر و وەرگێڕێک بوو کە لەدەربار کاری دەکرد و دەرباریش تێکچووبوو و شاوما نەمابوون. کوردەکانیش کە دەیانزانی من کچی ئەوم، بەناسینم گەلێک سەرفراز و کەیفخۆش دەبوون بەڵام بۆخۆیان وەزعێکی ئەوتۆیان نەبوو کە بتوانن یارمەتی کەسێک بکەن. ئەگەر ڕاستت دەوێ، ئەوی کردبم هەر بە توانای خۆم کردوومە، بەڵام لەسەر ئەساسی ڕاهێنان و فێرکردنی دایک و باوک و بنەماڵەکەم. کەسێک ئەو سەرمایە گرینگەی هەبێ، بۆ هەموو ژیانی بەسە، بەڵام دیارە هەر ئەوەش بەس نییە. بێ ئەوەیکە خۆم زل نیشان بدەم، دەڵێم کە گەیشتن بەو جێیەی کە من لە ڕۆژنامەگەری فەڕانسەدا پێی گەیشتم، بۆ ژنێکی وەک من ڕۆژهەڵاتی، موسوڵمان و کوردوعەرەب، سانا نییە.

لە بیرمان نەچێ کە ساڵی ٦٤، فەڕانسە تازە شەڕی دژ بە (ئەلجەزایر)ی کۆتایی پێهێنابوو و وەک دەشزانین زۆر دۆستی ئیسراییل بوو و هاوکات لەگەڵ ئەوانەش - نەک لە فەڕانسە بەڵکوو لە هەموو ڕۆژئاوا - دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکەرەوە، بەگشتی لە ژێر لۆبی جوولەکان دان؛ سەرەڕای ئەو لەمپەرانە، جێگایەکم لە ناو ڕۆژنامەگەریدا بۆخۆ کردەوە و هەروەها لە ڕۆژنامەکانی عەرەبیشدا. پێ بەپێی ئەوەش بەشداری و پشتیوانیم لە هەموو ئەو خەباتانە کە پێم خەباتێکی ڕەوابوون، دەکرد؛ وەک خەباتی فەلەستین، ڤێتنام، شیلی وبەشێوەیەکی بەردەوامتر کوردستان. لەگەڵ ئەوەی کە سوسیالیست و کومونیستیش نەبووم(چون باوەڕم بە ڕێبەرانی دوگماتیک و قسەزل نەبوو و هەر لەوکاتەشدا، خەڵک وردەوردە دەیزانی کە چۆن ئازادی و مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن)، بەڵام پشتیوانییم لە جووڵانەوەی پێشکەوتنخواز دەکرد وبۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بە دەستی خۆیان، تێدەکۆشام و ئەوانە ێنستاش بۆ من وەک چرای ڕێ و ئاڵان.

**● با بگەڕێینەوە سەرباس و بیرەوەری دەورانی منداڵی. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانم ئەو باسە گەلێک خەم و پەرۆشی تێدایە، بەڵام بۆ زانیاری نەوەی نوێ بەکەڵکە و هەروەها بۆ مانەوەی مێژوو..**

ـ (لە حاڵێکدا فرمێسک لەچاویدا قەتیس ماوە ، درێژە بە قسەکانی دەدا..) هەر لەوەدەمەوە کە بیرم کردەوە، باوکم زۆر بەسەرمەشغووڵی و هەڵسووڕان دەدی. ئەو هەر خەریکی لێکۆڵینەوە و نووسین بوو. دەور و بەری هەمیشە پڕ بوو لە کتێب، لەو خەباتەشدا، دایکم بۆ ئەو بەڕاستی پشتیوان بوو. لە قسەکانیانڕا تێدەگەیشتم کە جیاوازییەک لە گۆڕێدایە. دایکم خۆی بە میسری دەزانی(و هەر ئاواش بوو) و پێی دەگوت: (**ئێوەی کورد زۆر دەمارین و «غروودیین»و..**)، باوکیشم لە وەڵام دا دەیگوت:(**ئێوەی میسری، ئێستاش هەر «فیرعەونیین»و..**).

کەوابوو دەمانزانی کە ئەوان لە یەک ڕەگەز نین. بەڵام هەستمان دەکرد کە باوکمان بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی خۆی، لە لایەن دایکمانەوە بەتەواوی پشتیوانی دەکرێ و هەر بۆیە ئەو بە ڕاستی جێی ڕێزە(چون باوکمان خۆی هەر کورد بوو و هەرچی کردبای هەر بۆ خۆی بوو). ئەگەر من و براکانم هەستی کوردایەتیمان هەیە، بەشی زۆری لە سایەی دایکمانە؛ ئەوەش لە وڵاتێکی وەک میسر کە هەموو کەس و نەتەوەیەک قووتدەدا و لە هەوێتی خۆیان دەیان شواتەوە، هونەرێکی کەم نییە. ئەگەر باش بیر لە سەردەمی **ئەیوبییەکان** بکەینەوە و هاتنیان بۆ میسر، بۆمان دەردەکەوێ کە میسر یەکەم وڵاتە کە توانیبێتی، کوردەکان قووتدا و لە کوردبوونی خۆیان بیان شواتەوە. ئێستاش زۆر میسری هەنە کە دەزانن باب و باپیر و بنەچەکەیان کورد بووە، بەڵام هەر خۆیان بە میسری دادەنێن و ئەوپەڕەکەی دەڵێن ئێمە لە ڕەگەزی کوردین. ناو و ناسناویشیان بە باشی نیشان دەدا کە کورد بوون. کورد نەک هەر لە دەورەی ئەیوبییەکاندا، بەڵکوو لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکانیشدا زۆر هاتوونە میسر و لەوێ نیشتەجێ بوونە و تواونەتەوە.

لەو سەردەمەی کە هێشتا منداڵ بووم، ڕۆژێک لەگەڵ باوکم گاڵتەم دەکرد و پێم دەگوت: بابە! تۆ بە غەیری دایکم هیچ



کەسێکی دیکەت خۆشویستووە؟ لە وەڵام دا پێی دەگوتم:«ئێستاش بە غەیری دایکت، کەسێکی دیکەم خۆشدەوێ»، بەسەرسوڕمان و نارەحەتی لێم دەپرسی: بە ڕاستی دەڵێی.. کێیە؟ پێی دەگوتم: **«کوردستان»(و کوردستانەکەی دەکێشاوە)، ئەوە، خۆشەویستی هەمیشەیی باوکم بوو.**

بە ڕاستی ئەو پیاوێکی قووڵ و تێبین بوو. هەمیشە لێم دەبیست و پێی دەگوتم کە: **ئێمە کوردەکان ئێستا زۆر دواکەوتووین و زۆرمان بێسەواد و نەخوێندەوار هەیە. لە ناوچەی زۆر دواکەوتوودا دەژین، دەبێ لە پێشدا لە سەنگەری فەرهەنگ و کولتووردا خەبات بکەین؛ چونکە بەبێ کولتوور ناتوانین ئاگاداری نەتەوایەتیمان هەبێ و بەبێ ئەو ئاگادارییەش ناتوانین هیچ شتێک ڕزگار بکەین».**

ماڵەکەی ئێمە هەمیشە وەک بنکەیەک بوو بۆ هەموو کوردەکان، چ ئەو کوردانەی کە بەسەردان دەهاتن بۆ میسر و چ ئەوانەی وەک خوێندکار لە زانکۆکانی میسر، بەتایبەتی(الازهر)بوون. بابم زۆر لەو خوێندکارانەی لەکار وەردەدا و بەتایبەتی بۆ کار لەسەر ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی. دەمزانی کە ڕۆژی هەینی، ڕۆژی کوردایەتییە لە ماڵەکەمان و هەر وەک ئینگلیسی دەڵێن دەبوو بەماڵی دەرگاکراوە.. خەڵک دەهاتن و دەمانەوە. کوڕی ئاغاکان وەک جافەکان، زەیدعوسمانەکان و «میر»ەکانی کوردی ئێرانی، شان بەشانی ئەوانیش، زۆر لە خەڵکی بێ پووڵ و هەژاریش کە لە(الازهر)بوون دەهاتن و بەیەکەوە کۆدەبوونەوە و هەستان و ڕۆنیشتنیان دەکرد.

**● دیارە لە قسەکاندا، باسی زۆرکەسی بەناوبانگیش دەکرا، وەک ئەمین زەکی بەگ و ئەو کارانەی کە بەیەکەوە لەگەڵ محەمەد عەلی عەونی دەیانکرد..**

ـ لە ڕاستیدا، «ئەمین زەکی بەگ»م زۆر دوای هاتنەدەری کتێبەکەی ناسی. ئەو لەگەڵ کچەکەی سانیحە(کە ئێستا لە لەندەن دەژی)ساڵێ دووسێ مانگ دەهاتنە میسر، بەتایبەتی لە زستاناندا. ئەغڵەب ڕۆژان دەهاتنە ماڵی ئێمە ولەگەڵ باوکم یەکجار دۆست بوو. هەمیشە هەر باسی مێژووی کوردستانیان دەکرد.

بیرەوەرییەکی زۆر بەرتەسکم هەیە لەسەر ئەمین زەکی بەگ، ئاخرجار کە هاتە ماڵی ئێمە، باشم لەبیرە کە نەخۆشی ڕۆماتیسمی هەبوو و بە چەرخی ئەقوستان هاتوچۆی دەکرد. قامکەکانی نووشتابوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی پێ ڕانەگیرابوو بۆ دیتنی بابم ـ کە ئەویش لە خەستەخانەی کەوتبوو ـ هاتبووەدیداری. هاتنی ئەو بەو وەزعە بۆی دەرخستم کە ئەوانە چەندیان یەکتر خۆش دەویست و ڕێزیان هەبوو بەرانبەر یەکتر.

**● ئەو ڕووداوە چ ساڵێک بوو؟**

ـ ئاخری ساڵەکانی چل.

**● ئەگەر دەگونجێ، هێندێک باسی نووسراوەکان و کارەکانی باوکتمان بۆ بکە، کامەیان بڵاوبوونەوە و کامەیان بڵاونەبوونەوە.**

ـ بە داخەوە ئێستا ناتوانم ئەو لیستەیەت بدەمێ، چون بۆخۆشم نیمە. دەبێ وەدوای ئەو کارە بکەوم و ئەوەش زۆرتر لەبەر ئەوەیکە بیستوومە هێندێک لە کارەکانی ئەو، بەناوی خەڵکی دیکە لە قەڵەم دراون. دەزانم کە لە زۆر شوێن و لە ژێرناوی جۆراوجۆر نووسراوەی هەیە.

**● وەک بەلەچ شیرکۆ؟**

ـ بەڵێ، بەلەچ شێرکۆ ناسراوە و زۆر کەس دەزانێ کە هەر محەمەد عەلی عەونی یە. لەسەردەمی ژیانیشیدا زۆرجار خۆی هەر بەو ناوە دەناساند. بەڵام ناوی دیکەی هەن کە دەبێ ساغ بکرێتەوە. لەسەر ناوی شێرکۆش، دایکم بۆی گێڕامەوە کە ئەو دەیویست ناوی یەکێک لە براکانم بە شێرکۆ دابنێ. مامێکم کە بەتەواوی میسری یە گوتبووی کە ناوی شێرکۆ لێرە سەیر دەبێ و ماناکەی پرسیبوو کە زانیبووی مانای دەبێتە«ئەسەد»ی عەرەبی، گوتبووی ئەو چکۆڵەیەی چۆن ناوبنێین ئەسەد! ئەوە ناگونجێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرسێکمان(مندالەکانی عەونی)ناوی کوردی هەڵقوڵاو لە مێژووی کوردستانمان هەیە: «سەلاح»، «حسام»و«دوریە». بەداخەوە

براگەورەکەم سەلاح ئەوساڵ(١٩٩٤)فەوتی کرد.

**●بەداخەوە و دیسانیش سەرەخۆشیت لێدەکەم.. بابگەڕێینەوە سەر کارەکانی باوکت و ڕاستکردنەوەی هێندێک ناڕاستی..**

- ئەوەیکە زۆر باش لەبیرمە، ئەوەیە کە ئەو، هەمیشە بە دوای «**شەرەفنامە**»وە بوو. وەرگێڕانەکانی دیکەی ئەو، وەک «***تاریخی کورد وکوردستان***» و«***تاریخی مەشاهیری کورد لەسەردەمی ئیسلامی دا***»زۆر باش ناسراون. بەڵام بەرهەمی گرینگی ژیانی ئەو، هەر وەرگێڕان و لە چاپدانەوە ی«**شەرەفنامە**»یە. بابم لە سەرەتادا فارسی نەدەزانی و هەر تورکی وکوردی و عەرەبی و هێندێکیش فەرانسەیی و ئینگلیسی دەزانی و دەیتوانی بەو زمانانە ڕێفرانس بخوێنێتەوە. باوکم دۆستێکی کوردی ئێرانی هەبوو بەناوی«فەرەجوڵلا زەکی ئەلکوردی». کچەکەی ئەو پیاوە یەکجار بە ناوبانگە وناوی«بەهییە فەرەجوڵلا»*یە. ئەو فەرەجوڵلایە کە لەشاری سنەڕا ئاوارەی میسر ببوو، چاپخانەیەکی هەبوو و باوکم ڕازیی کرد کە شەرەفنامە دیسان چاپ کاتەوە. خۆ دۆزینەوەی نوسخەی شەرەفنامەش سەرگوزەشتەیەکی سەیری هەیە و بۆ ئەو کارەش باوکم چوو بۆ سووریا و زۆر شوێنی دیکە(زانیاری خۆم لەسەر ئەو سەفەرانە کەمە، براکەم زۆرتر ئاگادارە). بە کورتی باوکم شەرەفنامەی دیتەوە و سەرەتایەکی بە عەرەبی بۆ نووسی بۆ چاپی فارسییەکەی. ئەو پێشەکییە بۆخۆی شاکارێکە و ئەمن ئەوەم هەیە. بە دوای ئەوەشدا، هەر لەلای فەرەجوڵلادەستی کرد بە فێربوونی فارسی و شەرەفنامەی بە چەندساڵان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنج و شەونخونییە، بەداخەوەلە کاتی ژیانی خۆیدا ئەو کتێبە لەچاپ نەدرا. بەڵام چونکە بۆ وەرگێڕانی ئەو کتێبە، فێری فارسییەکی باش ببوو، کرا بە مامۆستای زمانی فارسی لە زانکۆی قاهیرە و دەرسی فارسی بە زۆر کەسی بەناوبانگ دەگوتەوە. بۆ نموونە دوکتور«یحیی الخشاب»کە مێردی دوکتورە«سهیرە القلماوی»یە و پێموابێ ئەویش لە بنەماڵەیەکی کورد بوون. هەروەها دوکتور«محمد الزیاد»ی زاوای«طه حسین»کە دۆست و هاوکاری باوکم بوو لە زانکۆی(الازهر). بابم هەروەها دەرسی بە (مەلەکە فەوزییە)ش گوتووەتەوە کە ئەوەختە دەزگیرانی شای ئێران بوو.

چوارساڵ دوای مەرگی باوکم کتێبەکە بڵاوبووەوە و سەرەتایەکی عەرەبی هەبوو کە دوکتور«یحیی الخشاب»نووسیبووی و پێشەکییەکی زۆر زۆر باشە. کتێبەکە لەلایەن(هیئت الکتاب المصریە)کە ڕێکخراوەی کتێبی میسرییە، بڵاوبووەوە و بە ڕاستی زۆر جێگای ڕەزامەندییە کە لەناو هەموو وڵاتانی عەرەبدا، میسر تەنیا وڵاتێکە کە ڕێی دابێ بە بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی کوردی و دواتریش ڕادیۆی کوردی. لە سەردەمی باوکیشم دا زۆرجاران حکوومەتی تورکیا و ئێران زەختیان دەخستە سەر مەلیک فاڕووق تا پێشی هەڵسوکەوت و تێکۆشانی باوکم و بنەماڵەی جەلادەت بەدرخان بگرێ بۆئەوەیکە نەتوانن مەسەلەی کورد باس بکەن. بەڵام قەت میسر گوێی نەدا بەو زەختانە و ئەوان توانیان بەکاری بڵاوکردنەوە و لێکۆڵینەوەی خۆیان پەرەبدەن. ئەوەش بەرهەمێکی زۆری هێنایە دی کە ئێستا لەسەر شانی ئێمەیە کە بتوانین ڕێکوپێکیان کەین، یا خۆ بیان دۆزینەوە. بە تایبەتی بابم لە سەر دیکشنێری(قاموس)ێکی چوار - پێنج زمانە کاری دەکرد کە وەک بیستوومە لەوکاتەیدا کە باوکم نەخۆش بوو، دابووی بە کەسێک کە بەشی سۆرانییەکەی هەڵسەنگێنێ و پێیدابچێتەوە. بەداخەوە ئەو کتێبە نەدراوەتەوە بە باوکم و وام بیستووە کە ئەو کابرایە بە ناوی خۆی لە عێراق و لەلایەن(مجمع اللغوی)یەوە بڵاوی کردووەتەوە. دیارە بەڵێنی دەدەم کە بەدوایدا بچم و بنج و بناوانی مەسەلەکە دەربێنم؛ نەک بۆ لایەنی ماڵی ئەو مەسەلەیە، بەڵکوو بۆ پاراستنی«الحقوق الادبیە». هەر نووسەرێک دەبێ مافەکەی بپارێزرێ، دەنا شایستەی ناوی بەشەری پێشکەوتوو نین.

**● باشە پێت وابێ هیوایەک هەبێ کە بتوانرێت بەرهەم و نووسراوە و کتێبی کتێبخانەی باوکت کۆبکرێنەوە؟**

- دیارە ئەوە بەتەنێ بە من ناکرێ، بەتایبەتی دۆزینەوەی ئەو نووسراوانەی کە بۆ ڕۆژنامەکانی عەرەبی نووسیونی زۆر ئەستەمن، ئەوە کاری لێکۆڵەرەوانی کوردە کە ئەگەر بە سەر کاری ئەودا کەوتن، نوسخەی لێهەڵگرن، باوکم کە مرد عومری زۆر نەبوو(٥٥ساڵ) هەربۆیەش، خۆی نەیتوانی بوو کاری ڕێکوپێککردنی بەرهەمەکانی وەئەستۆ بگرێ.

**● پێموایە باسی کەسێکت دەکرد کە هەوڵی ئەو کارەی دابوو؟**

- بەڵێ، بەدوای مردنی بابم، ئێمە کە گەنج بووین و ترسیشمان لە فەوتانی کتێبەکان هەبوو، لە سەرداوا و وەسیەتی خۆی، هەموومان پێشکێشی زانکۆی قاهیرە کرد و ئیدی باسی ئەوانەمان نەبیستەوە هەتا ئەو دەمەی کە لێکۆڵەرەوەیەکی کورد لە میسر دەرسی دەخوێند و ناوی«محەمەد عەسکەری»بوو(ئەوەی جەعفەر عەسکەرییە و ئەوەشیان ماوەیەک سەرەک وەزیری عێراق بوو)، لە ناو هەموو کتێبخانە بەناوبانگەکانی میسردا گەڕابوو، ئەوەش لەبەر ئەوەیـیکە بیستبووی کە باوکم کتێبی زۆر بەنرخی هەبووە لەسەر کوردان. پاش گەڕانێکی زۆر، ئەو کتێبانەی لە ناو سندووقاندا و لەژێرخانێکەوە دیتەوە کە مشک هێندێکیانی لە کەلک خستبوو. هەرچۆنێک بووبێ، ئەو کابرایەش وادیارە هیچی پێنەکرا. دەبێ خۆم بچم بەدوویاندا و بەتایبەت لەگەڵ سەرۆکی ئەو کتێبخانەیە بدوێم. دیارە لە هەموو ئەو کوردانەش، کە ئەو کاتە ئاموشۆی باوکمیان دەکرد، داوام ئەوەیە کە ئەگەر لەسەر ئەو مەسەلەیە زانیارییەکیان هەیە، بە هۆی گۆڤاری«گزینگ»ەوە پێوەندیم پێوەبکەن.

**● پێش ئەوەی کە بچینە سەرباس و مەسەلەی دیکە، پێم خۆشە ئەگەر بیرەوەرییەک یا خۆ زانیارییەکی تایبەتی سەردەمی باوکی بەڕێزتان هەیە باسی بکەن؛ بەتایبەت لەسەر ژیانی ناوماڵی خۆتان و ئەوەیکە چۆن دوو فەرهەنگ و ترادیسیۆنی جیاواز ئاشتی و تەباییان پێکەوە هەبوو، پێموابێ ئەو لایەنە بۆ خوێنەرەوانی دەرەوەی وڵات کە لە زێدی خۆیان هەڵکەندراون و لەناو فەرهەنگێکی نامۆدا دەژین زۆر بەجێ بێ.**

- پێویستە ئەوە بڵێم گرینگ نییە کە ئینسان ←

له کـوێ دەژی بۆ ئەوەیکە هێندێک ئامـانج بۆخـۆی دەست نیـشـان بکا. باوکم نموونەی ئەوەیە کە پیـاو پێداویستی بەوە نییـە کە هەر لە ولاتی خـۆی بژی تا بتـوانێ خـزمـەت بە ولاتەکـەی بکا. ئەگـەر نیـشـتـمـان و ئامـانجەکـانمان لەدڵ دا بن، گـرینگ نییـە کە لەکـوێ و چۆن دەژین، بۆ هەر شـوێنێک بچین، نیـشـتـمـان و ئامـانجەکانمان هەر لە گەڵدایە ودەتوانین کـاری بۆ بکەین. دووهەمین دەرسی ژیانی باوکم کـار و ئامـانج لە پێناوی(هەر وەک لە مـەسـەلەی خـۆیبـوونیش دا دەردەکەوێ)کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوە بوو. لە دەوروبەری ئەو، هەردەم کـوردی هەمـوو پارچەکانی کوردستـان هەبوون، بەڵام بەداخەوە ئێستـا کە پێوەندی دەکەم بە کۆڕ و کۆمەڵانی کوردی، چ لە پاریس و چ ئێستا لە سوێد، بۆم دەردەکـەوێ کـە کـورد لەناو خـۆیدا چەندە لێکهـەڵبـڕاو و دابڕاوە. خـۆ هەر لە ناو کوردەکانی یەکپارچەی کوردستانیش، یەکیەتی و تەبایی نابیندرێ، چ بگاتە یەکیـەتی نێـوان پارچەکـان. دەڵێن هەر لەو سـوێدە بەدەیان کۆڕوکۆمـەڵەی جۆراوجۆر هەیە. ئەوە نەک هەر گاڵتەپێکردن، بەڵکوو تاوانیشە. چۆن گەلێک کە ئێستا هیچی وەدەست نەخستووە، ئیجازە بەخـۆی دەدا کە هەرکـەسـەی لە گۆشـەیەکـەوە ببێـتـە سـەرۆکی کـۆڕوکـۆمـەڵێک و هێندە تاکەپەرێزی هەبێ.

زۆر کەسیش هەن کە کەڵک لە ئیمکانات و دێمۆکراسی ئەو ولاتەی تێیدا دەژین وەرناگرن و هەر خۆیان بەوەوە ماندوو دەکەن کـە لایەنە خـراپەکـانی ئەو ولاتانە زەق کـەنەوە. بەڵام بۆ ئەو ولاتانە چیـان پێـیـە؟ بچنە ناو ئەو کۆمەڵانەی تێیدا دەژین و ئامانج و مـەبەستی خۆتانیش هەر لەدڵدا بێ. پێمـوایە ئاوا باشـتر دەتوانرێ خزمەت بە نیشـتمـان بکرێ تائەوەیکە لەناو کـۆمـەڵەیەکی دەرگابەسـتراودا بەیەکـەوە بخـۆین و هەڵپـەڕین. با چاوێک لەو نەمـامـە ساوایە بکەین کـە گەلی کـورد بە خوێنی خۆی چەقـاندوویەتی و کـەچی ئێسـتـا لە جیـاتی پێکهێنانی دامودەزگا و بنکەودامەزراوە، یەک بەسـەری ئەوەی دیکە دادەدا بۆئەوەیکە لەناوی بەرێ. ئێمە بەسەر عەرەب و تورک و فارس دا فـەخرمان دەفرۆشت و پێمان دەگوتن بڕوانن لە کوردستان چەندین هێزی سیاسی هەنە و لەگەڵ ئەوەشدا دێمۆکراسی دەپارێزرێ. بەڵام ئێستا! هەر پارتییـەی دەیەوێ ئەوی دیکە قـووتدا.

بەڕاستی دیمەنێکی خەمناکە و چ باشتر باوکی من ئەوەی نەدی.

**● با بێینە سەر باسی کتێبەکەت،عرب و أکراد . خصام أم و ئام... ئامانجی سەرەکی ئەو کتێبە کـە سـاڵ و نیـوێک لەمـەوپێش هاتەدەرێ و کورتەی بۆچوونەکانت لەسـەر مەسەلەی کورد چییە؟**

ـ ئامانجی یەکەم لەو کتێبە ئەوەبوو کە گەلی کـورد زۆرتر بە گـەلانی عـەرەب بناسـێنم و هەروەک دەشـزانین زۆربەی ئەوان سـەرەڕای ئەوەیکە مێژووی کورد و خەباتی ڕەوای ناناسن بەگـوێرەی(پێـوەندی نەتەوایەتی)خـۆیان ، هەر نەبێ بەپروپاگـەندە و بەشـێـوەی دیپلۆمـاسی پشتیوانی ڕێژیمە ڕەگەزپەرستەکانی عێراق بوون. ئامانجی دووهەم ئەوەبوو کە بیروڕای خۆم لەسەر وەزعی نوێی جیهانی و ئەو ئاواتە گەورەیەی کە بۆ گـەلی کـوردم هەیە، دەربڕم. بە شـێـوەیەکی گـشـتی بۆچوونەکـەم ئاوابوو کـە ئێـمـە لە دەورەیەکی نوێی مـێـژوویـیـدا دەژین. هەروەک هەموو ئاگادارین ئێستا سەروبەندی کێشانەوەی دووبارەی سنوورەکـانە و ئەگـەریش کـورد لە مێژوودا هەلێکی ڕاستەقینەی بۆ ڕەخسابێ، هەر لەو دەورانانە دا بووە؛ ئەوە لەباری جیهانییەوە. بەڵام بەگوێرەی وەزعی تایبەتی ئەو ولاتانای کە کـوردیان تێـیـدا دەژین، ئەو هەلە گـەلێک لەبارتریشـە. لەپێش هەمـوویاندا تورکـیـا کە لەسـالانی شـەڕی سـارددا یەک لە ئاڵقـە گـرینگەکـانی سـیـاسـەتی ڕۆژهەڵات بوو ئەو بایەخە وئەو گرینگییەی نەماوە. ئەو خەونانەش کـە بۆ ڕێکخـستن و قـووتدانی ولاتە تورک زمانەکانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی پێشووی دیتبوو، هەر لەسەر کاغەز ماونەوە و نایەنەدی. تورکیا بۆخۆی لەوە لاوازترە کە بتوانێ کارێک بۆ وان بکا، یا خۆ ببێتە نمونەیەک. لەناوەوەش گرفـتاری وەزعـێکی نابەسـامـانی ئابوورییـە و شەڕێکی خوێناویشی لە دژی گەلی کورد دەست پێکردووە. ئەو شەڕەش ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر لاوازی دەکـا، لە دەرەوەش زیادتر لە تـەنیـایی دەپەستێوێ. هەر بۆیەش لە ئاکامدا دەبێ مل دانەوێنێ بۆ وتووێژ لەگـەڵ نوێنەرانی گـەلی کورد. لەو وتووێژانەش دا، ئەگەر کورد هەروەک هەمـیـشـە دابڕاو و پێک نامـۆ بن، ئەوا هەر دەسـتکەوتێکی کـەم(واتە هێندێک مـافی کـولتـووری) وەدەست دەخـەن. ئەگـەریش یەکگرتووبن و بزانن چۆن بۆ مـەسـەلەکـە بچن، ئەوە لەوانەیە دەسـتکەوتێکی زورتر(واتە فیدراڵی و بگرە سەربەخۆیی) وەدەست خەن.

وەزعی ئەوسا و ئێستای ڕێژیمی عێراقیش ڕوون بوو و پێـویسـتی بەوەی نەدەکـرد کـە گـوتبـام، چلۆن و بۆچی ئەو ڕێژیمە ناتوانێ ئەو سـەودایە لەگـەڵ گـەلی کـورد بکاکـە جـاران دەیکرد. بە نیـسـبـەت وەزعی ئێـرانیش کـە ئەوڕۆکانە لە دنیادا بەبنەما و بنکەی ترۆریسم ناسـراوە و بەهەمـووشـێـوەیەک مـافی مرۆڤ و مـافی گـەلان دەخـاتە ژێر پێ، لە وەزعـێکی ئابووری و ڕامـیـاری وادا دەژی کـە هاکـا، ئەو پەت و زنجیرەی کە لەسەر ملی میللەتی کوردە، لەوێش بپسێ. دیارە لەوێش گەلی ئێـمە هەر نەخـۆشی دەسـتی جـودایی و لێکهـەڵبـڕانە و بووەتە گاڵتەی دەستی وردەسەرۆکەکان.

**● ئەوانە بۆچوونی تۆ لە کـاتی نووسـینی کتێبەکەت بوو، واتە یەکساڵ و نیو لەوەپێش، لەوکاتەوە زۆر ئاڵوگۆڕی گەورە پێکهاتوون و لەهەمـوویان گـرینگتـر، ئەو شـەڕەیە کـە لەخـوارووی کـوردسـتـان دەسـتی پێکردووە، لێکدانەوەی ئێستای تۆ چۆنە و ئاکامی ئەو شەڕە بۆ گەلی کورد چ دەبێ؟**

ـ بەڵێ ڕاستە.. ئەوانەی باسم کرد، بۆچوونی من لە کاتی نووسینی کتێبەکە بوو. ئێستا لە خـۆم دەپرسم ئایا ئەو بۆچوونانەم ڕاست بوون؟ ئایا گەلی کورد خەریک نییە ئاخرین و دوایین شـانسی خـۆی لە دەست بدا؟ ئەوەش لەبەر ڕووناکایی ئەو شەڕەی لە کوردستانی عێراق ڕوودەدا. هەر وەک سـەقـامگیـربوونی ئەو ئەزمـوونە دەیتـوانی شـوێنەوارێکی زۆرباشی هەبێ لەسەر هەمووکوردستان، هەر بەو پێیەش ڕووخـان و نەمـانی، ئەویش بەدەست خـۆمـان، کـارتێکردنێکی یەکجـار خراپی دەبێ لە سەر هەمـوو کـوردسـتـان. ئەوڕۆ هەر گـوللەیەک دەهاوێژرێ، گـرینگ نیـیـە کێ دەیهـاوێ، نیشـانەکەی ڕاستەوخۆ دڵی میللەتی کوردە و مێژووش بروبیانوو لەکەس قبووڵ ناکا. ئەو ←

شتڵە ساوایەی کە داچەقێندرا یاخۆ درا بەکورد، لەخۆڕا نەهاتووە. ئەوە دیارییەک نەبوو کە هەروا بە خۆڕایی بدرێتە گەلی کورد. دەڵێم دیاریی، چونکە لە کاتێکدا هاتەدی کەکەس هیواداری ئەوەی نەدەکرد، دەنا هەموو خەباتی گەلی کورد بوو کە ئەو خەڵاتەی هێناوەتە دی. بەدوای شەڕی کەنداودا، کۆمەڵی جیهانی بەگشتی، ئەو شانسەی دا بە گەلی کوردکە خۆی وەک ئەزموونێکە، یا هەموو گەلی کورد بەیەکەوە لەو ئەزموونە وەردەگیرێ یا بەیەکەوە بەرپەرچ دەدرێتەوە. ڕاستە کە ئەو شانسە، شانسێکی بچووک و بەرتەسک بوو، ڕاستە ئەوتۆ کە پێویست بوو پشتیوانی نەدەکرا، ڕاستە کە کەم وکوڕی هەبوو، ڕاستە... بەڵێ ئەوانە هەمووی ڕاستن، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر ڕێبەران قازانجی گشتییان لەبەر چاوگرتبایە و بەرژەوەندی پارتی و گرووپی خۆیان لە بیربردباوە، دەیانتوانی ئەو وەزعە بەرەو باشتر بەرن ولە گیروگرفتەکان کەم کەنەوە. خۆ ئەگەر زانیبایان کەڵکی لێوەرگرن، پشتیوانی هەموو میللەتی کوردیشیان هەبوو و ئەوەش بۆخۆی کەم نییە. کەس لەو دنیایەدا هەموو شتێکی پێنادرێ. هێندێک هەلی بۆ پێکدێن و ئەوەی دیکە لەسەر شانی خۆیەتی کە ئەو شانسە بەرەو باشتر بەرێ و سەقامگیری کا، بەڵام لە خوارووی کوردستان چی ڕوویدا؟ حیزبە سیاسییەکان، نەک هەر هەلومەرجیان بەرەو باشتربوون نەبرد، نەک هەر ئەو ڕێکخراوانەی کە هەبوون(وەک هێزی پێشمەرگە)، نەبوون بە بناغەیەک بۆ کەیانی تازەی کورد، بەڵکوو بەپێچەوانە، جیاوازیان قووڵتر کرد و لەوەفا و خزمەتی خەڵک تەختی حاکمایەتیان بۆ ڕێبەرەکانیان دروست کرد و کردیاننە ئامرازی مەسڵەحەتی تایبەتی و تەسک و کاتیی خۆیان. هەر یەکەیان دەستیان بە بەشێکی کوردستان داگرتووە، بەڵام پێیان وایە تاکەی لە دەستیان دا دەبێ؟ هیچ بنەمایەکی پتەویان پێکنەهێنا بۆ دەستەڵاتی کورد و ئەو ئەوانەی کە دوای ئەوان دێن. هەربۆیە کە دەڵێم لە دوو حاڵ بەدەر نییە:

یا ئەوەیکە سەرۆکەکانی کورد ـ ئەوانەی




حوکمی خوارووی کوردستانیان پێیە ـ نازانن کە ئەو شتڵە(کە دەکرا بەهێزتر بکرێ) خەتەرێکی گەورەبوو لەسەر ئێران و تورکیا و سووریا و ببووە ئەستێرەیەکی گەش بۆ ئاسمانی خەباتی کورد لە هەموو کوردستان و هەر ئەو دەوڵەتانەن کە هەموو کارێک دەکەن بۆ لەناوبردنی ئەو ئەزموونە.

یا ئەوەیکە ئەو مەبەستەی دوژمنانی کورد دەزانن و سەرەڕای ئەوەش هەر بەردەوامن لە شەڕی خۆکوژی دا. کە ئەوەش بۆخۆی مانای ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ شەریک و هاوکاری ئەو سیاسەتەن کە دژی میللەتی کوردە. من بەڕاستی پێم خۆشە بزانم کە چلۆن کەوتوونە ناو گێژاوی کایەی دوژمنانی کورد. مەگەر نازانن کە ئەورۆکە لە دنیادا هەر گەورەهێزێکی ڕاسەقینە هەیە و ئەویش ـ نە ڕووسیا، نە فەڕانسە و نە ئینگلیس ـ بەڵکوو (پێمان خۆش بێ یان نا)ئامریکایە و ئەویش نە لەبەر چاوی کورد، بەڵکوو لەبەر سیاسەت و بەرژەوەندی خۆی بە دەیان جار، نارەزایەتی خۆی لەو سیاسەتە سەیر و سەمەرەیە دەربڕیوە. ئایا ئەو سەرۆکانە دەیانهەوێ حوکمی کورد هەبێ یا هەر دەیانهەوێ لەخزمەت دوژمنانی ستراتێژیکی کورددا بێننەوە؟ بەڕاستی کایە بۆ کێ دەکەن؟ پێمان خۆشە بە گەلی کورد بڵێین ئایا نازانن ئەوە ئامریکایە کە حوکمی ناوچەی بەدەستەوەیە؟ ئایا نازانن ئەوە ئامریکایە کە هەموو شەش مانگەی چەتری پاراستنی خۆی بە سەر کوردستانی عێراقدا هەڵداوەتەوە و، هەرکات پێی خۆش بێ، لە ژێر گەرما و سەرما و ئاوردا بەجێیان دەهێڵێ؟ ئەگەر ئەوەی نازانن با شکڵەکەیان بۆ بکێشینەوە، یا خۆ لە بنی کولەکەی بدەین... ئایا سیاسەت دەزانن یان نازانن؟

ئەگەر دەزانن و ئەو کارەی دەکەن، با ڕاستەوخۆ بڵێین کە لە خزمەتی سیاسەتی حکوومەتی تاران و ئانکارا دان. ئێمەش چارەیەک دەدۆزینەوە و خۆمان بۆ ئەو کوردستانەی ئەوان بە کوشت نادەین.

******

* «بەهییە فەرەجوڵڵا» هەر ئەو کچەیە کە«دڵدار»ی شاعیر، پارچە هەڵبەستێکی زۆر جوانی بۆ داناوە. بە گوێرەی زانیاری«دوریە»، ئەوکچەکوردە(کە ئێستا ژنێکی بەساڵاچووە)، یەک لەسەرۆکە ئایینییەکانی دینی« **بەهایی** »یە و لە ئامریکا یا لە کانادا دەژی. دوریەعەونی داوا لە خوێنەرەوان دەکا ئەگەر نیشانی ئەویان هەیە بە هۆی«گزینگ»ەوە پێی ڕاگەیەنن.

(پ. وەیس)

# مکاییل ل. شایەت
# Michael L. Chyet



## فەرهەنگنووسی کوردیی کرمانجی: هەڵسەنگاندن و لێدوانێک

● وەرگێران لە ئینگلیسییەوە: ●
حەسەنی قازی

**□ ئەو زانایەی لە بواری ناساندنی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و فەرهەنگنووسی دا شۆڕشێکی پێکهێناوە.**

○ «مکاییل ل. شایەت» لە ۲ی نووت(ئاب)ی ۱۹۵۷ لە شاری سینسیناتی(Cincinnati)، ئەیالەتی ئۆهایۆ(Ohio) لە ئامریکا لە بنەماڵەیەکی جوولەکەدا چاوی بە دنیا پشکووتووە.

لە ساڵی ۱۹۸۰لە زانکۆی کالیفۆرنیا(California) لە لۆسانجلێس(Los Angeles) لە زمانی عەرەبی دا BA ی وەرگرتووە. لەساڵی ۱۹۸۵ لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و فۆلکلۆردا دەرەجەی ماستری(MA) پێدراوە و لە ساڵی ۱۹۹۱ بە پێشکێش کردنی تێزەکەی(باوەڕنامە) بە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی(Berkeley) سەبارەت بەدەقە فۆلکلۆرییەکانی مەم و زین بە نێوی:

"AND A THORNBUSH SPRANG UP BETWEEN THEM" STUDIES ON "MEM U ZIN" A KURDISH ROMANCE"

**"« و دروویەک لە نێوانیاندا شین بوو» لێکۆڵینەوە لە «مەم و زین» داستانێکی عاشقانەی کوردی"**، لە زمانان و فەرهەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەرەجەی دوکتورا(Ph. D.)ی وەرگرتووە.

کاک مکاییل بەلانی کەمەوە ١٤زمان دەزانێ. ئەو تاکوو ئێستا سەبارەت بە بابەتی فۆلکلۆری و زمانەوانی کوردی، تورکی، عەرەبی، ئاسۆری و عیبری و هتد نووسراوەیەکی زۆری لە گۆڤاری جوربەجوری ئاکادێمی دا بڵاوکردووەتەوە. بەڵام کاری هەرەگەورەی تێزی دوکتورایەکەی و ئەو فەرهەنگەیە کە ئێستا پێوەی خەریکە و لەم ژمارەیەی«گزینگ»دا بۆ یەکەم جار بە خوێنەرەوەکوردەکانی دەناسێنێ.

لە جێی خۆی دایە لێرەدا هێندێک زیادتر لەسەر تێزەکەی مکاییل بدوێین. ئەو لێکۆڵینەوەیەلە ۷ بەند و وەرگێرانی ۱۹ دەقی فۆلکلۆریی «مەم و زین»بەزمانی ئینگلیسی پێکهاتووە.

بەندی یەکەم بریتییە لە ناساندنی کوردان، زمان و فۆلکلۆریان و کورتەباسێکی چیرۆکی مەم و زین و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ئەو کتێبانەی کە تاکوو ئێستا سەبارەت بە دەقی سەرزارەکی مەم و زین وهۆنراوەی ئەحمەدی خانی بڵاوکراونەتەوە. لەبەندی دووهەمدا پێوەندی نێوان دەقی ئەدەبی ئەحمەدی خانی و دەقەسەرزارەکییەکان شیکراونەتەوە و بەیەکەوە بەراوردکراون، بەندی سێهەم لەوە دەدوێ کە داخودا«مەم و زین»لە زانستی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆردا دەکەوێتە بەر چ ژانرێک و ئەوە بە ڕۆمانس(داستانی دڵداری)داندراوە. بەندی چوارەم لە نێوەرۆک و بەندی پێنجەم لە دەق و کری هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی و لایەنی دیانەیی ئەدەبی سەرزارەکی دەکۆڵێتەوە. بەندی شەشەم بریتییە لە باسی مۆتیڤەکانی نێو ئەو بەیتە وەک: کۆتر، جندۆکە، پەری وچۆنیەتی دەکارکرانیان لەدەقەجیاوازەکاندا. بەندی حەوتەم کە ئەنجام لێدەرخستنی لێکۆڵینەوەیەکە لە زێدی جوگرافیایی«مەم و زین» دەدوێ و باسی داهاتووی سوننەتی فۆلکلۆری دەکا. هەروەک لە سەرەوە باسکرا لە کۆتایی دا مکاییل شایەت ۱۸ دەقی چاپکراوی لەتەک دەقێکی تردا کە کەوتووەتە دەستی خۆی کردووە بەئینگلیسی.

ڕەنگە خوێنەرەوەکانی «گزینگ» ئاگادار بن کە ئەمساڵ ساڵی ۱۹۹۵ بە بۆنەی تێپەڕبوونی ۳۰۰ساڵ بەسەر هۆنرانەوەی «مەم و زین»دا، لەلایەن چەند دامەزراوی فەرهەنگی و زانای کوردەوە وەک ساڵی ئەحمەدی خانی ڕاگەیێندراوە، هەر بەو بۆنەیەوە چەند کەسی خێرخواز ڕوویان لە«ئەنیستیتووی کورد لە پاریس»ناوە ئەو بەرهەمە بەنرخەی مکاییل شایەت بە کتێب چاپ و بڵاوبکاتەوە. هیواداریین ئەو کارە سەربگرێ.

دوکتور مکاییل شایەت لە ژوویيەی ۱۹۹۱وە وەک پسپۆڕی جوولەکەوانی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەشی کاتالۆگی کتێبخانەی سەرەکی زانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلی کار دەکا و هەروەها دەرسی زمانی اکوردیش دەڵێتەوە و پێوەندییەکی بەردەوامی لەتەک بەرنامەی کوردی ڕادیۆی دەنگی ئامریکادا هەیە.

ئەم نووسراوەیەی وی **«فەرهەنگنووسی کوردیی کرمانجی: هەڵسەنگاندن و لێدوانێک»** کە لە کۆنفرانسی ساڵانەی MESA(کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست)لە مانگی نۆڤامبری ۱۹۹٤ لە ئاریزۆنا(Arizona) خوێندوویەتەوە و دواتر پێیداچووەتەوە و هەڵیوەژاردووە و ڕاستەوخۆ لەژێرچاودێری خۆیدا کراوەتە ←

کوردی خوارووو(سۆرانی). بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتری هێندێک لەو زاراوەیانەی لەم وەرگێڕانەدا دەکار کراون لە کۆتاییدا فەرهەنگۆکێک ڕێکخراوە. (حەسەنی قازی)

******

## فەرهەنگنووسی کوردیی کرمانجی: هەڵسەنگاندن و لێدوانێک

## kurmanji Kurdish Lexicography: a Survey and Discussion

مەبەست لە(دانانی) فەرهەنگێک ئەوەیە بە شێوەیەکی ڕاست ئەو زمانەی لەبەرباس دایە بخاتە ڕوو بەو جۆرەی کە لەلایەن ئاخێوەرانی خۆجێیی چ لەقسەکردن و چ لەنووسین دا بەکار دەهێندرێ. تا ئەو جێگەی کە دەگەڕێتەوە سەر کرمانجی، زاراوای باکووری کوردی، زمانی قسەپێکردن زۆر لەزمانی پێنووسین زیادتر پێشوە چووە و زۆر زیادتریش جوراوجورە، ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر ئەو ڕاستییەیە کە حکوومەتەکانی تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا بەکارهێنانی زمانی کوردییان لە گشت بوار و مەبەستە ڕەسمییەکاندا پاوان کردووە. لەکردەوەدا، ئەمە مانای وایە کە زۆر لەئاخێوەرانی کرمانجی، بەلانی کەمەوە بەزمانی کوردی، نەخوێندەوارن: ئەگەر ئەوان چ خوێندنێکی ڕەسمییان هەبێ، ئەوەیان بەتورکی، یان بەعەرەبی، یان بەفارسی یە. تەنێ کەمایەتی کورد لە ئەرمەنستانی شووڕەوی پێشوودا دەرفەتی ئەوەی هەبووە کە بەکرمانجی بخوێنێ. لەلایەکی دیکەوە، دۆخی سۆرانی، زاراوای نێوەندی زمانی کوردی، لەو بارەیەوە زۆر هەموو لایەنەترە: ژمارەیەکی زۆر زیادتر لە ئاخێوەرانی خۆجێیی ئەم زاراوایە خوێندەوارییان بەو زاراوایە هەیە و، هەر بۆیەشە ژمارەیەکی زیادتری وشەی تێکنیکییان لە قسەکردنی ڕۆژانەیاندا وەخۆکردووە.

فەرهەنگنووسانی کرمانجی تووشی دووڕێیانێک هاتوون: (لەلایەکەوە)دەبێ بەزمانێکەوە خەریک بن کە جارێ لەباری وشەی تێکنیکییەوە ساوایە و پێشوەنەچووە، ئەوان ئەرکی ئەوەیان لەسەرشانە(ئەو وشانە)بەدەستەوە بدەن کە لەلایەن خەڵکەوە دەکاردەکرێن، و لەلایەکی دیکەشەوە هەست بەو ئەرکە دەکەن کە وشە نەبووە تێکنیکییەکان داتاشن. فەرهەنگنووسە تازەباوەکان هەوڵدەدەن کارێک بەدەستەوە بدەن کە وەسفی یە، واتە، ئینعیکاسێکی واقعییانە لە زمان بەو جۆرەی کە لەلایەن ئاخێوەرانی خۆجێیی دا دەکاردەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک دەگەنە وشەی تێکنیکی کە تەنێ ژمارەیەکی کەمی ڕووناکبیری خوێندەوار تێیاندەگەن، بە بەسەرداسەپاندنی ئەو جورە وشانە بەسەر خەڵکێکدا کە ئەوانیان بۆ نامۆیە، بەو هیوایەی کە ڕۆژێک ئەو جورە زاراوەیانە بردو پەیداکەن و لەلایەن بیروڕای گشتی ڕا پەسندبکرێن، ئەو مەترسییە دەهێنێتەگۆڕێ کە فەرهەنگەکە بکەن بەکارێکی حوکمی، تا ئەوەیکە وەسفی بێ.

ئەمن لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا خەریکم لەسەر کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهەنگێکی هەموولایەنەی کوردیی کرمانجی ـ ئینگلیسی کاردەکەم. ئەو پرۆژەمەزنە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لەو فەرهەنگەجوربەجورەکوردییانەش دەگرێتەوە کە هەتا ئێستا نووسراون و بەدەستەوەن(کوردی ـ ڕووسی، کوردی ـ تورکی، کوردی ـ عەرەبی، کوردی ـ فەرانسەیی، کوردی ـ ئالمانی) ـ هەوڵم داوە کە هەڵە کۆنەکان بژار کەم ـ و ئەوانەشی لێ زیادکەم کە بۆخۆم لێم کۆڵیونەتەوە، چ لە دەرەوەی وڵات و چ لەنێو کۆمەڵگەی موهاجیران لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا. لەوەش دەرچێ زۆر وشەم بە ڕێگەی خوێندنەوەی سەرچاوە وێژەیی، فۆلکلۆری و ڕۆژنامەییەکان گوڵچن کردووە.

ئەمن(لەکارەکەمدا)جگە لەدەربڕینی بەکارهاتنی تازەباوی(وشەکان)، هەوڵم داوە تا ئەو جێگەیەی بکرێ ڕیشەی دروستی وشەکانی نێو فەرهەنگەکە بەدەستەوە بدەم، ئەرکێکی کە کوردی بە زەمینەیەکی هەراوتری زمانناسیی ئێرانییەوە(Iranistics)دەلکێنێ. پرۆفێسۆر مارتین شوارتس، لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلی لەو تێکۆشانەمدا دەستی گرتووم و یارمەتییەکانی لە گێڕانەوە نایە.

بەداخەوە، فەرهەنگی کوردی نووسین هەر ئەو بابەتە نییە کە بەسانایی زانیارییەکانی نێو ئەو فەرهەنگانەی کە بەدەستەوەن کۆبکرێنەوەسەریەک و بکرێن بە فەرهەنگێکی گەورە. لەسەرەتاوە، ئامانجی من ئەوەبوو کە هەرکارێکی ئەوتۆ بکەم و ئاکامی یادداشتی لێکۆڵینەوەکانی خۆمی لێ زیادکەم. لەگەڵ ئەوەشدا، بەزوویی بۆم دەرکەوت، کە بەشێکی هەرەزۆری ئەو فەرهەنگە کرمانجییانەی کە بەدەستەوەن پڕن لە نادروستی و هەڵە: بە ئاستەکردنی ئەو جورە وشانەی کە بایەخیان قسەی لەسەرە، مرۆڤ خۆی تووشی ئەو مەترسییە دەهێنێ ڕوحێکی تازە وەبەر هەڵەکۆنەکان بهێنێتەوە. لەوەش دەرچێ، ئەو فەرهەنگانەی بڵاوکراونەتەوە زۆر بەرتەنگن. زۆریان هەر وشەی هەرێمێک وەبەردەگرن ـ لایەنێکی کە زیادتر لە بواری جوگرافیایی زاراوادا بە سوودە. تەنێ(فەرهەنگە) تازەترەکان خۆیان لە وشەی تازەباوی ڕۆژنامەیی داوە(و پێوەی خەریک بوون). هێندێک لەفەرهەنگەکان بەتێڕادێوی(وشەیان)لە کار و فەرهەنگەپێشووترەکان خواستووەتەوە، و لەم ڕێبازەدا هەڵەکۆنەکانیان زیندووکردووەتەوە.

ئەگەرچی دەکرێ زمانی کوردی بەسێ ئەلفوبێتکەی جیاواز بنووسرێ ـ کە دەنێویاندا بەسادەیی هەر دەنگەی نیشانەیەکی دەربڕینی بۆ داندراوە واتە هەردەنگە و پیتێک ـ تەنێ یەک لە فەرهەنگەکان(ئی عومەر)هەم خەتی لاتین و هەم عەرەبی بەکارهێناوە، و بەم ڕێگەیەدا هەلی ئەوەی ڕەخساندووە کە بە ئاسانی چ کوردەکانی تورکیا و چ کوردەکانی عێراق و ئێران کەلکی لێوەربگرن.


لە فەرهەنگەکاندا سێ لایەنی دەنگزانیی(phonology)کوردی بەشێوەیەکی نارێکوپێک هاتوونەتەگۆڕێ: کۆنسۆنانتی گڕ(emphatic consonants)، دەنگە ئەوکییەکان(gutturals)، کۆنسۆنانتی پفهەڵدراو(aspirated consonants). بە داخەوە ئەو کۆنسۆنانتەگڕانە(کە وەک کۆنسۆنانتەکانی عەرەبی ṣ(ص)ـ ḍ(ض) ـ ṭ(ط) ـ ẓ(ظ)دەچن)بە گشتی لەو فەرهەنگانەدا کە لەبەردەستن ئاستە نەکراون. فەرهەنگە کۆنترەکان کە بەخەتی عەرەبی بڵاوبوونەتەوە بەڕێگەی بەکارهێنانی پیتی عەرەبی ط ص ظ جاروبار ئەو نیشانەیان پێکاوە. زانیاریدەرەکانی من لە کوردستانی عێراقەوە بە گشتی ئەو کۆنسۆنانتانە بەهێزوە دەردەبڕن لەوجێیانەیدا کە لەفەرهەنگە کۆنەکاندا ئەو کۆنسۆنانتانە بە پیتی عەرەبی نیشان دراون. جۆیس بلاو (Joyce Blau) لە کتێبەکەیدا (Texts from Amadiya and Jebel Sinjar)(دەقەکوردییەکانی عەمادییە و جەبەل شنگال) بەڕێکوپێکی بەڕێگەی خەتکێشان لەبن ئەوکۆنسۆنانتەی کە لەبەر باس دایە(s̲ - t̲ - z̲)دیاردیی بۆ ئەو خەسڵەتە کردووە. ئەگەرچی ئەو بابەتە لەزمانی عەرەبیدا بەوردی لێی کۆڵراوەتەوە، بەڵام تا ئەو جێیەی کە ئەمن بزانم تەنیا سەرچاوەیەکی کە لەوبابەتەی لە زمانی کوردیدا کۆڵیبێتەوە نامەی دوکتورای مارگارێت کان(Margaret Kahn)، نووسەری

کتێبی(The children of the Jinn)ە(مندالآنی جندۆکە).

هێندێک کار سەبارەت بەم خەسڵەتە لەسەر زاراواکانی ئاسۆری ـ تازەی هاوسێ لە لایەن ڕەحمەتی ئایرین گاربەل(Irene Garbell) و ڕۆبێرت هۆبرمان(Robert Hoberman) کـراون. ئەوە واوێدەچێ خەسڵەتێکی ناوچەیی بێ.

تا ئەو جێیەی کە بگەڕێتەوە سەر دەنگەئەوکییەکان، زۆر لە کوردەکان ئەو ڕاستییە وەدوادەدەنەوە کە«ئەو دەنگە عەرەبییانە» لەزمانەکەیاندا هەن، هەر بۆیەش چاوپۆشی لەوەدەکەن کە لەسیستەمی نووسینیاندا نیشانەی ئەو دەنگانە هەبن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نەک هەرکوردی ئەوناوچەیە، بەڵکوو زمانی تورکی و زاراواکانی ئاسۆری ـ تازەش کە لەوێ قسەیان پێدەکرێ ئەو دەنگە ئەوکییانە دەردەبڕن. لەوەش زیادتر ئەو دەنگانەی کە نیشانەیان q(ق) و x̆(خ)یە لە عەرەبیشدا هەن، بەڵام ئەوان هەر بەپێی هەمان بنەما بەرپەرچ نادرێنەوە. گشت بەڵگەهێنانەوەکە بۆخۆی لەباشترین حاڵەتدا نازانستییە و لەڕاستیدا دەربڕینێکی سیاسییە و چ فڕی بەلێدوانێکی زانستییانە سەبارەت بەدەنگناسی(phonetics) و ڕێنووس(orthography)ەوە نییە. ئەو دەنگەئەوکییانە بەشێکی جیانەکراوە لەزمانی کوردی ئەمڕۆن، و دەبێ ئاوا بناسرێن، هەروەک زاناکانی شووڕەوی ددانیان پێداهێناون، و هەروەها مارگارێت کان(Margaret Kahn)لەنامە دوکتورایەکەی دا. پرۆفێسۆر ئۆتۆ یاسترۆف(Otto Jastrow)، پسپۆڕێکی زمانی ئاسۆری ـ تازە و عەرەبی، لەو بڕوایە دایە کە ئەو خەسڵەتە لە زمانی ئاسۆرییەوە خواستراوەتەوە بۆ نێو کوردی و ئەوە بەر لەوەی کە زاڵبوونی ئیسلام عەرەبی بهێنێ بۆ کوردستان. هەرچۆنێک بێ، ئەوانەی کە کوردی بە خەتی لاتین دەنووسن، جگە لە ڕێژەیەکی زانایانی ئامووزشتدیتووی شووڕەوی نەبێ، مەیلی ئەوەیان تێدایە کە لە نووسیندا چاو لە دەنگە ئەوکییەکان بپۆشن. شووڕەوییەکان ئەو دەنگانە ئاوا دەنووسن ح ـ ħ ، ع ـ e' ، غ ـ x̆ ، ئەو شێوە نووسینەی دوایی(غ = x̆) لە بەدرخان وەرگیراوە و، دوانەکەی پێشووتریش لە ڕووی وێکچوواندنەوە دروستکراون. ئەوانەی کە(کوردی) بە خەتی عەرەبی دەنووسن بەگشتی چ گیروگرفتی ئەوەیان نییە کە لەنووسیندا ح ع غ لە جێی شیاوی خۆیاندا بنووسن. ئەو دەنگانە بە پێی ناوچە بەشێوەی جوربەجور دەردەبڕدرێن بۆ وێنە: وشەی«نێوچاوان»بەشێوەی عەنی =e'nî ـ ئەنی= enî ـ هەنی =henî و تەنانەت حەنی = ħenî ش دەردەبردرێ بەپێی ئەوەیکە ئاخێوەرەکە خەڵکی کوێ بێ. لەوەش زیادتر شێوە دەربڕینێکی ڕاوێژی یەزیدی و بن لەهجەکانی سۆرانی ناوچەی هەولێر، سەردەشت و شارۆیران لە موکریان هەیە کە جێگۆڕکێ بە دەنگی ع و ح دەکەن وەکوو نێوی Ħacî 'Alî(حاجی عەلی) کە دەبێتە 'Acî Ħalî(عاجی حەلی) ئەگەر ئەو دەنگانە لە کوردیدا نەبن، ئێمە چۆن دەتوانین ئەو خەسڵەتەی زاراوایی لە زمانی کوردیدا شی بکەینەوە؟ ئاخرەکەی جووتە کۆنسۆنانتی پفهەڵدراو/ کپ(p'-p/t'-t/k'-k/ç'-ç)بە ڕێکوپێکی لەلایەن زانایانی شووڕەوی و لەچەند کارێکی زمانناسانە تازەباوەکاندا بەئاشکرایی لێکدەکرێنەوە.

زانا شووڕەوییەکان، کە زۆر لەوان زمانی ئەرمەنیش دەزانن، گۆمانی تێدا نییە کە هەبوونی ئەو خەسڵەتە لە زمانی ئەرمەنیشدا شوێنی لەسەر کردوون. ئەوجیاوازییە بەگشتی لەبڵاوکراوەتازەباوەکانی کوردیدا لەبەرچاونەگیراوە جگە لەڕێژەیەری بەرچاوی فەرهەنگی کوردی ـ تورکی مووسا عەنتەر کە تێیدا تەنێ جووتە کۆنسۆنانتی پفهەڵدراو/ کپی K لە یەکتری جوێ کراونەتەوە ـ و هەروەها لە فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیسی/ ئینگلیسی ـ کوردی باران ڕزگار دا. لە خەتی عەرەبیدا(بۆ نووسینی



کوردی) چ ڕێگەیەک نەدۆزراوەتەوە بۆ لەیەککردنەوەی ئەو جووتە کۆنسۆنانتانە سەرەڕای ئەوەش، بۆ زانیاریدەرەکانی(informants)من کە لە کوردستانی عێراقەوە دێن ـ کە زۆریان بۆ خۆشترە خەتی عەرەبی دەکاربکەن ـ ئەو جیاوازیانە ڕاستین ، و گرینگییەکی دەنگەزمانی(phonemic) بۆ ئەوان هەیە بۆ وێنە ئەوان Kitik= "هەنجیری ویشکەوەکراو"(بە Kی کپ) و K'itik= "پشیلە" ـ کتک(بەKی پفهەڵدراو)لەیەک دەکەنەوە.

دەبێ سەرنج بدرێ کەکۆکەرەوەکانی هەرەبەرایی دەقە کوردییەکان، لەنێو ئەواندا ئۆسکارمان(Oskar Mann)، ئالبێرت سۆسین(Albert socin)و، م. ئاگووست ژابا(M. August Jaba) لە کاتێکدا نەیانتوانیوە ئەو خاڵە وردانەی جیاوازی کۆنسۆنانتەکان لەیەک بکەنەوە و سەرەدەریان لێبکەن، لێمان وەبانان کەوتوون و هەوڵیان داوە دەرەجەی هەرە ورد و وەبەرگوێ نەکەوتووی دوور و درێژی ڤاوێلەکان(vowels) ئاستە بکەن. هەمان شت دەکرێ لەسەر دەقە هاوچەرخەکانی عەرەبی، ئاسۆری ـ تازە، و تورکی، و وەکی ئەوان بگوترێ.

گیروگرفتێکی دیکەی ئەو فەرهەنگانەی هەن (بەتایبەتی ئی عەنتەر، گەورانی، تۆری، مەقدیسی و ئیزۆلی[چاپی یەکەم])زۆر و زەوەندی هەڵەی چاپە تێیاندا. لەبەر ئەو دیاردە(phenomenon)گشتییە یەکجار زۆرە، جارجار ڕوون نییە، ئەو(وشە)یەی کە وێدەچێ شکڵێکی جیاواز بێ لە ڕاستیدا نموونەیەکی گشتی، یان هەر شێوەیەکی ناوچەیی یە. هەڵبەت، ئەوە، لەدەرەوەی مەیدانی کاری زۆر لەفەرهەنگەکانە کە سیایی هەڵەچاپییەکانیان بگرنەوە و(بیخەنە سەر کارەکە) وەک ئەوەیکە وشەی ڕاستی بووبن.

ڕێگەچارەیەکی کاریگەر بۆ ئەو گیروگرفتانەی پوختەیان لەسەرەوەدا باسکرا ـ چ نادروستی فۆنێتیکی و چ هەڵەی چاپی دووپاتەوەبوو ـ دەکرێ بهێندرێتەگۆڕێ: ئەویش پشت بەستن بەزانیاریدەری جێی بڕوایە. بە هاتنی لێشاوی تازەی پەنابەران لە کوردستانی عێراقەوە، ئاخێوەری خۆجێی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا زۆر لەڕابردوو زیادترە. بۆ ئەو زاراوا کوردییانەی کە لە تورکیا و سووریا قسەیان پێدەکرێ، موهاجیرانی کوردی دانیشتووی ئورووپا ئەوەندە زۆر و زەوەندن کە تەقریبەن هەر بن زاراوایەکی کە بیر بۆی بچێ لە نێو ئەواندا کەسی ئەوتۆ هەن پێی بدوێن. دیارە هەر ئاخێوەرێکی خۆجێیی ناکرێ وەک زانیاریدەرێکی هەرە تەواوی زمانناسی پشتی پێ ببەسترێ، بەڵام بە ڕێگەی دۆستایەتی دامەزراندن لەگەڵ ئەو خەڵکانە و ڕاکێشانی بڕوا و متمانەیان، دەکرێ زۆر لەهەڵەکانی ڕابردوو(چ ئی زمانناسی و چ وەکی دی) لەگەڵیان بهێندرێتەگۆڕێ.

دوو لە فەرهەنگە هەرە بەراییەکان نووبارا بچووکان ←

(nûbara biçûkan) نی ئەحمەدی خانی(١٠٩٤ک = ٨٣ ـ١٦٨٢ز)و Grammatica e vocabolario della Lingua kurda (ڕێزمان و وشەی زمانی کوردی) گارتسۆنی(Garzoni)ن(ڕۆم ١٧٨٧). ئەوەی یەکەمیان فەرهەنگێکی هۆنراوەیی عەرەبی ـ کوردی یە بۆ بەکارهێنان لە حوجران بۆ فێرکردنی وشە سەرەتاییەکانی عەرەبی بە سوختە و فەقێیان. ئەو فەرهەنگە لەلایەن philo press لە ئامستردام لە هولەند چاپکراوەتەوە. ئەوەی دووهەمیان لەلایەن میسیۆنێرێکی ئیتالیایی سەدەی هەژدەهەم ماوریتسیۆ گارتسۆنی(Maurizio Gar-zoni) نووسراوە، بۆ ئەوەی میسیۆنێرەکان بتوانن لەگەڵ کرمانجی ئاخێوەراندا بدوێن.

هاوکاری هەڵکەوتووی من ئەمیری حەسەنپوور لە کتێبە بەنرخەکەیدا (Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985(1992)

ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستان، ١٩١٨ ـ ١٩٨٥(چاپی ١٩٩٢) بە وردی باسی فەرهەنگنووسی کوردی کردووە. ئەو بەگشتی باسی ئەو فەرهەنگانە دەکا کە بە سۆرانی، زاراوای نێوەندی کوردی نووسراون، و فەرهەنگە یەکزمانییەکان (واتەکوردی بە کوردی). ئەمن لەخوارەوەدا یەکبەیەک باسی فەرهەنگە کرمانجییەکان دەکەم و لە سیانی هەرە جێی باوەڕیانەوە دەستپێدەکەم.

*** ئاگووست ژابا و فێردیناند ژووستی، فەرهەنگی کوردی ـ فەرانسەیی**

•Jaba, Auguste & Ferdinand Justi. Dictionnaire Kurde - Français(St. - Pétersbourg: Eggers et Cie, 1879), xviii, 463 p.

ئەمە یەکەم فەرهەنگی بەرایی کوردی ـ زمانی لاوەیی یە. وشەکان بە خەتی عەرەبی ڕیزکراون لەتەک نووسینەوەیەکی ناڕێکوپێکی لاتینیدا. ئەگەرچی ئەو کارە بەر لەداهاتنی ڕێنووسەکانی تازەباو نووسراوە و لەباری فۆنۆلۆژییەوە(دەنگزانی) کەلکێکی کەمی لێوەردەگیرێ، بەڵام ئاساندنەکانی تا بڵێی تەواو و جێی باوەڕن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سەرچاوە بەرتەنگانەی کە ئەو سەروبەندی لەبەردەستدا بوون بایەخی پەسندانی ئەم کارە ئەوەندی دیش زیاد دەکا. وشەکانی پێشووتر، (ئەوانەی)لەلایەن گارتسۆنی( Garzoni)، ڕییا(Rhea)، لێرخ(Lerch)،و پریم و سۆسین(Prym &Socin)،(کۆکرابوونەوە)، لەو کارەدا گونجاون. خاڵە کزەکانی ئەو کارە، بێجگە لە سیستمی نووسینەوەی وشەکان بە لاتینی کە پێشتر باسی کرا، ئەوەن کە جینسی ناوەکان ، و ڕەگی دۆخی ئێستا و تێپەڕبوون و تێنەپەڕبوونی کارەکان، بە ڕێکوپێکی بەدەستەوە نەدراون.

*** مەقدیسی. زیائەدین ئەلخالیدی(زیائەدین پاشا) الهدية الحميدية(بێروت١٩٧٥)٥٦، ٢٤٠لاپەڕە.**

•Maqdisi, Diyā' al-Dīn al-Khālīdī(Ziya al-Din Pasha). al-Hadīyah al- Hamīdīyah(Beirut, 1975)56, 240p.= Mohammad Mokri. Recherches de Kurdologie: Dictionnaire Kurde - Arabe de Dia'Ad-Din Pacha al-Khalidi: introduction et notes linguistiques, notice sur la phonétique et la graphie arabo - persane du dialecte Kurmândji, Textes et étude religieux, linguistiques et ethnographiques( Langues et civilisation iraniennes), no. 4 (Beyrouth &Paris, 1975)56, 240p.

ئەم کارە یەکەمجار لە ساڵی ١٨٩٢دا چاپکراوە. فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبییە لە سەر بناوانی زاراوای بدلیس، کوردستانی تورکیا. زیائەدین پاشا، کە عەرەبێکی فەلەستینی و کاربەدەستێکی گەورەی عوسمانی بوو، ئەو فەرهەنگەی لەسەروبەندێکدا کە قایمقامی مۆتکی(Motki)لە ویلایەتی بدلیس بوو، دانا. ئەو فەرهەنگە بەخەتی عەرەبییە، وئەگەرچی بەر لە(داهاتنی) ڕێنووسی تازە باو نووسراوە، بەڵام سیستمێکی ئەوتۆی دەکارکردووە کە بە تەواوی لەتەک ڕێنووسەکانی دواتردا دەگونجێ. ئەگەرچی لەو فەرهەنگەدا نە جینسی ناوەکان و نە تێپەڕبوون و تێنەپەڕبوونی کارەکان دەستنیشان نەکراون، بەڵام ڕەگی دۆخی ئێستای کارەکان بە ڕێکوپێکی بەدەستەوە دراون. مانالێکدانەوەی(وشەکان) بە گشتی تەواو جێی باوەڕن: تەقریبەن هەر وشەیەکی کە ئەمن لە زمان زانیارییەرێکی خەڵکی کورتالان/ مسرچ(شارێک لە ئەستانی سیرت) کۆم کردەوە بە شێوەیەکی سەرڕاستانە لەو فەرهەنگەدا خۆ دەنوێنن. سەرەڕای کەماسییەکانی ئێمە بە هەبوونی فەرهەنگێکی ئەوتۆ بەختەوەرین. ئەو فەرهەنگە لەتورکیا لە ساڵی ١٩٧٨دا بە وەرگێڕانێکی تورکییەوە، لەجیات عەرەبییەکەی، لەلایەن مەحمەدئەمین بۆزئەرسلان ڕا چاپکراوەتەوە.

*** چ. خ باکایەڤ فەرهەنگی کوردی ـ ڕووسی.**

•Bakaev, Ch. Kh. Kurdsko - Russkiî Slovar ´ ... okolo 14000 slov s prilozheniem grammaticheskogo ocherka kurdskogo iazyka(Moskva: Gosudarstvennoe Izdatelstvo Inostrannykh i National´nykh Slovareî, 1957), 618p.

ئەو فەرهەنگی کوردی ـ ڕووسییە کاری زمانناسێکی ئامووزشت دیتووە، ئاخێوەرێکی خۆجێیی زمانەکە. وشەکان بە ئەلفوبێتکەی سیریلی(ڕووسی) ڕیزکراون و چ جووتە کۆنسۆنانتەکانی پفهەڵدراو/ کپی(p'-p/t'-t/k'-k/ç'-ç) و چ دەنگە ئەوکییەکانی ḧ/ẍ/ 'e لە e/ h/x فەرقیان پێکراوە و لەیەک جوێ کراونەتەوە. لەوەش زیادتر، جینسی ناوەکان، و هەروەها تێپەڕ و تێنەپەڕبوونی کارەکان و ڕەگی دۆخی ئێستای کارەکان، بە دەستەوە دراون و دەستنیشان کراون. وشەکان زۆرجار بە ڕستە شیکراونەتەوە. ئەگەر چی ئەو فەرهەنگە لە کارەکەی کوردۆیەڤ(Kurdoev) (لە خوارەوە لێی دەدوێین) بە قەبارە چکۆلەترە، بەڵام زۆر جێی باوەڕترە و لەباری زانستییەوە دروستترە. (لەو فەرهەنگەدا)کورتە لێدوانێک لەسەر ڕێزمان کراوە و خشتەی گەردانکردنی کارەکان و ناوەکان هاتووە.

هیچکامێک لەو سێ فەرهەنگانەی کە تاکووئێستا باسیان کرا وشەی نوێباو داتاشراوی تێکنیکیان تێدا نییە، ئەگەرچی باکایەڤ(Bakaev) هێندێک بابەتە وشەی شووڕەوی پەرستانەی خستووەتە نێو کارەکەیەوە.

*** ک. ک. کوردۆیەڤ فەرهەنگا کوردی ـ ڕووسی**

•Kurdoev, K. K. Ferhenga Kurdî-Rûsî = Kurdsko- Russkiĭ Slovar´(Moskva: Gosudarstvennoe izd-vo inostrannykh i natsional´nykh slovareĭ, 1960), 890p.

ئەو فەرهەنگە گەورەیەی کوردی ـ ڕووسی وا بە خۆی دەپەڕموێ، فەرهەنگی هەرە تەواوی کرمانجی بێ کە هەتاکوو ئێستا بە دەستەوەیە. ئەوە هاوتای کوردی فەرهەنگی ستاینگاس(Steingass) سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی فارسی یە: وەک هەنبانەیەکی پفهەڵدراو وایە کە سەری مار و مێرووی تێدابێ. ئەگەرچی ئەو(فەرهەنگە) ٣٤٠٠٠ وشەی وەبەرگرتووە، بەشێک لەوان کە پرۆفێسۆر د. ن مەکێنزی(D. N. Mackenzie) پێیان دەڵێ«وشەی تارمایی»: وشەی ئەوتۆ(و

بەتایبەتی واتای وەهای) کە لەدەرەوەی فەرهەنگەکەدا بوونیان نییە. بەشێکی زۆر لەو وشانە پێویستە بژار بکرێن و توورهەڵدرێن نەک ئەوەی لە فەرهەنگەکانی کە بەدوایدا دێن ژیانێکی تازەیان وەبەربنرێتەوە. (وشەکانی) فەرهەنگەکە بەپێی خەتی لاتین ڕیزکراون و لەکەوانەدا بەخەتی دەنگنووسی سیریلی نووسراونەتەوە(شایەد بۆ کەلک لێوەرگرتن و دڵڕاگرتنی ڕووسیی ئاخێوەران)؛ (لەو فەرهەنگەدا)جووتە کۆنسۆنانتەکانی پفهەڵدراو/ کپ لەکەوانەدا تەنێ بە خەتی دەنگنووس لەیەک جوێ کراونەتەوە، بەڵام دەنگە ئەوکییەکان لە سەرانسەری (فەرهەنگەکەدا) بەe'/ħ/ẍ لە e/h/x جوێ کراونەتەوە. نێوهێنانی ناڕوونی(îuzhno-Kurdskiî=کوردی خواروو)جارجار مەبەست لە زاراواکانی هەرە خوارووی کرمانجی و لە جێی دیکەشدا مەبەست لە زاراوای سۆرانی یە: ئەوانە دوو هەبوونی جیاوازن، و دەبێ بە جوێ باسیان بکرێ. غالبە ئەو وشانەی کە لەفەرهەنگی ژابا و ژووستی(Jaba&Justi)وەرگیراون ئاوا نێودێرکراون. هەر وەک باکایەڤ(Bakaev)، بەشێکی ڕێزمانیش لە کۆتایی کتێبەکەدا هاتووە، کە لەتەک شتی دیکەدا، بەکورتی مۆرفۆلۆژی(وشەڕۆنانی)ناو وکاری کوردی باسدەکا.

ئەگەرچی کۆردۆیەڤ وەک باکایەڤ زانایەکی ئامووزشتدیتووی(زمان) نییەئەویش ڕێزمانێکی ورد و باشی سەبارەت بە کوردی کرمانجی نووسیوە.

*** مووسا عەنتەر. فەرهەنگا کوردی ـ تورکی**


•Anter, Musa. Ferhenga Khurdî- Tirkî =Kürdçe-Türkçe Sözlük(Istanbul: Yeni Matbaa, 1967), 167p.

ئەو فەرهەنگە کوردی ـ تورکییە لەکاتێکدا کە نووسەر لە زیندانی ئەستەمبوولدا بووە دایناوە. ئەمە لە وشەڕیزکردنێک نەبێ زیادتر نییە، و ئەوەندەی هەڵەی چاپی تێدایە کە دروستیی گشت کارەکە قسەی لەسەرە. تەنیا لێککردنەوەیەکی کە کرابێ بۆ دەنگی/k/ی پفهەڵدراو وکپە. /k/ ی پفهەڵدراو[کە لەجێی دیکەدا بە'k]نووسراوە بە kh نیشان دراوە و ئەمەش تەنێ لەسەرەتادا. نە جینسی ناوەکان و نە دۆخی تێپەڕ و تێنەپەڕبوونی کارەکان بەدەستەوە نەدراون، تا ئەو دواییانە ئەوە تەنیا فەرهەنگێک بووە کە لە تورکیا بەدەستەوە بووبێ، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پاوان بووە. هەرچەند ئەو کارە شیاوی ئەوە نییە بۆ لێدوانێکی زانایانە لەسەر زمان(دەکارکرێ)، زرەزانایانی دژی کورد لە تورکیا ئەویان لە تێکۆشانە نازانستیی و ڕووهەڵماڵاوییەکانی خۆیاندا وەک سەرچاوەیەک بەکارهێناوە کە هەبوونی زمانی کوردی پێ بەرپەرچ بدەنەوە، بێنەوەی هەست بەوە بکەن کە بە پشتبەستن بە سەرچاوەیەکی ئاوا بەرتەنگ بناخەی کارەکانی خۆیان ئەوەندەی دیکەش سستتر دەبێ. ئەگەرچی ئەم کارە لەزۆر بابەتی پێویستدا کەمایەسی زۆرە، ئەمن بەدەم خوێندنەوەی دەقی کوردییەوە زۆرجار تووشی وشەی ئەوتۆهاتووم کە تەنێ لەم فەرهەنگەدا شی کراونەتەوە، بۆ وێنە çerxî (چەرخی)سکەیەکی زێو کە لەزەمانی ئیمپراتووری عوسمانیدا دەکارکراوە.

*** جۆیس بلاو. فەرهەنگی کوردی ـ فەرانسەیی ـ ئینگلیسی**

•Blau, Joyce. Kurdish-French-English Dictionary = Dictionnaire Kurde- Français-Anglais (Bruxelles: Centre pour l'Etude des Problemes du Monde Musulman Contemporain, 1965), xvii, 263p.

ئەمە یەک لە هەوڵەسەرەتاییەکانی«جۆیس بلاو»ی زانکۆی سۆربۆن بۆ دانانی فەرهەنگێکی کرمانجی وێژەیی یە. ئەو وشانەی کە تێیدان لە



گۆڤارە کوردییەکانی سییەکان وچلەکان وەرگیراون، کە هەوڵی ئەوەیان دەدا وشەی ئەوتۆ سازکەن کە بابەتی تازەباویان پێ ڕاپەڕێ. مانالێکدانەوە ئینگلیسییەکان زۆرجار خراپ وەرگیرانی مانافەڕانسەییەکانن، کە ئەوانیش ڕاست و هەڵەبوونیان قسەی لەسەرە، چونکوو زۆر لە وشەکان قەت نەبوون بە بەشێک لە زمانی زیندوو. ئەگەرچی(لەم فەرهەنگەدا)جینسی ناوەکان هاتوون بەڵام بەپێی بۆچوونی پرۆفێسۆر مەکێنزی زۆرجار ئەوانە هەڵەن، یان بەلانی کەمەوە جیاوازن لەوەیکە لە جێی دیکەدا ئاستە کراون.

ڕەگی دۆخی ئێستای کارەکان بە ڕێکوپێکی دەستنیشان کراون، بەڵام «بلاو»خۆی لەبابەتی تێپەڕ و تێنەپەڕبوونی کارەکان نەداوە. نە جیاوازی جووتەدەنگە پفهەڵدراو/ کپەکان فەرقیان پێکراوە، نە دەنگە ئەوکییەکان(ع ـ é ، ح ـ ħ ، غ ـ ẍ).

ئەم بەرهەمە لە جێدا هەڵەیەکی بەرایی یە، کە تەنانەت«بلاو» (Blau) خۆشی پێی لێدەنێ. بە خۆشییەوە کارەکەی دواتری، کە لە خوارەوە لێی دەدوێین، تۆڵەی کردووەتەوە و(ئەم هەڵەیە)ی تێهەڵهێناوەتەوە. ئەمن بۆخۆم (بۆ کارەکەی خۆم) لە سەرەتاوە چاوم لەم فەرهەنگە دەکرد، بەڵام زوو بۆم دەرکەوت کە تەقریبەن بێ کەلکە و لەودەمییەوە ئیتر بەکارم نەهێناوە، جگە لەو کاتانەدا نەبێ کە بمەوێ جارجار وشەیەکی نوێباو تاقی کەمەوە. بە لەبەرچاوگرتنی بەکەلکبوونی جێی پرسیاری ئەم کارە، بەتایبەتی جێی داخە کە ئەوە، و نەک کارەکانی ژابا& ژووستی یان باکایەڤ لە تورکیا هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی لەسەرڕا چاپ بکرێنەوە.

*** جۆیس بلاو، دەقەکوردییەکانی عەمادییە و جەبەل شنگال: لێکدانەوەیەکی زماننامسی، دەقی فۆلکلۆری، وشەنامە**

•Blau, Joyce. Le Kurde de ᶜAmadiya et de Djabal Sindjar: Analyse linguistique, textes folkloriques, glossaires (Paris: C. Klincksieck, 1975), 252p.

ئەم کارە هەر لە نووسینی هەمان نووسەرە و، کارێکی زۆر زانستیترە. بریتییە لە لێکدانەوەی زماننامسی، دەقی فۆلکلۆری بە وەرگێڕانی فەڕانسەییەوە، و وشەکانی کەرەستەی کرمانجی خواروو کە ئەو لە عەمادییە و ناوچەی یەزیدی جەبەل شنگال، لە کوردستانی عێراق لە ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٦٨دا کۆی کردوونەتەوە. هەر دووک وشەنامەکان ـ یەک بۆ عەمادییە و ئەوی دی بۆ جەبەل شنگال ـ جینسی ناوەکانیان تێدایە و هەروەها ڕەگی دۆخی ئێستای کارەکان، بەڵام تێپەڕ و تێنەپەڕبوونی ئەوانی دیاریی نەکردووە. وشەکان بریتین لەوانەی کە لەدەقە سەرزارەکییەکاندا هاتوون، هەر بۆیەش زمانی زیندووی قسەپێکردنی دوو ناوچەی تایبەتی دەدرکێنن، و وشەی داتاشراوی ڕۆژنامەیی نین بەو جۆرەی کە لە کارەکەی پێشووی دا بووە. ئەو ←

خەسڵەتانە و ئەو کتێبنامەی کە بەشیکردنەوەوە لەسەرەتای ئەو کتێبەدا هاتوون، دەیکەن بە یارمەتی و هەوڵێکی گەورە بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەکوردەکان و زمانەکەیان.

*** ئیزۆلی فەرهەنگ: کوردی ـ تورکی، تورکی ـ کوردی**

•Îzolî, D. Ferheng: Kurdî -Tirkî, Türkçe-Kürtçe[1st ed ](Den Haag: Komeɫey Xwêndkaranî kurd le Ewrupa, [1987])413p,; [2. ed](Istanbul: Deng Yayınları, 1992), 913p.

ئەمە فەرهەنگێکی زۆر تازەی کوردی ـ تورکی و تورکی ـ کوردی یە، کە لەلایەن کوردێکی هەرێمی دێرسیم/ تونجەلی ڕا ئامادە کراوە. هەر وەک کارە بەراییەکەی«بلاو»، نە جیاوازی نێوان جووتە کۆنسۆنانتە پفهەڵدراو/ کپەکان لە بەرچاوگیراون، و نە دەنگە ئەوکییەکان (ع ـ 'e، ح ـ ħ، غ ـ ẍ)فەرقیان پێکراوە. لەکەم جێدا جینسی ناوەکان دیاریکراون، بەڵام چ ڕەگی دۆخی ئێستای کارەکان و چ تێپەڕ و تێنەپەڕبوونیان دەستنیشان کراون. سەرچاوەکانی ئەم فەرهەنگە جور بەجورن: وشەیەکی یەکجار زۆر لە فەرهەنگی عەنتەر و کارە ناسەرکەوتووانەکەی«بلاو»خوازراونەتەوە، و بەم پێیە ژیانێکی تازە وەبەرناساندن و مانالێکدانەوەهەڵەکان نراوە. لەلایەکی دیکەشەوە، لە کارەباشەکەی «زیانەدین پاشا»ش کەلک وەرگیراوە. ئەوەیکە ئەم فەرهەنگە دەکاتە کارێکی تاقانە ئەو وشانەن کە بۆ ناوچەی خۆجێیی دانەر غەریبن، و هێندێک لەوان بۆ یەکەمجار بەچاپکراوی دەردەکەون، بۆ وێنەHîlî = هیلی = ئاوێنە(> Hayeli ئەرمەنی)، هاڤلێک = -Hav lêk = گەسک(> Avel ئەرمەنی). چەند کەسێک لە زانیاریدەرەکانی من لە کالیفۆرنیا خەڵکی ئەو هەرێمە(واتەدێرسیم)ن، جا بۆیە ئەمن بۆم کراوە بە جوێ لەوانە بکۆڵمەوە و ساغیان کەمەوە. یەکەم چاپی ئەو فەرهەنگە لە ئوڕووپا دەرکەوت، جا بۆیە دەستبەجێ لە کوردستان لەبەردەستدا نەبوو. چاپی دووهەم، لە ئەستەمبووڵ دەرکەوتووە و سەبارەت بە چاپی یەکەم ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو و باشی تێدا کراوە، زۆر لە هەڵەچاپییەکان ڕاست کراونەتەوە، و وشەکان بە سەرنجدانێکی زیادترەوە ڕیزکراون. دەستەی نووسەرانی welat(وەڵات) کە بەم زووانە داخراوە کەلکێکی زۆری لەو چاپە دووهەمە وەرگرتووە.

فەرهەنگێکی گرینگی دیکەی شووڕەوی ئەوەی خوارەوەیە:

*** م. خامۆیان، فەرهەنگی زاراوەیی کوردی ـ ڕووسی**

•Khamoian, M. U. Kurdsko-Russkiĭ, frazeologicheskiĭ Slovar´ : soderzhit okolo 8000 frazeologicheskikh stateĭ (Erevan: Izdatel´ stvo AN Arminskoĭ SSR, 1979) 273p.

ئەمە فەرهەنگێکی زاراوەیی کوردی ـ ڕووسی یە، بە خەتی سیریلی هەم دوولایەنە بوونی کۆنسۆنانتەپفهەڵدراو/کپەکانی تێدایە و هەم جیاوازی دەنگە ئەوکییەکانی(ع ـ 'e، ح ـ ħ ، غ ـ ẍ). ئەو فەرهەنگە لەوەی تێدەپەڕێنێ کە مرۆڤ دەکرێ هیوای هەبێ لە فەرهەنگی ستانداردی زمانی لاوەیی دا بیبینێتەوە. ئیدیۆم و زاراوەی پسپۆرانەی هێناوەتەگۆڕێ و، سەرچاوەیەکی پێویستە بۆ لێکۆڵەرەوەیەکی جیدی سەبارەت بە وێژەی گەلی. زۆر نموونەی شیکرانەوەی تێدایە کە زۆربەی لە دەقە سەرزارەکییەکانەوە زاونەتەوە.

سێ فەرهەنگ لە زمانێکی بێگانەوە بۆسەر کرمانجی هەن کە لێرەدا دەبێ دیاردییان بۆ بکرێ:

*** ئی. ئۆ. فاریزۆڤ، فەرهەنگا ڕووسی ـ کرمانجی**

•Farizov, I. O. Ferhenga Urisî- Kurmancî = Russko- Kurdskiĭ Slovar´(Moskva: Gosudarstvennoe ızd-vo inostrannykh ı natsional´ nykh slovareĭ, 1957), 781p.

لەو فەرهەنگە ڕووسی ـ کوردیەدا، ئەو وشانەی ئاستەکراون زۆریان گۆمانی ئەوەیان لێدەکرێ فارسی بن: واوێدەچێ کە کاتێک فاریزۆڤ(Farizov) سەبارەت بە هاوتایەکی کوردی زاراوەیەکی تایبەتی دوو دڵ بووە، وشەیەکی فارسی خواستووەتەوە.

بۆ وێنە وشەیەک بۆ «عەلەشیش»بە پێی قسەی ئەو bûqelemûn(کە ئەوە فارسییە)ە. هیچ فەرهەنگێکی کرمانجی دیکە ئەوەی تێدا نییە و لەهەموو ئەو وشانەی کە لە کرمانجیدا بۆ «عەلەشیش» هەن(culûx، coqcoq،[él]، e'lok، şamî، k´ûrk´ûr،و هتد) ئەو هەر kûrkûr ی ئاستە کردووە. وشە کوردییەکان بەخەتی لاتین نووسراون، جیاوازی نێوان جووتەکۆنسۆنانتە پفهەڵدراو/ کپەکانی نەکردووە، بەڵام دەنگە ئەوکییەکانی ح =ħ/غ=ẍ/ هـ=h/ خ=x ی لەیەک جیاکردووەتەوە(ئەگەرچی فەرقی بە ع = é و ئە=e نەکردووە و e ی بۆ هەردووکیان بەکارهێناوە). جینسی ناوەکان، دەستنیشان کراون. ئەم فەرهەنگە بە نیسبەت فەرهەنگێکی بەرتەنگە، چ لە باری بارستایی و چ لەباری جێی باوەڕبوونە وە.

**س. سیابەندۆڤ & ئا. چاچان، فەرهەنگی ئەرمەنی ـ کوردی**

•S. Siabandov & A. Chachan, Xebernama Ermeni - K'urdî = Հայ-Քրդերէն Բառարան (Erevan : HayPetHrat, 1957) 352p.

ئەمە فەرهەنگێکی ئەرمەنی ـ کوردی یە. کوردییەکە بەخەتی سیریلی نووسراوە، جیاوازی نێوان کۆنسۆنانتی پفهەڵدراو/ کپ و دەنگە ئەوکییەکانی کە لەسەرەوەدا باسکران، تێیدا دیاریکراون. نە جینسی ناوەکوردییەکان و، نە ڕەگی دۆخی ئێستای کارەکان و تێپەڕ و تێنەپەڕبوونیان دەستنیشان نەکراون. ئەو فەرهەنگە زۆر لە کارەکەی فاریزۆڤ جێی باوەڕترە.

**ڕەشۆ زیلان، فەرهەنگا سوێدی ـ کوردی(کرمانجی)**

•Zîlan Reşo. Svensk- Kurdiskt Lexikon (Nordkurdiska) = Ferhenga Swêdî - Kurdî(Kurmancî)(Stockholm: Statens Institut för Läromedel, 1989), 311p.

فەرهەنگێکی سوێدی ـ کرمانجی بە خەتی لاتین، بە مەبەستی ئەوەیکە یارمەتی بکا بە موهاجیرانی کوردی دانیشتووی سوێد بۆ فێربوونی زمانی سوێدی. فەرهەنگێکی ئەوتۆی سوێدی ـ سۆرانی ش هەیە کە هەر لەلایەن هەمان ئەنیستیتوووەوە بڵاوکراوەتەوە. لەبەر ئەوەیکە فەرهەنگەکە بۆ کوردەکرمانجی ئاخێوەرەکانی تورکیا و عێراق داندراوە، هەر وشەیەکی سوێدی زۆرجار بە چەندین واتای جۆربەجۆر لێکدراوەتەوە و هەر وشەیەی چەند هاوواتای بۆ داندراوە، کە ئەوەش قازانجی ئەوەی هەیە کە وشە هاوواتاکانی کوردی ئامادە بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر ئەوەی واداندراوە کە خوێنەرەوانی ئەم فەرهەنگە ئاخێوەرانی خۆجێیی بن، زانیاری وردەڕیشاڵ سەبارەت بە جینسی ناوەکان نەهاتوونەتەگۆڕێ. بەشێکی تەواوی فەرهەنگەکە بریتییە لە وێنە، کە نێوی شتی جیاوازی نیشان داوە ـ بەڵام هەر بە سوێدی. ئەگەرچی کەرەستەی وێنەداری دیکە بۆ فێربوونی زمانی دیکە بەدەستەوەیە، بەڵام تائێستا شتێکی ئەوتۆ بۆ زمانی کوردی ئامادە نەکراوە.

دوو وشەنامەی بڵاونەکراوەی دیکەش هەن کە دەبێ لێرەدا باسیان بکرێ:

*** مارگارێت کان. فەرهەنگی کرمانجی ـ ئینگلیسی، ئینگلیسی ـ کرمانجی، بەتایپکراوی(کە بە ڕەسمی بڵاونەکراوەتەوە)**

•Kahn, Margaret. Kurmanji - English, English - Kurmanji Lexicon(Ann Arbor : The University of Michigan, 1974)Typescript.

ئەوە وشە نامەیەکە کە مارگارێت کان لە زمانی زانیاریدەرەکەیەوە کە ئاخێوەرێکی خۆجێیی خەڵکی سیلڤان(فەرقین)، لەنزیک دیاربەکر، کوردستانی تورکیا بووە، وەریگرتووە و کۆی کردوونەتەوە، وشەکانی بە خەتی دەنگنووسی لەمەڕ خۆی نووسیون، و جارجار جینسی ناوەکانی دەستنیشان کردووە، بەڵام نە تێپەڕ و نە تێنەپەڕبوونی کارەکان و نە ڕەگی دۆخی ئێستایان بە ڕێکوپێکی بە دەستەوە نەدراون. چەند یادداشتی بە کەڵک بۆ لەبەریەک ڕانان و بەراوردکردن لەوکارەدا هەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە لە زەمانی دامەزرانی کۆماری(تورکیاوە)کارێکی زۆر کەمی زمانناسانە لە سەر زاراواکانی کوردی تورکیا کراون، ئەو کارە گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە، ئەگەرچی بە تەواویش لەسەر وتەی هەر تاکە زانیاریدەرێکیش داندراوە.

*** بازیل نیکیتین، کوردیی شەمزینانی(پێداچوونەوەی د. ن. مەکێنزی). دەقی بڵاونەکراوە**


•Nikitine, B. šamdīnānī Kurdish.(ed. by D. N. Mackenzie). Unpublished texts.

ئەو وشەنامەیەی کە لەگەڵ دەقەکانی نیکیتین(Nikitine)ە، هەر لەزمان زانیاریدەرێکەوە کۆکراونەتەوە، کە خەڵکی شەمدینلی، ئەستانی هەکاری، کوردستانی تورکیا بووە. ئەمن وای بۆدەچم کە کاتێک ئەو دەقانە کۆکراونەتەوە زانیاریدەرەکە لە ئێران ژیاوە، چونکوو زۆریان فارسی تێدایە و تەنانەت هێندێک شتیش کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێ وەسۆرانی بچن. ئەو وشەنامە کرمانجی(خواروو) ـ ئینگلیسییەی کە لەلایەن پرۆفیسۆر د. ن. مەکێنزی ڕا ئامادە کراوە، بە خەتی لاتینە، و یادداشتی بەراوردکاریشی سەبارەت بە ئاکرێ و عەمادییە لە کوردستانی عێراق تێدایە. زانیاری سەبارەت بە جینسی ناوەکان، ڕەگی دۆخی ئێستای کارەکان و شتی دیکەی لەوبابەتە بەرتەنگن ـ هەر وەک وشەنامەکە خۆی ـ تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر دەقەکانی زانیاریدەرەکەی نیکیتین، جینسی هێندێک لە ناوەکان نادیارە. ئەمن زۆر سپاسی (مارگارێت کان)و(د. ن. مەکێنزی)دەکەم کە ئەو وشەنامە بڵاونەکراوەیان لەبەردەست من نا. فەرهەنگەکانی هەرە تازە بریتین لە:

*** عەلی سەیدۆ عەلی گەورانی، فەرهەنگا کوردی نووژەن: کوردی ـ عەرەبی**

•Gewranî, Ali Seydo Ali. Ferhenga Kurdî Nûjen : Kurdî - Erebî = al-Qamūs al-Kurdī al-ḥadīth: Kurdī - ´Arabī[القاموس الكردي الحديث: كردي عربي] (´Ammān:Sharikat al-Sharq al-Awsaṭ, 1985)670p.

ئەم فەرهەنگە کرمانجی ـ عەرەبی یە پرە لەهەڵەی چاپی. نە جینسی ناوەکان دیاری کراون، نە تێپەڕ و تێنەپەڕبوونی کارەکان یان ڕەگی دۆخی ئێستای ئەوانی تێدا دیاریی کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم فەرهەنگە لەلایەن کوردێکی ئۆردۆنەوە تەقریبەن گشت ئەو وشانەی تێدایە کە لە گۆڤاردکوردییەکانی **هاوار** و **ڕۆناهی** و ڕۆژنامەی **ڕۆژا** نوودا بەکارهاتوون. گشت (ئەو بڵاوکراوانەی)باسیان کرا لە سییەکان و چلەکاندا دەرکەوتوون. لەبەرئەوە، بەشێکی چاک لە وشە ڕۆژنامەییەکان (لەم فەرهەنگەدا)هاتوون. تا ئەو جێگەیەی کە بگەڕێتەوە سەر دەنگناسی(phonetics)، تێکۆشراوە کە دەنگە ئەوکییەکان لەشکڵی



ع =é/ ح = Ḧ / غ = Ẍ دا بەکاربهێندرێن، ئەگەرچی ئەو کارە شێلگیرانە نەکراوە. لەوەش زیادتر، نە کۆنسۆنانتە گڕەکان و نە کۆنسۆنانتە پفهەڵدراوەکان دیاریی نەکراون.

*** تۆری. فەرهەنگ: کوردی ـ تورکی، تورکی ـ کوردی**

•Torî. Ferheng: Kurdî - Tirkî, Türkçe - Kürtçe ( İstanbul: Koral, 1992), 496p.

فەرهەنگێکی کرمانجی ـ تورکی، تورکی ـ کرمانجی یە. وەک کارەکەی گەورانی (Gewranî) ئەو کارەش نیشانەبنەڕەتییەکانی جویێ کردنەوەی جینسی ناوەکان و تێپەڕ و تێنەپەڕبوونی کارەکان و ڕەگی دۆخی ئێستای کارەکانی تێدا نییە. جگە لە بەرتەنگبوونی ژمارەی وشەکان، تەرتیبی ڕیزی ئەلفوبێتکەی لاتینەکەش تاڕادەیەک سەیرە، Xی خستوەتە نێوان G وH،Q ی خستووەتە نێوان k و L. «کوردۆیەڤ»یش هەر وای کردووە؛ ئەگەرچی کوردۆیەڤ x(وẌ)دەخاتە دوای H و، وەپێشی ناخا بەڵام هەر لەگەڵ Q وادەکا. هەردووک ئەوشێوانە لادانە لە تەرتیبی ئاسایی،و دەبێتە هۆی تەنگ و چەڵەمە و سەرەگێژە کە دەکرێ خۆی لێبپارێزرێ.

لایەنی باشی (ئەو فەرهەنگە)ئەوەیە، تۆری(Torî) بە وردی مانای وشەکان بە تورکی لێکدەداتەوە، و زۆرجار مانای ئەوجۆرە وشانەی کە لە جێی دیکەدا بەسەریدا تێپەڕیون ڕوون دەکاتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ئەم فەرهەنگە بەرهەمێکی تازەیە چەندێک لە وشە هەرە نوێباوەکانی گرتووە. تا ئەو جێیەی کە بگەڕێتەوە سەر دەنگناسی(phonetics) هیچ جۆرە هەوڵێک نەدراوە بۆ دەستنیشانکردنی کۆنسۆنانتە گڕ، ئەوکی، یان پفهەڵدراوەکان.

*** فازل فریاد عومەر، فەرهەنگا کوردی ـ ئاڵمانی**

•Omar, Feryad Fazil. Kurdisch - Deustches Wörterbuch = Ferhenga Kurdî - Elmanî (Berlin: Verlag für Wissenschaft und Bildung, Kurdische Studien, 1992), 721p.

ئەو فەرهەنگە تازەیەی کوردی ـ ئاڵمانی لەلایەن کوردێکەوە نووسراوە کە لە ئاڵمان دەژی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئاخێوەرانی خۆجێیی بە هێندێک پەروەردەی زمانناسییەوە دەتوانن لانی کەمی زانیارییەک کە لە فەرهەنگێکی باشدا پێویستە پێشکێش بکەن. ئەوە تەنیا فەرهەنگێکی کرمانجییە کە وشە سەرەکییەکانی هەم بە خەتی عەرەبی و هەم بە خەتی لاتینی تێدا هاتوون، و بەو شێوەیە هەم کوردەکانی عێراق و ئێران و هەم ئی تورکیا دەتوانن کەلکی لێوەربگرن. جینسی ناوەکان بە ڕێکوپێکی دیاریکراون، و هەروەها تێپەڕوتێنەپەڕبوونی کارەکان و ڕەگی دۆخی ئێستای هەمووکارەکان. بەپێی ئەوەی لە سەرەتای (فەرهەنگەکەدا) هاتووە جگە لە گوڵچنکردنی وشان لە سەرچاوەوێژەییەکانەوە، هێندێک

←

کاری مەیدانیش(بۆ ئامادەکردنی ئەو فەرهەنگە)کراوە و ئەوەش بە جوانی لە ڕایەڵەی بەربڵاوی وشەکان ڕا دەردەکەوێ، کە هەم بە کارهاتنی کۆنی ئەوان و هەم چوارچێوەی تازەباوی بەکارهاتنیان شیدەکاتەوە. ئەگەرچی نە کۆنسۆنانتە گڕەکان ونە پفهەڵدراوەکان دەستنیشان نەکراون، بەڵام دیاردیی بە دەنگە ئەوکییەکان ع =é/ح = h̲ / غ = x̲ کراوە.

*** باران ڕزگار، فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیسی ئینگلیسی ـ کوردی**
•Rizgar, Baran. Kurdish - English English - Kurdish Dictionary = Ferheng Kurdî - Îngîlîzî Îngîlîzî-Kurdî (London: M. F. Onen, 1993), 400p.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کاک رزگار زمانناسێکی ئامووزشتدیتوو نییە، کارێکی زۆر جوانی کردووە. ئەمن بە تایبەتی ئەوبیرەم پێ باشە کە فەرهەنگێکی ئاسان بەکارهاتووی ئینگلیسی ـ کرمانجی لەبەر دەستدا بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، خۆ بەستنەوەی بە سەرچاوە نووسراوەکان، لە کاتێکدا کە لەڕاستیدا زمانەکە بە دەرەجەی یەکەم زمانی قسەپێکردنە، تا ڕادەیەکی زۆر لە کەلکی بەکارهاتنی کەم دەکاتەوە.

هەم جینسی ناوەکان، و هەم ڕەگی دۆخی ئێستای کارەکان و هەم تێپەڕ و تێنەپەڕبوونیان پێشکێشکراون. نیشانەی n بۆ ئەوە بەکارهاتووە کە نیشان بدا«ناوەکە بێلایەنە[واتە]جینسێکی تایبەتی نییە(جینسەکە لەوانەیە لەناوچەیەکــەوە بۆ ناوچەیەکی دی بگۆڕێ)، یان[ئەوەیکە ئەو]نەیتوانیوە جینسی ناوەکە دیاریی بکا». چۆن ئاخێوەرێکی خۆجێیی زمانێک، بە تایبەتی کەسێکی کە فەرهەنگنووسیشە، جینسی ناوێکی لە زمانەکەیدا بۆ هەڵناردرێ؟ ئایا چ ئاخێوەری خۆجێیی زمانەکە نین کە لەوبارەوە ڕاوێژیان پێ بکرێ؟ ئەمن پێم وایە کە ئەو گیر وگرفتە زیادتر سەبارەت بەو وشە نوێباوە داتاشراوەکان دێتەگۆڕێ تا ئەوەیکە سەبارەت بەو وشانەی کە لەزمانی قسەکردندا هەن. لەو فەرهەنگەدا جیاوازی نێوان جووتە دەنگەکانی ´t=t´/p=p´/k=k´/ç=ç(کپ/ پفهەڵدراو)دیاردیی بۆ کراوە، کە ئەمە بایەخێکی گەورەی هەیە بۆ زمانناس و دەنگناسان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو نیشانەی کە کاک ڕزگار هەڵی بژاردووە سەرکەوتوو نییــە. ئەگــەر ئەو هێندێک زیادتر لە کــارەکــانی کــوردناســەکــانی شــووڕەوەی(بەتایبــەتی «باکــایەڤ»)کــەلکی وەرگــرتبــایە دەیدی کــە بە نیــشــانەکــردنی ئەندامی کپی هەریەک لە جــووتە دەنگەکــان لە عــادەتی ئاســایی نیــشــانەکــردنی ئەندامی پفــهــەڵدراو لایداوە. بۆ وێنە «کــردن» بەگشتی دەنووسرێ kirin(بــە ک ی کپ کــە نیــشــانەی نیــیــە) و، «کڕین»ئاوا دەنووسرێ k´iřîn(بە ک ی پفهەڵدراو کە بە چوکەڵەیەک بە تەنیشتییەوە[´k]نیشانە دەکرێ). کــاک ڕزگــار فــەرقی بەو جیــاوازییە کردووە و پاراستوویەتی ئەوەی پێشوویانی بە kirin̲ و ئەوەی دواتریانی بە kir̲în نیشان داوە. بۆ کەسێکی کە ئاخێوەری خۆجێیی نەبێ، و زۆر کــەمــتــر بۆ ژمــارەیەکی کــەمی خــوێندەواری کــرمــانجی ئاخــێــوەر نەبێ، لێککردنەوەی ئەو جووتە کۆنسۆنانتە لە خۆیدا زەحمەتە. بە ئاڵوگۆڕکردنی سیستمەکە کاک ڕزگار سەرەگێژەیەکی دیکەی سازکردووە کە پێویست نییە و دەکرێ خۆی لێبپارێزرێ. سەرەڕای ئەوەش، ئەو لێیدەوەشێتەوە کە پەسن بدرێ بۆ فــەرقکردن بەو جیــاوازییــانەی کــە خــەڵکی دیکە بۆی نەچوون.

تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە سەر دەنگە ئەوکییەکانی ع ح خ ئەوانە لە e - h - x بە خەتکێشان لەبنیاندا جوێ کراونەتەوە(e̲ - h̲ - x̲)، لە شێوەی ئەوەیکە عومەر(Omar)لە فەرهەنگە کرمانجی ـ ئاڵمانی یەکەی دا کردوویە.


لەبەر ئەوەی کاک ڕزگار وشە ڕیشەداکوتاوەکانی لە وشە داتاشراوە نوێیەکان جوێ نەکردووەتەوە، ئەمن وای بۆدەچم کە فەرهەنگەکەی زیادتر بەکاری ئەوە بێ کــە بۆ خــوێندنەوەی شــێــوەیەکی تایبــەتی نووســراوەی کرمانجی کەلکی لێوەربگیرێ تا بۆ پێوەندی کاربڕ لەتەک جووتێرێکی ئاسایی کورددا. شــاگــردە هەرە تازەکــانم فــەرهەنگی کــاک ڕزگــاریان بۆ ئامــادەکــردنی دەرسی پۆلەکــەیان بەکــارهێناوە، و ئەوان پێــیــان گــوتم لەکاتێکدا بەکارهێنانی فــەرهەنگەکــە بۆ خوێندنەوەی وتاری ڕۆژنامــان بەکەڵکە بەڵام بۆ خوێندنەوەی کەرەستەی فۆلکلۆری کەلکێکی زۆر کەمی لێــوەردەگیــرێ. لەوەش زیادتر، ئەو مــوهاجیــرە کــوردانەی لە عــێــراقــەوە هاتوون (و لێــرەن) و نوســخــەی ئەو فــەرهەنگەیان دەست کــەوتووە لەبەر ئەوەی بە خەتی لاتینی نووسراوە، ناچاربوون کــە خۆیان بە خوێندنەوەی ئەلفوبێتکەیەکی نوێ ڕابهێنن ـ ئەلفوبێتکەیەکی کە بۆ ئەوان بە دەرەجەی یەکــەم بۆ خــوێندنەوەی ئینگلیــســی گــرینگە. لەگــەڵ ئەوەشــدا، پێناسە(مانالێکدانەوە)کوردییەکان زۆرجار بۆ ئەوان نامۆیە.

زاراوەی«کــرمــانجی پێنووسین» دەبێ ڕوون بــکرێتــەوە، چونکوو دوو شــێــوەی جیــاواز هەن کــە لەوانەیە(مــرۆڤ) تووشیــان بێ. یەکــەمیــان کرمانجییەکی تازەباوی وێژەی یە، شێوەیەکی ئەوتۆ کە(مرۆڤ)لە گۆڤار و ڕۆژنامــەدا دەیانبــینێ کــە لەلایەن کــوردە خــوێندەوارە کــرمــانجی ئاخێوەرەکانەوە بۆ کوردی خوێندەواری کرمانجی ئاخێوەر نووسراون: ئەوە گۆڤــار و ڕۆژنامەکانی بەرایی سەدەی بیستــەم وەکوو **هاوار**، **ڕۆژا نــوو**، **ڕۆناهی**، گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە **هێڤی** و **ڕەوشەن**، گۆڤاری **بەربانگ** و، ڕۆژنامــەی **وەڵات** و هەروەها بەرهەمــە وێژەییــەکــانی وەکــوو هۆنراوەی جگەرخوێن و عوسمان سەبری وەبەردەگرێ. ئەم شێوەیە پڕە لەزاراوەی تازە ـ داتاشــراوی تێکنیکی لەوانەیە و لەوانەش نییــە کــە ڕێی بەرەو چەند کــەســێکی کــە بەخت یاریان بووبێ بۆئەوەی بە کــرمــانجی هێندێک خــوێندەواری وەدەست بهــێنن دەرکــردبێ. وشــەی ئەوتۆ، کــە بە گــشــتی کــۆمــەڵانی هەراوی کــرمــانجی ـ ئاخــێــوەران تێــیــانناگــەن بنەمــای فەرهەنگەکەی کاک ڕزگارن.

خــاڵی دووهەم ئەوەیە، کــۆکــراوەی فــۆلکلۆری هەن کــە نــووســراونەتەوە. زمانی کوردی خەزێنەیەکی دەوڵەمەندی لەڕادەبەدەری وێژەی سەرزارەکی هەیە: ئەوانە بریتین لە چیرۆک، ئەفسانە، داستانی عاشقانە، بەیت، ئەزیلە، گۆرانی فۆلکلۆری، داستانی هۆنراوە، شێعر، پەندی پێشینیان و مەتەڵۆکە، بۆئەوەی باسی ئەوانی هەرە سەرنجڕاکێشمان کردبێ. لە نێوە ڕاست سەدەی نۆزدەهەمەوە زانا ئورووپاییەکان دەستیان بەوەکرد کە کەرەستەی ئەوتۆ بە زمانی کوردی کۆبکەنەوە، و لەسەروبەندی تازەشدا کوردناسەکانی شووڕەوەی کۆکەرەوە وبڵاوکەرەوەی هەرە تینوو و بەسوێی ئەو جۆرە کەرەستانە بوون. ئەمە ئەو دەستەیەی دواییە کە بەدروستی زمانی کرمانجی بەوجۆرەی کە قسەی پێدەکرێ نوێنەرایەتی دەکا، و بەتایبەتی بەو جۆرەی کە لەلایەن حەکایەتخوان و چیرۆکبێژانەوە دەکاردەکرێ ـ گەرچی وشەی تایبەتی بۆ گێڕانەوەی حەکایەت و سەربردە دەکاردەکرێ کە بەشێک لە قسەکردنی ڕۆژانە و ئاسایی نییە، باوەکوو ئەوەی زۆر لە حەکایەتخوانەکان نەخوێندەواریشن، بەڵام تێگەیشتنیان لە زمانی زگماکی خۆیان لە زۆربارانەوە نموونەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە لەم سەروبەندەدا، کە کرمانجی بەدەرەجەی یەکەم زمانێکی قسەپێکردنە، ئەو دەستەی دووهەمە دەبێ بە مەکۆی سەرەکی دابندرێ بۆ(دانانی) فەرهەنگێکی هەموو لایەنەی کرمانجی. باوەکوو ئەوەش، تا ئەو جێگەیەی کە وشەی تازەباوی وێژەیی بە ڕوونی بە شێوەیەک لەو زمانە بنچینەییە جوێ بکرێتەوە، چ هۆیەک نییە بۆ ئەوەی کە ئەویش نەکەوێتە ناو فەرهەنگەوە. لەو فەرهەنگە کرمانجی ـ ئینگلیسی یەدا کە ئەمن خەریکی دانانییم، تێکۆشاوم کە ئەو گیروگرفتە بە ڕێگەی نێولێنانی وشە نوێباوەکان بە کورتکراوەی (neol) ڕاپەڕێنم.

ئەوکەسانەی کە پێیان وایە لە کارێکی ئەوتۆدا، دەبێ جێیەکی زۆر بەرچاوتر بۆ وشە تازە باوەتێکنیکییەکان تەرخان بکرێ، بەبیروڕای من، لەسەروبەندی ئێستادایان وەپێش گەلی کورد و زمانەکەیان کەوتوونەتەوە(یان بەلانی کەمەوە پێوەندیان پێیانەوە پچڕاندووە). هەر وەک لەسەرەوەدا گوترا، واقعییەت ئەوەیە کە تەنێ چەند هەزار کەسێک لە نێو ١٨ ـ ٢٠ میلیۆن کەس کورددا کە زمانی کرمانجی زمانی زگماکییانە بەو زمانە خوێندەوارن. ئەوە لە ڕاستیدا وەزعێکی زۆر نالەبارە: لەگەڵ ئەوەشدا، کارێکی زانستییانەی دروست دەبێ بە شێوەیەکی واقعی وەزعی زمان بەوجۆرەی کە ئێستا هەیە دەربڕێ و ئەوە بە ڕوونی لەوەیکە«دەبێ»ببێ، یان ئەوەیکە هێندێک لە ئاخێوەرانی ئارەزوو دەکەن هەر ئێستا ببایە جوێ بکاتەوە. کەوابوو، وەبەرلووزەودانی فەرهەنگێک بە زاراوەی تێکنیکی کە بۆ زۆربەی ئاخێوەرە خۆجێییەکانی زمانەکە نامۆ و غەریبن، ڕادەی وەفاداربوونی فەرهەنگەکە بەو واقعییەتەی کە ئیدیعای نوێنەرایەتی دەکا دەخاتەژێر پرسیار و دڵەڕاوکێ لێکردن.

برایانی بەدرخان، ڕووناکبیرانی بەرایی سەدەی بیستەم کە ئێمە بۆ داهێنانی ڕێنووسی لاتینی بۆ زمانی کوردی قەرزداری ئەوانین، نەیانتوانی ئەو بیرە وەخۆبکەن کە زمانی کوردی لە تەبیعەتی خۆیدا فرە شێوەیی پێوەدیارە و بەو فکرەش تووڕە دەبوون کە لە زمانی کوردیدا زۆر زاراوا هەن. بۆ ئەوان، هەر پێشنیار(و ڕایەکی) کە وێرابای بڵێ کوردەکان گەلێکی تاقانەی، یەکگرتوو نین بەهەڕەشە دادەندرا. ئەوە بەم شێوەیەیە کە لێکۆڵینەوەی زماننامسی مەترسی ئەوەی دێتەسەرڕێ کە ببێ بە بابەتێکی داغی سیاسی. لەو ماوەیەیدا کە ئەمن بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیم تەرخان کردووە و پێوەی خەریکم خۆم فێری بن لەهجەجوربەجورەکانی چ کرمانجی و چ سۆرانی کردووە، و ئەگەرچی ئەوان زۆر جیاوازی سەرنجڕاکێش و ڕوون دەردەخەن،(بەڵام)ئەمن سەرەدەری لێناکەم چۆن دەکرێ ئەو جیاوازییانە بە هەڕەشەیەک(بۆ سەر زمانی کوردی) دابندرێن: تەنانەت زاراوا کرمانجییەکان لە دوولای هەرە دووری باکووری کوردستان(با بۆ وێنە باسی عەفرین«éfrîn»لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا ، و قارس لە باکووری ڕۆژهەلاتی تورکیا لە نزیک سنووری ئەرمەنستانی شووڕەوەی بکەین)، ئێستا هەردووک لا لەیەکتری دەگەن. لە سان دیاگۆ(San Diego)، تەنانەت مرۆڤ گوێی لێدەبێ کە ئاخێوەرانی کرمانجی و ئاخێوەرانی سۆرانی بەیەکەوە دەدوێن ـ هەرکەسە بەلەهجەی خۆی و لەیەکتریش تێدەگەن. ناکرێ(مرۆڤ)خۆی لە تووشبوونی جوربەجوری هەرێمی لە فەرهەنگی زمانێکی دەوڵەمەندی وەک کرمانجی لادا، کە تێیدا هەمان وشە لەوانەیە بەگوێرەی ناوچە شکڵی جیاوازی هەبێ. ( بۆ وێنە وشەی شەمشەمەکوێرە، کە ئەم هەموو شێوە جوربەجورانەی وەک: بارچمۆک barç´imok، باچەرمۆک baçermok، بالچەمک balç´emk، بالچەرمەک balçermek، بالچمک balçimk، بەرچەم berçem، بارچێمک[barcémik](jj)، پەرچەموک p´erçemûk، پرچەمەک pirçemek و، پیرچەمەک pîrçemek)ی هەیە کە لەوانەیە ناوچەی جیاواز وشەی جیاوازی بۆ بەکاربهێنن(بۆ وێنە، بەستن، ساردبوون: قەفلین qefilîn، بەڵام قەرم[ت]ین qerim[t]în لە کرمانجی بادیناندا، و قەرسین qerisîn لە هەرێمی دێرسیم/ تونجەلی)، یان ئەوەیکە هەمان وشە لەوانەیە لە هەرێمی جیاواز واتای جیاوازی هەبێ(بۆ وێنە، قەفلین qefilîn کە لەزۆربەی جێیان بە مانای «بەستن»ە، لە هەرێمی دێرسیم/ تونجەلی بە مانای«ماندووبوون»ە. هۆکارێکی دیکەی کە تەنانەت بابەتەکە ئەوەندەی دیکەش پێچەڵپێچتر دەکا ئەوەیە کە



سەرەڕای نەخوێندەواربوونی زۆربەی خەڵکی کورد، سێ ئەلفوبێتکەی جیاواز هەیە کە دەکرێ کوردی پێ بنووسرێ: لاتین، سیریلی و عەرەبی.

*** عەزیز ئەمیندارۆڤ، فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیسی / ئینگلیسی ـ کوردی(نیۆیۆرک: بنکەی چاپەمەنی هیپۆکرێن بووکس، ١٩٩٤)، ٣١٣ لاپەڕە.**

•Amindarov, Aziz. Kurdish - English / Engilsh - Kurdish Dictionary (New York: Hippocrene Books, 1994), 313 p.

ئەوە هەتا بڵێی کارێکی پڕخەوش و بەرتەنگە. لەلایەن شیرکەتێکەوە چاپ کراوە کە بۆ چاپی کەرەستەی زمانەوانی ناخێر و بێبایەخ بەنێوبانگە. لە بەرگی پشتەوەی نووسراوە: «کوردی لەلایەن نزیک ٥میلیۆن کەسەوە لە سەرانسەری ئێران، عێراق، و تورکیا و چەند بەشێک لە یەکێتیی شووڕەوی پێشوو قسەی پێدەکرێ». جگە لە دەرهاویشتنی سووریا، لەوانەیە سەردەمایەک لە ڕۆژگاری پێشوودا ئەو ئامارەی لەسەرەوە سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووان دراوە ڕاست بووبێ: لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا. لەگەڵ ئەوەشدا لە سالانی ١٩٩٠دا، لە نێوان ٢٣ تا ٣٠میلیۆن کورد لە دنیادا هەن. ڕادەی ڕاستبوونی ئەو قسەی وا لەسەرەوە دا گێڕدرایەوە خۆی نیشانەیەکە بۆ چەند و چۆنی گشت ئەو بەرهەمە.

لە سێ دەستەی فۆنۆلۆژی(دەنگزانی)تەنێ باسی کۆنسۆنانتەکانی ع =é/ ح = ḧ / غ = ẍ لەوکارەدا کراوە. بەتایبەتی(شتی) سەیر لە کارێکدا کە لە لایەن زانایەکی ئامووزشتدیتووی شووڕەوی ڕا نووسراوە دەرهاویشتنی جووتە کۆنسۆنانتە پفهەڵدراو / کپەکانی (p/p´-t/t´-k/k´-ç/ç´)یە. جینسی ناوەکان بە ڕێکوپێکی بەدەستەوە دراون، لەگەڵ ئەوەشدا، نە تێپەڕ و تێنەپەڕبوونی کارەکان و نە ڕەگی دۆخی ئێستایان باس نەکراون. ئەمیندارۆڤ هەر هەمان تەرتیبی ئەلفوبێتکەیی کوردۆیەڤ ی ڕەچاوکردووە.

ڕەنگە لایەنی هەرە ئاڵۆزی ئەم فەرهەنگە چکۆڵەیە قسە لەسەر بایەخی ڕاست و دروستی ئەو وشانە بێ کە گرتوونی. ژمارەیەکی زۆروزەوەند وشەی کە لە زمانەلاوەییەکانەوە قەرزکراون لەفەرهەنگەدا دەبیندرێن، لە کاتێکدا وشەی کوردی بۆ ئەوانە هەیە. (بۆ وێنە ئەو وشانەی لە تورکییەوە خوازراونەتەوە: **یاتاغ** = yatax بۆ«جێ»(هەروەها **نڤین** = nivinبەڵام جێ / جە cî/cih ی نەگرتووە)، **قان** = Qan بۆ «خوێن»(هەروەها خوون)، **دەڤە** =Deve بۆ «وشتر»(بەڵام هوشتر=hûştirی نەگرتووە)؛ لە عەرەبییەوە؛ **نساء** = Nisaبۆ«ژن»(هەروەها ژن =Jin)، **ارزق** = erzeq بۆ «شین»(وشەی **هێشن** =hêşin هەربەمانای «شین» دەکارکراوە، و **کەسک** = kesk =[ کەسک] لەهیچ کوێ دیار نییە)؛ **ابا** = Aba بۆ«باوک»(وشەکانی bav

= باڤ، باب =Bab ی نەگرتووە) : بۆ چوارلای ئەسڵی جگە لە[ نیڤرۆ = نیوەڕۆ] هەموویانی لە عەرەبی وەرگرتووە: **شمالی** = şimalî = سەروویی، **جەنووب و نیڤرۆ** = cenûb&Nîvro = «خواروو»، **شەرق** = şerq= «ڕۆژهەڵات»، غەرب & مەغریب Ẍerb & Meẍrîb= «ڕۆژئاوا»: **ڕۆهەلات** = Rohilat[ «ڕۆژهەڵات»] تەنێ بە مانای «هەڵاتنی ڕۆژ»هاتووە، و **ڕۆئاڤا** = Roava[ «ڕۆژئاوا»] تەنێ بە مانای «ئاوابوونی ڕۆژ»ئاستە کراوە؛ لە زمانی فارسییەوە درخت = Der-ext بۆ«دار»[دار = dar ی ئاستە نەکردووە]، **برهنە**= Berehne بۆ «ڕووت»[هەروەها **ڕووت** = rût **وتازی** = tazî]؛ لە زمانی ڕووسییەوە (زیادتر لە جیات ئەوەی وشەی نوێباو بەکار بهێنێ): **پاساژیر** Pasajîr= بۆ«ڕێبوار»، **کانفێت** =Kanfêt بۆ«شیرینی»[هەروەها **شەکرلەما** =şekirlema شێوەیەکی تورکی: ئەمیندارۆڤ **شەکرۆک** = şekirok ی بە مانای«تکا» لێکداوەتەوە]، فامیل = Famîl بۆ«پاشناو»(پاشناڤ = Paşnaf وشەیەکی نوێباوە کە لە گۆڤارە تازە باوەکان دا دەکار دەکرێ). کاستووم = kastûm بۆ«قات».

هەڵەی زەق دەکرێ لە مانالێکدانەوەی ئەو وشانەدا ببیندرێن **سیپکی** Sîpkî= بە«سیر» داناوە[ Sîpkî نێوی **هۆزێکە**؛ Sîr«سیر»ە] ، **بەحر** = Behr = «دیتن»[لەجیاتی«دەریا» : هیچ وشەیەکی دیکە بۆ کاری سەرەتایی«دیتن» (dîtin) باس نەکراوە]، **تاڵ** = tal «ترش»( tal، tehl مانای «تاڵ»ە، لە کاتێکدا **ترش** = Tirş بە مانای «ترش»ە). وشەی بۆ«کێرد»[ kêr]بەدەستەوە داوە، بەڵام «کەوچک»[kefçî ] و چەتاڵ یان چنگاڵ( çatal یان çengal) ی لەبیر کردووە و ئاستە نەکراون: «بەفر»[ befr] ی گرتووە، بەڵام «باران»[ baran] ی نەگرتووە: (لەم فەرهەنگەدا)«بووک» [bûk ] هەیە بەڵام «زاوا»[ zava هەر بە مانای مێردی کچ هاتووە]. ناساندنی نادروست لەو فەرهەنگەدا زۆر وەبەرچاودەکەون وەکوو نشتەر = niştir بۆ «دەرزی»[لەڕاستیدا دەرزی = derzî و نەشتەر لەیەک جیاوازن] و کاک = Kak بۆ «مام»[کاک لەکوردیی سۆرانی دا بە مانای«براگەورە» و هەروەها بۆ بانگ کردنی گەورەی نێرینەیە؛ و لە کرمانجی دا شێوەی کەک = kek]ە. لە ڕاستیدا وشەی «مام»دەبێ زیادتر شی بکرێتەوە، چونکوو وشەی جیاواز بۆ(برای باوک)[ئاپ =Ap یان مام= mam ]و (برای دایک)[خاڵ = xal، خواڵ =xwal ]ن. ئەوەی چاوی لێهەڵبوێردراوە جیاوازی گرینگی نێوان dar = دار وەکوو ناوێکی مێ بەمانای«دار»ە و هەر هەمان وشە وەکوو ناوێکی نێر، بە مانای «داری ئاوردوو». وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئەمیندارۆڤ وشەی فارسی درخت = derext بۆ«دار» بەکار دەهێنێ؛ «داری ئاوردوو»هەر ئاستە نەکراوە. دەرهاویشتنی زانیاری وەها سەرەتایی بەتەواوی قسە دەخاتە سەر بەکارهاتن و کەلکی ئەو کارە.

لەوەش زیادتر، بە هیچ جور ئەو وشانەی لەو فەرهەنگەدان، بە نموونە، زاراوە یان ڕستە ڕوون نەکراونەتەوە. ئەو فەرهەنگە خشتەی گەردان کردنی ناو، کار یان چ شیکردنەوەیەکی دیکەی ڕێزمانی تێدا نییە. پازدە تا بیست ساڵ لەوەپێش کارێکی ئەوتۆ بە لێزیادکردنێکی پیرۆز لە زەوییەکی بەیاردا دادەندرا، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئێستا دەیزانین؛ کارێکی ئەوتۆ هەتا بڵێی نادروست و پڕ لە کەمایەسی یە. ئەمن بیری ئەوەشم بە مێشک دا ڕانابرێ کە مرۆڤ بە لەبەر دەست دا بوونی کارێکی وەها ناچیزە و بێ بایەخ بتوانێ سەرەدەر لە دەقێکی کوردی بکا؛ ئەمن بە هیچ جۆر ڕاناسپێرمە ئەوانەی کە کوردی دەخوێنن ئەم فەرهەنگە بەکار بهێنن، چونکوو هەتا بڵێی پڕە لە هەڵە و «لێکدانەوە»ی دەستکرد و چ کەلکی لێوەرناگیرێ.

مافی تایبەتی فەرهەنگنووسە کە ئەو«گرێپووچکە ئاڵۆزە»لێک بکاتەوە و ئەزمێکی تێدا پێکبهێنێ: بۆ وێنە لە حاڵەتی فرەشێوەبوونی وشەیەکی تایبەتیدا وەک شەمشەمەکوێرە، ئەو دەبێ شێوەیەکیان هەڵبژێرێ و هەموو شێوەکانی دیکە بەو ببەستێتەوە. لەوەش زیادتر، ئەو دەبێ ئەلفوبێتکەیەک هەڵبژێرێ و نیشان بدا کە ئەوانی دیکە پێوەندییان بەوەوە چۆنە. ئێمە بەوە بەختەوەرین کە لە هەرسێک ئەلفوبێتکەکەیدا کە بۆ نووسینی کوردی دەکاردەکرێن هەر دەنگەی لە نووسیندا یەک نیشانەی هەیە و پێوەندییەکی یەک ـ بە ـ یەک لەگۆڕێدایە. خشتەیەکی هەر سێک ئەلفوبێتکەی کە کوردییان پێدەنووسرێ خەسڵەتێکی هاوبەشە بۆ هەموو فەرهەنگێک.

لەبەر ڕووناکایی ڕەخنەکانم لەو فەرهەنگانەی کە پێش لەکارەکەی من دەرکەوتوون ئامانج ئەوەیە سەبارەت بە هەر وشەیەک کە لە فەرهەنگەکەدا دێ تا ئەو جێیەی بکرێ زانیاری بە دەستەوەبدرێ، چ زانیاریی مێژوویی(نێوزەمانی) بە ڕێگەی پێشکێش کردنی ڕیشەڕوونکردنەوەی دروست لەباری زمانناسییەوە و چ زانیاریی هاوزەمانی بە ڕێگەی مانالێکدانەوەی هەر وشەیەک لە ڕستەی نموونەدا، شێوە جوربەجورەکانی، هاوواتاکانی، هەروەها گەردانکردنی کارەکان و ناوەکان. کەرەستەی سەرچاوەی کارەکەم بریتین لە بابەتی دەقی نووسراو لە بواری فۆلکلۆر، وێژە، ڕۆژنامەگەری و هەروەها یادداشتی زۆر و زەوەندی کاری مەیدانی خۆم ـ گشت ئەوانە لەبەر فەرهەنگە بەردەستەکانی کوردی ڕادەنێم و تاقییان دەکەمەوە. جگە لەوە، لە هەر جێگەیەکی کرابێ سەرچاوەی بیبلیۆگرافی بۆ لێکۆڵینەوەی زیادتر پێشکێش کراوە. بەو زانیارییانەی کە سەبارەت بە جوربەجوربوونەکانی هەرێمیی ئامادە کراون ئاخرەکەی هەلی ئەوە دەرەخسێ کە نەخشەی دابەشبوونی خەسڵەتە زاراواییەکان بکێشرێتەوە. بەکورتی فەرهەنگەکە دەبێ نەک هەر بەکاری کوردەکان و کوردناسەکان بێ، بەڵکوو دەبێ هەموو زانایانی بواری زمانناسی ـ لەوانە زانستی زاراواناسی، لێکۆڵینەوە لە ڕێزمان، و زمانناسیی مێژوویی ئێرانی/ ئاریایی و هیندوئورووپایی ـ و هەروەها فۆلکلۆر، مێژوو، وێژە، و ڕۆژنامەگەری کەلکی لێوەرگرن. ئەم پڕۆژەیە، کە هەر ئێستا لە ٦٠٠ لاپەڕەی کاغەزی کامپیوتێری تێپەڕاندووە، هیوادارم لە ماوەی ٥ ساڵی داهاتوودا ئامادە بێ بۆ بڵاوکردنەوە. ■

**• شیکردنەوەی هێندێک لەو زاراوەیانەی لەم وەرگێڕانەدا دەکارکراون و فەرهەنگۆک**

**«دابەشکردنی دەنگەکانی زمان بەگشتی»**: دەنگەکانی قسەپێکردن(ئاخافتن) لە سنووری دەنگزانی دا کە پێیان دەگوترێ فۆنێم( phoneme ) دەکرێن بە دوو بەش:

١) کۆنسۆنانت: consonant

٢)ڤاوێل: vowel

کۆنسۆنانت و ڤاوێل لە چەند ڕوویەکەوە لەیەک جیاوازن. لە ڕووی دروست بوون و درکاندنەوە:

ا) کۆنسۆنانت بەوە دەناسرێتەوە کە کاتی دروست بوونی ئەو ئەندامانەی کە لە درکاندنی دا بەشداری دەکەن وێک دێنەوە واتە ئەو هەوایەی کە لە سییەکانەوە دێتەدەرێ لە هێندێک جێگەدا ڕێی لێدەگیرێ و بەکەیفی خۆی بەرەو دەرەوە ناڕوا. بۆنموونە تاڵەباریکەکانی ئەوک(گەروو) و مەلاشووی نەرم، لێو و... تەگەرە دەخەنە پێش ئەو هەوایەی کە کۆنسۆنانتی پێ دروست دەکرێ. بەڵام ڤاوێل بەوە دەناسرێتەوە کە لەکاتی دروست بوونی دا هەوا بە کەیفی خۆی لە سییەکانەوە دێتەدەرێ و هیچ تەگەرەیەکی نایەتەسەر ڕێ. ←

ب) كـۆنسـۆنانت بە زیادتر لەئەندامـێكی ئاخافتن دروست دەكرێ، بەڵام ڤاوێل تەنیا زمان دروستی دەكا و لەهێندێک حاڵەتدا لێو شێوەی دروست بوونی دەگۆڕێ.

پ) كۆنسۆنانتەكان دوو بەشن: بەشێكیان پفـهـەڵدراو( aspirated) و بەشـەكـەی دیـكـەیـان كـپ( non -aspirated)ن. كـۆنسـۆنانتی كپ بەبێ جـووڵانەوەی تاڵە باریكەكـانی ئەوک دروست دەبێ، بەڵام كۆنسۆنانتی پفـهـەڵدراو بۆ دروست بوونی ئەو تاڵەباریكانە دەجـووڵێنەوە، لەحـاڵێكدا ڤاوێلەكان لەڕووی دركاندن و دروست بوونەوە، بەتایبـەتی لەباری جـووڵانەوە و نەجـووڵانەوە تاڵەباریكەكانی ئەوكەوە هەمیشە پفهەڵدراون واتە لە كاتی دركاندنیاندا ئەو تاڵە باریكانە دەجووڵێنەوە.

حوكمی( prescriptive): لە زماننناسیدا مەبەست لەو زاراوەیە ئەوەیە كە ڕیزە ڕێوشوێن و قاعیدەیەک سەبارەت بە چۆنییەتی بەكارهێنانی زمان دابندرێ و هەر جۆرە لادانێک لەم پێوانە خەیاڵییە بە هەڵە و لاری لێكبدرێتەوە.

وەسفی( descriptive): بەپێـچـەوانەی بۆچوونی حوكمی تێدەكۆشێ فاكتەكانی زمانی ئەو جـۆرەی كـە هەن شی بكاتەوە و نەک بەو جۆرەی كە دەبێ ببن. ئەوە دەكرێ لێكۆڵینەوەی زمان لەسەروبەندی ئێستا یان هەرسەردەمێكی تایبەتی زەمانی دا بێ.

زماننناسییئێوزەمانی(مێژوویی):
Linguistique Diachronique

زماننناسییهاوزەمانی:
Linguistique Synchronique

دوولایەنە سـەرەكـیـیـەكـانی لێكۆڵینەوەی زمـانەوانی كـە لە لایەن زمـانناسی سـویسی، فێردینان دو سوسور ( Ferdinand De Saussure) ڕا گەڵاڵەكراوە.

بە بیـروڕای دو سـوسـور زمـاننناسـیی ئێـوزەمـانی(مـێـژوویی) باسی ئەوە دەكـا كـە زمـانێكی تایبـەتی چلۆن ئاڵوگـۆڕی بەسـەردا هاتووە و بەرەو پێش چووە تا گـەیوەتە دۆخی ئێسـتاكـە و ئەم ڕۆژگـارەی خـۆی لە كـاتێكدا زماننناسیی هاوزەمانی باسی دۆخی ئێستاكەی زمان دەكا بەبێ ئەوەی كە پێشینە و چلۆنایەتی مێژوویی ئاڵوگۆڕبوونی لەبەرچاوبگرێ. بەو پێیە لێخوردبوونەوەی مێژوویی نابێ ببێتە پێوانەی هەڵسەنگاندنی باری ئێستاكەی هەر زمانێكی كە لەبەرباس دا بێ.

زانیاریدەر( informant): زانیـاریدەر لە بواری زمـاننناسی دا كـەسـێكە كـە سـەرچاوەی زانیـاری دان و مـەعلوومـاتە بۆ لێكۆڵینەوەی زمـانەوانی، باو وایە كـەسـێكی وا ئاخـێـوەری خـۆجـێـیی زمـانەكـە بێ. لە كـاری مـەیدانی دا سـەبارەت بەو زمـانانەی كـە پێـشـتـر لێـیـان نەكـۆڵراوەتەوە، زانیـاریدەر دەورێكی گـرینگ دەگـێـڕێ. ئێـسـتـا بۆ لێوەرگرتنی زانیاری لەبار بەڵام بێ لایەنانە لە زانیـــاریدەران چەندین تێكنیک و مێتۆدی زۆر هەمەلایەنە گەڵاڵەكراوە.

ئامووزشتدیتوو( trained): ئەگـــەرچی تەعبیری«ئامووزشتدیتوو»لە «آمـوزش دیدە»ی فارسی ڕا وەرگیراوە بەڵام وشەی «ئامووزشت»لە كوردی خوارووی‌دا بەدی دەكرێ وەک:«دەستەمۆ» وشەی وا لەكوردی دا هەن كە لەكۆتاییدا دەنگی /ت/یان پاراستووە، كەچی ئەو دەنگە لە فارسیدا سـواوە و ئێـسـتـا نەمـاوە، یان هەر لە بناوانەوە نەبووە: بارشت، تابشت، خارشت، خۆرشت.

ئاستە كردن : تۆماركردن
ئاخێوەر: Speaker
خۆجێیی(= بوومی) : Native
زاراوا(= لەهـجـــــە): Dialect
وشـــــــــە : Vocabulary
وشەی تێكنیكی(فەننی): Technical vocabulary
فـــەرهەنگنووس : Lexicograph
تازەباو: Modern

دەنگزانی: Phonology
دەنگناسی: Phonetics
ڕێنووس: Orthography
گەردان(كردن): Conjuqation?
Inflection
(وشە یان زاراوە)سازكردن: Coin
(وشە)داتاشین): Coinage
ڕۆژنامەگەری: Journalism
ڕۆژنامـەیی: Journalistic
(وشە) نوێباوەكان: Neologims
فرە شێوەیی(فرەشێوەبون) Multiformity
چیرۆک: Folktale
ئەفسانە: Legend
داستانی دڵداری: Romance
بەیت: Epic
ئەقڵ، ئەقڵ و ئەزیلە: Anecdote
گۆرانیی فۆلكلۆری: Folk songs
داستانی هونراوە: Balad
پەندی پێشینیان: Proverb
مەتەڵۆكە: Riddle
حەكایەتخوانی: Storytelling

****

**تێبینی:**

بۆ شیكردنەوەكان جگە لەپێشنیارەكانی وەرگێڕ لەم سەرچاوانەی خوارەوە كەلک وەرگیراوە:

1) David Crystal,"A Dictionary of Linguistics and Phonetics", Basil Blackweel, ltd1987.

٢) غـازی فـاتح وەیس، «فـۆنەتیـک»(فـۆنێـتیـک)، لەچاپكراوەكانی ئەمینداریتی ی گشتی ی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی كوردستان. چاپی یەكەم ١٩٨٤.

٣) كـەمال فـوئاد، «فـۆنێـمـەكانی زمانی كـوردی»، گۆڤاری«چریكەی كوردستان» ژمارە ١ ـ ٤ (١٩٧٩ ـ ١٩٨١).

٤) مـحـەمـەڕەزای باتینی، «ئاوڕێكی تازە بۆ سـەر ڕێزمان» وەرگێڕانی: حەسەنی قازی، سوێد ١٩٩٣.

◇-◇-◇-◇

## Bibliography كتێبنامە


Ahmed-i Xanî. Nûbara biçûkan. in: Le Coq, Albert von, Kurdische Texte: Kurmanǧī- Erzählungen und -Lieder nebst einer Zāzā Erzählung, gesammelt und herausgegeben in der Urschrift und in Transkription(1094 A.H. = 1682-83 A. D.; reprint Amsterdam: APA-Philo Press, (198-?]), P. 1-47(3rd group). [Arabic-Kurdish(Kurmanji)rhyming dictionary(in Arabic script)]

Anter, Musa. Ferhenga Khurdî- Tirkî = Kürdçe- Türkçe Sözlük(Istanbul: Yeni Matbaa, 1967)[Mardin, Turkey: Kurdish - Turkihs]{A}

Bakaev, Ch. Kh. Kurdsko - Russkiî Slovar ´ ... okolo 14000 slov s prilozheniem grammaticheskogo ocherka kurdskogo iazyka(Moskva: Gosudarstvennoe Izdatel´stvo Inostrannykh i Natsional´nykh Slovareî, 1957), 618p.[USSR: Kurdish Russian in Cyrillic script] {B}

Blau, Joyce. Le Kurde de ʿAmadiya et de Djabal Sindjar: Analyse linguistique, textes folkloriques, glossaires(Paris: C. Klincksieck, 1975)[Southern Kurmanji(Bahdinani)texts &vocabulary from Amadiya& Jabal Sinjar, Iraqi Kurdistan]{JB1}

_____. Kurdish-French-English Dictionary = Dictionnaire Kurde- Français-Anglais(Bruxelles: Centre pour l'Etude des Problemes du Monde Musulman Contemporain, 1965), 263p.{JB3}

Coletti, Alessandro. Grammatica e Dizionario della Lingua Curda con Esercizi e Letture (Roma : Edizione A. C., 1985), 2 vols. [Kurdish - Italian dictionary; handwritten manuscript: mostly Sorani & Mukri] {CG}

Farizov, I. O. Ferhenga Ûrisî- Kurmancî = Russko- Kurdskiĭ Slovar´(Moskva: Gosudarstvennoe ızd-vo ınostrannykh i natsional' nykh slovareĭ,(1957), [USSR: Russian -Kurmanji] {F}

Garzoni, Maurizio. Grammatica e vocabolario della Lingua Kurda(Roma : 1787)[ first kurdish dictionary by a foreigner : Kurmanji - Italian]{G}

Gewranî, Ali Seydo Ali. Ferhenga Kurdî Nûjen : Kurdî - Erebî = al-Qāmūs al-Kurdī al-hadīth: Kurdi - ´Arabi

[ القاموس الكردي الحديث: كردي عربي]

(´Amman: Sharikat al-Sharq al-Awsaṭ, 1985) 670p. [Kurmanji - Arabic dictionary in Latin script] {GF}

Hassanpour, Amir. Nationalism and Language in Kurdistan, 1918 - 1985(San Francisco : Mellen Research University Press, 1992), 520p.

Hejar[Hazhār]. Henbane borîne: farhang-i Kurdī - Farsī(Tihrān: Surūsh, 1369), 1035p. [primarily Sorani, with definition in Sorani and Persian ] {Hej}

Îzolî, D. Ferheng: Kurdî -Tirkî, Türkçe-Kürtçe[1st ed ](Den Haag: Komeley Xwêndkaranî kurd le Ewrupa, [1987]) 413p. [Kurmanji - Turkish] {IF}

____. Ferheng: Kurdî -Tirkî, Türkçe-Kürtçe[2 ed] (Istanbul: Deng Yayınları, 1992), 913p. [Kurmanji - Turkish] {IFb}

Jaba, Auguste & Ferdinand Justi. Dictionnaire Kurde - Français(St. - Pétersbourg: Eggers et Cie, 1879)[Hakkari?: Kurdish - French dictionary in Arabic script with primitive Latin Transliterations] {JJ}

Kahn, Margaret. Borrowing and Variation in a phonological Discription of Kurdish(Ann Arbor: Phonetics Laboratory, The University of Michigan, 1976) Doctoral thesis [Reza'iyeh (Urmiya), Province of West Azerbaijan, Northwest Iran] {MK}

____. Kurmanji - English, English - Kurmanji Lexicon (Ann Arbor The University of Michigan, 1974) Typescript [Silvan(Ferqîn), Diyarbakir, Turkey] {MK2}

Khamoian, M. U. Kurdsko-Russkiĭ, Frazeologicheskiĭ Slovar´ : soderzhit okolo 8000 frazeologicheskikh stateĭ(Erevan: Izdatelstvo AN Arminskoî SSR, 1979) 273p. [primarily USSR: Kurmanji - Russian phraseological dictionary] {XF}

Kurdoev, K. K. [= Qenatê Kurdo] Ferhenga Kurdî-Rûsî = Kurdsko- Russkiĭ Slovar´(Moskva: Gosudarstvennoe izd-vo inostrannykh i natsional'nykh slovarei, 1960) [Primarily USSR: Kurmanji - Russian] {K}

Kurdoev, K. K. Ferhengî Kurdî-Rûsî(Soranî) = Kurdsko - Russkiĭ Slovar´(Soranî) (Moskva: Russkiî IAzyk, 1983), 752 p. (Soranî Kurdish -Russian dictionary in Arabic script with Cyrillictranscription] {K2}

Lerch, Peter. J. A. Forschungen über die Kurden und die Iranischen Nordchaldäer : I. Kurdische Texte gesammelt und herausgegeben mit deustcher Übersetzung und einer Einletung, II Kurdische Glossare für die Kurmanji - und Zaza - Mundarten mit einer historischen Einletung, Anhängen und Zusätzen (St. Petersburg, 1857-1858; repr. Amsterdam: APA - Philo Press, 1979), xxx, 225 p. [texts & glossary in Kurmanji in primitive Latin Transcription with German Translation] {Lx}

Maqdisi, Diyā' al-Dīn al-Khālīdi. al-Hadiyah al- Hamīdīyah(Bayrūt, 1975), 56, 124 p.= Mohammad Mokri. Recherches de kurdologie: Dictionnaire Kurde - Arabe de Dia' Ad-Din Pacha al-Khalidi: introduction et notes linguistiques, notice sur la phonétique et la graphie arabo - persane du dialecte Kurmandji, textes et étude religieux, linguistiques et ethnographiques( Langues et civilisation iraniennes), no. 4 (Beyrouth & Paris, 1975) [Bitlis, Turkey: Kurmanji - Arabic in Arabic script] {HH}

McCarus, Ernest N. A Kurdish - English dictionary: Dialect of Sulaimania, Iraq(Ann Arbor: The University of Michigan Press, 1967), x, 194 p. [Sorani Kurdish - English dictionary in Arabic script with Latin Transcription]

Nikitine, B. šamdīnānī Kurdish.(ed. by D. N. Mackenzie). Unpublished texts. [Şemdinli, Hekkârî, Turkey; includes Southern Kurmanji - English vocabulary in Latin phonetic transcription, with comparative notes for Akre and Amadiya] {SK}

Omar, Feryad Fazil. Kurdisch - Deustches Wörterbuch = Ferhenga Kurdî - Elmanî (Berlin: Verlag für Wissenschaft und Bildung, Kurdische Studien, 1992), 721p. [Kurmsanji - German dictionary with each main entry in both Latin and arabic scripts]{OK}

Prym, Eugen. & Albert Socin. Kurdische Sammlungen: Erzählungen und Lieder in den Dialekten des Tûr 'Abdîn und von Bohtan (St. Petersburg et al.: Eggers & Co., [1887 -]1890), 2 vols. [texts (+ glossary) in Kurmanji in primitive Latin transcription + German translation; texts are from 2 regions: Tûr 'Abdîn (Mardin), Turkey & Zakho,"Bohtan" (= Behdinan), Iraq; glossary also has Kurdish words in both Latin transcription & Arabic script] {PS}

Rhea, Samuel A. "Brief Grammar and Vocabulary of the Kurdish Language of the Hakari district", Journal of the American Oriental Society, 10 (1872), 118- [early Kurdish - English word list of Kurmanji in primitive Latin transcription] {Rh}

Rizgar, Baran. Kurdish - English English - Kurdish Dictionary = Ferheng Kurdî - Îngîlîzî Îngîlîzî-Kurdî (London: M. F. Onen, 1993), 400 p. [Kurmanji in Latin script] {RF}

Siabandov, S. & A. Chachan, Xebernama Ermeni - K' urdî = Հայ-Քրդերեն Բառարան {Hay - K'rteren Bararan} (Erevan : HayPetHrat, 1957) 352p. [Soviet Armenia: Armenian - Kurmanji dictionary in Cyrillic script] {SC}

Torî. Ferheng: Kurdî - Tirkî, Türkçe - Kürtçe ( Istanbul: Koral, 1992), 496p. [Kurmanji - Turkish dictionary in Latin script] {TF}

Wahby, Taufiq & C. J. Edmonds. A Kurdish - English Dictionary ( Oxford : Clarendon Press, 1966), 179 p. [Sorani Kurdish - English dictionary in Latin script in outdated orthography ] {W&E}

Zîlan Reşo. Svensk - Kurdiskt Lexikon (Nordkurdiska) = Ferhenga Swêdî - Kurdî (Kurmancî) (Stockholm: Statens Institut för Läromedel, 1989), 311p. [Swedish - Kurmanji dictionary in Latin script] {RZ}

Amindarov, Aziz. Kurdish - English / Engilsh - Kurdish Dictionary (New York: Hippocrene Books, 1994), 313 p. {A} ■

# کورتەیەک لەسەر شانۆی دایکی نیشتمان

نووسینی: برایمی فەرشی

**پێشەکی**

زۆر دەمێک بوو تامەزرۆی پەیداکردنی زانیاری لەسەر شانۆی دایکی نیشتمان بووم. هەڵات هەلاتی ناو کوردستان و داوا لەم ولەو، ئەم ناوەند و ئەو ناوەند بەری نەدا. لەدەرەوەی کوردستانیش هیچ ناوەندێک بە دەنگمەوە نەهات و زۆر کەسیش وەلامی داواکەیان نەدامەوە. هەتا ڕۆژێک لە ڕۆژان بە هەڵکەوت لە ڕێگای دۆستێکی سنەییەوە کە ئاگاداری خواستی دڵم بوو، لەگەڵ کاک غەنی بلووریان کە بۆ چەند ڕۆژێک هاتبووە ئالمان ئاشنابووم. کاک غەنی سەرەڕای ناساغی بە بیستنی داواکەم لەمەڕ باسکردن لەسەر دایکی نیشتمان، ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ دەربڕی.

لە چەند ڕۆژدا ماوەی ١٦سەعات لەگەڵی دانیشتم و بەوردی زۆر گرێپووچکەی ئەم ڕووداوە گرینگەی شانۆی بۆکردمەوە. ئەم نووسراوەیە بەرهەمی ئەو دانیشتنە و گەڕان بە ناو زۆر سەرچاوەدایە کە دەستم پێیان ڕاگەیشتووە، هەروەها گفتوگۆ لە گەڵ کەسانێکی دیکەی وەک بەڕێز سوهیلاخانم کچی پێشەوای شەهید قازی محەمەد.

سەرەڕای پێوەندی لەگەڵ زیادتر لە ٥٠کەس لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و، بەسەرکردنەوەی زۆر کتێب و گۆڤار، هێشتا ناکرێ بگوترێ نووسراوەکە ڕۆشنایی تەواو دەخاتە سەر ئەم ڕووداوە، بۆ وێنە دەقی شانۆنامەکە ساغ نەکراوەتەوە، وێنەی شانۆکە بەرچاو ناکەوێ، گوتنی قازی محەمەد، ڕووسەکان و کەریمی ئەیووبی ڕوون نییە، ناوی هێندێک لەبەشدارانی شانۆکە و دەور و بەسەرهاتیان تاریک ماوەتەوە، و... ڕەنگە ئەم نووسراوەیە ئەرکی کەسێکی دیکە بۆ ڕوونکردنەوەی تەواوی ڕووداوەکە سووک کا.

****

دوای مانگی خەرمانان(شەهریوەر)ی ١٣٢٠(١٩٤١ی زایینی) و پاش نەمانی دەستەڵاتداریەتی ڕێژیمی ڕەزاشا لە ئێران، جووڵانەوەی ڕووناکبیریی لە مەڵبەندی موکریان بە تایبەت لە مهاباد پەرەدەستێنێ:

- پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ. ک لە ١٣٢١/٦/٢٥(١٩٤٢/٩/١٦)،
- پێکهاتنی ڕێکخراوی لاوانی کورد و بوونی کۆڕوکۆمەڵی ئەدەبی دیکە،
- دەرچوونی گۆڤاری «نیشتمان» لە مانگی مای ١٩٤٣ و بەستنی کۆنگرەی کۆمەڵەی ژ. ک بە بەشداری ١٠٠کەس لە شاری مهاباد هەر لەم ساڵەدا، هەمووی سەردەمێکی نوێی ڕووناکبیریی دەنوێنن. پەرەپێدانی کاری تەبلیغی و ئاگادارکردنی هەرچی زۆرتری خەڵک بەشێک لە ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیە بوو. بیری پێشکێش کردنی شانۆ لەم چوارچێوەیەدا دێتەگۆڕێ.

کاک غەنی بلوریان دەگێڕێتەوە: «کۆمەڵەی ژ. ک داوایان لێکردین(کاک غەنی ئەودەم ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی کوردستان بووە، داوایان لەم ڕێکخراوە کردووە بۆ پێشکێش کردن) نمایشێک بێنینە سەر سەحنە، زەبیحی(عەبدولڕەحمان) شانۆنامەکەی دا دەستم، دڵشاد(ڕەسووڵی) و زەبیحی شانۆنامەکەیان پەردە بەپەردە بۆ خوێندمەوە.»

کاک غەنی دەڵێ: «قازی محەمەد چەند سوحبەتێکی کرد و گوتی: ئەوە شتێکی تەبلیغییە بۆ میللەتی کورد، وەک ئەوە وایە ئەمن بچمە سەر سەحنە و قسە بۆ خەڵک بکەم. بەلام نمایش دەتوانێ تەئسیری لە قسەکردنی کەسێکی وەک من زیادتر بێ، جابۆیە ئێوە دەبێ نمایشەکە زۆر جوان لەبەربکەن و تەمرینی لەسەربکەن ـ».

شانۆی دایکی نیشتمان بە یەکەم هەنگاوی شانۆیی بە شێوەی شانۆ بەزمانی کوردی لە شاری مهاباد و ناوچەی موکریان دەژمێردرێ.

کاک غەنی دەڵێ: «لە زەمانی ڕەزاشادا لە مەدرەسە نمایشێکی(١) چکۆڵەی یەک پەردەیی کۆمێدی پێشکێش دەکرا، کە زۆرتر عەبدووڵلای حەکیم زادە دەوری تێیدا هەبوو ئەو دەم ئێمە دەچووین تەماشامان دەکرد، هێندێک نمایشی ئاوا هەبوو، بەلام گشتی نەبوو، یەکەمین شانۆ کە خەڵک بۆ دیتنی بەشداریان کرددایکی نیشتمان بوو».

**نووسەری دایکی نیشتمان**

کریس کۆچێرا(Chris Kuschera) لە کتێبەکەیدا بەنێوی(Le Mouvement National Kurd)«بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد» دەنووسێ: «قازی محەمەد.. چەند شانۆنامەشی بەناوەرۆکی مێژوویی و نیشتمانپەروەرانەوە نووسیووە، بەتایبەت درامی مێژوویی سەلاحەدین، کە خەباتی کوردان ←

دژی خاچپەرستەکان دەگێڕێتەوە، یان شانۆنامەی«دایکی نیشتمان» کە چارەنووسی گەلی کورد دوای پەیمانی سەعدئاباد* لەنێوان ئێران، عێراق، تورکیاوئەفغانستان(١٩٣٧)، دەنوێنێ. ئەو دوو شانۆنامەیە لە شاری مهابادپێشکێش کراون.»

سوهیلا خانم کچی شەهید قازی محەمەد، کە ئاگاداری کتێبخانە و نووسراوەکانی باوکی بووە، پێی وانییە ئەم شانۆنامەیە لە لایەن باوکییەوە نووسرابێ. کەسیش نەیبیستووە شانۆنامەی سەلاحەدین لە مهاباد پێشکێش کرابێ. کاک غەنی لای وایە شانۆنامەکە لە کوردستانی عێراق نووسراوە.

کریس کۆچێرا لەسەر چ بەڵگەیەک قازی محەمەد بە شانۆنامە نووس ناو دەبا ڕوون نییە. جگە لەم نووسەرە کەسی دی پەنجەی بۆ ئەم باسە ڕانەکێشاوە.

لەسەر ئەوەی ڕەحمەتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی یان مستەفا خۆشناوی شەهید(کە ئەو دەم لە شاری مهاباد لە کۆمەڵەی ژ. ک نزیک بووە) ئەم شانۆنامەیان نووسیبێ بەڵگەی دیار بەدەستەوە نییە. هەرچەند لە نووسراوە ، گۆڤار و کتێبی نووسراو لەسەر شانۆی کوردی لە کوردستانی عێراق باسێک لە شانۆیەک بەناوی دایکی نیشتمان لەو سالانە و سالانی دوایەش نەکراوە، بەلام ئەم بۆچوونە کە شانۆنامەکە لەو دیوی کوردستانەوە هاتبێ زۆر لە واقیع دوور نییە. لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان هەموو کاتێک کانگای ڕووناکبیری و هەناردنی دیاری بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە. لەسەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماری کوردستان زۆر کەسی بەتوانای باشووری کوردستان لە مهاباد بوون، هەروەها لەوسەردەمەدا لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکووک شانۆی کوردی هەبووە. تەنانەت ٣٥ سال دوای دایکی نیشتمان دووهەمین شانۆی کوردی «مان گرتن»نووسینی ڕەحمانی زەنگەنە، کە لە شارەکانی سنە، سەقز، بۆکان، مهاباد و خانێ(پیرانشار)لە لایەن تیپی شانۆی لاو( گروە تئاترجوان)ی شاری بۆکانەوە پێشکێش کرا، دیاریی باشووری کوردستان بوو کە تائەم دواییانە ناوی لە کتێب و گۆڤاراندا نەبوو. لەلایەکی تر بە پێی وتەی کاک غەنی چەند گۆڕانکاری لە شانۆنامەکەدا ڕووی داوە، وەک گۆڕینی مەلیک بە سەر کۆمار،کە زۆرتر لە عێراق باوبووە تەنانەت شێخ مەحموودی ئەمریش کاتی خۆی، خۆی بە مەلیکی کوردان داناوە، یان لێ زیادکردنی هاوکاری سەربازی ڕووس لەگەڵ پێشمەرگە، یان بەربلاوترکردنەوەی سەحنەی پەیمانی سەعدئاباد.(٢)

ئەگەر کەسێک لەو سەردەمەدا لە مهاباد ویستبێتی شانۆنامەیەک لەسەر بارودۆخی ئەوکاتەی کوردستان بنووسێ بە تایبەت ئەندام و یا کاربەدەستێکی کۆمەڵەی ژ.ک بووبێ، دوور لە ژێری سیاسییە بیری ئەودەمەی کۆمەڵەی ژ.ک ی نەبووبێ و شانۆنامەیەک بنووسێ کە دوایە بەشی زۆری بگۆڕێ.

پەیمانی سەعدئاباد سالی ١٩٣٧بەستراوە. بیری کۆمارخوازی لە ئێران بەتایبەت لە ئازەربایجان و کوردستان ئەو دەم هەبووە، پێوەندی ڕووس و کوردەکانیش ئەم بیرە قایمتر دەکا، بوونی ڕووسەکان لە ناوچەش خاڵەکەی دیکەی ناو شانۆنامەکەیە. بیری شانۆی دایکی نیشتمان پێش گۆڕانکارییەکە زۆرتر بۆ سەردەمی شێخ مەحموودی ئەمر دەلوێ هەتا سالانی ١٩٤٣تا ١٩٤٥.

## سالی پێشکێش کردن

لەسەر پێشکێش کردنی دایکی نیشتمان وا نووسراوە و گوتراوە، کە لەسەردەمی کۆماری کوردستان واتە سالی ١٩٤٦ ئەم شانۆیە پێشکێش کراوە. ئەم بۆچوونە بەچەند هۆ دەبێ سەهوو بێ. بە پێی گفتی یەکێک لە کارگێڕانی شانۆکە کاک غەنی، شانۆنامەکە لە دەفتەری کۆمەڵەی ژ.ک لە دەست زەبیحی وەرگیراوە.

ـ بە پێی مێژوو کۆمەڵەی ژ.ک /١٣٢١/٦/ ٢٥(١٩٤٢/٩/١٦)دامەزراوە.

ـ شەهید قازی محەمەد دوای سالی ١٣٢٢هاوکاری کۆمەڵەی کردووە.

ـ ئەوانەی لە شانۆکە دەوریان گێڕاوە خۆیان بە ئەندامی ڕێکخراوی لاوان کە دوایە بووەتە ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژ.ک، زانیوە.

ـ گۆڕانکاری لە شانۆکەدا، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی ژ.ک بە حزووری قازی محەمەد کردوویە.

ـ شانۆکە لە هاوینێکی زۆر گەرمی مهاباد پێشکێش کراوە. دیارە ئەم هاوینە سالانی پێش ١٣٢٢(١٩٤٣)نییە، چون ئەودەم قازی محەمەد پێوەندی ئەوتۆی لەتەک کۆمەڵەی ژ.ک نەبووە. ئەندامانی تیپی شانۆکەش ئەودەم ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک نەبوون. ئەم هاوینە گەرمە ناتوانێ سالی ١٣٢٤ یان ١٣٢٥بێ، چونکە لەو دوو هاوینەدا کۆمەڵەی ژ.ک کۆتایی بە ژیانی هاتووە و لەحیزبی دێموکراتدا تواوەتەوە. لە هیچ ژمارەیەکی«کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ئەم حیزبە باسی پێشکێش کردنی شانۆی دایکی نیشتمان لە سالانی ١٩٤٥و١٩٤٦دا نەکراوە. ئەم هاوینە گەرمە کە بۆ مێژووی شانۆی کوردی پڕ بایەخە، تەنیا دەبێ هاوینە گەرمەکەی سالی ١٣٢٣ی هەتاوی(١٩٤٤)بێ.

## ناوەڕۆکی شانۆنامەکە

بەداخەوە دەقی پێیسەکە(شانۆنامە)بەدەستەوە نییە، تەنیا ئەوە ڕوونە کە پێنج پەردە یا خود سەحنە بووە. سەحنەی فەریشتە، سەحنەی پەیمانی سەعدئاباد، سەحنەی دایکی نیشتمان، سەحنەی ڕزگارکردنی دایکی نیشتمان و سەحنەی دروستبوونی کۆماری کوردستان.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە بەشی زۆری پێیسەکە شێعرەکانی حاجی قادری کۆیی بووە. چیرۆکەکە بەم چەشنەیە فریشتەیەک باسی مرۆڤ، زێد ونیشتمان دەکا، دایکی نیشتمان لە بەند وکۆت و زنجیر دایە و داوای ئازادی و ڕزگاری دەکا، ڕۆڵەکانی دایکی نیشتمان بە هاواری دایکی نیشتمانەوە دێن، دوژمن پیلان و نەخشەی سەرکوتکردن بەڕێوە دەبا، پێشمەرگە و یاریدەدەرانی دایکی نیشتمان ڕزگاردەکەن، کورد بە ئاواتی خۆی دەگا و کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ.

## ماوەی شانۆکە

دەگوترێ ٢/٣٠ هەتا ٣/٠٠سەعات ماوەی شانۆکە بووە، بەلام لە نێوان هەر دوو پەردەدا، ١٠تا ١٥ دەقیقە تیپی مۆسیقامۆسیقای ژەندووە و کۆری سروود، سروودی خوێندووەتەوە، بەمچەشنە ٤٠ هەتا ٦٠ دەقیقە مۆسیقا و سروود پێشکێش کراوە. یانی بەمجۆرە دەقی شانۆکە لە ٩٠ دەقیقە کەمتر نەبووە، شانۆنامەیەکی ٩٠دەقیقەیی دەبێ قسە و باسی زۆری تێدا بێ کە بەداخەوە بۆمان ڕوون نییە.

## سروودەکان

کاک غەنی بلوریان ئەم سروودانەی خوارەوەی بە زەحمەت وەبیرهاتەوە: «خوایە وەتەن ئاوا کەی» ، «مەکتەب مەتلەعی سەعادەتە» ، «ئەرێ هەی کوردستان، کوردستانی جوان» و «دینمی ئایینمی».

## کەسەکان

فریشتە، دایکی نیشتمان، نوێنەری ئێران، عێراق، تورکیاو ئەفغانستان، سەرکۆمار،

پێشمەرگە ٧ تا ٨ کەس، ئەندامی کابینە چەند کەس.

**کات**

ئەم شانۆیە کات و زرووفی ئەو دەمەی کوردستان لە نێوان سالانی ١٩٤٢ و ١٩٤٣ لەبەرچاو دەگرێ و مێژووی ژیان، خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد نیشان دەدا. بە کەلک وەرگرتنی یەکجار زۆر لە شێعرەکانی حاجی قادری کۆیی، باروودۆخی سەدەی ١٩ەش دەگرێتەوە.

**دەورگێڕەکان(شانۆگێڕەکان)**

ـ فریشتە: سیروسی حەبیبی
ـ دایکی نیشتمان: عەبدوولڵای نەهری
ـ نوێنەرەکان: ئێران: غەنی بلوریان. عێراق: ...؟ تورکیا...؟ ئەفغانستان: محێیەدینی ماوەرانی
ـ ...؟ دلشاد رەسوولی
ـ ...؟ عەبدوولڵای حەکیمزادە
ـ ...؟ سوورەی خوسرەوی
ـ ...؟ فەتاحی حامیدی
ـ سەرکۆمار: غەنی بلوریان
ـ پێشمەرگە: دەورگێرانی پێشمەرگە هەر لەناو ئەم کەسانەدا بووە.
ـ ئەندامانی کابینە: دەورگێرانی ئەندامانی کابینە نوێنەرانی دەولەتەکان و کەسانی دیکە بوون.

**دەستەی موزیک**

ـ ئەسکەندەر: تەپڵ
ـ مستەفای جەنەتی(ناسراو بە مستەفای مۆزیقەچی): شەیپوور.
ـ خەلیل: فلووت

پەردەکێش: دوو منداڵی ١٤و١٥ ساڵەی خزمی شانۆگێڕەکان

گۆرانی بێژ و دەنگ خۆش: عەبدوولڵای نەهری

دێکۆر و سەحنە: مارف حەتەمی ئەجار

جل و بەرگ: دلشادی رەسوولی

دروستکەری پەردە: عەبدوولڵای نەهری


گریم و ئارایشت: عەبدوولڵای نەهری

شوێنی تەمرین و پێشکێش کردن: دەبیرستانی پەهلەوی، کارێژ(گەراج)ی عەبدوول

شوێنی نیشاندان: مهاباد، نەغەدە، شنۆ

سالی پێشکێش کردن: هاوینی ١٣٢٣(١٩٤٤)

ماوەی بەردەوام بوون: ٤٠ رۆژ هەتا دوو مانگ.



نووسەر: ...؟

کارگێر: عەبدوولڵای نەهری، غەنی بلوریان

یاریدەدەر و ئێشکچی گرووپەکە: حەمەدی مەولوودی، محەمەدی سەلیمی، ئیسماعیلی پیرۆزی.

تیپی سروود: قوتابیانی مەدرەسە، ئەندامانی رێکخراوی لاوان.

وێنەگری شانۆ: سمایل خانی فەروخی بۆکانی.

کاری چاپ: دلشادی رەسوولی، غەنی بلوریان(چاپخانەی کۆمەلەی ژ.ک)

بلیت فرۆش: سەدیقی حەیدەری

**کورتەیەک لە ژیانی ئەو کەسانەی بەشداری ئەو شانۆیەیان کردووە:**

ـ سیروسی حەبیبی ١٦ساڵە(باوکی مهابادی بووە و دایکی یایەکی نورویژی بووە کە لەگەل میسیونەناییبیە ئامریکاییەکان هاتووەتە سابلاغ)لە ئێران و ئامریکا خوێندنی تەواو کردووە، لە ئاخرونۆخری زەمانی حکوومەتی پاشایەتی لە زانستگای سەنعەتی تاران کاری کردووە، دوای رووخانی رێژیم چەند سالان گیراوە وئێستا لە ئامریکا دەژی.

ـ خوداڵێخۆشبوو عەبدوولڵای نەهری: مووچەخۆری ئیدارەی دارایی، ئەندامی کۆمەلەی ژ.ک، دەنگخۆش و بەتوانا، دەفژەن و مریدی خانەقای شەمزین، پیاوێکی دلسۆز و نیشتمانپەروەر بووە، لە ئامادەکردنی دایکی نیشتماندا دەورێکی زۆری گێراوە.

ـ غەنی بلوریان: قوتابی، ئەندامی رێکخراوی لاوانی کوردستان، ئەندامی کۆمەلەی ژ.ک، ئەندامی حیزبی دێموکرات، ماوەی ٢٥ساڵ لە زەمانی شادا گیراوە و ئێستا لە هەندەران دەژی.

دەوری زۆری بۆ ئامادەکردنی دایکی نیشتمان هەبووە.

ـ خوالێخۆشبوو محێیەدینی ماوەرانی: قوتابی، پاشان لە مهاباد بووەتە مامۆستای قوتابخانە و لە کۆتایی سالی ١٩٧٩ لە خۆمپارەبارانی شاری مهابادا کوژراوە.

ـ خوداڵێخۆشبوو دلشادی رەسوولی: قوتابی، مامۆستای قوتابخانە، ئەندامی کۆمەلەی ژ.ک، نووسەر و کاربەدەست لە سەردەمی کۆماری کوردستان، لە نێوەراست شێستەکان لە کوردستانی عێراق کوژراوە.

ـ خوداڵێخۆشبوو عەبدوولڵای حەکیمزادە: قوتابی، دەرزی وەشێن و دەوافرۆش.

ـ سوورەی خوسرەوی: قوتابی، دووکاندار و مووچەخوری ئەخۆشخانە.

ـ فەتاحی حامیدی: قوتابی، ئەرتەشی بووە.

**دەستەی مۆسیقا:** ئەوانە ئەندامانی دەستەی مۆسیقای ئەرتەش بوون لە پادگان(سەربازخانە)ی مهاباد، دوای تێکچوونی پادگان بە ئامێرەکانیانەوە هاتوونەوە مالی خۆیان و هاوکاریان لەگەل ئەم شانۆیەکردووە.

**دێکۆرو سەحنە:** مارف حەتەم دارتاشێکی مهابادی بووە و لە گەرەکی ئەرمەنییان ژیاوە، یەکەمجار کە عەبدوولڵای نەهری و غەنی بلوریان داوای هاوکاری لێدەکەن توڕەدەبێ، بەلام پاشان ئەوان باسی شانۆکەی بۆ دەکەن و شێعرەکانی بۆ دەخوێننەوە. مام مارف کە تەمەنی ٥٠ سال دەبێ، زۆری پێخۆش دەبێ و پێیان دەلێ ئێستا کە ئێوە ئەوەندە پیاون، بێ پارە بەداروتەختەی خۆم بۆتان دروست دەکەم.

سەحنەکە وەک وەتاختێکی ٤×٦ میتر گەورە بووە. پایەی نەبووە، بەلام بەرزبووە و مەحکەم دروست کراوە، بۆئەوەی تێکنەقرمێ. سەحنەکە لەبەر یەک جیا دەکراوە، پاشان وەسەریەک دەخراوە بۆئەوەی بتوانن بۆ شارەکانی تری بەرن. دەوری سەحنەکە چوار داری وەک کۆلەکەی هەبووە کە بە دەوریدا پارچە کێشراوە، لە پێشەوە پەردەکە بۆلای راست و چەپی سەحنەکە بە تەناف دەکرایەوە. تەرح ونەخشەی سەحنەکە مارف حەتەم و عەبدولڵای نەهری کێشاویانە.

سەحنەی پەیمانی سەعدئاباد مێز و کورسی تێدابووە، وەکی دی ساکاربووە و فەرشی لەسەر راخراوە.

**پەردە:** پەردەکە عەبدولڵای نەهری دروستی کردووە، حەلقەی ئاسنی هێناوە، پەتی تەنافی

تێهەڵکێشاوە، بەچەشنێک دوو کەس تەنافەکەیان کێشاوە و پەردە لە نێوەڕاستی سەحنەوە کراوەتەوە.

**جل و بەرگ:** فریشتە جل و بەرگی سپی لەبەردا بووە و باڵی هەبووە، دایکی نیشتمان جل و بەرگی ڕەشی ژنانەی لەبەردا بووە. کراسێکی بڵیند ودرێژ، چارشێوشانێک(چارۆکە)ی ڕەش. نوێنەری دەوڵەتەکان جل و بەرگی سپی وەک هێزی دەریایی ئێرانیان لەبەر کردووە، ئەندامانی کابینەش هەر بەم چەشنە، سەرکۆماریش بەرگێکی ئەوها، بەڵام کڵاوێکی سلیندری ئینگلیسی لەسەر ناوە. پێشمەرگە جل و بەرگی پێشمەرگەی دەبەردا بووە. دڵشادی ڕەسووڵی بە هەڵبژاردنی ڕەنگی ڕەش وسپی ویستوویە ئەوە بڵێ ڕەنگی سپی ڕەمزی ڕۆشنایی و ڕەش ڕەمزی تاریکی و دیلییە. دیارە لە کۆتایی شانۆکەدا سپی زاڵ دەبێ بەسەر ڕەشدا.

**گریم و نارایشت:** گریمێکی ئەوتۆ لەگۆڕێدا نەبووە، بەڵام کاک عەبدوڵڵای ئەهری بە خوری ڕەش و سپی قژی بۆ دایکی نیشتمان دروست کردووە، ڕیش و سمێڵی پاک تاشیوە، خۆڵەمێشی لە ئاو کردووە و لەسەروچاوی داوە و خۆی پێ پیر کردووە. جگە لە دایکی نیشتمان ئەوانی دیکە وەک خۆیان چوونەتە سەر شانۆ.

**شوێنێ تەمرین کردن:** پێشتر لە دەبیرستانی پەهلەوی تەمرین کراوە، کاک غەنی بلوریان دەگێڕێتەوە: «خەریک بووین لەحەساری دەبیرستان سەحنە دروست بکەین، دوکتور محەمەدی موکری کە ئەوددم محەمەدی کەیوانپوور بوو، ڕەئیسی فەرهەنگی مهاباد بوو. بانگی کردم بچم بۆ لای. چووم گوتی فلانی تکایەکم لە تۆ هەیە، وەکوو کوردێک هاتوومەئێرە، بەتایبەت بۆخۆم داوام کردووە بمدەن بە ئێرە، چونکوو لەسەر مەسەلەی کوردی و شێعر و ئاوازی کوردی لێکۆڵینەوە دەکەم. کتێبێکیشم هەیە، بۆئەوەی باوەڕبکەی بچینەوە ماڵێ تەماشای نووسراوەکان بکە. ئەگەر ئەتۆ ئەو شانۆیە لە دەبیرستان بدەی گرفتاری بۆمن دێتە پێش، حکوومەت ڕەنگە ئەمن بگوزێتەوە بۆ شوێنێکی تر و عەجەمێک بە جێگای من بنێرێ، ئەمن ئەو دەرفەتەم لە دەست دەچێ. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە قازانجمە و خەرجیشی بۆمن نییە. ـ چووینەوە ماڵێ، ماڵەکەی لە خانووی کەریمی قاورمەی دا بوو، نووسراوەکانی لە پێش دانام. بە فارسی بوون، لە بارەی کوردستان و مەسەلەی میللەتی کورد و ئاوازی کوردی و گۆرانی مهابادی هەمووی نووسیبوودوە. نێوی هێندێک گۆرانیبێژی کۆنی مهابادی وەک سەعیدی ماملێ(بابی محەممەدی ماملێ)، کەوی جۆ و مەنیج حەیرانی نووسیبووەوە». ئەم باسە بووەهۆی ئەوە شوێنی تەمرین کردن و پێشکێش کردن بگوێزرێتەوە کارێژ(گەراج)ی عەبدوول.

کارێژی عەبدوولی کەرباسی لەسەرەوەی شارەبانی ڕووبەڕووی مزگەوتی حاجی ئەحمەد، لەپشت سەوزی خانەبوو. بەهۆی ئەم کارە دەفتەری کارێژ لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام ماشێنەکان دەبەنە گۆڕەپانی تۆپێن(فوتباڵ). حەوشەی کارێژ دەبێتە شوێنی تەمرین و پێشکێش کردنی شانۆکە.

**کارگێڕ:** دیارە ئەو کەسانەی کە ئەو کارە پیرۆزە مێژوویییەیان کردووە، هیچکامیان لێزانی شانۆ نەبوون و ئەو سەردەمەش زانیاری شانۆیی لە ناوچەکەدا فرە نەبووە، بۆ وێنە کاک غەنی بلوریان دەڵێ: «بەداخەوە هیچکام لەوان (قازی محەمەد، زەبیحی..)پێشتر لە کاری نمایش دا نەبوون، ڕەنگە لە گەڵ نمایش بێگانەش بووبن، لەوانەیە «دایکی نیشتمان»ئەوەڵین پییێس بووبێ کە چاویان پێی کەوتبێ».

ڕەنگە ئەم قسانە ئاوێنەی تەواوی زانیاری شەهید قازی محەمەد ومامۆستازەبیحی نەبێ، بەڵام ئەوە ڕوونە کە کارگێڕانی شانۆی دایکی نیشتمان مەعلووماتی ئەوتۆی تئاتریان لەو بەرێزانەوە وەرنەگرتووە و بە پێی زەوق و زانیاری خۆیان شانۆکەیان دەرهێناوە، بەتایبەت عەبدوڵڵای ئەهری دەوری هونەری و غەنی بلوریان دەوری ڕێکوپێکی تەواویان لە دەرهێنانی شانۆکەدا هەبووە.

**وێنەگری شانۆ:** سمایل خانی فەڕوخی بۆکانی، وێنەگر(عکاس)ی شانۆکە بووە، ئەو لە هەموو سەحنەکانی شانۆ وێنەی گرتووە، تەنانەت وێنەکان لە نێو شاری مهاباد بۆ فرۆشتن کەوتوونە بەر دەستی خەڵک. زۆر کەس لەشار و دێ وێنەی دایکی نیشتمانیان کڕیوە و لە ماڵێ هەڵیانئاوسیوە، بەداخەوە لەو هەموو وێنانە یەکیان لە ڕۆژنامە و کتێبان جێگەی نەبووەتەوە، سمایل خانی فەڕوخی هەر وێنەگری شانۆی دایکی نیشتمان نەبووە، بەڵکوو زۆربەی زۆری وێنەکانی کۆماری کوردستان بەرهەمی دەستی ئەم هونەرمەندە بێناوە بووە، سمایل خانی فەڕوخی هەتا دوارۆژەکانی ژیانی وەک وێنەگر مایەوە، ئاخرین ساڵەکانی ژیانی لە بۆتکەیەکی ٣×٢میتری تەختە و تەنەکەدا بەوێنەگرتن لە شەقامی قوڵلە لە شاری بۆکان تێپەڕی، لەکاتێکدا تینی چاوی نەمابوو و چاویلکە شوشەئەستوورەکەشی یارمەتی زۆری نەدەدا. سمایل خان پتر لە ٥٠ساڵ دەستی بە کامێرای وێنەگرتنەوە بوو، سەدان وێنەی سروشتی، سیاسی، مێژوویی و هونەری لە پاش بەجێماوە، کە لە زۆرکتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەدا چاپکراوە، کە ڕەنگە لەهەر وڵاتێک بەرهەمەکەی بەرچاو هەمووان کەوتبێ، بێنەوەی ناوێکی هاتبێ*.

**کاری چاپ:** دڵشادی ڕەسووڵی و غەنی بلوریان هێندێکیان بڵیت(بیتاقە)لە چاپدابوو، بڵیت دەبرا بۆ قوتابخانەکان، ئیدارەکان، بۆ پیاوەماقووڵەکان، بۆ ئاغاکان، بە ئۆتۆمبیل دەچوونە لادێ بۆ بڵیت فرۆشتن. بڵیتەکان دوو بەش بوون، بەشێکی بەدەست کڕیارەوە بوو، بەشێکی بەدەست فرۆشیارەوە دەمایەوە، لەسەر هەر بڵیتێک دەنووسرا کە بە چەند فرۆشراوە، پارەی بڵیتەکان بۆ کۆمەڵەی ژ. ک بوو.

## چۆنیەتی پێشکێش کردنی شانۆ:

ڕۆژی ئەوەڵ نزیکەی ٢٠٠کورسی لە حەساری کارێژی عەبدوول داندرابوو، کورسیەکان زۆرتر لە قاوەخانە و مەدرەسەکان وەرگیرابوون. جەماوەرێکی زۆر بانگ کرابوون، لەوانەجەعفەرۆف لەگەڵ چەند ئەفسەری ڕووسی. ڕۆژی پێشکێش کردن سەید کەریمی ئەیووبی کە لەلاوە لەگەڵ تیپەکە هاوکاری کردووە و دوایە چووەتە زانکۆی لێنینگراد ولەبەشی کوردی خوێندوویەتی، بەخێر هاتن بەزمانی ڕووسی کە کابرایێکی ئەرمەنی نووسیبووی، دەخوێنێتەوە، پاشان شانۆ دەست پێدەکا.

ـ فریشتە بە جلو بەرگی سپی و دوو باڵی ئاوشانییەوە دێتە سەر شانۆ، ئەو شێعرەی حاجی قادری کۆیی دەخوێنێتەوە:

**ئەی بێ ئەزیر و هەمتا! هەرتۆی کە بەرقەراری بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری بۆ باغی مەردی باغی، سەرمایەکەی خەزانی بۆ مەزرەعەی فەقیران، سەرمایەکەی بەهاری تۆ پادشا نیشانی بۆ هەر سەوادی ئەعزەم بێ سەدر و شانشینی، بێ پەردە پەردەداری جەبباری بێ فوتووری، سوڵتانی بێ قوسووری ڕەزاقی مار و مووری، ئاودێری دێمەکاری فەیروزە تەختی گەردون مەسنوعی ئەقشی تۆیە**

➡

**یاقـوت و لەعلی ڕۆژە، ئەسـتـێـرەکـان دوڕاری جێ و مـەکـانی تۆیە، بێ جێ و بێ مـەکـانی لەیـل و نەهاری تۆیە بێ لەیـل و بێ نـەهاری هەر ئەمـری تۆ مـەدارە، بۆ کـار و باری عـالەم هەرچەندە بێ وەزیر و بێ سـەدر و بێ مـوشـاری سەحرانەوەردی شەوقت خورشید و ماهی تابان دو جاریەن شەو و ڕۆژ بێ مەحمەل و عـماری مەعلومە بۆچی«حاجی»مەدحت دەکا بە کوردی تاکـەس نەڵێ بە کـوردی نەکـراوە مـەدحی باری**

لێرە سـەحنەی یەکـەم تەواو دەبێ و سـرووود و مۆسیقا پێشکێش دەکرێ.

**سەحنەی دووهەم:** سـەحنەی پیـلان گـێـڕانی هاوپەیمانانی سەعد ئاباد(ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان)

ـ لە نێـوان ئەم پەردەیە سرووود و مـۆسـیـقـا بڵاودەبێتەوە.

**سەحنەی سێهەم:** دایکی نیـشـتـمـان بەجل و بەرگی ڕەش و قـژی سپی، دەست و پێ و بەدەن لە کـۆت و زنجـیـردا بە دەنگی خـۆش شـێـعـری حاجی قادری کۆیی دەخوێنێتەوە.

ـ لە نێـوان ئەم پەردەیە سرووود و مـۆسـیـقـا بڵاودەبێتەوە.

**سەحنەی چوارەم:** هێـرشی پێـشـمـەرگـە و سەربازی ڕووس، ئازادی دایکی نیشتمان.

ـ سرووود و مۆسیقا پێشکێش دەکرێ.

. **سـەحنەی پێنجـەم:** پێکهـاتنی کـۆماری کوردستان و شورای وەزیران و هەڵکردنی ئاڵا و دیاریکردنی سەرکۆمار.

لەم سەحنەیەدا سەرۆک کۆمار دەدوێ و باسی ئازادکردنی کوردستان دەکا، باسی ئەسیربوونی میللەتی کورد بەدەست تورک، عەرەب، عەجەم دەکا، باسی کوردستـانی گەورە و ڕێبازی شێخ عەبدولقـادر، شێخ سەعـید، شێخ مەحـموود و خۆبەختکردنی ئەوانە بۆ کوردستان دەکا.

لە کـۆتایی دا هەمـوو بەشدارانی شـانۆ دێنە سەر شانۆ و سرووودی کوردستان دەخوێننەوە کە تازە باوببوو:«نیشتمانم ڕەنگینە». لێرەدا کاک غـەنی ئاوا دەگـێـڕێتەوە:«... پاش تەواوبوونی شـانۆکـە قـازی مـحـەمـەد دێتـە سـەر شـانۆ و قـــسـەدەکـا، بەچاوی گــریانەوە، خــەڵـک ئیـحسـاسـات دەیان گرێ و لە کـاتی پێشکێش کردنی شانۆکەدا دەگرین، تەنانەت ڕووسەکانیش فرمێسک دەڕێژن. قازی لەسەر مێژووی خەباتی مـیللەتی کـورد دەدوێ، باسی ئیـسـتـیـعـمـار و دابەشکردنی کـوردسـتـان و سـەرکـوتکردنی میللەتی کورد لە لایەن دەوڵەتەکـان و هەروەها



باسی شۆڕشەکانی کوردستان دەهێنێتەگۆڕێ».

**بینەرانی شانۆ:** پاش پێشکێش کردنی شانۆ بۆ یەکـەمجار کـورسیـەکان کۆدەکرێنەوە، عـەردەکە ئاوپرژێن دەکرێ و گەسک لێدەدرێ و بۆ دانیشتن ئامادە دەکرێ. بە شێوەی جۆراجۆر خەڵـک دەنگ درابوون بۆ دیتنی دایکی نیـشـتـمان. ئەو کاتەی کە شانۆ پێشکێش دەکرا، جەماعەتێکی دی لە سەرنۆبە و کڕینی بلیت ڕادەوەستان، درێژی ڕیزی چاوەنوارەکـان گـەیشـتـووەتە چوارچرا، سـەربان و گـوێ بان خـەڵـک دانـیـشـتـوون، بە پێی بڕیاری کـۆمـەڵەی ژ. ک قـوتابیـان و ژنان کـە تا ئەودەم ئیزنی شوێنی وایان نەبووە، هاتنیان بە خۆڕایی دەبێ، ڕوودەکـەنە کـاڕێژ(گـەراج)ی عـەبدول. لە دێهـاتەوە خەڵـک دەسـتـەدەستە ڕوویان کردووەتە شار و هەواڵی دایکی نیشتمانیان پرسیوە. کاک غـەنی باسی ئەو ڕۆژانە ئاوا دەکـا:« زیادتر لە سـاڵێـک تێـپـەڕیـبـوو، کـە بە کـوچە و بازاڕدا دەڕۆیشـتین ژنان پێـشـیـان پێدەگـرتین و دەیان گـوت: کـەنگێ دایکی نیـشـتـمـان نمایش دەدەن؟ دەمـان گـوت خۆ دایکی نیـشـتـمـان بەیتی بلەی نییە هەموو ڕۆژێک بیلێینەوە. دایکی نیشتمان تەئسیـری یەکجار زۆری هەبوو، وای لێـهات کە خەلیـفە ئامین قـەمتـەرەیی کە خەلیـفـەی حاجی شێخ مسـتـەفابوو، ڕۆژی چوارشەمۆ لەگەڵ ژنانی دەروێش دوای زکـرکـردن، بە کـۆمـەڵ دەهاتن بۆ دیتنی نمایشی دایکی نیـشـتـمـان. ئەم شێـرە ژنە دوایە دەورێکی زۆری لە شـوڕشی کـوردسـتـانـدا گـێـڕا.. نمایشی دایکی نیـشـتـمـان بوو بە هۆی زۆربوونی نفوزی کۆمەڵەی ژ.ک».

هەمـوو ڕۆژێک شانۆ سێ چوار جار پێشکێش کراوە، هەر لە سـەعـات ١١ی بەیانی هەتا ئێـوارە لای تاریکان، دووجـار پشـوودانی نێـوسـەعـاتی هەبووە، ئێـواران بە هۆی تاریک بوون و نەبوونی ڕووناکی، نمایش کـۆتایی پێـهـێنراوە. هەر جارێک ٦٠٠ هەتا ٧٠٠ کەس دیتنی شانۆیان کـردووە، ئەوە جگە لەو ژن و منداڵ و پیـاوانەیە کە لەسەربانەوە تەماشایان کردووە، لە ڕۆژێکدا نزیکەی ٢٠٠٠کـەس و لە چل ڕۆژدا ٨٠٠٠٠ کـەس. دیارە ئەمـە ژمـارەیەکی یەکـجـار زۆرە و مـرۆڤ وەبیـر ئامـفی تیـاترەکـانی یۆنان و ڕۆم دەخاتەوە، بەڵام ئەگەر لەلایەکەوە نەبوونی هیچ چەشنە کەرەستەیەکی ڕابواردن لەو سەردەمەدا لە شارەکانی کوردستان لەبەرچاوبگرین و لەلایەکی دیکەوە لەم وەزعی سیاسی و باری سـەربەستی و هەسـتی نەتەوایەتی بڕوانین، هاتنی ٢٠٠٠ کـەس لە ڕۆژدا بۆئەم تیـاترە زۆر دیاری ناکـا. ساڵانی دوای ئەم ڕووداوە لە کوردستان نموونەی وا زۆر دیتـراوە ، شـانۆی «کـوڕی خـۆڵ» (پسـر خـاک)لە سـاڵی ٥٤ تەنیـا لە ڕۆژێکدا لە سـینەمـای سـەعـدی بۆکـان پتـر لە ١٢٠٠تەماشاکاری هەبووە، یان شانۆی «شێخ سەنعان»لە مهاباد هەر لەم ساڵەدا. دیارە ساڵی ١٣٢٣مـهـاباد ١٥٠٠٠نفـوسی هەبووە، بەڵام ناوچەی موکریان کە لەو شانۆیە دیتنیان کردووە تەنیا شاری مهاباد نییە.

**بۆچوونی خزم و کەسی دەورگێڕەکانی شانۆ:**

لەو سـەردەمـەدا ئیـزنی ژنانیـان نەداوە بۆ بەشداری کردن لە شانۆ و شتی وادا، هەر بۆیە کـاک عـەبدوڵڵای ئەهری دەوری دایـکی نیـشـتـمـانی گـێـڕاوە. نەتەنیـا ژنان بەڵکوو کـوڕەکـانیش ئیـزنی کـاری وایان نەبووە، بەچاوێکی سووک سـەیری کـاری نمایش کراوە، سـاڵی ١٣٢٣ لە مـهـاباد پێـیـان گـوتوون شـەکـەرۆکـە و سـاڵی ١٣٥٤ لە بۆکـان پێـیـان دەگوتن لۆتی. شەکەرۆکە ئەو مێرمنداڵانە بوون کـە جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و تەنگیـان دەبەردەکـرد و لەگـەڵ ئاشـقـەکـانی تەورێز لە قاوەخانەکان ڕەقسیان دەکرد. ئەو ساڵانە ئەوانە سـەری قـاوەخـانەی ئازەرەییـەکـانیـان دەدا لە کۆڵانەکانی مزگەوتی سوور. خـەڵکی مـهاباد پێیان خۆش نەبووە، بەڵام چونکوو کورد نەبوون کاریان پێیان نەبووە. لۆتی ئەو کەسانە بوون کە لەعەجەمستان یان لە بەشی هەوشارەوە دەهاتن بۆ بۆکـان و شـارەکـانی دی، ئەوانە یا ورچیـان هەڵدەپەڕاند و یا مـەیموونیـان وەسـەمـا و ئـەداوئەتـوار دەرهـێـنـان دەخـسـت، لـە کـاروانسـەراکـان خـەڵکیـان لە خۆ کۆدەکـردەوە، ئەودەمی خـەڵک جیاوازییەک لە نێوان شانۆگێڕ و لۆتی و شەکـەرۆکە قایل نەبوون. کـاک غـەنی

دەڵێ: «بابم گوتی هەتیوە حەیایێکم هەیە لەوشارەدا، خەریکی ئابڕووم دەبەی، هیچ نەماوە بیکەی، دۆینێ دەچووی شەڕگەت دەگرت و دەچوویە شەری زێڕۆ، ئەورۆ بوویە تەشەکەرۆکە، کامەت باشتر بوو؟ ئەوت پیاوانەتر بوو لەمەت؟ گوتم بابە هی ئێمە شەکەرۆکە نییە، ئێمە غایش دەدەین، غایشی دایکی نیشتمان، ئێمە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەین. گوتی ئەگەر غایش بدەی کوڕی من نی، دەبێ لە ماڵە من وەدەرکەوی. لە ماڵم بمێنی بە دەمانچە لێت دەدەم. بابم چووبوو لەگەڵ باوکی ئەوانی دیکەش قسەی کردبوو، بەناچار هەموومان لە کارێژ دەخەوتین. ڕۆژێکیان خەبەریان هێنا بابەکان بەکۆمەڵ دێن بەرەو کارێژی عەبدولی کەرباسی، کۆمەڵەی ژ.ک چەند پێشمەرگەی ناردبوو ئاگایان لێمان بێ. پێشمەرگەکانم نارد بیانگێڕنەوە. یەک ڕاست چووبوونە لای قازی و شکایەتیان کردبوو. قازی کە شاری بەڕێوەدەبرد خاوی کردبوونەوە».

کاک غەنی هەروەها دەڵێ: « عەبدوڵڵای نەهری گۆرانی دایکی نیشتمانی دەگوت و خەڵکی بانگ دەکرد بۆ ڕزگاربوون: ـ من هەزار ساڵە ئەسیرم، ئەنگۆ خەڵکینە، کوردینە، بۆچی وا بێ هەستن؟ بۆچی نایەن من ڕزگار کەن.. خەڵک دەگریان، بانگیان کردم وەرە باوکت دەگری. دوای تەواوبوونی شانۆکە هات دەستی لە ئەستۆم کرد و گوتی: ڕۆڵە ئەمدەزانی کاری پیاوانە دەکەی! سەدقەنی دامێ و ناردی نوێن و بانەکەم بیەنەوە ماڵێ. بە ڕەحمەت بێ هەتا مرد هەر پێی دەگوتم ڕەئیس جمهوور..».

ئاڵمان ١٩٩٣/٢/٢٥

****

**تێبینی:**

(١) ئەم چەشنە غایشانە کە فرێ بە سەر شانۆوە نییە، لە زۆربەی شارەکانی ئێران و کوردستاندا لە ڕۆژانی تایبەت بەبنەماڵەی پەهلەوی پێشکێش دەکران، کە ناوی غایشاتی میللی و میهەنییان لێنابوون. ناوەرۆکی ئەو غایشانە پێداهەڵگوتنی ڕێژیمی شابوو. کۆمیتەی بێ زەرەر و بازاڕیش ئازادی تەواویان هەبوو.

(٢) ئەوپەیمانە لە ڕۆژی ١٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی(١٩٢٧ز) لەکۆشکی سەعدئابادی تاران لە نێوان ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان بەستراوە.

**سەرچاوە:**

١) هێندێک ژمارەی گۆڤاری کاروان.

٢) کردستان و جمهوری مهاباد، کریس کوچرا، ترجمە ناهید بهمن پور، کتاب جمعە، شمارەهای ١٩، ٢٠، ٢١.

٣) شانۆ و... شانۆی کوردەواری، حەسەن تەنیا.

٤) وتووێژ لەگەڵ کاک غەنی بلوریان، لە ئاڵمان ساڵی ١٩٨٩.

٥) کێش و سەنگی شانۆگەریمان لە چاو سەرجەمی کتێبی کوردیماندا، ئەریمان.

٦) ئافرەت لە شانۆی کوردیدا، مەغدید حاجی.

٧) دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا.

8) GOLMORAD MORADI, EIN JAHR AUTONOME REGIERUNG IN KURDISTAN DIE MAHABAD - REPUBLIK 1946 -1947, VERLAG HOSHSCHULE BREMEN. 1992

*** ئاگاداری گزینگ**

بۆ یارمەتی بە لێکۆڵینەوەی بە جێی هونەرمەند کاک برایمی فەڕشی بە خۆشییەوە بە وی و بە گشت خوێنەرەوەکانمان ڕادەگەیەنین زۆرلەو وێنانەی لەغایشی «دایکی نیشتمان»هەڵگیراون لە ئارشیوی دوکتور محەمەدی موکری دا پارێزراون کە ئێستا دانیشتووی شاری پاریسە. بریا خێرخوازێک هەوڵی لەگەڵ دابایە یان بە هیمەت یان بە قیمەت، بۆ زیندووکردنەوەی ئەو تەجرەبە هونەرییەی نەتەوەکەمان، ئەو وێنانە بڵاوبکاتەوە، یان بۆ ئەو مەبەستە لەبەردەستی خەڵکی دیکەی بنێ و چیدی لەچاو خەڵک نەشاردرێنەوە! ■

**ئاگادارییەک**

ئەم نامەیەی خوارەوە لە لایەن م. مالمیسانج سەرۆکی «کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوێد» بۆ چەندێک لە کاربەدەست و ڕێبەرانی کورد لە خوارووی کوردستان ناردراوە، کەوا لێرەدا، بۆ ئاگاداری خوێنەرەوانی کورد، دەقی نامەکە، لە سەر داوای بەڕێزیان، بڵاودەکرێتەوە. (گزینگ)

ستۆکهۆلم، ١٩٩٥/١/٢٥

بۆ بەڕێز .........

دوای شەڕی کەنداو، ئەو کاتەی کە پارچەیەکی گەورە لە کوردستانی خواروو ڕزگاربوو، پارلمان و حکوومەتی نەتەوەیی دامەزرا، گەلی کورد شاییەکی مەزنی دەدڵدا گەڕا، نەک هەر گەلی کورد، بەڵکو هەموو دۆستانی گەلەکەمان و ئاشتیخوازانی جیهان لە گەڵ ئێوە بوون.


مخابن دوای ماوەیەکی کورت دەرکەوت کە کاروباری دەوڵەتی فیدرالی کوردستان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی باش نارِوا. بێگومان یەک لە هۆیە هەرە گرینگەکانی ئەو شتە باش نەبوونی نێوان پارتی دێمۆکراتی کورستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو. لەوەش خراپتر، ئەو باش نەبوونی نێوانە، گەیشتە پلەیەکی دی و شەڕی براکوژی دەستپێکرد.

جەنابتان دەزانن کە بۆ براکوژی چ هۆیەکی مەعقووڵ لە گۆڕێدا نییە. ئەو شەڕە بەر لە هەموو شت ئەو دەرفەتە مێژووییەی کە کەوتووەتە دەست گەلی ئێمە لە نێو دەبا. ئەم شەڕە بڕوای گەلی کورد و دۆستەکانی دەشکێنێ و دەبێتە هۆی نائومێدی. ئێوەش دەزانن ئەوانەی کە بەو حاڵە دڵخۆشن و یەکتر کوشتنی کوردانیان دەوێ، دوژمنانی گەلەکەمانن. جا ئێمە چۆن دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ ئەوان پێکبهێنین؟

بۆیە ئێمە هیواداریین و دەمانەوێ کە ئەم شەڕە بەبێ قەید و شەرت ڕابگیرێ و هەر دووک ڕێکخراو گیروگرفتی نێوان خۆیان بە ڕێگەی دێکۆکراتی و لەسەر پرنسیپی برایەتی چارەسەر بکەن. ئەگەر لە پێناو ئاشتیدا هەنگاوی پێویست هەڵنەهێندرێتەوە، برینی کۆمەڵایەتی دەرمان ناکرێن، کوردستان دیسان دەکەوێتەوە بن زوڵمی دوژمن و فەلاکەتی دی بەسەر گەلی کورددا دێ. هیچ کەس مافی ئەوەی نییە کە ببێتە سەبەبی شتێکی ئەوتۆ.

لەگەڵ سڵاوی برایەتی: م. مالمیسانج

سەرۆکی کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوێد



# ڕووناکبیر و پەسن و ئەرکەکانی

● د. حوسێنی خەلیقی ●

**لە** پێشدا بۆچوونی خۆم لەسەر سێ حکوومەتەکەی کوردستان لە چەرخی بیستەمدا لە گۆڤاری «گزینگ، ژمارە ٦»دا ڕاگەیاند و ئاماژەم بۆ شێوەی بیرکردنەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان کرد و بیر و بۆچوونیانم وەک بەرهەمی دۆخ و فەرهەنگی نەتەوە و ئەو هەلومەرجەکۆمەلایەتییە ناساند کە ئەوان تێیدا پەروەردەکراون. لێرەدا دەمهەوێ پێوانە و تەرازوویەک بۆ ڕووناکبیر دابنێم کە بەپێی باو وەک ناو لەسەر ئەندامەکانی سەرکردایەتی و کادرەبەرپرسیارەکانی شۆڕشی کوردستان و زۆر شۆڕشی تر دانراوە. هەر بۆیە بەپێی توانا هەوڵم داوە ناوەرۆکی بیر بناسێنم و مەیدانی زانیاریی بیردوەری لەو چەشنە، یان ڕووناکبیری بەرپرسیار لە کۆمەڵ و ئەو زانیارییانە کە ئەو دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی کەڵکیان لێوەربگرێ، دەستنیشان بکەم و ئەگەر بگونجێ لە وتار یان چەند وتاری تردا، ئەرکەکانی ڕووناکبیران و دەوری ئەوان بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ و بەربەرەکانی لەگەڵ ستەمگەر و چەوسێنەراندا، دیاری بکەم.

بیر چییە؟ بیر لە مرۆڤدا هێزێکی داهێنەر و خولقێنەرە کە لە ڕەوتی تێکۆشانی بەکردەوەی ئەم گیانلەبەرەدا، سەرهەڵدەدا و گەشەدەکا و بەرزترین شێوازی ناسینە. بیر لەڕێگای کەڵک وەرگرتن لە چەمک(مفهوم)ە داماڵراو(مجرد)ەکانەوە، ملی ڕێگای گەیشتن بە گەوهەر و ناوەرۆکی دیاردە سروشتی و کۆمەلایەتی و کردەوەباوەکان لە جیهانی دەرەوەی زەیندا، دەگرێتەبەر و لە ڕەنگدانەوەیەکی بەگرێ و گۆڵدا، خۆی دەنوێنێ.

بیر بەپێچەوانەی ئیدراک کە لایەنە دەرەوەییەکانی شت یان دیاردەکان، دەناسێ، دەچێتە ناخی شتەکانەوە، پێوەندییە بنەڕەتییەکانیان وەدەردەخا و یاساکانیان دەناسێ و لە شێوەی گەشەکردنیان ئاگادار دەبێ و بەپێی ئەو تێکۆشانە لەگەڵ جیهان پێوەندی دەگرێ و ئاڵوگۆڕی تێدا پێکدێنێ. ئەمەش لە جیهانی زانستدا، بەهۆی تیئۆری، وادانان(فرضیە)، بەشبەشکردن یان شیکردنەوە و تێکەلاوکردن(تجزیەوترکیب)جێبەجێ دەبێ.

بیر یەکێک لە کۆڵەکەکانی هۆشیاری مرۆڤە کە خەیاڵ و زۆرلەشوێن هەڵگرتنەکان(انفعالات)ی تر، دەگرێتەوە. شێوازێکە لە ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی دەرەوەی زەین، لە زەیندا. پەسنی مادەیەکە کە خاوەنی بەرزترین ڕێکوپێکی و نەزمە. واتا مێشک بۆ ناسینی تێکۆشانی زەینی، زەقبوونی تێکۆشانی کۆی دەمارەبەرزەکان، گرینگییەکی گەورەی وەدەست هێناوە. تەنیا لە نێو وشەدا بیر دەبێتە شتێکی ڕاستەقینە. تا بیر کردنەوە لە مێشکدا قەتیس بمێنێ شوێنەواری دەرناکەوێ و زمان بیر وەدەردەخا.

لە فەلسەفەدا بیر ئەو هێزەیە کە مرۆڤ بە هۆی ئەوەوە دەتوانێ ئاکامەکانی تێکۆشانی بیرکردنەوەی خۆی بەرەو لای ئەو شتە کە بیری لێدەکاتەوە و چووەتە ناخییەوە، وەرگێڕێ. ژیربێژیی ڕواڵەتی(منطق صوری)پێی وایە، بیر بریتییە لە جموجۆڵی زەین لە پلە و پردەبازە سەرەتاییەکانەوە، بەرەو شتەمەبەستدارەکان. واتا لە پێشەکییەوە بۆ ئاکام.

ئەم زاراوە یان ئەم چەمکە، چەند زانست دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە، لەوانە:

١) تیئۆری یان نەزەرییەی ناسین(Gnosology)

٢) ژیربیریی(منطق)

٣) دەروونناسیی

٤) زانستی ئەرکەکانی لەش(Physiology)

٥) سیبرنەتیک(Cybernetics)

بێجگە لەمانە ئاگاداربوون لە مێژووی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و تێگەیشتنی ورد لە ڕابوردووی ئەو کۆمەڵە ڕووناکبیری تێدا پەروەردەبووە، پێویستە. ئەم زانیارییە خۆی سەردەکێشێتە لای هەوڵدان بۆ ناسینی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ و سەرئەنجام بایەخدانی زۆر بە کۆمەڵناسیی. ئەم زانیارییانە دەبنە هۆی ئەوە، ڕۆشنبیر بەکەڵک وەرگرتن لە زانستی سیاسەت، مافەکان و وردبوونەوە لە داب و نەریت و ئایینی کۆمەڵ، ڕابوردووی کۆمەڵ بناسێ و بەتێگەیشتن لە بارودۆخی ئێستا، جموجۆڵی بەرەوداهاتوو، پێشبینی بکا. بەجۆرێک بتوانێ پێش ئەوەی ڕووداوەکان گەرووی ڕێگوشن، لەوان و لەئاکامەکانیان بە قازانجی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵ و خەبات دژ بە چەوسێنەران، کەڵکیان لێوەربگرێ و بیانکاتە پردەبازی سەرکەوتن.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە زەمینەی سەرهەڵدانی ڕووناکبیر بریتییە لە گەشەکردنی باری پەروەردە و فێرکردنی هاوکات لەگەڵ نوێکردنەوەی باری ئابووری و دابەزاندنی هێندێک پرۆژەی زانستی لە چوارچێوەی جموجۆڵی شارستانییەتدا. ئەگەر ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵدا بەرەوپێش بچێ، توێژی ڕووناکبیر سەرهەڵدەدا.

بۆ ئەوەی خوێنەرەبەڕێزەکان تاڕادەیەک لە ناوەرۆکی ئەم بابەت یان زانستانە ئاگادار بن و بتوانن واتای خوێندەوار و ڕووناکبیر و زانا و خاوە هۆش لێک جیابکەنەوە، بەپێویستم زانی



بەکورتی و پوختی هەرکام لەوانە بناسێنم. بەو هیوایە ئەگەر تووشی هەڵە بووبێتم، یارمەتیم بدەن و شڕەم بۆ پینە بکەن.

١) تیئۆری ناسین یان گنۆسنۆلۆژی، بریتییە لە فێرکردنی ناوەڕۆک(ماهییەت)و خاوەن یاسابوونی ڕەوتی ناسین. واتا ئاشنابوونی مرۆڤ لە ڕەوتی کاری بەرهەمهێنەر یان شارەزابوونی لە ڕەوتی شیکردنەوەی ئەزموونی زانستیی لەگەڵ شتەڕاستەقینەکانی جیهانی دەرەوەی زەین و ڕەنگدانەوەیان لە زەیندا. بەکورتی پێوەندی نێوان بیر و بوونەوەر شیدەکاتەوە.

مەسەلە گرینگەکانی تیئۆری ناسین ئەمانەن: بابەت و سەرچاوەی ناسینی مرۆڤ کامەیە؟ چ شتێک لە بنچینەی ناسینی ئێمەدا هەیە؟ چ دنەدەرێک دەبێتە هۆی جموجۆڵ و بەرەوپێشچوونی؟ ڕەوتی لە چەند پلەوە، تێپەڕدەبێ؟ ڕێوڕەسم و شێوازەجۆراوجۆرەکانی ناسین کامەن؟ ڕاستی چییە؟ چ پێوەندییەک لە نێوان تێکۆشانە ناسینییەکانی مرۆڤ و کردەوەی ئەودا هەیە؟

بێجگە لەمانە خودی ناسین بە ناسینی ڕوومایی و ناسینی قووڵ و زانستی، دابەش دەکرێ و تەنیا ئەوانە لەگەڵ ناوەڕۆکی دیاردەکان سەروکاریان هەیە خاوەنی ناسینی قووڵ و زانستیین و بەداخەوە زۆربەی زۆری خوێندەوارەکان لەگەڵ ناسینی ڕوومایی یان هەستیی، ئاشنان و لە وتە و کردەوەکانیاندا موویەک بەولاوەتر ناچن! هەربۆیە لە ئاخاوتن و بەڵگەهێنانەوەدا، لە وشەزانستییەکان کەڵک وەردەگرن، بێ ئەوەی لە واتایان وردبنەوە! زاراوەی ناسینی هەستیی و ژیربیریش، باون و هەرکامە واتای خۆیان هەیە کە لە فەلسەفەدا، ئاماژەیان پێکراوە. ناسینی ئیدراکی و سۆزیی یان عاتیفی کە بنەمای هونەرە، دوو زاراوەی باوی ترن کە سەردەکێشنە لای ناسینی فەلسەفییەوە. هەرکام لە ڕێبازە فەلسەفییەکان زاراوەی«ناسین»یان بەجۆرێک ناساندووە کە لێرەدا ناکرێ باسیان لێوەبکەین. بەڵکوو خوێنەری کوردیش بەرکوڵێک لە فەلسەفە بخوا و نەوسی بەرەو لای بەشەکۆڵاوەکەی ڕابکێشێ.

٢) ژیربێژیی(منطق) ئامرازی ناسینی یاساکانی بیرکردنەوە و شێوازەکانە، ڕێگاکانی پێوەندی زەین بە عەین و دەرەوەی زەین یان دیاردەکان واتا ئەوانەی زەین بەوانەوە پێوەندی دەگرێ و هەروەها ڕێگای گەشەکردنی ناسین و بناخەدارشتنی ناسینی بەکردەوە، دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە. ژیربێژیی چەند جۆرە: ڕواڵەتی(صوری)، زانستی، مەتماتیکی و دیالکتیکی. بەگشتی ژیربێژیی زانستی باسی پێوەندی دەروونی و قووڵی نێوان شت یان دیاردەکان دەکا. ژیربێژیی ڕواڵەتی باسی پێوەندی ڕواڵەتی و دەرەوەیی نێوان شتەکان دەکا و کاریشی بریتییە لە: ئا) بەرەوڕووبوون لەگەڵ دیاردەکان. ب) وێنەگرتن و ناسینی هێندێک وێنە و پەسن. ج) پەسندکردن یان دامەزرانی پێوەندی لە نێوان دوو پەسن یان شت دا. وەک هەڵگورد بەرزە، هەڵمەت زانایە و خۆبەزلزان..

٤) ناسینی بەڵگەهێنانەوەی جۆراوجۆر وەک: هەڵسەنگاندن(قیاس)، گوندگەڕیی(استقراء) و نموونەهێنانەوە یان نموونەدانان(تمثیل) بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە: وێنەگرتن(تصور) دان پێدانان(تصدیق)، بەڵگەهێنانەوە(استدلال)، بڕیاردان(حکم)، ئاکام وەرگرتن(استنتاج). هەڵسەنگاندن خۆی چەند بەشە کە بریتین لە: برهان، جەدەل، خەتابە، سەفسەتە، شێعر، موغالەتە. هەرکام لەمانە نرخی خۆیان هەیە و بۆ سەلماندنی مەبەست کەڵکیان لێوەردەگیردرێ و خەتابە بەشێکی و سەفسەتە و شێعر و موغالەتە هەڵفریوێنەرن و ئەگەر ڕووناکبیر نەیان ناسێ، لایەنی تر بەکەڵک وەرگرتن لەوان، لە ئاخاوتنەکانیدا، دەتوانێ، لایەنی خاوەن ماف هەڵفریوێنێ!

٣) دەروونناسی: نەفس یان نەفسییەت چەمکێکە بە واتای جیهانی دەروونی مرۆڤ و گیانلەبەرە پێشکەوتووەکانە. دەروونی مرۆڤ لەگەڵ دەروونی گیانلەبەرانی تر، جیاوازە و دەتوانێ نیشان یابەڵگە(sign)ی شت یان ڕووداو و کردەوەی خاوەن سروشتی کۆمەڵایەتی دیاری بکا. یاساکانی دەروون بە هۆی زانستێک بە ناوی «دەروونناسی»دەکەونە ژێر لێکۆڵینەوە.

مەسەلەی نەفس لە کۆنەوە لە نێوان ڕێبازە ئیدەئالیستی و ماتریالیستییەکاندا، جێگای کێشە و ململانێ بووگە، بەگشتی ئیدەئالیستەکان پیان وایە، نەفس گەوهەر یان سەرەتایەکی ڕوحانی و جیا لە لەشە و لەڕێگای وەک ڕێگای ناسینی بابەتەعەینییەکان ناناسرێ. ماتریالیستەمیکانیکییەکان پیان وابوو نەفسییەت یان دەروون بە کردەوە لەشی(فیزیۆلۆژی)یەکان لە مێشکدا، پێوەندی هەیە. یارانی قوتابخانەی ڕەفتاریی(سلوکی)پێیان وابوو، تەنیا کۆیەک لەدەستێوەردانەکانە و بریتییە لە ڕواڵەتەکانی ڕەفتار. ماتریالیزمی دیالکتیکی پێی وایە دەروون یان نەفس شێوازێکە لە ڕەنگدانەوە و بەتێکۆشانی کۆی دەمارە بەرزەکانەوە پێوەندی هەیە و بەرهەمی گەشەکردنی باری کۆمەڵایەتی مێژووییە و لە ڕەوتی تێکۆشانی بەکردەوەدا، سەرهەڵدەدا، لە ئاکامی کردەوە و دژکردەوەی نێوان دەمارەبەرزەکانی مێشک و مەڵبەندی ژیاندا، خۆی دەنوێنێ، تێکۆشانی بە کردەوە بە ڕێ و شوێنی خۆی، ڕادەی توانایییەکانی نەفسیی یان دەروونیی، دیاری دەکا.

لەفێرکردن و پەروەردەکردندا ژمارەیەکی دیاریکراو لە هێزەکان، سەرهەڵدەدەن و هێندێکیان لەگەڵ ئەوانی تر پێوەندی دەگرن تا کەسایەتی مرۆڤ پێکبێنن.

ئەرکەگرینگەکانی ئەم زانستە ئەمانەن: چاودێری بەسەر بناخەی میکانیکی لەش و مەودای کاتی ژیان، پارێزگاریی لە لێوەشاوەییەپێشووەکان، دانانی بناخەی لێوەشاوەیی و پسپۆڕیی نوێ. بەمجۆرە نەفسییەتی مرۆڤ گرینگترین ئامرازی تاکەکەسی لە ناسینی جیهانی دەرەوەی زەیندا، پێکدێنێ و کاریگەرترین کەرەستەی تێگەیشتن و پێوەندی گرتن لەگەڵ مەڵبەندی سروشتی و کۆمەڵایەتییە.

٤) زانستی ئەرکەکانی لەش(physiology)

ناسینی فیزیۆلۆژی ئینسان یان چۆنیەتی ڕێکخراوی لەشی مرۆڤ کە چوارچێوەیەکی سەرنجڕاکێشە لەباری گشتییەوە، پێویستە. لەم ڕێکخراوە سەرسوڕهێنەرەدا ـ هەرچەند سەر یان مێشک ودڵ دەوری سەرەکییان هەیە ـ بەگشتی ناکرێ بگوترێ کامە لە ئۆرگانەکانی لەش، فەرماندەری گشتییە. چونکە کاری گشتیان هاوئاهەنگە و ئەگەر ئەو هاوئاهەنگییە نەبێ، کۆڵەکەکانی ئەو ڕێکخراوە تێکدەڕووخێن. حەشیمەتی ئەم ڕێکخراوە بەگرێ وگۆڵە بریتییە لە cell یان سیلۆلەکان بەتایبەت گلوبولەکان کە دوو بەشن: سوور و سپی.

١) گلوبولەسوورەکان کە لە سپییەکان یەکجار زۆرترن، کاری بنەڕەتیان گەیاندنی ئوکسیژن و هێز بە بەشەجۆراوجۆرەکانی لەشە. بەجۆرێک هەر ئەندامێکی لەش کەوتە جموجۆڵ، ئەمانە گەورەترین و زۆرترین ئوکسیژن و هێز بەو ئەندامە دەگەیەنن. ئەمانە خۆیان بە هۆی ئەو سیلۆلانەوە بەرهەم دێن کەوا لە ئێسکەپانەکانی ←

لەش دان و کاتێک دەمرن سپڵ دەبێتە گۆڕستانیان.

٢) گلوبولە سپییەکان کە چەند جۆرن و گرینگترینیان جۆری کوکوسیتەکانە و بۆ ئێمە پێویستە. ئەمانە وەک پارێزەری لەش هەرکات بە ئەندامێکی لەش چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە، زیانێک بگەیێت و میکرۆب خۆی تێخزێنێ، بێ سێ و دوولێکردن هێرشی بۆ دەکەن و لەگەڵی دەکەونە ململانییەوە و دەیخۆن و لەنێوی ددبەن و پاشان خۆشیان دەبنە قوربانی و دەمرن و لەوێ بنکەیەکی چڵکی دروست دەکەن. وای دابنێین ئەمانە لە بەرانبەر دوژمنی دەردەوەییدا تووشی شکان بن، ئەوکات ئەو ئۆرگانیزمە دەردەوەییە بەرەوپێش دەچێ و دەچێتە نێو خوێن. لەم بارەدا مرۆڤ یاودەکا و گلوبولی سپی لە خوێندا زۆرەدەبن و بەمجۆرە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەبێ. بۆ نموونە بەشێوەی کار و ئەرکی هێندێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی لەش، ئاماژە دەکەین:

ئا) مێشک: ئۆرگانێکە کە پێوەندی لەش لەگەڵ مەڵبەندی ژیان، دادەمەزرێنێ و یەکێک لە گرینگترین ئەندامەکانی لەشە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ گشت ئەندامەکانی لەشدا، پێوەندی هەیە. تەنانەت جموجۆڵی سیلۆلەکانیش لە ڕێگای ئەوەوە، ڕێکوپێک دەکرێ. بەجۆرێک ئەگەر مێشک تووشی زیان بێ یا بەشێکی تێکبچێ بەشەکانی تری لەش کە لەژێر فەرمانی ئەودان، تێکدەچن. ئەگەر گشت پێوەندییەکە بپسێ، دامودەزگای لەش لەگەڕدەکەوێ.

مێشک خاوەنی چەند بەشی جۆراوجۆرە وکاری هەر کامەیان جیاوازە. بۆ نموونە بەشی پێشەوەی (توێڵ) مێشک کاری ڕێکوپێککردنی کۆنترۆڵی لەشە و بەشی پشتەوەی کاری چاودێری دیتن و بیستنە و ئەملاوئەولاکانی ئەرکی ماتۆری لەشیان لەسەرشانە. بەشی گرینگی مێشک نێوەڕاستە کە سیستمی دەماریی (عصبی) کە دوازدە جووت دەمارە لەودوە جیابوونەتەوە و بەرەو بەشەجۆربەجۆرەکانی لەش ڕۆیشتوون و هەرکامەیان ئەرکی تایبەتییان لەسەرشانە. بەکورتی گشت ئەندامەکانی لەش بۆ جموجۆڵی خۆیان لە مێشک فەرمان وەردەگرن. گوتراوە بێ پێوەندی لەگەڵ ئەو دەگونجێ ئەندامەکانی تر زیندوو بمێنن. بەڵام نیفلیج دەبن و کاریان پێناکرێ.

سەبارەت بە فیزیۆلۆژی مێشک دەبێ بگوترێ دوو بەشی دەماریی بەشدارن کە یەکیان بەشی هەستیی (حسی) و ئەوی تریان بەشی ماتۆرییە. بەم شێوە هەرکات لە شوێنێک لە لەشدا شتێک ڕوویدا، بەهۆی دەماریی هەستیی ئەم ڕووداوە دەگاتە مێشک و بێ سێ و دوولێکردن مێشک بەهۆی دەماری ماتۆرییەوە، فەرمانی خۆی دەردەکا و دەبێتە هۆی دژکردەوە (عکس العمل) لەو شوێنە یان لەو ئەندامەدا. سەیر ئەوەیە ئەم کردەوە و دژکردەوە بە ئەندازەیەک بەپەلە ئانجام دەدرێن کە بەهۆی کاتەوە ناکرێ ئەندازەیان بگرین. ئەم شێوە کارە گشت ئەندامەکانی لەش وەک دەمارەکانی چاو، گوێ، چێژتن و بۆنکردن و هەست پێکردن، دەگرێتەوە.

بۆ نموونە چاو خۆی پەنجەرەی ڕووناکی لەشە. کاتێک بۆ شتێک دەڕوانێ، شێواز و چلۆنایەتی ئەو شتە بە هۆی دەمارەهەستییەکانییەوە. ڕادەگیردرێ و دەدرێ بەمێشک و دەسبەجێ بەهۆی دەماری گرینگی «ئۆپتیک»ەوە فەرمان دەدرێ و ناسین و دژکردەوەی پێویست بەئەنجام دەگا.

ب) دڵ: ئەم ئۆرگانەش یەکێک لە ئۆرگانەگرینگەکانی لەشە و بۆ ئەوەی بتوانێ خوێن و ئوکسیژن (oxygen) بە ئەندامەکانی تری لەش بگەیەنێ، نیازی بە فەرمانی مێشکە. کاری مێشک بەرهەمی گەیشتنی خواردەمەنی و ئۆکسیژن بە لەشە. مادەقاڵ و بێ خەوش کراوەکان کە لە ڕێگای دەمەوە ـ کە باکتری و ئانزیمی تێدایە ـ بەرەو مێری و گەدە دەڕوا و کاریان لەسەرکراوە، هێزوتوانا بەرهەم دێنن و لەم پێیەدا بۆ گەیاندنی ئۆکسیژن بە لەش، پێویستە سیپەلاک وەگەڕ بکەوێ. شەرەیانێکی ڕەگی ڕەش خوێنی پیسی بێ ئۆکسیژن لە گشت ئەندامەکانی لەشەوە، دەخاتە نێو لوولەی ڕاستی دڵەوە و لەو ڕێگاوە دەچێتە سکی ڕاستەوە و بە هۆی پۆمپی ئەو سکەوە دەچێتە شەرەیانی سیپەلاکی و دەچێتە سیپەلاکەکانەوە. پاش ئاڵوگۆڕی هەڵمیی (گازیی) وگرتنی ئۆکسیژن، دووبارە دەچێتە نێو دڵەوە. بەڵام ئەم خوێنە خاوێن و خاوەن ئۆکسیژنە، دەچێتە لوولەی چەپ و بەرەو سکی چەپ دەڕوا و درێژە بە کاری دەدا تا دەگاتە گشت ئەندامەکانی لەش. توند و شلی ئەم کارە شوێن لەسەر ئەندامەکانی تر دادەنێ کە بەشێوەی دژکردەوەی ئەء لێکراو (منفی) ڕێکوپێک دەکرێ.

سووتاندن ودروستکردن و دەرچوونی گازی ئۆکسیدوکەربۆن (oxidecarbon) و گەیاندنی ئۆکسیژن بەلەش و کاری تایبەتی گورچیلە و فڕێدانی مادەی زیادی لە ڕێگای میزەوە، بەشێکی تر لە کاری لەشە. ئەگەر گورچیلە کار نەکا، ئەم مادە زیادییانە دەچنەوە نێو خوێن و گورچیلە لەم کاتەدا و لەکاتی پساندنی پێوەندی



لەگەڵ مێشکدا تووشی نەخۆشی دەبێ. بەشێک لەکاری مێشک پێکهێنانی «هەرمون»ەکانە کە دەبنە هۆی دەستەبەرکردنی تێکۆشانی مرۆڤ. لەم پێیەدا زمانیش پەیڕەوی تێکۆشانی مێشکە.

پ) گەدە (میعدە) دامودەزگاکانی هاڕینی خواردەمەنی (The digestive system) لە ڕێگای مێشکەوە کاردەکا. خواردەمەنی لەدەمەوە بە هۆی لیکی تایبەتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و دەچێتە میعدە و لەڕێگای ڕیخۆڵە و خوێنەوە دەچێتە سپڵ (کەبەد) و لە ڕەگەکانەوە خوێن دەچێتە دڵ. خواردەمەنی کە بەهۆی ئاوفڕێدانی ئەسید هاڕدراوە، پاش ٢تا٣سەعات بۆ چوونە نێو ڕیخۆڵەی بچووک ئامادە دەبێ. لەش، بەشی بێ خەوشی خواردەمەنی هەڵدەمژێ و لە قاپوڕی خوێندا لە ڕێگای ڕەگەکانەوە وەک وتمان دەچێتە دڵ و پاش جموجۆڵی تایبەتی لە وێوە خوێن بەرەو ڕیشۆڵەکانی لەش دەڕوا. دیارە ئەو بەشەی خواردەمەنی کە لەدەمدا باش نەهاڕدراوە بە هۆی ئانزیمەکانەوە وردەبن و لەگەڵ کۆمەڵێک ئانزیم لە ڕێگای کیسەی (صفرا) وە دەچێتە نێو دوازدەگرێ و لەوێ لەگەڵ ئانزیمەکانی تردا پاشماوەی خواردەمەنییەکان وردتر دەکەن و بەرەو ڕیخۆڵەی بچووک بەڕێدەکەن و بەشە زیادییەکەی دەچێتە ڕیخۆڵەی گەورە و هەتا...

ت) ڕیخۆڵەی بچووک، بەشێکی گرینگ لە ڕیخۆڵەی باریکی دوازدەگرێ یە کە هەم ئاوفڕێدانی صەفرا و هەم ئاوفڕێدانی بادامی میعدە (لوزالمعدە)، دەچنە ئەم بەشەوە. هەربۆیە ئەم ئاو فڕێدانە و ئانزیمەکانی بادامی میعدە، دەبنە هۆی هەڵمژینی (حل) چەوری و...

ج) ڕیخۆڵەی گەورە، تەنیا بەرعۆدەی کاری ڕاکێشانی ئاوە و بە لەبەرچاوگرتنی نیازی لەش، ئاوی مادە زیادییەکان ڕادەکێشێ و دەیانخاتە نێو خوێن و ئەوانی تر بۆ فڕێدان بۆ دەرەوەی لەش ڕێنوێنی دەکرێن.

تێگەیشتنی گشتی لەم بەشە لە زانست بۆ ڕووناکبیر لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵناسەکان بە هێندێک جیاوازییەوە ئۆرگانیزمی لەشیان ـ کە

تێکەڵاوێکە لە چەند ئەندامی خاوەن پێوەندی بەگرێ و گۆڵ ـ لەگەڵ پێوەندی ئەندامەکانی کۆمەڵ و بەگشتی کۆمەڵ، وەک یەک داناوە و بەم شێوە لێکچوونەکانیان وەدەرخستووە:

ـ کۆمەڵ و گرووپی کۆمەڵایەتی، شێوەیەکی تایبەتی لە ئۆرگانیزم و بیۆلۆژیکن.

ـ لەبەر ئەوە کۆمەڵ خۆی لەشی گیانلەبەرە، قەبارە و ئەرکەکانی وەک ئۆرگانیزمی بیۆلۆژیکی وایە.

ـ کۆمەڵەکان بەو یاسایانەوە بەستراونەتەوە کە ئۆرگانیزمە بیۆلۆژیکییەکان هەڵدەسوڕێن.

ـ کۆمەڵناسیی زانستێکە پێویستە پێش هەمووشتێک، لەسەر بناخەی گیانلەبەرناسیی ڕاوەستێ. هەروەها «ئیسپێنسر» پێیوایە هەردووک ئۆرگانیزم(کۆمەڵایەتی و بیۆلۆژیکی) گەورەدەبن، لەماوەی گەورەبوونیاندا چەند پێوەندی دوولایەنە هەیە. هەردووکیان لەچەند یەکە، دروست بوون وەک سلۆل و تاکەکەس. پرژوبڵاوبوونی ئۆرگانیزمێک یان کۆمەڵێک بەواتای لەنێوچوونی ئەندامە پێکهێنەرەکان نییە. هردووکیان خاوەنی چەند سیستمی وەک سیستمی دابەشکردنن. لە هێندێک شتدا لێک جیاوازن:

ـ بەشەکانی لەشی گیانلەبەر پێکەوەلکاون، کەچی عونسورەکانی کۆمەڵ لێک جیاوازن.

ـ ئەندامەکانی ئۆرگانیزم پێکەوە قەرینە(symmetrik)ن و لەکۆمەڵ شتی وا نییە.

ـ لە لەشی مرۆڤدا، سیستمی دەماریی و شعور لە شوێنێک کۆبووەتەوە و لەکۆمەڵدا شعور پرژوبڵاوە.

چوارچێوەی فیزیۆلۆژیکی لەش لە بەرانبەر بنکەیەکی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵێکی بەگرێ وگۆڵدا دانراوە و ئەوەی بییەوێ سەرپەرستی بنکەیەکی کۆمەڵایەتی یان ڕێکخراوێک وئەستۆ بگرێ یان لایەنە جۆراوجۆرەکانی شیبکاتەوە، بەگشتی بەم نەختە زانینە و بگرە زیادتر لە باری لەشی مرۆڤەوە نیازی هەیە. وەک لە خوێندنەوەی بەشی سیبێرنەتیک دا دەبینین، مێشک لە لەشدا وەک دەزگای ڕێبەرایەتی و هەڵسوڕێنەری سیستمێک وایە. هەڵسوڕێنەر وەک مێشکی مرۆڤ دەبێ ڕەفتار بکا، هەروەک مێشک ئەرکی دیتنی بەچاو و بیستنی بەگوێ و چێژتنی بە دەم و ئاخاوتنی بەزمان داوە، ئەویش بە هەر کەسە دەبێ ئەرکێک بسپێرێ کە توانای ئەنجامدانی هەبێ.

٥) سیبێرنەتیک: بە واتای هونەری بەڕێوەبردن و ڕێبەرایەتی کردن یان سەرپەرستی کردن و هەڵسوڕانە. بنەڕەتی وشەکە یۆنانییە و لە وشەی«کیبێرنەتیک»ەوە وەرگیراوە.

سیبێرنەتیک زانستی هەڵسوڕانی چوارچێوە بەگرێ وگۆڵەدینامیکییەکانە. لەساڵی ١٩٤٨ی زایینی، زانایەکی ئامریکایی بەناوی«وینر»کتێبێکی بەم ناوە وبەواتای هەڵسوڕان و پێوەندی لە گیانلەبەران و مەکینەکاندا، بڵاوکردەوە و ئەم زانستە لە دایک بوو.

ئەم زانستە بنکە یان لەشێکی دیاریکراو ناخاتە بەر ڕێی تێکۆشانی خۆی و بەگشتی ئۆرگانیزمی لەشی زیندوو یان مەکینە و ئەرک و ڕێبەرایەتیان دەخاتە ژێر چاودێری و سەرنجی جیاوازیی نێوان ئەوانە نادا. یەک لایەن لەم ئۆرگانیزمەگشتییانە وەبەرچاودەگرێ و ئەویش ئەرکی هەڵسوڕان و هەڵسوڕاندنیانە. وەک هەندەسە کە کاری بە سروشتی تایبەتی جەستەڕاستەقینەکانەوە نییە و تەنیا سەرنجی تایبەتمەندی چەندین جەستەکان و درێژایی و پانایی و قووڵایی ئەوان دەدا.

ڕەوتی هەڵسوڕان بەتایبەت لەگەڵ ڕەوتی زانیاری یان ئەنفرماسیۆن لەزاراوە گرینگەکانی سیبێرنەتیکە و مەبەست ئەوەیە کە لە دەزگای ڕێبەرایەتییەوە، هێندێک فەرمان و نیشانە کە پێی دەڵێن:«زانیاریی هەڵسوڕێنەر»بەو دەزگایانەی کەوا لە ژێر دەستەڵات و ئیدارەکردن دان، بگا. بەپێچەوانە لەو دەزگایانەشەوە، پێویستە هەواڵەکان، نموونەکان و بەڵگەکان سەبارەت بە دۆخی ئەو چلۆنایەتییە و ڕەوتی بەئەنجامگەیاندنی زانیاریی هەڵسوڕێنەر یان بەڕێوەبەر بەدامودەزگا هەڵسوڕێنەرەکان یان ڕێبەرایەتی بگا.

ئەم زانیارییانە کە بە ڕێبەرایەتی دەگەن، بە یارمەتی زانیارییە ڕاگیراوەپێشووەکانی دەزگای ڕێبەرایەتی کە لەڕاستیدا بەرنامەن، دەستیان تێوەردەدرێ و شێوازیان دەگوڕدرێ و جێگای خۆیان لەگەڵ چەند زانیاریی فەرماندەریی نوێ، دەگۆڕنەوە. بەمجۆرە ناوەرۆکی ڕەوتی ڕێبەرایەتی کردن، بریتییە لە ڕەوتی ڕاگوێستن و ئاڵوگۆڕی شێوازی زانیارییەکان. لەبەر ئەمە دەتوانین سیبێرنەتیک وەک زانستی ڕاگوێستن و ئاڵوگۆڕی شێوازی زانیارییەکان بناسێنین.

سیبێرنەتیک زانستێکە کە ئالگوریتمە گشتییەکانی شێوازی گۆڕین و دەستێوەردان لە زانیارییەکان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و لەم ڕێگایەوە کە زانستە بووەتە بناخەی تیئۆریکی دەزگا خودکار و ژمێرەرە ئەلکترونیکییەکان و دەتوانێ ئەو مەسەلە وەرگیراوانە و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، چارەسەربکا. ئەم زانستە بابەتی گۆڕینەوەی زانیاریی، بابەتی هەڵسوڕانی بەرهەمی ئەم ئاڵوگۆڕەی زانیارییە. خاوەن گرینگییەکی گەورەی فەلسەفییە. یەکێک لە ئاکامەفەلسەفییەکانی دۆزینەوەی بەڵگەی نوێ لە سەر یەکبوونی جیهانی بێگیان و گیاندارە کە لە واندا ڕەوت و پرۆسەی ڕاگوێستن و دەستێوەردان و بەڕێوەبردن، پێکەوە و بە شێوەی هاوبەش هەیە. سیبێرنەتیک پەردەی لەسەر چەند زاراوەی ئیدەئالیستی وەک«ئامانج»، «هەڵسوڕان»، «شعور»، «هۆش» وهیتر، هەڵدایەوە و چلۆنایەتی ئەوان لە باری ڕاگوێستنی بەراوەژوو(متعاکس)ی زانیاریی، نیشاندەدا.

سیبێرنەتیک ئەو دەرەتانەی خولقاندووە کە ئەرکەکانی بیرکردنەوەی ئینسانی لە قاپوڕی ژمێرەرە ئەلکترونییەکان یان مێشکە ئەلکترونییەکاندا، وێنەی لێ هەڵبگیردرێ یان مودێلی لێدروست بکرێ. ئەم مودێلانە هێندێک لە ئەرکە بەگرێ و گۆڵەکانی مێشک کە بریتین لە وەرگرتن و ئاڵوگۆڕپێکهێنان لە شێوازی زانیاریی(کە بە پێی بەرنامە دیاریکراوەکان دەچێتە پێش)، بەئەنجام دەگەیەنن و بەمجۆرە تایبەتمەندیی مادیی بیرکردنەوە، بەکردەوە دەسەلمێنن.

مێشکی مرۆڤیش بریتییە لە مەکینەیەکی زۆر بە گرێ وگۆڵی سیبێرنەتیک. ماشێنە ساکارە ئەلکترونییەکان، بناخە و کاری مێشکی مرۆڤ ڕووندەکەنەوە و ئەمەش بەرهەمی خولقاندن و لێوەشاوەیی ئەم زانستە نوێیە.

درێژەی هەیە

## سەرچاوەکان:


١) العلم الفلسفی المختصر، دارالتقدم، مسکو، ١٩٨٦.

٢) فێرکردنی فەلسەفەی زانستیی، ئیحسان تەبەری، وەرگێڕانی د. حوسێنی خەلیقی، بەغدا ١٩٩٤.

٣) فەلسەفە وکۆمەڵ، نووسینی: د. حوسێنی خەلیقی، بەغدا ١٩٨٩.

٤) زمینەی جامعەشناسی، دکتر امیر حسین آریانپور، تاران ١٣٥٧ی هەتاوی.

٥) بناخەگشتییەکانی کۆمەڵناسیی، د. حوسێنی خەلیقی، سوێد ١٩٩٣.

٦) مێژووی کۆمەڵناسیی، د. ئەحەد زەڕفرۆشان، تەورێز ١٣٥٤ی هەتاوی. ■

# مافی ژن له كۆمه‌ڵی كورده‌واریدا

## باسێكی مێژوویی له سه‌ر مافی ژن له كوردستاندا

لێكۆڵینه‌وه و نووسینی: «ژیلا.ف» و «ته‌یفور»

**به‌شی یه‌كه‌م : به‌ر له مێژوو**

١- گرینگی دیاریكردنی ماف

٢- ژن، خودای ئینسانی سه‌ره‌تایی

٣- ژن، دامه‌زرێنه‌ر و بنه‌وانی كۆمه‌ڵی سه‌ره‌تایی

٤- ژن، كه‌سی دووه‌م

بۆ گه‌یشتن به نیشاندانی چۆییه‌تی ژیانی ئێستای ژن* له كورده‌واریدا و لێكۆڵینه‌وه‌ی ئه‌م چۆنیه‌تییه، ئاوردانه‌وه‌یه‌ك له‌مێژوو پێویسته هه‌تا بزانین مافی ژن له ره‌وتی مێژوودا و له "فۆرماسیۆن"ه جۆر به جۆره‌كاندا چ بووه و ره‌وتی گۆڕانی چۆن بووه و دیارده‌كانی له كۆمه‌ڵی ئه‌وڕۆدا چه‌نده به‌دی ده‌كرێ. هه‌روه‌ها له ده‌ورانی «ژن ـ خودا»ییه‌وه هه‌تا ئایینه‌كانی زه‌رده‌شتی وئیسلام وده‌سه‌ڵاته جۆربه‌جۆره‌كان ـ ته‌نیا ئه‌وانه‌ی كه پێوه‌ندی ڕاسته‌وخۆیان له‌گه‌ڵ كوردستان هه‌بووه یا هێشتاش هه‌ر ماویانه ـ چ شوێنه‌وارێكیان له سه‌ر مافی ژن له كۆمه‌ڵی ئێستای كورده‌واریدا به جێهێشتووه.

له‌م نووسراوه‌دا هه‌وڵ دراوه مافی ژن به پێ یاسا نووسراوه‌كان دیاری بكرێ و له‌و به‌شانه‌دا، به تایبه‌ت به‌شی به‌ر له مێژوو كه دێكومێنت نیه یا ده‌ست نه‌كه‌وتووه به پێ كۆمه‌ڵناسی به‌رابه‌ردانان (تطبیقی) وئه‌و داب و نه‌ریتانه كه نیشانده‌ری چۆنیه‌تی یاسای كۆمه‌ڵگای ئینسانین دیاری بكرێ.

**گرینگی دیاریكردنی ماف**

له ئه‌ده‌بی كوردیدا زۆركه‌س هه‌لومه‌رجی ژیانی ژنیان هێناوه‌ته به‌ر باس ولێكوڵینه‌وه. له‌مانه به‌شێك هه‌ر به به‌ژن وبالایاندا هه‌ڵگوتووه وژنیان وه‌كوو بووكه شووشه‌یه‌ك چاولێكردووه كه مافی دڵداری هه‌یه و بۆ خۆشه‌ویستی ده‌بێ. زۆر جارانیش بێ وه‌فایه! ئه‌مانه خۆیان له‌وه پاراستووه كه ژن له كاردا وله بنه‌ماڵه وكۆمه‌ڵدا ببینن. به‌شێكی دیكه پێیان وایه كه ژنی كورده‌واری ئازادی وسه‌ربه‌ستی له ژنی نه‌ته‌وه‌كانی دیكه زیاتره به‌ڵام له باسه‌كه‌یاندا ته‌نیا ئاماژه بۆ رواڵه‌تی پێوه‌ندیه‌كانی كۆمه‌ڵ ده‌كه‌ن بۆ وێنه جل وبه‌رگ، یا هاتووچووی نێو كۆڵانان، یاخۆ ژوان له كاتی بێری دا وهتد... ئه‌مانه‌ش به ئه‌نقه‌ست باسی مافه خوراوه‌كان ونایه‌كسانی ژن وپیاو له كورده‌واریدا له بیر ده‌كه‌ن. بۆ ئه‌مانه ـ به‌كرده‌وه ـ نایه‌كسانی شتێكی سروشتی وئاساییه.

به‌شێكی كه‌متر هه‌ن كه باسی چه‌وسانه‌وه وكزی ودامـاوی ژن له كورده‌واریدا ده‌كه‌ن، به‌ڵام هاوده‌ردییه‌كه‌یان له به‌زه‌یی پێدا هاتنه‌وه تێ ناپه‌ڕێ وناوێرن له‌وه به‌ولاوه‌تر بڕۆن. ئاكامی لێكۆڵینه‌وه‌كه‌یان ده‌بێته برێك مۆژیاری كردنی پیاوان كه له ئاستی ژن دا به ئه‌خلاق تر ودڵنه‌رمتر بن.



چه‌ند نووسراوه‌یه‌كیش كه به تایبه‌تی له سه‌ر بابه‌تی ژن نووسراون، پاش باسه گشتیه‌كان ده‌چنه سه‌ر باسی ژنی كورد، ئه‌مانه گه‌رچی برێك باسی كلـۆلی ژن له كۆمه‌ڵدا ده‌كه‌ن، به‌ڵام كه ده‌گه‌نه ژنی كورد زیاتر خۆیان به باسی ژنه هه‌ڵكه‌وتوه‌كانی كورده‌وه خه‌ریك ده‌كه‌ن و هوكاره كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان بنكۆڵ ناكه‌ن وخۆیان له كێشه ده‌پارێزن.

چه‌ند لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كیش قامكیان بۆ مافی نابه‌رانبه‌ر له قانوون و ئایین وكۆمه‌ڵدا راكێشاوه، وه‌ك باسه بێ وێنه‌كه‌ی «محی الدین مه‌عروف» سه‌باره‌ت به مافی ژن له ئیسلامدا، به‌ڵام به‌داخه‌وه به‌شه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كه‌ی ناته‌واوه.

له راستیدا، توێژینه‌وه و نیشاندان وله ئاكامدا سه‌لماندنی مافی یه‌كسانی ژن له كۆمه‌ڵدا پێویستی به لێكۆڵینه‌وه‌ی قووڵی كۆمه‌ڵایه‌تی ومێژوویی ویاسایی وسیاسی و... هه‌یه كه نه به‌یه‌ك لێكۆڵینه‌وه ده‌كرێ ونه كاری تاكه كه‌سییه. به تایبه‌ت ئه‌گه‌ر ژنان بۆ خۆیان ده‌ست پێشخه‌ر نه‌بن وكار وخه‌باتی بۆ نه‌كه‌ن، پیاو نه ده‌یه‌وێ ونه پێیده‌كرێ ئه‌و ئه‌ركه جێبه‌جێ بكا.

ئێمه پێمان وایه كه ته‌نیا یاسا، چ ئایینی، چ كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی یه كه ماف دیاری ده‌كا و به سه‌ر داب ونه‌ریت وئه‌خلاق وهتد ... دا زاڵه. بۆ وێنه ئه‌گه‌ر داب ونه‌ریت ئیزنی ژن به ژنه بدا به‌ڵام یاسا به‌رگری لێبكا، پاش ماوه‌یه‌ك ئه‌و دابه ده‌كه‌وێته‌وه. یا ئه‌گه‌ر یاسا به مێردداني كچی كه‌متر له هه‌ژده ساڵی قه‌ده‌غه كردبێ، با ئایینیش رێگا بدا پاش ماوه‌یه‌ك كچی منداڵ به مێرددان كه‌م ده‌بێته‌وه، هه‌روا كه له شاره‌كاندا به زۆربه‌یی وای لێهاتووه. هه‌روه‌ها هه‌ر ده‌سكه‌وتێكی كۆمه‌ڵایه‌تی، سیاسی تا یاسا به كرده‌وه پشتگری لێنه‌كا، نایه‌ته‌دی. گرینگ ئه‌وه‌یه هه‌موو ئه‌ندامانی كۆمه‌ڵ (لانیكه‌م توێژێك) ناچارن په‌یره‌وی یاسا بن. دیاره یاسا بۆ خۆی به‌رهه‌می چۆنییه‌تی پێوه‌ندییه‌كانی كۆمه‌ڵه و به‌پێی پێوانه وقۆناخی مێژوویی كۆمه‌ڵ و به له به‌رچاو گرتنی داب ونه‌ریت وئایین داده‌نرێ و، جگه له‌وه‌یكه چه‌نده به‌ڕێوه ده‌چێ، نیشانده‌ری مافی دیاریكراوه بۆ هه‌ر ئه‌ندامێكی كۆمه‌ڵ له كاتی ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و یاسایه‌دا، كه خۆی ده‌خه‌ری سیمای چاك وخراپی ئه‌و سه‌رده‌مه‌یه. به‌گشتی، له هه‌موو ←



ڤێنووسی لامبل ـ فەڕانسە (دەورانی بەردی کۆن)

شتێکدا ئەوە یاسایە کە سەرپشکە. بۆ وێنە ئەگەر ژنێک زوڵمی لێ بکرێ( بابی بیەوێ بە زۆر بە مێردی بدا، مێردەکەی مافی بخوا، یا...) ئاخرپەنا وپشتیوانی دادگایە، تەنیا کەرەسەی دادگاش یاسایە. جا ئەگەر یاسا بۆ خۆی لە سەر نایەکسانی بنیات نرابێ، زۆریی وزوڵمەکە بە ئاسانی وبە ئاسایی دەکرێ. تەنیا ڕێگای بەرگریش گۆڕدرانییەتی. خەباتیش ئەو کاتە بە ئاکام دەگا کە بتوانێ یاسای کۆن بگۆڕێ ویاسای تازە دابنێ.

**ژن،(دایک)** خودای ئینسانی سەرەتایی**

بەشی یەکەم کەلە ڕاستیدا پێشەکییە لە ئینسانی سەرەتاییەوە هەتا ئەو کاتە دەگرێتەوە کە پێی گوتراوە دەسپێکردنی مێژوو، یانی ئەو کاتە کە نووسین دەستی پێکردووە ویاساکان نووسراونەتەوە. واتە لەو کاتەوە کە ژن خودا بووە هەتا ئەو کاتەی کە بووەتە موڵکی بێ ئەم لاوئەولای پیاو. ئەم ڕەوتە بە سێ دەوران دابەش دەکەن، یانی لە مێژووی ئینساندا سێ بێچمی ژن ومێردایەتی هەیە، کە تا ڕادەیەک لە گەڵ سێ دەورانی سەرەکی گەشەکردنی کۆمەڵی ئینسانیدا ڕێکدەکەوێ. بۆ دەورانی کێوی بوون، ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ. بۆ دەورانی بەربەری، ژن ومێردایەتی یارگیری. بۆ ژیوەر( شارستانیەت) یەک هاوژینی کە زینا وفەحشاشی لەگەڵە. (بڕوانەسەچاوە، خاڵی ٣ ل ١١٣)

لە شوێنەوارەکانی ئەو ئینسانەی کە لە ئەشکەوت ژیاوە وبە کۆکردنەوەی خواردەمەنی و بژیوی خۆی پەیدا کردووە وتەنیا جیاوازی لە گەڵ گیانلەبەرانی دیکە ئەوەندە بووە کە لە سەر چۆنیەتی چێ بوون و گەڕانی دنیای دەور و بەری خۆی پرسیاری بۆ هاتووەتە گۆڕێ، ئاسەوارێکی ڕێنوێنی کەری گرینگ بە جێ ماوە ئەویش ئەو پەیکەرە چکۆلانەن کە لە هەموو دنیا لەگەڵ شوێنەواری ئینسانی بیست هەزارساڵ لەمەوبەردا ـ دەورانی بەردی کۆن ـ دۆزراوەتەوە وپێیان دەڵێن پەیکەرەی "دایکی مەزن".

یەکەم پەیکەرە لە باشووری ئۆتریش دیتراوە ونێویان ناوە « ڤێنووسی ویلندرۆف ». دواتر لە داوێنەکانی پیرنە هەتا سیبری و لە کوردوستانیشدا لە "سەراو"( ١٥ کیلومیتری کرماشان ) ـ ڤێنووسی سەراو ـ دۆزراوەتەوە. ( ١ ل ٦٨ ). ئەم پەیکەرانە لە گڵ یا لە بەرد یان لە ئێسک وعاج دروست کراون وهەموویان یەک تایبەتییان هەیە. مەمک ونشیمەن وزک وشەرمگای پەیکەرەکان زۆر گەورە نیشاندراوە کە مەبەستێکی ڕەمزی تێدایە. لێکۆڵەرەوان بە گشتی وای بۆ دەچن کە ژن خۆی لە خۆیدا بۆ ئینسانی ئەوسەردەمە ـ چ ژن چ پیاو ـ گیاندارێکی سەرنج ڕاکێش وسەیر بووە. کاتێک دنیا پڕە لە ڕاز وپرسیار، ژن پرسیاری هەرە گەورەی ئینسانە، ئینسانێک کە میکانیسمی زگ پڕ بوونی ژن نازانێ، منداڵدار بوونی ژن بۆ ئەو رازێکی گەورەیە، چوونکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی ئینسانێکیتر. " ئینسانی تێکەڵاو لەگەڵ سروشت، ئینسانێک کە بۆ دۆزینەوەی بژیوی ڕۆژانە لەگەڵ هەموو جۆرە مەترسییەک بەرەو ڕوو بووە، دەیدیت کە بە ئاسانی لە مەمکی ژنەوە شیر دەتکێ ومنداڵ دەیمژێ وگەورە دەبێ. مێ وەکوو بنەوانی خواردنی بەردەست دەبیندرا. ئینسان شاهیدی ئەوەبوو کە مێ یەکێکی وەک خۆی دەزێنێ، کەوابوو ژن زێنەرە. ئەو دەسپێکەری ژیانە. ئینسان لە ئەوەوە دەست پێدەکا... زایینی منداڵ وەکوو زەوینە کە بەرەکەت دەدا، ریشەی تێدا سەوز دەبێ، بەر دەدا، ئەو سەرچاوکەی شیرە، جۆگەیەک شیر لە لەشی دایە. کەوابوو ژن خودای شیرە، ژن خودای ئاوە چوونکە هەموو ئاوەکانی دنیا لە سینگی دایکی زەوییەوە هەڵقوڵیوە". (٣ ل ٣٣)

کاتێک بیرکەینەوە کە خواردن گەورەترین وگرینگترین شتی ئینسانی ئەوسەردەمەیە تێدەگەین مەمکی دایک کە چاوگەیەکی شیری تێدایە، چ ڕەمزێکی گەورەیە. هەروەها پاڵپشت بوون وپاراستنی منداڵ هەتا وەسەرپێ دەکەوێ و زۆر شتی دیکە کە دەبنە هۆی ئەوە کە ئینسان پێی وابێ ڕۆحیانەتێکی زۆر گەورەتر لەو ژنەی کەدەی بینێ ئەو توانایییە دەدا بەو ژنە وئەوە **"دایکی دایکانە"** و بەگریمانەیەکی تەواوەوە دەتوانین بڵێین ئەو پەیکەرانە ژنان بۆخۆیان دروستییان کردووە و خۆشیان پەرستوویانە. ئەمە سەرەتای پەیدا بوونی خوداکانە کە یەکەمیان «ژن خودا»یە. "بە گشتی ڕەنگە بتوانین بڵێین پەیکەرە بێ دەم وچاوەکان کە لە دایکی مەزن (ڤێنووسەکان ) چێ کراون ژن خوداکانن کەبە نێو خودای بارداری وهەڵگری منداڵ لە سەرانسەری دنیادا هەبوون و وەکوو نیشانەیەکی ئایینی نەتەنیا بۆ ژنان بەڵکوو بۆ پیاوانیش یەکەم ڕەمزی زاوزێ، چێکەری، پەناگا، خۆراکدەر وپەنادەر بووە." ( ١ ل ٣٧ )

ئەگەر زانیمان کە پرسیارە ولام نەدراوەکان مەفهومی خودایان لە مێشکی ئینساندا دروست کردووە، ئەوە دەزانین کە زایینی ژن، پەیدا بوونی منداڵ، زایینی زەوی وشین بوونی گیا وگوڵ کردن وبەرهەم دان. زایینی چاوکە لە خاک، زایینەوەی ساڵ بەساڵ و... هەموو زایینەکان دەبێ سەرچاوەیەکیان هەبێ! ئەوە دایکی هەموانە! "دایکی مەزن".

کۆمەڵی رووت وقوتی ئەو دەورانە هیچ شتێکی وای نەبووە کە خاوەنیەتی پێوە بێ جگە لە منداڵ، کە ژن بەدنیای هێناوە، خۆی بەخێوی کردووە وخۆی پاراستوویەتی. کە وابوو خاوەنیشی خۆی بووە، نەک باب. لە ڕاستیدا بابی منداڵ بە تەواوی دیار نەبووە، چوونکە ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ بووە. هەرکەس یا بڵێین هەر ژنێک بۆ خۆی دیاری کردووە کە دەیەوێ لەگەڵ کێ بێ، یا لەگەڵ چەند کەس بێ، یا چەندە لەگەڵی بژی.

زانایان بە پێ کۆمەڵناسیی بەرانبەردانان بەو ئاکامە گەیشتوون کە لە کۆمەڵی سەرەتایی( دەورانی بەردی کۆن) دا هیچ چەشنە بنەماڵەیەک بە مانای ئەوڕۆیی نەبووە. کۆمەڵ هەموو پێکەوە یەک بنەماڵە بوون وهیچ

سنورێک بۆ تێکەڵبوونی ژن ومێرد نەبووە. بۆ سەرنجدانی ئەم باسە پێش هەمـوو شتێک دەبێ ئەو تێبینیـەی ئینگێلس مان لەبیربێ کە دەڵێ: " هێندێ لە ئایینەکان بە یاسای خۆیانەوە جۆرە بۆچوونێکیان لە مێشکی ئێمەدا پێک هێناوە کە هەمـووشتێک جگە لەوە بە خراب دەزانین. بەڵام هەتا ئەو کـاتەی کـە هەڵومـەرجی سـەرەتایی لە پشت چاویلکەی هەرزەکـاریی( فـەحـشـا ) وە تەواشـا بکەین تێگەیشـتنی بەتەواوی نا مومکین دەبێ. (٣ ل ٥٨)

لێکۆڵینەوەکانی " مۆرگـان "زانای ئامریکایی یەکێک لە بنەرەتەکانی ناسینی پێوەندیەکانی کۆمەڵی سەرەتاییە. مۆرگان لەم بارەدا دەڵێ: " لە رۆژگاری کۆندا پێوەندی جینسی ئینسان لە ناو هۆزدا بە هیچ یاسایێکەوە بەند نەبووە وبەگشتی هەر ژنێک بۆ هەر پیاوێک وهەر پیاوێک بۆ هەر ژنێک دەبوو. مـەبەست لەم قـسـە ئەوەیە کـە ئەو بۆچوون وسنوورانە کـە ئەورۆ یا لە دەورەی پێش ئێمەدا بۆ پێوەندی جینسی ئینسـان دانراوە لە سـەرەتادا نەبووە. بۆ وێنە بیری زینا لەگـەڵ مـەحرەمـان نەبووە، چوونکە نەتەنیا لە دەورانی سـەرەتاییدا برا وخۆشک پێکەوە جووت دەبوون بەڵکوو ئێسـتاش لە ناو برێک لە تایفەکانی ئالاسکا، ئامریکای باکووری وشیلی وهیندوسـتـاندا پێـوەندی جـینسـی لە نێـوان باب ودایک ومنداڵدا ئیـزن دراوە".

وەک دەزانین ئێستاش سنووری " مەحرەم " لە ئایینەکانی جۆر بەجۆردا جیـاوازە، بۆوێنە لە ئیـسـلامـدا ئامۆزا وپورزا و... ئەوەی بە چوار پشت دەگەنە یەکتر دەتوانن ببن بە ژن ومێرد کە چی لە ئایینی مەسیحیدا بۆ یەک نابن. ئەمـە لە خـۆیدا بۆ چوونی جیـاواز سەبارەت بە سنووری " زینا " و فـەحشا دروست دەکا. ئەگەر ئێمە بیر لە چیرۆکی باوە ئادەم ودایەحەواش بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئینسـان زیاد بکا هیـچ رێگایەک جگە لەوە کە برا و خـۆشـک ببن بە ژن ومـێـرد نەبووە. لە "تەورات" دا کـاتێک کـە باسی دەورانی کـۆن دەکرێ برا و خۆشک توانیویانە ببن بە ژن و مێرد، یان کچ لەگـەڵ باب دەنوێ. کـە چی دواتر لە "دە فـەرمـان"دا ئەم کـارە بەرگری لێ کراوە. گەرچی نووسینەوەی تەورات بۆ خۆی لە باری مێژوویییەوە دەکەوێتە دەورانی باوک سالاری بەڵام خۆ بە خۆ ئەو رەوتە کۆمـەڵایەتییـە نیشـان دەدا.

لە چیـرۆکی ئەبی مـەلیک دا، ئیبـراهیم بۆ ئەوەی خـۆی لە مـەترسی بپـارێزێ و لەبەر جوانی ژنەکـەی نەیکوژن، ژنەکـەی بە خـۆشـکی خـۆی لە قەڵەم دەدا(سەفەری پەیدا بوون بەشی بیستەم ئایەی ١١ تا ١٣) کە ئەم کارە لە چیرۆکی فیرعونیشدا دەکرێ(سەفەری پەیدابوون بەشیبیستەم، ئایەی ١١ تا ٢٠). دواتر دەبینین کە ژنەکەی "سارا" خۆشکییەتی بەڵام خۆشکی حەق نییە، ئەمە دەردەخا کە ژن و مێردی برا و خۆشک(ئەگەر لە یەک باب و دایک نەبوبێتن تەنیـا دایکیـان یەک بووبێ) بەرگری کـراو نەبووە.

« ئیبراهیم گوتی وەمزانی لەخودا ترسێک لەم جێگادا نییە و من لە بەر ژنەکەم [ بۆ ئەوەی ژنەکەم لێ بستێنن]دەکوژن* لەراستیدا ئەو خۆشکی منە بەڵام کچی بابم نییە، کچی دایکمە و بووەتە ژنی من*.

کچەکانی لوط لەگەڵ بابیان نزیکی دەکەن و منداڵیان لێ دەبێ.

«"لوط" لە "صوغر" هاتە دەرێ و لەگەڵ دوو کچەکەی لە کێو نیشتەجێ بوو. چوونکە دەترسا لە صـوغـر دا بمێنێـتـەوە، لەگـەڵ دوو کـچـەکـەی لە ئەشکەوتێک دەبوون* کچە گەورەکەی گوتی بابمان پیر بووە و پیاو لە سەر زەوی نەماوە کە بە پێی رەوتی ئاسایی دنیا لەگەڵ ئێمە جووت ببێ* وەرە هەتا شـەراب بدەین بە بابمان و لەگـەڵی بنووین هەتا بەرەیەک لە بابی خۆمان راگرین* هەر لەو شەوەدا شەرابیان بە بابیـان دا و کچە گەورەکە هات لەگەڵ بابی خۆی نووست. بابی لە نووستن و هەستانی ئەو بەخەبەر



پەیکەرەی«دایکی مەزن»دروستکراو لە گڵی سوور

نەهات* رۆژی دووەم کچە گەورەکە بەکچە چکۆڵەکەی گوت کە من دوێنێ شـەو لەگـەڵ بابم نووسـتم وەرە بـا ئەو شـەویش شـەرابی بدەینێ و ئەتۆ لەگەڵی بنوو هەتا بەرەیەک لە بابمان راگرین* ئەو شەوەش شەرابیان دایە بابیـان و کـچـە چکۆڵیش لەگـەڵی نووست و باب ئاگـای لە نووستن و هەستانی نەبوو* دوایە هەر دوو کچەکە زگیان پڕ بوو* گەورەکە کوڕێکی بوو نێویان نا موئاب و ئەوە هەتا ئێستاش بابە گەورەی موئابییانە* کچە چکۆڵەکـەش کـوڕێکی بوو کـە ناویان نا بنی عـەمی وئەو بابی بنی عەممییەکانە*(سەفەری پەیدابوون بەشی ١٩ ئایەی٣٠ تا٣٨)

بە پێی ئەم چیرۆکە کە دەڵێ کەس لە سەر زەوی نەمابووەوە و ئەوەیکە هەر دوو کچەکەش منداڵەکەیان کوڕ بووە، دیارە بۆ زیاد بوونی جەماوەر، کچیش پێویستە. کە وابوو دەبێ یا دووبارە لەگەڵ بابیان نووستبێتن یا راوەستابن هەتا کوڕەکانیان گەورە دەبن و لە ئەوان بووبێتنە خاوەن کچ. دیارە لەوەودواش خـۆشک و برا یا خـۆ دایک و منداڵ دەبێ ببن بە ژن و مێرد.

کە وابوو بنەمـاڵە بە درێژایی تەمـەنی ئینسـان بێچـمی جۆربەجـۆری هەبووە کـە لەگـەڵ سـیـمـای ئەورۆیدا جیـاوازی زۆرە. هەروەها ئەو سنوورانەی کە دواتر بە هۆی راهاتنەوە بە سەر کۆمەڵدا سەپێندراوە لەو رۆژگارەدا نەبووە. بەڵام مانای ئەم وتەیە ئەوە نییە کە بەکردەوە، تێکەڵ پێکەڵی زاڵ بووە، بەڵکوو پێوەندی ژن ومێرد ماوەی دیاریکراوی هەبووە و تەنانەت زۆربەی پێوەندییە گروپییەکانیش ماوەیەکی خایاندووە.

لە هیچکام لەسیماکانی بنەماڵەی گروپیدا بە دروستی نازانرێ کەبابی فلانە منداڵ کێیە، بەڵام دایکی دیارە. دایک هەمـوو منداڵەکانی خۆی بە بنەماڵەی هاوبەش دەزانێ.

کە وابوو لە کۆمەڵی سەرەتاییدا دەسەڵات وخاوەنییەتییەک ئەگەر هەیە بەدەست ژنەوەیە و بۆ ئەو ئینسـانە خـودایەکـیش کـە ژیانی بە دەسـتـە وسروشت دەژێنێتەوە هەرلە بێچمی ژن دایە.

شوێنەواری دەورانی ئەشکەوت نشینی بە زۆربەیی لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە. دۆزرانەوەی پەیکەرەی «ڤێنووسی سەراو» نیشاندەدا کە لەم خاکەشدا خودای مرۆڤ "دایکی مەزن" هەبووە. دواتر لە دەورانی مێژووییدا دەبینین کە نێوی چند ژن خودای پەرستراو لە کوردستاندا کە هێشتا بە تەواوی لەبیر نەچووبوونەتەوە لە بەردەنووسەکاندا هاتووە.

**ژن، دامەزرێنەر وبنەوانی کۆمەڵی سەرەتایی**

وێژەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: "وەجاخت نەکوژێتەوە". وەجاخ بە مانای ئاورگە، بەڵام لەم وتەیەدا بەمانای منداڵە ـ زۆر جاریش بە مانای کوڕ بە کاری دەبەن. ئەو ئاورگەی کە ئەگەر کوژرایەوە هەڵکردنی دژوارە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە کە شەمچەو نەوت نەبوو وئاور هەڵکردن بە بەردی چەخماخ وپیفک[ قرۆڵە پرتووکاوی دارەگوێز]کارێکی گەلێک دژواربووە. بۆیە ئەو دەم ئینسان نەیدەهێشت ئاورگەکەی بکوژێتەوە ودایە دەبووا کەسێک ئاگاداری لێبکا وسووتەمەنی لێ زیاد کا وئاورەکە بەردەوام بایسێ. لە سەرەتادا ژنان بەرپرسی ئەو کارە بوون. ئاورگ ناوەندی کۆ بوونەوە بووە و ژن خاوەنی ئەو ئاورگەبووە. بۆیەبڕیاریش بە دەست ئەو بووە. لەدەورانی کشتوکاڵدا کە ژنان بە کاری مەزراوە خەریک بوون ئەو ئەرکە دراوە بە منداڵان، بۆیە ئەگەر کەسێک منداڵی هەبوو، دەڵێن: "وەجاخی ڕۆشنە وناکوژێتەوە." لە کۆمەڵی گەورەتردا ئاورگی گشتی هەبوو کە نە دەکوژایەوە وخەڵک لەوێ ئاوریان دێنا وبەرپرسی دەبوو بە پیاوی ئایینی. بەڵام پێش ئەوە با بزانین ژن لە دامەزرانی کۆمەڵ و بنەماڵەدا چ دەورێکی هەبووە.

لەگەڵ پاشەکشە کردنی سەرما لە ئاخرسەهۆڵ بەندانی، دەورانی چوارەمی زەوین ئاسیدا، گەلە ئینسانەکان دابەزینە ناو پێدەشتەکان وکشتوکاڵی سەرەتایی دەستی پێکرد. "ژن خودا" لەم دەورانەدا گرێ درا بە زەوییەوە، چوونکە ژن بوو کە دەستی بە وەرزێڕی کرد.

ژن بە هۆی مانەوەی زیاتر لە جێگایەک سا لەبەر دووگیانی یا لەبەر ڕاگرتنی منداڵی ساوا زۆرتر لە دەوروبەری دەڕوانی وژماردنی کاتی دەزانی وکشتو کاڵی بە هۆی ئەم زانینەوە دەست پێدەکرد. ژن خاوەنی بەرهەمی کشتوکاڵی سەرەتایی بووە. لەبەر گەڕۆک بوونی پیاو، ژن بڕیاری ژن ومێردایەتی داوە وپیاوی هەڵبژاردووە. تەواوی دیاردەکانی ئایینی وپەرستن ونیایشەکان بە دەوری ژن خودایەکدا سووڕاوەتەوە. کە خودای بەرەکەت وبەرهەمی زەوی بووە. ئەو پارێزەری ئاورگی مەزن بووە هەتا منداڵان سەرمایان نەبێ.

خانوو چێکردن بە ئەستۆی ژنانەوە بووە چوونکە بۆخۆیان و منداڵەکانیان سەر پەنایان پێویست بووە. ژنان داهێنەری جلوبەرگ ودروومان وگڵێنەکاری و... بوون. ئینسانی وەرزێڕ ئینسانی نیشتەجێ یە و لە گەڕۆکی دەرهاتووە، بنەماڵە وهۆزی پێک هێناوە و بێگومان سەرۆکی ئەم بنەماڵەیە ژنە کە دایکی منداڵەکانە، بەرهەم هێنەرە وخاوەنی بەرهەمی خۆیەتی. لەم کۆمەڵەدا گەرچی هەموو مافی بەرانبەریان هەیە، بەڵام بڕیار وفەرمان بەدەست دایکە.

لەناو هۆزەکانی شوانکارییشدا ژن دەسەڵاتی ماڵداریی هەبووە، دەکرێ بڵێین ژن بووە کە یەکەم جار ئاژەڵی لینی[ماڵی] کردووە. گەرچی پیاوە کە شوانی دەکا بەڵام بەرهەم وەرگرتن لە ئاژەڵ بەدەست ژنانەوەیە. شیر دۆشین، ماست وپەنیر هەوین کردن، خوری ڕستن وچێشت لێنان و... ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی سەرۆک بوونی ژن لە کۆمەڵی ئاژەڵداری سەرەتاییدا.

ئەو کۆمەڵناسانەی کە بەپێی کۆمەڵناسیی بەرانبەردانان لەکۆمەڵی وەرزێڕیی ئەورۆیی ـ بەجێماو لە دەورانی بەردی نوێ ـ یان کۆڵیوەتەوە ڕایان گەیاندووە کە ئەو کۆمەڵانەی لە دوورگەکانی ئوقیانووسی ئارام وئامریکای باشووری و بەشێک لە دوورگە تازە ناسراوەکانی ئامریکای ناوەندی وشوێنە تەریک ماوەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هەروەها نێپاڵ و هۆزە لێرەوارنشینەکانی فیلیپین دا، دادەنیشن هێشتا لە ژێر سیستمی کۆمەڵایەتی دایک سالاریدا دەژین. لە سیستمی ناوبراودا پیاوەکان دەگوێزرێنەوە گوند یا ماڵی ژنەکان. جیابوونەوە بە دەستی ژنە و منداڵ لە هەموو حاڵێکدا لە لای دایک دەژی. ئەگەر منداڵ کوڕ بێ پاش گەورە بوون بە دووی ژندا دەچێتە گوندێکی دیکە. پیاو بێ ئیزنی ژنەکەی مافی هیچ جۆرە سەودایەکی لەگەڵ کەس نیە... ژنان لە کشتوکاڵدا ـ بەپێی هێندێ باوەڕی کۆن ـ کەڵک لە پیاوان وەرناگرن. تەنیا لە جێژنی خەرماندا حەوتوویەک دێنە سەر مەزرا و لە گەڵ ژنان جێژن دەگرن. لەم جێژنانەدا پیاوان دەتوانن لەگەڵ ژنانی دیکەش نزیکی بکەن. پیاوان زیاتر کاریان ڕاوە ماسی وبەرگری لە هۆزەکەیان لەکاتی هێرشی دوژمن دایە.سەرۆکی هۆز بە تەمەنترین ژنی ئەو هۆزەیە وشوورایەک لە نوێنەرانی بنەماڵەکان سەرپەرستی هۆز دەکا. زەوی موڵکی هۆزە وتەنیا ژنان دەتوانن بۆ کشتوکاڵ وەریگرن. پشتی منداڵ دایکیەتی ولە دایکیەوە میراتی پێ دەگا. (کورتکراوە، ١ ل ٥٧،٥٦)


لە کۆمەڵی نیشتەجێ و وەرزێڕیدا سنووری ژن و مێردی لە گەڵ خزم بەرە بەرە فراوانتر دەبێتەوە. بە بڕوای مۆرگان دوای ئەوە کە بنەماڵەی هاوخوێن دروست دەبێ، تەنیا ژن و مێردایەتی بەرەی پێشوو و بەرەی دواتر بەرگری لێ دەکرێ یانێ دایک و باب و منداڵەکانیان. دواتر لە تایفەی هاوبەش Panaluenne دا ژن ومێردایەتی برا وخوشکیش قەدەغە دەکرێ.

لە کۆتاییدا مۆرگان باسەکەی بەو ئاکامە دەگەیەنێ کە بازنەی ژن ومێردایەتی کەلە سەرەتادا هەمووخێڵەکەی دەگرتەوە وهەموو ژن ومێردێک دەیانتوانی پێکەوە بن، لە بەرێکەوە چکۆڵەتربۆوە، لە پێشدا خزمی نزیک وپاشان دوورتر ودوورتر لە ژن ومێردی بێوەری بوون تا ئەو ڕادەی کە ژن و مێردی بە کۆمەڵ ئیمکانی نەما. لە ئاکامی ژن ومێردایەتی ئەندامانی ئەوخێڵە کە هاو خوێن نین چ لە باری چەندێتییەوە وچ لەباری چۆنێتییەوە ڕەگەزێکی تازە پێکهات. مێشکە تازەکان لە باری ئامادەیی و هێزی ئەقڵ وبیر کردنەوە تارادەیەکی زۆر لە بابەکانیان بە تواناتربوون. ( ٥ ل ٣٠ ، ٣١ )

هەرچی کشتوکاڵ پەرەی دەستاند وبەرهەم زیادی دەکرد، لە گرینگی ڕاو وشەڕکەم دەبۆوە پیاوان زیاتر نیشتەجێ دەبوون وزیاتر لە مەزرادا یارمەتی ژنیان دەدا مانەوەی پیاو لە هۆزدا بووبەهۆی ئەوە کە بەرە بەرە دەسەڵاتی زیاتر بێ و جێگای دایک بگرێتەوە. هەتا دەورانی دەسەڵاتی دایک بە سەر بنەماڵەیەک دا کە بۆ خۆی پێکی هێنابوو، کۆتایی پێهات.

کۆمەڵی کوردەواری یەکێک لەو کومەڵە کۆنانەیە کە هەموو دەورانەکانی سەرەتایی بە تاقی کردۆتەوە. هەر وەک دەزانین ئاخر دۆزینەوەکان نیشاندەدەن کە یەکەم کشت وکاڵی ئینسان لە گوندی « چەرمۆ »بووە. " گوندی چەرمۆ لە دۆڵی چەمچەماڵ ڕەنگە کۆنترین ئاوەدانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەراست بێ کە بە پێی دۆزینەوەی گرووپی لێکوڵەرەوەی زانستگای شیکاگۆ یەکێک لەو ناوەندانە بووە کە بۆ یەکەمجار گەنم وجۆ وگەنمەشامی تێدا داچێندراوە". (٤ ل ٢٢)

وەک دەزانین، لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە سەر ڕۆژگاری کۆن لە کوردستان دا زۆر کەم کراوە بەڵام لە دەور و بەر کە دەتوانین بڵێین جیاوازییان لە گەڵ کوردستان کەم بووە ، یا تێکەڵاوی کۆمەڵایەتییان زۆر بووە لێکۆڵینەوە هەیە و نیشان دەدا کە دەورانی دایک سالاری لە ئەم ناوچەدا بە بەربڵاوی هەبووە. " لە بەهاری ١٩٤٩ دا کەوناراناسان بۆ یەکەم جار لە ⬅



ڤینووسی«سەراو» ـ کرمانشان

هەڵکۆڵینەکانی ئەشکەوتی « تەنگ بیدە » کە لە کێوەکانی بەختیاریدایە ئاسەواری ئینسانی پێش مێژوویان دیتەوە ولەسەرئەساسی ئەم ئاسەوارانە پلەو جێگای ژنیان لە کۆمەڵی ئەوێدا ئاوا ڕاگەیاند.

"لەو کۆمەڵە سەرەتاییەدا ئەرکی تایبەتی بەئەستۆی ژنانەوە بووە. ژن جگە لەوەی کە پارێزەری ئاور ورەنگە چێکەری گلێنە بووە دەبووا داردەستێک بە دەستەوە بگرێ و لە ریشە گیای خواردنی بگەڕێ ومیوە کۆکاتەوە. ئاسینی وەرزی سەوزبوونیان و دان گرتنیان بە تاقی بکاتەوە وئەمە ئەوی بەرەو چۆنیەتی ڕوانی ڕوەک ڕێنوێنی کرد. یەکەم هەوڵدانی ژن بۆ کشتوکاڵ لە زەوییە لەبارەکاندا دەورانی بەردی کۆنی کۆتایی پێهێنا... ژن کارەکانی هۆزی ئیدارە دەکرد وگەیشتە پلەی سەرۆکی ئایینی. پشت بە ژن دەگەیشت چوونکە خوێنی پاکی هۆزلە لەشی ئەودا بوو." ( ١ ل ٨٣)

بڕێک لە دیاردەکانی ئەو سەردەمە ئێستاش هەر بە جێ ماون، ئەمە بەو مانایە نییە کە ژن ئێستاش خاوەن دەسەڵاتە، یا دەسەڵاتی لە ژنی کۆمەڵانی دیکە زیاترە، ئەم جۆرە دیاردانە لە هەموو کۆمەڵیکدا هەیە و بە پێی ئەوانە لە ڕابردوو دەگەین. بۆ وێنە "..دەزانین هەتا ئەورۆش لەنێو کوردەواریدا نەریتێک هەیە کە بە پێی ئەوە کوڕی ئازا و کچی جوان نێوی دایکیان هەڵدەگرن نەک نێوی باوکیان. وەک خولە پیزە، عسەی ئامە و حەسەنی ئامێ ( کە گۆرانی بێژێکی بەنێوبانگ بووە ولە١٨١٢ەوە تا ١٨٨٠ژیاوە) هتد.. جا ئەمە وەنەبێ هەر ئەورۆ وابێ بەڵکوو شوێنەواری ئەمە لە کۆنترین چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی کوردا دەبینرێ. وەک چیرۆکی « کارۆ سلێفێ » جا ئایا ئەم رامانە میتۆلۆژیاییە بەرانبەر ژن و ئەم ئازادییە خۆرسکییە ڕێژەیی(نسبی) یەی کەژن لە کۆمەڵگەی کورددا هەیەتی پتر لە ئازادی ژنی عەرەب وفارس وتورک. پاشماوەی کۆمەڵگایەکی ژن فەرمانی کۆنە و لە کوردوستاندا وەک ئەز بۆی دەچم یا شتێکی دیبە." ( ٦ ل ٢١،٢٠)

لە کوردەواریدا بەو پارەی کە بۆکچ دەیدەن وشەی " شیربایی " بەکاردەبەن واتە بابەتی ئەو شیرەی کە دایک پێی داوە ئەم دابە ـ جگە لە باسی کڕین و فرۆشتنی کچ کە دواتر هاتووەتە گۆڕێ ـ نیشانەی ئەو مافەیە کەدایک بەسەر منداڵەوە هەیبووە.

«رەشاد میران» نەریتێک لە«فەرەیدون قەرەداغی» یەوە دەگێڕێتەوە کە دیاردەی دەسەڵاتداری ژنە لە رۆژگارانی دوور لە کۆمەڵدا. " لەساڵانی کەم بارانی لە سلێمانی وقەرەداغ دا یاری « شەڕە گاگەل» یش دەکەن. گوایە ئافرەتی گوندێک گارانی گوندێکی تر دەدزن و ئافرەتانی ئەم گوندەی دواییش هەڵمەت دێن بۆ ئەوەی گارانەکە بستێننەوە ولە نێوان ئافرەتانی هەردوو گوندەکەدا شەڕ دەقەومێ. جاری وادەبێ کە لەم شەڕەدا دەست وقاچ دەشکێن وتەنانەت مردووش دەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا پیاو دەست ناخەنە ناو ئەم یاریە « ژنانە » یە وئەمان تەنیا تەماشاکەر دەبن. (٧ ل ٨٢ )

لەو سەردەمەدا بڕێک لە هۆزەکان ژنیان زۆرتر تێدا کۆبووەتەوە وچوونکە بڕیار بە دەست ژنانەوە بووە نەکراوە بەئاسایی خوازبێنییان لێبکرێ. بۆیە جاروبار پیاوان ـ لەو هۆزانەوە کە پیاویان زۆرتربووە ـ هێرشیان بۆ کۆمەڵی ژنان بردووە وژنیان لێ ڕفاندوون. ئەم ژن ڕفاندنە لەوەدوا وەکوو بیرەوەرییەک لە کۆمەڵدا ماوەتەوە و بووەتە سەرچاوەی هێندێ داب ونەریت. لەناو تورکمەنەکاندا زاوا ڕۆژی زەماوەند دەبێ لەگەڵ برازاواکانیدا بڕۆن بووک بەزۆر لە دەست بنەماڵەی بووک دەربێنن. کەزۆر جارئەم نەریتە سیمبۆلیکە دەبێتە شەڕێکی ڕاستی وسەرو گوێلاکی یەکتر دەشکێنن. لە کوردەواریشدا لە دووی ژن چوون وبەرگری کردن لە بردنی بووک و دانانی جێگای دیاریکراو بۆ دەست لە دەست نانی بووک وزاوا وهێندێ مرومشت کەزیاتر وەکوو شانۆگەری دەچوو تا ئەم دوواییانە هەر مابوو. ژن هەڵگرتنیش کە هەر هەبووە وهەر ماوە.

ئەمانە و دەیان وێنەی دیکە نیشاندەری ئەوەن کە کۆمەڵی کوردەواریش هەموو ئەو قۆناخانەی کە باسمان کرد تێ پەڕاندوە وهەموو کاتێک ژن کلۆلی دەستی پیاو نەبووە.

**ژن، کەسی دووەم**

ورد بوونەوەیەکی ساکار لە کۆمەڵانی ئەورۆ بە تایبەت کۆمەڵی کوردەواری و ئەو کۆمەڵانە کە لەو ئاستە لە پێشکەوتن دان دەردەخا کە جیاوازی نێوان پیاو و ژن تا چ رادەیەکە ونابەرانبەری لە نێوان ئەم دوو ئینسانەدا چەندە زۆرە. دیارە ئەم جیاوازییە لە بنەماڵەی جۆر بەجۆردا وەک یەک نییە. بە پێی ئەوەیکە بنەماڵەیەک لە چ ئاستێکی کۆمەلایەتیدا بێ و لە چ چین وتوێژێک بێ و ماڵ ودارایی چەند بێ،جیاوازی دەسەلاتی پیاو و ژن دەگۆڕدرێ. *هەرچی دەسەلاتی پیاوەکە لە کۆمەڵدا زۆرتر بێ لە ماڵیشدا زۆرترە. هەرچی ژن لەکاری بەرهەمهێناندا زیاتر بەشداربێ دەسەلاتی لە بنەماڵەشدا زیاترە.* ژنە دەرەبەگێک گەرچی لە ژنە جوتیرێک بە دەسەلاتتر دێتە بەرچاو، بەلام ئەوە دەسەلاتە چینایەتییەکەیەتی دەنا لە ماڵی خۆیدا و لە بڕیاردان لەسەرماڵ وموڵکدا، بەو رادەیە نییە کە ژنە جوتیرێک مافی لە ناوماڵدا هەیە ودەتوانێ لە بڕیارەکانی ژیانیدا بەشداربێ. بە گشتی لە کۆمەڵی دابەشکراو بە چین وتوێژی جیاوازدا دەسەلاتی ئینسانان جیاوازە، بەلام لە هەمووواندا مافی ژن لە پیاو کەمترە. ئەمە لەوکاتەوەیە کە پیاو بوو بە خاوەن بنەماڵە وپشت بووبە باوک وژن ومێردایەتی «سیندیاسمیک ـ یارگیری » تێکچوو. ئەم تێکچوونە بەشی هەرە زۆری بە پێی گۆڕانی شێوەی ئابووری ژیانە و بەشێکیشی پێوەندی لەگەڵ مێژوو و بەسەرهاتی کۆمەڵی دیاریکراودا هەیە. بەلام لە هەمووواندا یەک شت ڕوونە ئەویش ئەوەیە کە "ژنان بۆ خۆیان یەک هاو ژینییان کردە باو بەم شێوە کە لە پێشدا ئەم هەقەیان لە پیاوانیتر بە قازانجی پیاوێک ئەستاندەوە. چوونکە ئەگەر بە کەیفی پیاوان بێ ئێستاش ئایانەوێ لە هەقێکی ئاوا دەست بکێشنەوە.

ژن له پێشـدا هاته پلەی دووەم و لەوەدوا بەرە بەرە بوو بە مـوڵکی پیـاو هەروا کە منداڵەکانی وکوێلەکانی وئاژەڵەکانی موڵکی بێ ئەم لاوئەولای بوون ودەیتوانی بیانفرۆشێ بەکرێیانبدا وتەنانەت بشیانکوژێ."(٣ل ٨٣)

دیارە ئەم گۆڕانە بە تێکرا نەبووە وکاتێکی زۆری خایاندووە. مەبەستی ئێمەش نیشاندانی ئەم گۆڕانەیە. بەسەرۆکبوونی باوک بنەماڵەی بە مانای ئەورۆیی پێکهێنا کە لەو بنەماڵەدا ژن تەنانەت ئەگەر دایکیش بێ کەسی دووەمە وهەمـوو پیـاوەکـان تەنانەت کـوڕەکـانی خـۆشی کـەسی یەکـەمن ودەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە.

" وشەی فـامیلیـا Familia [بنەمـاڵە ] لە سـەرەتاوە بەو مـانا مـودێرنەی لێی دەزانین کـە تێکەڵاوێکە لە بەروالەت هەسـتـداربوون وناکۆکی نێومـاڵ، نییـە. لەناو رۆمییـەکـاندا تەنانەت بە ژن وپیـاوێک ومنداڵەکانیان نەدەگوترا بەڵکوو تەنیا کوێلەکانی دەگرتەوە، فامۆلوس بە مـانای کـوێلەی مـاڵێ و فـامیلیـا بەمـانای تەواویەتی کـوێلەکـان بوو کە موڵکی یەک کەس بوون.تەنانەت لە کـاتی «گیوس » دا فـامیلیا وەکوو میـرات بە وەسیـەت دەدرا بە یەکی دیکە. رۆمییـەکان ئەم وشەیان داهێنا ونیـشـانەی ئۆرگـانێکی تازەی کـۆمـەڵایەتییـە کـە سـەرۆکی ئەم ئۆرگـانە[باوک] ، ژن ومنداڵ وچەند کـوێلەی بە پێی یاسـایەکی باوک سالارانە لە ژێر چەپۆک دایە وژیان ومەرگیانی بە دەستە. (٣ ل ٨٥، ٨٦)

***پیـاو بۆ دەسـەڵاتدارێی خـۆی ـ هەروا کـە ژن لە کـاتی دایک سـالاریدا ـ کەرەسەی دەوێ. ئەو کەرەسە پێش هەمـوو شتێک خاوەن بوونە وهەتا ئەو خاوەندارێی(مواکییەت)ە کەمتریێ باوک سالارییەکە کزترە.*** بابێک کە بە زۆر بژێوی منداڵانی پەیدادەکـا قـسـەی لە مـاڵێ نارِوا. هەروابزانە لە ناو خـەڵکی بێـدەسـەڵاتدا. بۆ وێنە لە نـاو کـوێلەکـاندا، یا لە ناو خـەڵکی ناسایی شارەکانی ئەو کاتەدا، سـەرەڕۆیی باوک نەیدەتوانی بەو شێوە بێ کە لە نـاو ئەشـراف و کـوێلەدارن وبەگ زادەکـاندا بووە. سـەرەڕای ئەوەش هێندێ یاسـای گـشـتی هەبووە کـە هەمـووانی گـرتۆتەوە. بۆ وێنە حـەقی جیابوونەوە... هەتا مـاوەیەکی زۆر گەرچی پیاو بە هەمـوو جورێک بەسەر ژندا زاڵ بوو بەڵام ژن مـافی جـیـابوونەوەی هەبوو دواتر بەرەبەرە لێی ئەستاندراوە.

یەکی دیکە لەو هەقانە کە پیاو تا ئێستاش یەکلایەنە بۆ خۆی ڕاگرتووە ئەوەیە کـە ژن هەقی ئەوەی نییـە کـە لەگەڵ پیـاوێکی دیکە نزیکی بکا و دەبێ "وەفـای" هەبێ، بەڵام ئەو مـافـە بە ژن نەدراوە کـە ئەو داوایەی لە پیـاوەکـەی هەبێ. .ئەم هەقـە بووەتە یاسـای کومـەڵایەتی، بووەتە یاسـای ئاییـنی، بووەتە فـەرهەنـگ وئەخلاق و هەمـوو ئەمانە پیـاو خـۆی بە قـازانجی خـۆی داینـاوە. وەفـای ژن، خـەیانەت نەکردن، یا بڵێن "زینا" یەکێکە لەو شتانە کە لە هەمـوو کۆمەڵێکدا یاسای تایبەتی پیاوانەی بۆ دانراوە.

"پیاوی رۆمی پێی وابوو کە وەفای ژنەکەی ئەو مافە دابینی دەکا کە ئەو ژیان ومـەرگی ژنەکـەی بە دەسـتـەوەیە، بەڵام هەر لەو کـاتەشـدا ژن دەیتـوانی بە دڵخوازی خـۆی هەر کاتێک ویسـتبای ژن ومـێردایەتییـەکە تێکبدا وجوێ بێتەوە". (٣ ل ٩٩)

" لە کـاتێکدا پیـاو لە دەرەوەی مـاڵی خـۆی مـافی پێـوەندی لەتەک ژنانیـتـردا هەبووە، ژن هەتا مـێـردکـردن دەبوا کـچـێتی خـۆی بپـارێزێ وکاتێکیش مێردی کرد بە تەواوی وەفای بۆ مێردەکەی هەبێ، دەنا زۆر بە توندی سزا دەدرا. بەم جۆرە دوو پێوانەی ئەخـلاقی وسوننەتی و یاسـایی جیاواز بۆ دوو جینس پێکهات". (٨ ل ٤٤)

لەکـوردسـتـانیش دەتوانین دەست لەسـەر هێندێ شت دانێین کـە وەک کۆمەڵەکانیتر ئەم ڕەوتانەی تێپەڕاندووە. بۆ وێنە:

بەگرێان لەکوردوستانی کەونارا چاڵکردنی ژن لەگەڵ مێردەکەی هەبووە. "لە گـۆڕسـتـانی گـوێ تەپە" لە دوازدە گـۆڕ کـە هەڵدراوەتەوە(چواریان بەردینەن وهەشتیان گڵین) لەو چوار گۆڕی بەردینە و لانیکەم لەسێ گۆڕی گڵیدا و لەهەرکامیاندا دوو پروسک ئیسکلێت) وجاری وایە زیاتریش لە دوو دۆزراوەتەوە. رەنگە وا بیر بکرێتەوە کە ئەمانە گۆڕستانی هاوبەش یا گۆڕی بنەماڵەیەکە، بەڵام بێگومان دەتوانین بڵێین کە هێندێ لەگۆڕەکان( بەتایبەت گـۆڕی A کـە "براون" هەڵیـداوەتەوە، یەکـێک لە مـردووەکـان راکشاوە وجامێکی لەژێر سەردایە وچواریتر بە هەڵتروشکانەوە ودووان بە دانیـشـتـنەوە لە سـووچەکـانی گـۆڕەکـەدا ناشـتـراون)خـاوەنی کـوێلەو کـوێلەکـانن. رەنگە هێندێ جار ژنیش دەبوا لەگـەڵ مـێـردەکەی بنێژرێ. ئەگەر وابووبێ نیشانەی ئەوەیە کە باوک سالاری زۆر بە هێز بووە." (٩ ل ١١٩)

هێندێ شتی دیکە وەک کرین و فرۆشتنی ژن ـ یا نێوەکەشی گۆڕدرابێ ـ یا بە میرات بردنی ژن، (پاش مردنی مێرد، ژنەکەی دەدرێ بە براکەی. کـە ئێـسـتـاش لە برێ ناوچە هەر مـاوە) و زورشـتـی دیکە بابەتی ئەو یاسایانەن کە لە کاتی دیاریکراودا بە سەر کۆمەڵدا داسەپاون و هەر بەو دەقـە یا بە هێندێ گـۆڕانکارییـەوە شوێنەواریان هەر مـاوە. بەشـەکـانی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆ باسی چۆنیـەتی ئەو یاسـا کـۆمـەڵایەتییـانە تەرخان کراون.

**درێژەی هەیە**

✱ زۆر جـار لە باتی وشـەی ژن، وشـەی ئافـرەت بەکـار دەبەن! ئەم وشـە چ لە "ئافرۆدیت"ی یۆنانییـەوە هاتبێ و چ لە عـەفریتـەی عـەرەبییـەوە، لە ریشـەی زمـانی کـوردییـەوە دوورە. لە هەمـوو زمـانە هاو بنەمـاڵەکـانی کـوردی دا هەر وشـەی " ژن" بە هێندێ گۆڕانەوە بە کار دەبرێ وەک "زن" لە فارسی دا و "ژنە" لە روسیدا و.... لە لایەکی دیکەوە هێندێ وشـەی دیکە وەک "ژیان"، "ژینەوە" و... هەر لە وشـەی "ژن"ەوە سەرچاوەی گرتووە، کـە چی ئەم جۆرە وشانە لە وشەی ئافرەتەوە دروست نەکراون و لە زمـانی کوردیدا نەگـوتراون. پێـوەندی وشـەی ژن و ژیان بۆ خـۆی نیـشـاندەدا کـە ژن بە سەرچاوەی ژیان ناسراوە. کە وابوو وشەی ئافرەت زۆر لەزمانی کوردیەوە نامۆیە. دیارە ئەمە بەو مانایە نییـە کە نابێ ئەم وشە بەکار ببرێ. بەڵام لە باسی تایبەت بە ژنان دا جێی خۆی ناگرێتەوە.

✱✱ "دایک" بوون لەمـانای تەواوی خۆیدا لەم بابەتەدا گرینگییەکی بنەڕەتی هەیە. ئەگەر ژن دایک نەبوویا هیچکام لەو بایەخانەی کە باس دەکرێ نەیدەبوو. ئەو گرنگییە لە تایبـەتمەندی مناڵداربوونەوە دێ. ئەگـەر ژنێک منداڵی نەبووبێ ئەو بایەخـەی نەبووە، دواتر دەبینین کە لە یاسـای بەشی زۆری ئایین و کـۆمـەڵەکـاندا ژنی بێ منداڵ بێ بەش دەکرێ یا خۆ دەکرێ تەڵاق بدرێ. بۆیە وشـەی "دایک سالاری" بۆ ئەم دەورە دادەنرێ و هێندێ جێگە وەک "ژن فـەرمـانی، یا مێ ەوجاخی و..." کـە لە کوردیدا بەکـار براون ناوەرۆکی بابەتەکە ناگەیەنن.

**سەرچاوەکانی بەشی یەکەم:**


١) شناخت وهویت زن ایرانی در گسـتـره تاریخ وپیش ازتاریخ، شـهـلا لاهیـجی، مهرانگیز کار. انتشارات روشنگران ١٣٧١.
٢) زن به ظن تاریخ، بنفشه حجازی، انتشارات شهر آفتاب ١٣٧٠.
٣) منشـأ خـانواده ومـالکیت خـصـوصی و دولت، انگلس. م، مـسـعـود احـمـدزاده، انتشارات چریکهای فدائی خلق.
٤) کرد در دائرهالمعارف اسلامی، گروه شرق شناسی. م، فـتـاحی قـاضی. مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی ١٣٦٣.
٥) تاریخ اجتماعی ایران، مرتضی راوندی، انتشارات امیرکبیر (چاپ چهارم).
٦) سەرنجـێک لە میـتـۆلۆژیای کورد، جـەمـاڵ نەبەز، بڵاوکـراوەی ئەکـادیمیـای کوردی بۆ زانست وهونەر ١٩٨٦.
٧) رەوشی ئایینی ونەتەوەیی لە کوردستاندا، رەشاد میران، چاپخانەی مەنسوور.
٨) تاریخ تمدن(مشرق گاهواره تمدن) ، ویل دورانت. م، گروه مترجمین.
٩) تاریخ ماد، دیاکونوف. م، کریم کشـاورز، انتشـارات پیام.


■

# مێژووە چیرۆک

بۆ ڕێزگـرتن لە یادی یارانی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)

●عـەبدولقـادری دەبـاغی●

ئەم چەند دێڕە نە چیـرۆکـە و نە ڕۆمـان، نە ئەفسـانەیە و نە داسـتـان، بەڵکوو کـارەسـاتێکە جەرگبڕ و دڵتەزێن، ڕووداوێکە سەرنج ڕاکێش و هەست بزوێن کە عـیشق و ئەوینی عـیرفـانی و فـیـداکـاری لەپێناوی ئامـانجی ئینسـانی و بیروباوەڕی ڕاستەقینەی مەکتەبی سۆفیگەری لە کـۆمـەڵگای نەتەوەیەکی دابەشکراو ـ مـەرگی بە کۆمەڵی نیشتمانپەروەران ـ نیشان دەدا...

وەک ئـاشـکـرایـە، لـەلایـەن **«مەولاناخالیدی نەخشبەندی»** (ذی جناحین، واتە خاوەنی دوو باڵی شەریعەت و تەریقەت) تازەکەرەوە و دامەزرێنەری ڕێبازی نەخشبەندی لە کوردستان، دەیان و سەدان زانای ناودار بە خەلیـفـە هەڵبـژێردران و ڕەوانەی چوار قـوڕنەی کـوردسـتـان کـران کـە یەکـێک لەوانە«**شێخ عوسمانی سیراجەدین**»ی هەورامی بوو کـە ئەویش وەک بلیـمـەتێکی فـرەزانا و عارفێکی لێهاتوو، دەیان خەلیفەی پێگەیاند و بە تایبەتی لە کـوردسـتـانی داگـیرکـراوی ئێراندا بڵاوی کـردنەوە. یەکـێک لەو خـەلیـفـانە مـەلا یوسـفی سـەردەشتی بووکە لە گـوندی بورهان لە ناوچەی موکریان خانەقایەکی خۆشی بنیاتنا و بە نازناوی«**شەمسی بورهان**»ئەو ڕێبازەی برەو پێدا. کـۆمـەڵانی خـەڵک بە تایبـەتی زانائایینیـیـەکـان وبەشێکی زۆر لە عەشایری مەنگوڕ و مامەش و گەورک و دێبۆکری و فەیزوولڵابەگی ڕوویان کردە خـانەقـای بورهان و سـەرۆک عـەشـیـرەتەکـان بە شـانازییـەوە حـەوشی خـانەقـایان گـەسک دەدا و پاکیان دەکردەوە.


لەبەشی فـەیزوولڵابەگی سـەقـز ئاغـایەکی بەدەسـتـەڵات و ئازا و خـوێندەوار بە ناوی«خـەلیل خـان »وێڕای خـزمـانی بەرەی شێـربەگی، بوو بە مـوریدی شـەمـسـی بورهان. ئیـدی لە مـاڵە گەورەکەی خەلیل خانی سۆفی کە جاران، باس هەر باسی ڕاو و شکار و ئەسپ و تفەنگ و تولە و تاژی بوو، وەزع گـۆڕا؛ کـتـێبگەلی سـۆفـیـانە کـتـێـبـخـانەکـەی ڕازاندەوە و سـەربەهوردەی ئەویندارانی عیشـقی یەزدانی، وەک مەنسووری هەلاج و شـێـخی سـووڕەوەردی کـورد و دەیان ئەولیـای دیکە کە لەسـەر حەق بەفـتـوای مـەلای زاهیـربین و بازرگـانانی دین شـەهیـدکـران، بوو بە وێردی سـەرزمـان وبە تایبـەتی شـەوانە شـێـعر و غەزەلی سۆفیانە وەجد و حاڵی پێدەبەخشی.

خەلیل خان کە وەفـاتی کرد، چەند کچ و سێ کـوڕی بەم ناوانە: **ئەحمەد ، عەبدووڵڵا و محەممەد** لە پاش بەجـێـمـــا. **زێڕوەشـان خـانم**(دایەخانم) هاوسەری خەلیل خان جێگەی باوکیان دەگرێتەوە و دەبێـتـە بەڕێوەبەری بنەمـاڵە. ئەحـمـەدخـانی کــــوڕەگــــەورە لە بـەر ئازایەتی و نـەترسی و هەژارپەروەری، بوو بە خـۆشـەویسـتی خـەڵکی شارودێ و نازناوی«سالار»ی پێبەخشرا. بەڵام لە زەمـانی ڕەزاشـا دا کـە وەرگـرتنی شناسنامـە و شـــۆرەت و ناوبانگ شـێـــوەی ڕەســمـی بە خۆیەوەگرت، ئەحمەدخان ناوبانگی«فارووقی» ، عـەبدووڵڵاخـان«مـەتین»و مـحـمـەدخـان «دانیشوەر»ی هەڵبژارد.

لە خـــەرمـــانانی ١٣٢٠ (١٩٤١)ی ـ ز)ی هەتاوی ڕووس و ئینگلیس لە خـوار و ژوورەوە هێرشیـان هێنایە سەر ئێران. ڕەزاشا کە تا ئەو وەختە دەیگوڕاند و دەیگوت عاسمان بڕووخێ بە نووکی نێـزەی سـەربازی ئێـران ڕای دەگـرم و تەنانەت ژاندارمە تریاکییەکانیشی دەیانگوت: ئەسپەکەمان لە دیجلەی بەغدا ئاو دەدەین و دەچینەوە تاقی کـەسـرا.. لە ترسـان دنیـای پێ تەنگ ببوو، ئەفسەرە بەزەرق و بەرقەکانی نەیان توانی دەست بکەنەوە و هەڵاتن. بە فـەرمـوودەی بەهەشـتی مـامـۆسـتـا هەژار لە چامـە بەرزەکەی(عەقڵ و بەخت)دا:

بە بڵاوبـــوونەوەی دوو پەڕ ئاگاهی
بوو بڵاو ئەرتەشی شەهەنشـــاهی
شا کە شێر بوو لە ڕاوی مسکین دا
دیم کـــە مشکە لە ژێر ستالین دا

شاهەنشای پاڵەوان و ئەرتەش و ژاندارمەکەی هەڵات وگـــوتیـــان ڕۆژی کـــورد هەڵات... حـەمـەڕەشـیـدخـان بانەی گـرت و بڕنووە تازەنەخشینەکان کـەوتنە دەست کـورد، بەڵام بە داخـەوە دەرەبەگـایەتی بە شـێـوەیەکی سـامناک ژیاوە و حەمەڕەشیدخان بێ شەڕ سەقزیشی گرت و بەرەو دیواندەرە دەڕۆیشت.. کـەس نەیدەزانی کە لەبەینی بریتانیای مەزن و سۆڤیەتدا، وڵات بە نهـێنی بەشکراوە : سنە و سـەقـز و بانە و سـەردەشت وەک مـەڵبـەندی بێ لایەن بۆ حکوومـەتی تاران دانرا و نەدەبو ئاژاوەیان تێدا بێ. تاران لەشکرێکی هەزارکەسی نارد و سەقز گیـرایەوە، دیسـان عـەیشـایر هێـرشیـان هێنا و عـەجـەم شکا و سـەقز تاڵان کـرا، دیسـان زۆری پێنەچوو کـە تاران لەشکرێکی دیکەی نارد و سەقز گیرایەوە هەمدیسان عەشایر هێرشیان هێنا و عـەجـەم شکا و دووبارە سـەقز تاڵان کـرا، لەو دوسـاڵە ی پەشـێـویی و دەرەبەگـیی و کـەس لە کەسییدا، بلیمەتی و ئازایەتی«سالار»وبراکانی دەرکەوت، ئەوان نەتەنیا بەشدارییان لە تاڵانی خەڵک نەکرد بەڵکوو تاتوانیان تاڵانیان سەندەوە



و خزمەتێکی فرەیان بە خەڵکی لێقەوماو کرد.

لە ساڵی ١٣٢١(١٩٤٢)دا کۆمەڵەی(ژ ـ ک) لە مهاباد دامەزرا و بەهاری ساڵی ١٣٢٢(١٩٤٣)بە هۆی من[ نووسەر]ەوە لقی سەقزی کردەوە، خەڵکەدووجار تاڵانکراوەکەی سەقز ـ بەتایبەت ڕووناکبیران ـ بەرەو پیری هاتن، بەپێچەوانەی ناحەزانی کۆمەڵە کە دەیانگوت ئەمیش عەشایربازی و دەرەبەگایەتییە. نوێنەرانی کۆمەڵە بە تێفکرین و سەرنجدانێکی ورد و نهێنی شەخسییەتی«سالار»و چەندین کەسی دیکەیان لە ژێر چاوودێری گرتبوو. لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە«سالار»پسنددەکرێ و لە سەفرێکدا لە مهاباد قسەی دەگەڵ دەکەن و هەر ئەو ڕۆژە سالار و«عەلی بەگی شێرزاد»و«ڕەحمانی هومایون»شەرەفی ئەندامەتی وەردەگرن.

دیسان زەمانە گۆڕدرا و شانۆیەکی نوێی تر هاتە سەر شانۆگەی دەوران، لە لایەن کاک«بینایی»ئەندامی ژمارە(٥٠٠)ی کۆمەڵەی ژ ـ ک واتە«قازی محەمەد»، حیزبێکی تازە بە ناوی (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) دامەزرا، لە سەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، ئەندامان چووینە ناو حیزبەوە و بووین بە دێموکرات.

پاش چەند مانگ و چەند ڕۆژێک، لە کۆبوونەوەیەکی گشتی پتر لە ٢٠هەزار کەس لە لایەن «پێشەوا قازی محەمەد»ەوە «کۆماری کوردستانی سەربەخۆ»ڕاگەیەندرا و ئەو زانا فیداکارە ئازیزە بە سەرکۆماری نەتەوەی کورد هەڵبژێردرا و جێژنی سەربەخۆیی، زستانی بۆ کردین بەبەهارێکی ڕازاوە و ڕەنگین و، ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە بڵیندان هەڵکرا، هێزی پێشمەرگە دامەزرا. سالار و براکانی و بێچووەشێرانی «شێربەگی» و«فەیزوڵلابەگی»هاتنە ڕیزی پێشمەرگەی کۆمار و پلەیان پێدرا. دیسان حەمەڕەشیدخان بە ناوی ئەوە کە لە عێراق هەڵاتووە، هاتە گوندی(سەرا)و بە مەسڵەحەت زانرا کە ڕێزی لێبگیرێ، بە دەرەجەی ژەنەراڵی کرا بە فەرماندەی سەقز کە جەبهەی هەرەگرینگی پێشەوە بوو، بەڵام سالار و ئەفسەرانی وەک«**مستەفاخۆشناو**»و«**ڕەییس بەکرئاغا**»، «**میرحاج**» و شەخسی «**ژەنەراڵ بارزانی**»چاودێریان دەکرد.

لەو سەردەمەدا زۆرانبازی و ملانەیەکی توندوتیژی سیاسی لە نێوان دەوڵەتانی ئامریکا و بریتانیا و ئێران لەلایەک و سۆڤیەت و ئازەربایجان وکوردستان لە لایەکی دیکەوە، هەر لە کۆبوونەوە نێونەتەوییەکانەوە بگرە تا تاران و



**ئەحمەدخانی فارووقی**، کوڕی خەلیل خان ناسراو بە سالار، دوای تێکچوونی کۆماری مهاباد[کوردستان]لە نیوەشەوی ١٩٤٧/٢/٤لە گەڵ دە هاوڕێی تریا، کە دوان لەوان (عەبدوڵلا خانی مەتین و محەمەدخانی دانیشوەر)برای بوون، بە دەستووری حەمەڕەزاشای پیاوکوژ و کوردکوژ، لە قەنارەدرا لە شاری سەقز.

تەورێز و مهاباد، لەئارادا بوو. تاران ویستی لەباری نیزامیشەوە خۆی بنوێنێ و ڕادەی هێزی کوردستان بە تایبەتی هەڵسەنگێنێ، سپابوود«ڕەزم ئارا»سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران لەلایەن«حەمەڕەزا شا»وە هاتە سەقز و لە گوندی(مامەشا)ی نزیکی شار لە بناری کێوی(وەنەوشە)دامەزرا. ١٢پێشمەرگەی بارزانی سەنگەریان گرتبوو، چاودێری جموجۆڵی پادگانی ٥ هەزارکەسی ئەرتەشیان دەکرد. ڕەزم ئارا و سەرانی ئەرتەش پلانی گرتنی ئەو سەنگەرەیان دارشت، کتوپڕ بە فڕۆکە و دەیان تۆپی قورس سەنگەرەکەیان کوتا و هێزی پیادەش هجوومی کرد، بەڵام شێرەکوڕە کوردستان پەرستەکانی بارزان بە فەرماندەری شوڕەلاوێکی قارەمان بەناوی«خەلیل خۆشەوی»سێ جار هێرشی بەربڵاویان تێکشکاند و گۆڕستانێکیان لە داگیرکەران پێکهێنا، سەیر لەوەدایە کە لەودوازدە کەسە تەنیا خەلیلی فەرماندە شەهید بوو، هەروا لە شەڕی(قاراوا)کە گەلاڵەی شەڕەکە مستەفا خۆشناوی شەهید هێنایەسەر کاغەز و ستادی ئەرتەشی هەراسان وجاڕزکرد، هەروەها

شەڕی پڕدەستکەوتی(کەلی مەحمووئاوا) بەفەرماندەیی ڕاستەوخۆی سالار و ئەنگێوەیی عەبدوڵلاخانی مەتین(برای سالار)کە حەشریان بە داگیرکەر کرد، بە دەوڵەتی تاران و ئەفسەرانی پایە بەرزی ئێرانیان سەلماند کە ڕۆڵەی کورد ئازا و بەجەرگ و دلێرە و، بە شەڕ ناتوانن ئاگری بە تینی شۆڕش دامرکێنن، بۆیە کەوتنە فێڵ و دەسیسە و پیلانی سیاسی و وتووێژ..

ڕۆژگار چەرخا و پیلانە سیاسییەکان سەرکەوتن و کورد و ئازەری تێکشکان و لە ڕۆژانی ئاخری سەرماوەزی ١٣٢٥(١٩٤٦)دۆستە قزە بێ وەفاکەی ئازەبایجان و کوردستان فریوی داوی ئامریکا و بریتانیای خوارد و بە داروەدستەکانی وەک «پیشەوەری»و«غولام یەحیا»ی... دەستووردا کە بارگەوبنە بپێچنەوە و بچنە ئازەربایجانی ئەوبەر؛ ڕەنگە دەستوورێکی واش بە پێشەوا ڕاگەیەندرابێ، بەڵام ئەم ڕۆڵەی کورد و سوێندخۆری بەوەفای (کۆمەڵەی ژ ـ ک) و پێشەوایی و سەرکۆماریی، ئەم ڕێبواری بە ئەمەگی پڕ لە شانازیی کوردایەتی خانی و حاجی، کە لە قۆناغێکی واگرینگدا گەورەترین و سامناکترین ئەرکی مێژوویی کەوتبووە ئەستۆ، لە نێوان دووڕێگا ـ یان پەنا بردن بۆ دەرەوە ، یان خەڵک بەجێنەهێشتن و خۆ بەقوربانی نەتەوەکردن ـ ڕێگای سووری فیداکاری هەڵبژارد و ئەرکی پێشەوایی خۆی چ لە ماوەی ئەوچەند مانگەی زیندان و چ لە کاتی مەحکەمە و سێدارەی چوارچرا، بەباشترین و قارەمانانەترین شێوە بە جێگەیاند. بەتایبەت کاتێک یەکێک لە ئەفسەرەکان سەبارەت بە کورد قسەی سووک دەکا، هەڵدەستێ و کورسییەکەی ئاراستەی مێشکی دەکا، هەروەک قارەمانی بەردە قارەمان مەلیک مەحموودی نەمر کە مێزەرەکەی وەک تۆپێ بە سینگە حاکمی ئینگلیسیدا ماڵی.

لەسەرەتای زستانە شوومەکەی ئەو ساڵەدا، پێشەوا و سەدری قازی و سەیفی قازی بە پێچەوانەی (قەولی شەرەفی شاهەنشاهی!)سەبارەت بە(تەئمین[ دەستەبەر]ی گیانی)یان، وێڕای وەزیران و زۆربەی فەرماندەران و ئەفسەران و کادرەناودارەکان گیران و لە گرتوخانەکانی سەقز و بۆکان و مهاباد و ورمێ ئاخندران. زوریش وەک مامۆستایان: **هەژار، حەسەنی قزڵجی، قازی کاکەحەمەی بۆکان و مەلاعەولای حەسار و...** کەڵکیان لە دەرفەت وەرگرت و بەرەو گەرمێن هەڵاتن.

لە جەبهەی گرینگی سەقز ـ بۆکان، حکوومەت چەندین فەرماندەی لێوەشاوەی بۆ گرتن هەڵبژارد، تەنانەت بۆ فریوی هەرچی زیاتریان قەولی کاری دەوڵەتییشیان پێدرا و سەرگورد«**خاکسار**»کە کورد و خەڵکی سنە و خزم و دۆستی بنەماڵەی«ئەسعەدی»سەقزبوو، نەخشی بەرچاوی بۆ لەداوخستنی ئەو شەهیدانە هەبوو.

بەندە[ نووسەر]یش وێڕای شەهیدان «**شێخ ئەمینی ئەسعەدی**»و«**عەلی ئاغای مەحموودی**»و«**ڕەسووڵ ئاغای جەوانمەردی**»، هەروەها «سەید کامیلی ئیمامی[ئاوات]»، «عەبەگۆڵەی قەساب» و«ئەلی مەمەدی ئیلامی» و دەیان کەسی دیکە لە گرتووخانەی سەقز گیرابووین.

ساڵ بەرەو نەورۆزی ١٣٢٦(١٩٤٧)دەچوو، دە ڕۆژێکی بۆ نەورۆز مابوو، دەروازەی حەوشەی ستادی ئەو وەختە کە لە خەیابانی (ساحیلی)لە ماڵی ئاغای«عیرفان»دا بوو کرایەوە، سەربازەکان بە ڕیز وەستان و هەشت زیندانی تازەیان هێنا کە«ئەحمەخانی سالار»و براکانی و خزمەکانی فەیزوڵلابەگی بوون.

ئەوانیان بردە هۆدەی بەرانبەرمان کە هیچ شتێکی تێدا نەبوو، من داوای چاوپێکەوتنی ڕەییسی زیندانم کرد و چوومە لای و تکام کرد کە ئیجازە بدات بێنە لای ئێمە و هەروەها هەوڵی فەرش و پێخەف و شتیان بۆ بدەین، دوای ئەوە ئیجازە دران و هاتنە لامان.

لەگەڵ نان و چا خواردنی بەیانی، نەقڵی گرتن و فریوخواردن و حەلالزادەیی سەرگورد«خاکسار»یان گێڕایەوە، بەهەشتی سالار فەرمووی:" سەرگورد خاکسار لە کاک عەلی(عەلی بەگی شێرزاد)ی پرسی بۆ ئاڵای کوردستانت بردە (یەکشەوە)و جێژنت بۆ گرت کە هەزاران کەس بەشداریان تێدا کرد، فەرمووی چونکە کوردم، خاکسار گوتبووی(خۆ منیچ کوردم)، شێرزادەی کورد فەرمووبووی ئەگەر کورد بای لە تەنیشت ئێمەوە دەبووی، ئەگەر باوەڕناکەی.. .!"

نزیکی نێوەڕۆ ئێمەیان جویّ کردەوە و تەنیا شەوانە بە بەرتیل هاتووچۆی یەکتریمان دەکرد تا شەوە شوومەکەی ١٣٢٥/١٢/٢٦ی هەتاوی(١٩٤٧ز)چوار ڕۆژی ماوە کە ئاگری پیرۆزی نەورۆز لە هەموو سەربانەکانی سەقز مەشخەڵانی بچێتە کاکێشان، چوار ڕۆژی ماوە کە منداڵان بە جلە ڕەنگاوڕەنگەڕازاوەکانیانەوە بکەونە هەڵپەڕکێ و نەورۆزانە ببەن بۆ ئازیزانیان و نەورۆزانە وەربگرن.. ڕاست لەو وەختی شادی و خۆشییەدا کە سروشتیش بە



**محەمەد خانی فەیزوڵلابەگی**(قارەوا چکۆڵە)
هاوڕێی سالار و براکانی لە شەوی ١٩٤٧/٢/٤
لە شاری سەقز لە قەنارەدرا.

گشت وردەکارییەوە خۆی دەنەخشاند، لە نیوەشەدا دەرگای هۆدەکەمان کرایەوە و شێخ ئەمینی ئەسعەدی و عەلی ئاغا و ڕەسووڵ ئاغاکە تازە لە خزمەت سالار گەڕابوونەوە وڕاکشابوون هەستاند، من هەر لە خزمەت سالار دا بووم کە ڕەییسی زیندان گوتی بچووەوە جێگات و ئەو سێ کەسەیان بە بیانووی سەفەر لە ئێمە جیاکردەوە و چوونەوە هۆدەکەی سالار و ئەوان.

هەستێکی نهێنی هەراسانی کردبووم، خەوم لێنەدەکەوت، خەڵووزم کردە مەنقەڵی و کەتریەڕەشم خستەسەری، «عەبەگۆڵە»ش هەستا و گوتی: بە خوا خەوم زڕیا.. «ئەلی مەمەد»یش هات و گوتی: "لالۆ، ئەی دڵە ساهێو مردگە خەوەری فرە ناخۆشی هەس.." سێ بەسێ کۆزیلکەمان بەست و وەزعەکەمان هەڵسەنگاند.. بۆ کوێیان بەڕێ دەکەن؟ بۆ مهاباد؟ بۆ ورمێ؟ ئاخری بە عەقڵی هەر سێکمان لەسەر «قەسری قەجەر»ی تاران ساغ بووینەوە، لەبەر ئەوە سێ برای تێدا بوو و بەگوێرەی هەلومەرجی ئەو وەختە کەس بڕوای نەدەکرد کە سێ برا بە جارێک ئێعدام بکرێ، زوڵمی وا چاوەڕوان نەدەکرا.

هەروا کە چامان دەخواردەوە و سیغارمان دەپێچایەوە ودەمان کێشا، لە هەلومەرجی خۆمان و بێ وەفایی سۆڤیەت و بێ غیرەتی ئازەربایجان و... دەدواین، ئاگامان لە تێپەڕبوونی کات و کاتژمێر نەبوو. سەعاتێکی شەو مابوو، «یەدوڵلالوڕە»ی سەرباز هاتە ژوورەوە و سەربازەکەی دیکە ڕۆیشتە دەرێ، چایەکم بۆ تێکرد و گوتی ناخۆمەوە.. زۆر نارەحەت دیاربوو، پرسیم چ باسە؟ لە پڕمەی گریانی دا و گوتی: «کوورشم سی شێخ ئەمین» (واتە:کوێربم بۆ شێخ ئەمین)، ئەلی مەمەد پرسی: تو نو ئەلی بووشە(تۆ سەری خۆت قسان بکە).. بە هەنیسک دانەوە گوتی: "یازدە نەفەر ئێعدام دەکەن.." ئێمەی چارە ڕەش تاساین و سێلاوی فرمێسک هاتە خوار.

بەشبەحاڵی خۆم بڕوام نەدەکرد، چونکوو پێشەوا مابوو، دەمگوت ئێمەمانان لە ژێر ئەمری ئەودا بووین هێشتا وەزعی ئەو ڕوون نەبووەتەوە، ئەمانە چۆن ئێعدام دەکرێن؟ تازە هیچ ویژدان و قانوونێک بە جارێک سێ برا ناکوژێ.. لەو فکرانەدا بووم کە کتوپڕ لەبەر تریفە و شۆقی مانگەشەو، بەهەشتی حاجی مەلا غەفووری ئیمام جومعەی سەقز و گروهبان **حوسێنی مورادی** سنەیی کە بە ڕاستی کورد و بەشەڕەف بوو لە حەوشە وەسەرکەوتن، دەنگی پێ لە ژوورەکەی سەرهۆدەکەمان پتر و پتر دەبوو، زانیمان کە کار تەواوە و ئیمام جەمعەیان بۆ وەسیەت پێکردن هێناوە.

لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئێستا لە مهابادیش پێشەوا و هاوڕێکانی ئێعدام دەکرێن، بە ڕاستی بۆ ئەمانیان وەپێش خست؟ مەبەستی دەوڵەت لەم شانۆیە چ بوو؟

دادگا دەستی بەکار کردبوو، سەرگورد«زەرغام»سەرۆکی دادگا و فەرماندەی سەقز کە سالاری زۆر خۆشدەویست مەستی مەست بوو، لە پێشدا ئەحمەدخانی سالاریان بردە دادگا، زۆری نەخایاند هاتە خوارێ، دەنگی بەرز کردەوە و بانگی کردین و فەرمووی:«**من ێئعدام دەکرێم، ئێمە بووینە قوربانی کوردستان، ڕوژێ کەڵەشێریی هەزار ساڵی مریشکێ دێنێ..**» دەنگی سامناک بوو، وابزانم هاوسێ ماڵەکانی دەوروبەر بە گشتی وەخەبەرهاتبن، دەرەجەدارێک و دە سەرباز دەوریان گرت، لە دەروازەوە بۆ خەیابان و لەوێوە بۆ مەیدانی ێئعدام.. بەڵام نرکەی بژی کورد و کوردستان و بژی پێشەوای ئازیز تا ماوەیەک دەنگی دەدایەوە.

دوای برا گەورە، عەولاخانی مەتین بانگ کرا، ←



**عەبدوللاخانی مەتین و محەممەدخانی دانیشوەر، لە نیوەشەوی** ١٩٤٧/٢/٤ لەگەڵ براگەورەیان ئەحمەدخانی فاڕووقی(سالار) و دە هاوڕێی تریان لە سەقز بە دەستووری حەمەڕەزاشای پیاوکوژ لە سێدارەدران.

کە هاتە خوار وەک شێر دەینرکاند لەوەیکە بە قسەیان نەکرد و نەڕۆیشتنە گەرمێن توورەبوو، جنێوی بە حەمەڕەزاشا و دەزگا دەدا و دەنگی «بژی کوردوکوردستان وبژی پێشەوا»حەوش و حەساری ساحیلی داگرت. ئەمجارە نۆرەی محەمەدخانی دانیشوەر ـ کە ئەدیب و ئەدەبدۆست و جوانچاک و بێباک بوو ـ هات و دەستی کرد بە درۆشم دان و ئەو شێعرە فارسییەی خوێندەوە:

**منصوروار گر ببرندم بە پای دار**
**مردانە میروم کە جهان نیست پایدار**

گوڕەی پڵینگانەی ڕۆڵەی خۆشەویستی سەقز«ئاغاسەدیق ئەسعەدی» ماڵی براکانی و خزمانی وەخەبەر هێنابوو. لەلایەکی دیکەوە«ڕێڕەوشان خانم» و ژنەکانی هەر سێ برا بە دەپازدە کوڕوکچی سەغیرەوە بۆ چاوپێکەوتنیان هاتبوونە شار، کە چی تووشی ئەو مەرگەساتە دڵتەزێنە بوون.

گزینگی بەیان بەردەڕووشی خاڵخاڵی هێجانان و چیای وەنەوشە و سەنگەری بارزانیانی ڕووناک و ڕەنگین کردبوو، شنەی نەسیمی بۆنخۆشی بەهاریی گژوگیای تازەی دەلاواندەوە.. یازدە سێدارەی بێدادی حەمەڕەزاشا لە مەیدانا چەقیوە، تەرمی پاک و پیرۆزی یازدە ڕۆڵەی بلیمەت و قارەمانی کورد، یازدە حەماسەخولقێنی شەڕەکانی مامەشا و قاراوا، یازدە فەرماندەی فیداکار و پێشمەرگەی کۆماری کوردستان، لە لایەن هەزاران دۆست و خزم و کەسوکار و هاوشارییانەوە دەبیندران و داگیرکەران سەیریان دەکرد.

هەزار سەرباز دەوری شاری سەقزی گرتبوو، لە گشت سووچ و قوژبنی کۆڵانەکانی کارخانەی بەرقی قەدیم و چنارستان و کانی گەرم کاو سەدان سەربازی تەیار وەستابوو، کۆمەڵانی خەلک دەستە دەستە بەرەو قوربانگا دەڕۆیشتن، ژنان بە حەپەساوی بێ چارشێو، بەسەری ڕووت و بە سینگ کوتان دەچوون کە بۆدواجار چاویان بە سالار وپیاوانی هەڵکەوتووی گەل و قوربانیانی نیشتمان بکەوێ، هەر لەووەختەدا یەکێک لە گەورەترین و بە شکۆترین حەماسەی مێژووی خوێناوی کورد خولقا..

شانۆیەکی کەم وێنە هاتە سەر شانۆگەی نیشتمانی داگیرکراوی نەتەوەی کورد، «ڕێڕەوشان خانم»دایەخانمی هەژاران، خۆی و کچان و بووکەکان و منداڵە بێ باوکەکان بە خەیابانی ساحیلیدا سەردەکەوتن. گروهبان حوسێنی موورادی سنەیی کە کوردێکی بە شەڕەف بوو لای دەروازەی بۆ کردینەوە و ئێمەش ئەو کارناواڵە ماتەمینەمان دیت. یەدوڵلالوڕەی سەرباز وەک هەواڵنووسێکی وردبین کارەساتەکەی بۆ گێڕاینەوە و گوتی: کاتێک سەرەتای ئەو کارناواڵە تازیەدارە دەرکەوت سەرگورد زەڕغام لە شێخ مەزهەر دەپرسێ: ئەوانە کێن؟! دەڵێ: دایکی ئەو سێ برایەیە کە هەڵاوەسراون. ڕێڕەوشان خانم دەگاتە مەیدان و ئاپۆرەی حەشیمەت ڕێگایان بۆ دەکەنەوە و دەدەنە پرمەی گریان و شین.. دایە خانم لێو دەکرۆژێ و بە سامەوە بۆ لای شۆڕەسواران دەچێ. سەرگورد زەڕغام بەرەو پیریەوەدەچێت، سەرەخۆشی لێدەکا و بەڵام ئەو گوێ ناداتێ و دەڵێ: ئەو شۆڕەسوارانە دانابەزێنی؟ سەرگورد تێدەگا و بە ڕستەی (خانم اطاعت میشود) دەستوور دەدا تەرمەکان دابەزێنن. تەرمی پیرۆزی سێ برای شەهید سەریان لە کۆشی خێزانیان دەبێ، لێرەدایە کە قارەمانەتی وکوردایەتی دەگاتە لوتکە، دایکی جەرگ برژاو، وەک سپاسالارێکی سەرکەوتوو چاودێری ئەو کارەساتەیە، ڕوومەتی دەڕنێ و خوێن دێتە خوار و ڕوومەتی قارەمانەی ئازیزانی پێ سوور دەکا.. سەرگورد زەڕغام دەپەشۆکێ وبە بەهەشتی شێخ مەزهەر دەڵێ مەهێڵە وابکات. شێخ مەزهەر، ئامۆزای شێخ سەدیقی شەهید کە خۆی دڵ بریندارە، دەڵێ: "خانم وامەکە باش نییە.." خانم ئەمجارە دەنگ بەرز دەکاتەوە و ئازایانە و لەسەرەخۆ دەفەرموێ: **قوربان دەزانی کە ئینسان گیانی دەرچوو ڕەنگی زەرد دەبێ، با ئەوانە وانەزانن ڕەنگیان زەردە.. چونکە لە سەر پیاوەتی شەهیدبوون با بەڕووسووری بچنە دیوانی خودا.. شەهید شوتن و کفنی ناوێ..**

لە کاتێکدا دوژمن بە ڕواڵەت زاڵە، کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ پێشێلی داگیرکەرانە، پێشەوای ئازیز و وەزیرانی کۆمار و ئەفسەر و کادرەکانی حیزبی دێمۆکرات لە سیاچاڵی داگیرکەردا دیل و یەخسیرن، ئاڵای پیرۆزی کوردستان ئیدی لەسەر بڵیندان ناشەکێتەوە، سەنگەری پێشمەرگە چۆڵە، هەوری ڕەشی ناهومێدی ڕۆژی کوردی کردووەتە شەوەزەنگ، تەبلیغات و دەنگۆی داگیرکەران و فڕوفیشاڵی ئەفسەرە ترسەنۆکەکانی جاران کە ئێستا وەک قارەمان خۆ دەنوێنن ... زایەڵەی دەنگی بەرز و بەشکۆی دایەخانم وەک زەنگی وریابوونەوە بەچەشنێک خەڵک دەهاژێنێ کە بێ ئیختیار بە چاوی پڕ لە فرمێسک و گەرووی پڕ



**عەلی خانی فاتح**، دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، لە شاری سەقز لە قەنارەدرا.

لە قین و دەروونی پڕ لە ئاخ و حەسرەتی بێ دەسەڵاتی دەڵێن: **ئافەرین شێرەژن! دایکی وا ڕۆڵەی ئاوای دەبێ.**

لە نێوگریان و شین وشەپۆڕی خەڵکی دڵسوتاوی سەقزی خوێناویدا تەرمی پیرۆزی یازدە شەهید سەربەرز هەڵدەگیرێ و، وشەی«شێردژن»وەک خەڵاتی میدالیای شەرەفی کوردایەتی، وەک بەڵگەی شانازی لە لایەن خەڵکەوە بە دایکی سێ قارەمانی شەهید دەبەخشرێ.

*******

تێبینی گزینگ:

١) ئەو نیشتمانپەروەرانەی دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، کەلە شاری سەقز ئێعدام کران و بوونەتە هۆی شەرەف و شانازی گەلەکەیان، لە مێژوودا بە «شەهیدانی بەگزادە»ناویان دەر کردووە و بریتین لە: «ئەحمەدخانی فاروقی(سالار)، عەبدوڵلاخانی مەتین(برای سالار)، محەمەدخانی دانیشوەر(براچکۆلەی سالار)، حەسەن خانی فەیزوڵلابەگی، حەمەخانی فەیزوڵلابەگی(قارەوا چکۆلە)، ئەحمەدخانی شەجیعی، عەلی ئاغای فاتح، ڕەسووڵ ئاغای جەوانمەردی(میرەدێ)، شێخ ئەمینی ئەسعەدی و شێخ سەدیقی ئەسعەدی(کەسنەزان)»[ تاریخی ئەدەبی موکریان، ئیبراهیمی ئەفخەمی].

٢)عەلی بەگی شێرزاد(یەکشەوە) کە یەکێک لە پیاوە هەرە نیشتمانپەروەر و هەڵکەوتووەکانی عەشیرەتی فەیزوڵلابەگی بۆکان بووە، دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە لایەن ڕژێمی پەهلەوی دەگیرێ و لەگەڵ شەهیدانی ناوبراو لە گرتووخانەی سەقزڕادەگیرێ کە سەرەنجام لەگەڵ چەند کەس لە هاوڵاتی لە شاری بۆکان ئیعدام کراوە.

٣) ئەو چوار وێنەی کە لە تەک ئەو نووسراوەیەدا چاپکراون، لە لایەن یەکێک لە برا ئازیزەکانی بنەماڵەی نیشتمانپەروەری «فەیزووڵلابەگی»یەوە لە ئیختیاری گۆڤاری«گزینگ»نراون، بەم پێیە وێڕای ڕێز، شایانی سپاس و پێزانینە. ■

**پاشماوەی ل ٤٥ وتووێژ لەگەڵ یاشار کەماڵ**

تینووەکانی تورکیا کە لایەنگری شەڕن. ئەمجار شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویدا. ئەو دەنگانەی بە هانای منەوە هاتن ولایەنی منیان گرت زۆرتر بوون. دەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا گەلێک لە دۆستە نووسەرەکانی خۆم سەریان داوم. ئەوان هەموو ئامرازەڕاگەیەنەرەگشتییەکانیان ئاگادار کردووە کە پشتیوانی لەمن دەکەن. کاناڵەکانی تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکان ئاگادارییەکیان بڵاوکردووەتەوە. لەوانەیە هاوڕێیانی من لە پووچکردنەوەی ئەوتەشقەڵەچڕەی دژ بە من، سەرکەوتنیان بەدەست هێنابێ.

● **بۆچی ڕووناکبیرانی تورک بەرانبەر بە زوڵم و زۆریی تورکیا لە ئاست کوردەکان ئاوا لاواز جووڵاونەوە؟**

ـ کودەتای سالی ١٩٨٠تورکیای وێران کرد. ئەم کودەتایە پشتی تورکیای شکاند. وڵات تووشی زاڵمانەترین و ڕەشترین دەسەڵاتی سەرەڕۆ لە مێژووی خۆیدا تەنانەت خراپتر لە سەردەمی عوسمانییەکان بوو. دەیان کەس ئێعدام کران، سەدان کەس کەوتنە ژێر ئەشکەنجە. بەندیخانەکان پڕکران. زۆرکەس لە بنکەکانی پۆلیس دا کوژران. جەزرەبەو زوڵمی دەسەڵاتدارەکان، ڕووناکبیرانیشی وەک خەڵکی دی بێدەنگ کرد. ئەم قۆناخانە ئێستاش هەر بەردەوامن. ئەو کەسانەی بێدەنگی دەشکێنن، جا چ ڕووناکبیر بن یان ژۆرنالیست، یان خۆ خەڵکی ئاسایی جەزرەبە دەدرێن و دەخرێنە زیندان.

● **لە وتارەکەی ،شپیگێل،دا ئەتۆ ئاماژەیەک بۆ سەر ڕۆڵی پ.ک.ک ناکەی. ئەگەرچی بە گوێرەی هێندێک زانیاری تاڕادیەک دروست، پ.ک.ک تاوانبارە بە تێرۆری هەزاران خەڵکی بێ چەک. پێت وا نییە بایەخ و قورسایی ڕەخنەی تۆ لە حکوومەت زۆرتر دەبوو ئەگەر زۆربەی جەماوەری کوردت ئامۆژگاری کردبا خۆیان لە پ.ک.ک بواردبا؟**

ـ هەلومەرجەکە بە تێکڕایی زۆر ئاڵۆزە. لایەنێک پ.ک.ک تاوانبار دەکا و دەڵێ کەپارێزەرانی گوندەکان دەکوژێ، لایەنێکی دیکە دەڵێ ئەوە دەوڵەتە کە خەڵک دەکوژێ. خوێنەرەوانی من لە هەموو دنیادا دەزانن کە من ناتوانم تەنانەت بۆ گەورەترین ئامانجیش کوشتنی مرۆڤێک قبووڵ بکەم. ئەمە پرەنسیبی سەرەکیی منە. ئەمن دەمهەوێ کە ئەم شەڕە پیس و دژی بەشەرییە کۆتایی بێ. ئەگەر تورکیا زمانی کوردەکانی کە پێشینەی برایەتی هەزارساڵەیان لە گەڵ ئێمە هەیە نەبڕیبا و لە هەموو مافە ئینسانییەکان بێبەری نەکردبان، قەت ئەم دەورە تراژێدییە بێوێنەیەی لە مێژووی خۆیدا نەدەدی.

ـ ڕوانگەی من لەسەر تێرۆڕ باسێکی هەمە لایەنەیە کە ناکرێ لە چەند دێڕێکدا شیبکرێتەوە. کەسێکی وەک داستایۆڤسکی یش بۆ لێکدانەوەی بابەتێکی ئاوا پێویستی بە چەندسەد لاپەڕە دەبوو ولەوانەش بوو دیسان نەتوانێ ئەم ئەرکە بە جێبێنێ. بەڵام ئەمن دەمەوێ بڵێم: تێرۆریسم لەوانەیە ئاکامی ناهۆمیدییەکی تەواو بێ واتە کاتێک هەموو دەرگاکان لە مرۆڤ دادەخرێن. بڕوای من ئاوایە و هەتا داهاتوویەکی دوور باس لە سەر پ.ک.ک دەکردرێ کە تۆبڵێی ئەوە ڕێکخراوەیەکی تێرۆریستی بووە یان نا.

ـ ئەمن لایەنگری هیچ گرووپێکی سیاسی نیم، بەڵام دوژمنی کەسیش نیم. تەنیا شتێک کە من بەتەواوی لێی دوورەپەرێزم سەرەڕۆیی یە. ئەمن هۆگری ئەوەم کە ئەم شەڕە پیسە، ئەم کارەساتەسامناکە مێژووییە کۆتایی پێبێ، مەرگ، زۆرەملی، کوشتار و فەقیری لەناو بچێ. سەرەڕۆیی و فەقیری هەردووک بە بەربڵاوی لەتورکیادا هەر زیاد دەکەن. ئەگەر مرۆڤ ئێستا چارەی پێویست و زوو نەدۆزێتەوە، ئەم تراژێدییە دەتوانێ زیادتر لەوەی مرۆڤ بیری لێبکاتەوە پەرەبستێنێ. مرۆڤ دەبوایە زۆر زووتر توانیبای حیسێبی ئەوەی کردبا.

**( داگنز نیهێتر(DN): ٩٥/١/٢٥)**

✝✝✝✝



## یاشار کەماڵ:

# زورداریی حەفتا ساڵەی تورک

وتاری بلاکراوەی«یاشارکەماڵ» لە ڕۆژنامەی«شپیگێل»

**وەرگێڕ: هاشم**



**لە** کاتی دامەزراندنەوە لە ئۆکتۆبری ١٩٢٣ هەتا ئێستا، کۆماری تورکیا بووەتە سیستمێکی جینایەتکار و چەوسێنەر. ئەم کۆمارە بە ڕواڵەتێکی ڕۆژهەلاتییانە و دووڕوویی هەوڵی داوە ئەو ڕاستییە لە مرۆڤایەتی بشارێتەوە. کۆماری تورکیا زۆردارییەکی وەهای بەسەر ئاناتۆلی دا، داسەپاندووە کە ئەوان پڕ بەدڵ ئارەزووی گەڕانەوەی ئۆتۆکراسی عوسمانییەکان دەکەن.

بەر لە وەدیهاتنی سیستمی فرەحیزبایەتی لەساڵی ١٩٤٦دا بە دەگمەن گوندییەک ـ جا چ کچ یان ژن، چ کورد، تورک یان لاس ـ هەبووە کە تامی شەللاقی ژاندارمەکانی نەچێشتبێ. هێزەکانی کۆمار وەک ڕەشەبایەک باڵیان بەسەر ئاناتۆلی دا کێشا.

بەڵام بۆ هەوەڵجار لە ئەنجامی پەرەگرتنی بەربەرەکانی و ڕاوەستانی کوردەکان بوو کە سیستمی داپلۆسێنەر دیمەنی ڕاستەقینە و جینایەتکارانەی خۆی نواند. لەسەرەتادا بە پروپاگەندەیەکی بێ وێنە هەوڵیان دا دانیشتوانی تورک لە تاریکیدا ڕاگرن. چونکە ئەگەردانیشتوانی تورکیان هەڵنەفریواندبا لە ڕاستیدا مومکین نەبوو بتوانن بەربەرەکانی کوردەکان تێکبشکێنن.

### شەڕی بەردەوام

قەتاری درۆ وەڕێخرا، لەسەر دێڕی پاڵێوراوی پڕ هەست و سۆزی ڕۆژنامەکاندا ڕایانگەیاند کوردەکان دەیانهەوێ نیشتمان لەتلەت کەن و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دامەزرێنن. پاشان دیمەنی زوڵم وزۆریی کوردەکانیان نیشان دەدا و ڕێ وڕەسمی ناشتنی سەربازانی تورک کە بە دەست کوردەکان کوژرابوون وەها گەورە دەکراوە و بەڕێوە دەچوو کە مرۆڤ دەیتوانی لای خۆی وابیربکاتەوە کە دەبوایە تورکەکان بە گشتی هاتبانە دەرێ و هەرکەس کورد بوایە ـ لە پێش هەمواندا ئەوی چاکیان ـ کوشتبا.

بە خۆشییەوە کوردەکان و تورکەکان سەدان ساڵ بوو یەکتریان بە باشی دەناسی و هەموو هەوڵی دەوڵەت بۆ سازکردنی بێزاری و توڕەیی لە نێوانیاندا بێئاکام دەبوو.

لە هەر دوو قسەی سەرکۆمار دێمیرێل و نوێنەرانی دیکەی حکوومەت یەکیان ئەوەیە: «ئێمە بەردێک، تەنانەت مشتێک لە خاکی خۆمان نادەین بە کەس». بەڵام کێ داوای بەردێکی کردووە؟ کێ مشتێکی خاک دەوێ؟ تا ئەو جێیەی ئەمن دەزانم تاقمێکی زۆر کەمی کوردان لە تورکیا ئاواتی وڵاتێکی سەربەخۆیان هەبوو. ئەگەریش ئەوان داوای شتێکی وایان کردبایە، بۆ مەگەر تەواو مافی خۆیان نەبوو. بەپێی تەواوی ڕاگەیەندراوەکانی مافی مرۆڤ هەر نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە کە بۆ چارەنووسی خۆی بڕیار بدا.

هەر ئێستا پیسترین و پەلامارەدرانەترین شەڕێک کە مرۆڤ دەتوانێ بیری لێبکاتەوە لە تورکیادا بەڕێوە دەچێ. کۆماری تورکیا بۆ سەرکوتکردنی خێرای ڕاپەڕیوەکان «سیستمی چەکدارانی دێ»ی سازکرد. هێزەکانی ئامریکا شتێکی لەم چەشنەیان لە ویێتنام وەڕێخست. میلیشیایەک کە بریتییە لە ٥٠,٠٠٠ شەڕکەر و هەروەها هێزێکی تایبەتیی ١٢,٠٠٠کەسەش سازکراوە. دەوڵەت سەرەڕای ئەوەش ئەرتەشێکی بە ٣٠٠,٠٠٠ سەربازەوە ئامادەی شەڕکرد هەتا کۆنترۆڵی خۆی بەسەر کوردەکاندا مسۆگەربکا. کەس نازانێ ئایاتەیارکردنی لەوەی زیادتریش ڕوویداوە. بەڵام لە هەمووی ئەوانە پڕ مەترسی تر گرووپی دژی پێشمەرگە بوو لە ژێر ڕێبەرایەتی هێزەشەڕکەرەکانی تورک.

### جەزرەبەی حەیوانی(جەزرەبەدان بەشێوەی دەرخواردانی پیسایی)

سەرۆکی ئەرتەش «دۆغان گۆرێس»گوتی:« بۆ گرتنی ماسییەکان دەبێ دەریا وشک بکرێ». سەرۆکی دەوڵەتمان «تانسو چیلێر»لە وتارێکی پەرلەمانیدا قیژاندی:«ئێمە سەردەکەوین».

ئەمجار شەڕ بەهەموو هێزەوە دەست پێکرا. ئەرتەشی تورکیا لە سەرەتادا میتۆدی بێ ئازاریی بەکار دەهێنا. بۆ نموونە بە مەجبوورکردنی براکوردەکان بە خواردنی پیسایی، سووکایەتیان پێدەکردن. شوڕای ئورووپا، تورکیای بە دانی ٥٠٠,٠٠٠ فڕانکی فەڕانسی بە قوربانییەکانی ئەم جەزرەبە حەیوانییە سەزادا. بڕیارێکی کەم ناعاقڵانە نەبوو. تورکیا بە میلیاردان دۆلار قەرزدارە. مرۆڤ تەنیا پێویستە قەرزەکان زیادکا و دوایەش دەتوانێ بە دڵخواز هەموو دانیشتوانی تورک وکورد بخاتە ژێر جەزرەبەی حەیوانی.

لەو پێوەندییەدا تورکیا دەستی کرد بە چەکدارکردنی هەموو کوردێکی نێوان حەوت و حەفتا ساڵە. ئەو کەسەی ئەم ئەرکەی ڕەتکردباوە جەزرەبەدەدرا. حکوومەتی دەستەڵاتدار بەتایبەتی بەرهەڵستکارانی چالاکی گرت و کوشت. ئەوجار هێزی دژی پێشمەرگە دەستی کرد بە کوشتار. هێندێک

←

باسی ۱۸۰۰کەس و هێندێکیش باسی ۱۲۰۰کەس کورد دەکەن کە کوژراون. دوای ئەمە گوندەکوردنشینەکانیان سووتاند. پتر لە ۲۰۰۰گوند بوون بە دەستەچیلەی گڕی ئاگر.

لە ماوەی ئەم شەڕە هەمەلایەنەدا زۆر چەشنەکوشتنی بەکۆمەڵ و جەزرەبە بەڕێوەچووە، کۆماری تورکیا تا ئەو جێیەی توانی بەباشی دەریاکەی وشک کرد. بەڵام ئەوان لەگرتنی ماسییەکەدا سەرنەکەوتن. دەگوترێ کە کارەساتی شەڕ بووەتە هۆی ڕاگوێزرانی ۲,٥ هەتا ۳ میلیۆن کەس لە باشووری ئاناتۆلی. ژمارەی دروستی ئەوکەسانەی لە جێشوێنی خۆیان ڕاگوێزراون دەتوانێ زۆر لەمەش زیادتر بێ. ژمارەی دانیشتوانی دیاربەکر کە لە پێشدا ٤٥٠,۰۰۰کەس بوو، ئێستا گەیوەتە ۱,٥میلیۆن کەس. ئەوانە ئاماری ڕەسمیین. لەلایەکی تردوە پەنابەرەکان ڕوودەکەنە شارەکانی تر، ئەو پەنابەرانە بێجێ و ڕێ وبرسیین. کۆماری تورکیا سوونەتی«کویوچ موراد پاشا»ڕەچاودەکا.

**قورئان بەدەست**

ئەوە موعجیزەیە کە ڕۆژنامەکانی ئێمە ڕاپۆرتی ئەم ڕوداوە خۆشانەیان بلاوکردەوە. خانمی سەرۆک دەوڵەت لە کاتێکدا قورئان بە دەستێک وئالآبە دەستەکەی دیکەیەوە بوو، هەموو پرسیارەکانی بەرپەرچداوە و ڕایگەیاند کە ئاشکرایە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێمە گوندەکان و جەنگەڵەکان ئاگرتێبەرنادەن. ئەدی هێلیکۆپتەرەکان؟ پ. ک. ک، ئەوانی لە ئەرمەنستان یان ئەفغانستان وەرگرتووە، ئەوە ئەوانن کە شار وگوندەکان ئاگر تێبەردەدەن.

درسیم دەسووتێ، لێڕەوارەکانی دەوروبەری دۆڵی کوتو ئاگردەگرن ـ پ. ک. ک دەبێ لە ژیان ماندووبووبێ. ئایا ئەوان نەبوون لە جێژنی کوردیی نەورۆز هەشتا کوردیان بەژن ومندالەوە سووتاند؟ ئایا ئەوە دیسان پ. ک. ک نەبووکە ئاگری لە سیرناک و لیسە و شارەکانی تر بەردا؟ ئەو سی وشەش هونەرمەند و نووسەرانەی سیواس چی؟

با بەس بێ! بەڵام ئەمن ناتوانم بەسەرهاتی مێژوویی بەرپرسی قازانتەپە نەگێڕمەوە. ئەو هەواڵی پێدەگا کە جەنگەڵی مەڵبەندەکەی ئاگری تێبەربووە. بە تالووکە خۆی دەگەیێنێتە ئەوێ و دەبینێ جەنگەڵەکە بە تەواوی سووتاوە، بەڵام بە ئاکامێکی خۆشەوە: سووتانی هاوکاتی

**❑ ئانکارا، دەستی بە ڕاگوێزانی خەڵک کردووە و هاوکات دژی دانیشتووانی بێ چەکی کورد شەڕی ڕاگەیاندووە.**

یازدە پێشمەرگە لە ئاگردا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا ۱۲میلیۆن هێکتار جەنگەڵ سوتێنراوە کە ۱۰میلیۆن هێکتاری تەنیا لە ڕۆژهەلاتی ئاناتۆلی بووە. ئەوە جێی تێنەگەیشتنە کە دەوڵەتێک جەنگەڵەکانی خۆی بسووتێنێ تەنیا بۆ ئەوەیکە ئەم جەنگەلانە شوێنی خۆحەشاردانی پێشمەرگەکانن.

کاتێک پێشمەرگە ئاگربەسێکی چەند مانگەی ڕاگەیاند ئانکارا وەسەرخۆی نەهێنا. پاشان بەبێ ئاگاداری ۳۳ سەربازی بێ چەک لە ڕێگادا کوژران. هێندێک گوتیان ئەوە کاری پ. ک. ک بووە، هێندێک گومانیان لەوەدا هەیە. ئەوە هەر چۆنییەک بووبێ، ئاگربەسی یەکلایەنە کۆتایی پێهات.

**قەیرانی ئابووری**

ئێستا شەڕ بەهەموو هێزەوە درێژەی هەیە، شەڕ بەتەنیا لە نێوان پێشمەرگە و ئەرتەش یان لە نێوان چەکدارانی دێ و یەکانەکانی تایبەتی نییە. حکوومەت بە سەدان هەزارکەسی لە ماڵوحاڵی خۆی ڕاگوێستووە، ئینسانگەلێک کە بە هۆی برسێتی و نەبوونی ئەمرنەژی ماونەوە و هیچ سەرپەنایەکیان نییە، نە میچێک و نە چادرێک. ئانکارا، دەستی بە ڕاگوێزانی خەڵک کردووە و هاوکات دژی دانیشتووانی بێ چەکی کورد شەڕی ڕاگەیاندووە.

ئەم شەڕە نابێ درێژە بدرێ. تورکیا لە قەیرانێکی ئابووری نزیکە، جەماوەر هەژارونەدارن. تەنیا شەڕی ژۆژهەلاتی ئاناتۆلی ٦۰میلیۆن کرۆنی لە ساڵی ۱۹۹٤دا تێچووە. قەرزی ناوخۆ و دەرەوە هەر زیاددەکا؛ ئەگەر ئەو شەڕە هەروا بەردەوام بێ، تورکیا لەمێژووی خۆیدا تووشی گەورەترین کارەسات دەبێ.

زووتر هەردەگەڵ دامەزراندنی کۆماری تورکیادا دەبوایە ئازادی و مافی گشتی کوردەکاندانی پێداهاتبا. لە سەردەرانەی سەدەی بیست ویەکەمدا، ئینسان ناتوانێ حاشا لەو مافانە بۆ خەڵکێک یان قەومێک بکا.

ویژدانی مرۆڤایەتی دەتوانێ بەهانای خەڵکی تورکیاوە بێ کە ئەو شەڕە نائینسانییە کۆتایی پێبێنێ. بەتایبەت خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە چەک بە تورکیا دەفرۆشن دەبێ هیممەتێک بکەن. ئێمەش لە تورکیا دەبێ بزانین چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد تەنیا ڕێگای دێموکراسی ڕاستەقینەیە.

ئەوەیکە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە ڕێبەرانی تورک هەوڵیان داوە کولتوور و زمانی کوردان لەناوبەرن ـ ئەگەرچی لەودواییانەدا زەخت تۆزێک کەم بووەتەوە ـ جینایەتێکە دژی مرۆڤایەتی. لە سەدەی بیست ویەکەمدا هەموو تاوان و جینایەتەکانی دژ بە مرۆڤ یەک بەدوای یەکدا دەخرێنەڕوو و مەحکووم دەکرێن. ئەوەش دادگاییەکی هەروا ئاسایی نابێ، بەڵکووشەرەف و مرۆڤایەتی وڵات لە بەرانبەر دادگا ڕادەوەستێ. **داگنز نیهێتر(DN): ۹٥/۱/۲٤**

**❑ (دوابەدوای بڵاوبوونەوەی وتاری،یاشار کەماڵ،لە ڕۆژنامەی،شپیگێل،دا، ڕۆژنامەی،داگنز نیهێتر،یش وتووێژێکی لەگەڵ کرد. ئێستا ۲تا۸ ساڵ زیندان بە تاوانی**

# وتووێژی داگنزنیهێتر لەگەڵ «یاشارکەماڵ»

وەرگێڕ: هاشم

**● بۆچی ڕاست ئێستا ئەو وتارەت نووسیوە؟**

ـ دنیا چاوی لە ئاست ئەو تراژێدییەی کە لە تورکیادا دەقەومێ، ئەو ڕاستییانەی کە من لە«شپیگێل»دا ڕوونم کردوونەتەوە قووچاندووە. وردەوردە بێ ئینسافی و ماڵبەدەرکردنی خەڵک لە تورکیادا لە هەموو کاتێک سامناکتر دەبوو. ئەمن نەمدەزانی چبکەم و ڕوو دەکوێ بکەم. دەستەکانم لەپشتەوەڕا بەسترابوون. بەمجۆرە کاتێک«شپیگێل »داوای نووسینی وتارەکەی لێکردم یازدە لاپەڕەم لە سەر ئەو تراژێدییە پڕکردەوە. هێندەم شت لە کارتێکەری ئەم تراژێدییە لە خۆمدا کۆکردبووەوە کە دەمتوانی کتێبێکی تەواو بنووسم.

ـ کاتێک بابەتەکەی من بڵاوکرایەوە کەوتمە بەر پەلاماری توندوتیژی قەڵەمە بەخوێن

بڕوانە: ل ٤٣



# هاوپرسەکی لەگەڵ هونەرمەندی سوێدی «گینای یاکۆبی»

حەسەنی قازی: ژانڤییەی ٩٥

**● یای گینا! بەوزووانە گوێگری کورد بە زمانی خۆیان لە کاسێتەوە دەنگت دەبیستن. دەکرێ هێندێک باسی خۆت بۆ خوێنەرەوەکانی گزینگ بکەی؟**

ـ ئەمن سی و دووساڵم، لە دێیەکی پچووکی سەرووی سوێد (Norrland) بە نێوی هامێرداڵ(Hammerdal) لە دایک بووم بەڵام، لە منداڵییەوەماڵمان باری کرد بۆ سوندسڤال(Sundsvall) و لەم شارە گەورەبووم. لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە بە مووزیکەوە خەریک بووم و دەستم بە پیانۆلێدان کرد. تائێستا ٥سەفحە(قەوان ـ نیستیوانە) م پڕکردووەتەوە کە هەم شێعرەکانی و هەم هەواکانی خۆم دامناون. نزیکەی یازدە ساڵە تەواو وەخت بە مووزیکەوە خەریکم. جگە لە مووزیک کاری تیاتوریشم کردووە و تاکوو ئێستا ١٠ ـ ٢٠ پرۆژەی هونەری جۆربەجۆرم بەڕێوەبردووە، بەتایبەتی لەمەڕ گۆرانی کۆڕ و بەکۆمەڵ.

وەکی دی زۆر حەز لەکاری نەقاشی دەکەم و تابلۆ دەکێشمەوە. لە باری خوێندنیشەوە، لە شاری هێرنۆساند(Härnösand) خوێندنگەی بەرزی پەروەردەکردنی مامۆستایانم تەواوکردووە.

چوار کچم هەن: میلان، نێلڤیرا، ڤیکتۆریا و ئولیڤیا کە هەشت مانگانەیە.

**● چۆن بوو مەیلت بۆ مۆسیقای لاوەیی و ڕۆژهەڵاتی تێدا بزووت؟**

ـ نزیک چوارساڵ لەمەوبەر لە گەڕەکی فاگرداڵ لە سوندسڤال لە کەمپی پەناخوازان مامۆستای زمانی سوێدی بووم. لەوێ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گرووپی بێگانان بوومە ناسیاو، ئەوە هەلێکی باش بوو بۆ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی، ئەگەرچی پێشتریش لەگەڵ مووزیکی ڕۆژهەڵاتی ئاشنا بووم بەڵام دیتنی ئەو هەموو خەڵکە بە جارێک و هاتوچوو و ناسیاوی لەگەڵیان شوێنێکی زۆری لەسەر مووزیکی من داناوە.

زۆر بەگرینگی دەزانم تێبگەم کە خەڵکی دی چۆن لە ژیان و جیهان دەڕوانن. بەناسیاوبوون لەگەڵ خەڵکی دی و تێگەیشتن و ئاگاداربوون لە فەرهەنگی دی، ئینسان دنیایەکی نوێی لەبەر چاوی دەکرێتەوە.

**● کەنگێ نێوی کوردت بیست؟ بەر لەوەی کوردان ببینی چت لەسەر دەزانین؟**

ـ زۆرم نەدەزانی. بەرلەوەی ببمە مامۆستای لاوەییان شتێکی وام نەدەزانی. ئێستاش زۆر سوێدی هەن فەرقی نێوان عێراق و ئێران ناکەن. جارێکیان کە بە شێوەی خۆم، کراسی داوێن درێژی ڕەنگاوڕەنگم دەبەردابوو، ژنەکوردێک کە لە کەمپ لەگەڵی ببوومە دۆست پەسنی دام و گوتی: کراسەکەت وەئی ژنی کورد دەچێ، ئەو قسەیەم زۆر لە دڵی نیشت.

**● چۆن بوو قەرارت دا بەدەنگ پەناخوازانەوە بێی و لەسەریان بکەیەوە؟**

ـ لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر کارم کردبوو و ناسراو بووم و ڕۆژنامە زۆریان لەسەر دەنووسیم هەستی ئەوەم تێدا پێکهاتبوو کە ئیتر خۆم وەک گینا نەماوم. گوتم باشتر وایە ماوەیەک دەنگ لەگوێیان ون کەم و لە مووزیک دوور کەومەوە بۆئەوەی خۆی خۆم بدۆزمەوە. لەڕۆژنامەدا ئاگادارییەکم خوێندەوە کە بە دووی مامۆستای زمان بۆ لاوەییان دا دەگەڕێن. بۆ بەیانییەکەی ڕا چوومە هاوپرسەکی و دەستبەجێ کاریان دامێ. ڕۆژی دواتر چل شاگردم هەبوو دەبوو بە دوو پۆل دابەش بکرێن. تا چەند حەوتوو بۆ ئەوەی لێک حاڵی بین دەبوو بەدەست و چاو و برۆ بەیەکەوە بدوێین. ئەوەی بەمن خۆش بوو ئەوان وەک گینایان چاولێدەکردم، هیچ چاوەڕوانییەکی تایبەتیان لەمن نەبوو، ڕاستە ئەمن کارم مووزیکە بەڵام کاروچالاکی دیکەشم بەلاوە خۆشە. ئەو سەروبەندە لە فاگرداڵ سەرەتایەک بوو بۆ خۆ پێوەماندووکردن و لەسەرکردنەوەی لاوەییان.

**● یەک دوو گۆرانی«گوگوش»ت گوتووەتەوە، ئەوەندە هونەرمەندانەیە ئەگەر کەسێک پێشتر نەزانێ ئەوە گینایە بەزەحمەت لە دەنگی «گوگوش»ی دەکاتەوە. ئەوە چۆن لوا؟**

ـ ژنەکوردەکەی دەستە خوشکم لە فاگرداڵ چەند

🠉

کاسێتی گۆرانی کوردی و فارسی دامێ. بەمن زمانی فارسی زمانێکی زۆر لە گوێیان خۆشە. ئەگەرچی کاسێتەکان خراپ پڕکرابوونەوە، بەڵام تەمرینم لە سەر دەنگی گوگوش کرد. ئەویش وەک تۆ پێی سەیر بوو واچاکم گوتووە.

● **موزیکی ڕۆژهەڵاتیت پێچۆنە؟**

- وەک باسم کرد لە کۆنەوە هێندێک ئاشناییم لەگەڵ موزیکی ڕۆژهەڵاتی: هیندی و عەرەبی هەبووە، تێکەڵکردنی مووزیکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیم بەلاوە خۆشە.

● **ئێستا ئەوە زۆر بەگەرم و گوڕی خەریکی ئامادەکردنی کاسێتێکی بە کوردی، بۆچی؟**

- دیارە لێرەدا دەبێ باسی یارمەتی تۆ و «هێرش»یش بکرێ. مەبەستم ئەوەیە بە ڕێگەی گوتنی چەندێک لە گۆرانییە سوێدییەکانی خۆم بە کوردی، گوێگرانی کورد لەگەڵ بیرکردنەوە و بۆچوونی سوێدی لە زمان موزیکەوە ئاشنا بن. چەند گۆرانی کوردیش دەڵێم و بۆ ئەوەی دەنگم بەهەموو کوردان ڕابگا هەوڵدەدەم تا ئەو جێیەی بکرێ لەنێو هەموو لەهجەکان چەند گۆرانی هەڵبژێرم. هەواش بۆ یەک یان دوو هۆنراوەی«هێرش»دادەنێم. لەوانەیە دواتر هۆنراوەکانی وەرگێڕم و بیکەمە گۆرانی بە سوێدی.

● **داخودا ئەو پردە فەرهەنگییەی خەریکی ڕایەڵکردنی، هەر مرخ لێپەڕینێکی کاتییە، یان کاری پێوەندی فەرهەنگی بە ڕێگەی مووزیکەوە درێژەپێدەدەی؟**

- ئەمن هەست بە هیچ بەرتەنگی و سنوورێک ناکەم. هێشتا ئەم کارەی ئێستامان تەواو نەبووە بیرلەکاسێتی دووهەم دەکەمەوە. لەوانەیە ڕۆژێک بە«سەواحیلی»ش گۆرانی بڵێم.

● **قسەیەکت هەیە بۆ خوێنەرەوانی گزینگ؟**

- ئەگەر کاسێتەکە ئامادەبوو، هەوڵ بدەن پەیدای کەن و گوێی لێبگرن. کارەکە بۆ کوردانە، پشتیوانی و ڕەخنەی ئەوان دەبێتە هەوێنی تێوەچوونی زیادتر و بەرهەمی باشتر.

● **سپاس یای گینا..**

- ئەمنیش بەش بەحاڵی خۆم سپاسی هاوکاری تۆ و گزینگ دەکەم. ■

**ئەنوەری سوڵتانی**

# «سیامانتۆ و خەجێ زارە»

**□ یادداشتێک لەسەرخەج و سیامەندی ئەرمەنی(١)** هاوینی ساڵی ١٩٩٤

«پێشکەش بە ڕەحمان. و.»

کورد، جیران و هاوساماڵی گەلانێکی زۆرە؛ ئەو شوێنانەی کوردی تێدا دەژی لە ڕابوردووی کۆنەوە تا ئێستا، مەکۆی ژیانی چەندین قەوم و میللەت بووە: لە سۆمەری و ئاشوری و یۆنانی و ڕۆمییەوە بگرە تا عەرەب و تورک و فارس و ئەرمەنی.

ژیانی هاوبەش، بووەتە هۆی ئامێتەیی زمان، هونەر و تەنانەت ئایین. بەدرێژایی مێژوو فەرهەنگێکی هاوبەش لە ناوچەکەدا خولقاوە کە زۆر وکەم مۆرک و شەقڵی هەموو ئەوگەلانەی بە سووچ و قوژبنیەوە دیارە و، لە نێوان فەرهەنگی هیچکام لەو گەلە دراوسێیانەدا، دیواری کۆنکرێت نەکێشراوە. چارەنووسی هیچ گەلێک لەو تەئسیرە چەند لایەنییە بێبەش نییە و تەنانەت ناتوانرێ بیریش لە فەرهەنگی سەربەخۆ و«ئیزۆلەکراو»ی یەک لەو گەلانە بکرێتەوە.

«بەیت»بەشێکی گرینگی کەلەپووری ئەدەبی گەلی کورد پێکدێنێ. لە واتای گشتی وشەی«بەیت»دا مۆسیقا، شێعر، چیرۆک و شانۆ تێکئالاون. «بەیت» مۆڵگەی گرێدران و ئامێتەبوون ـ واتە بەیەکبوونی ئەم هونەرە سەربەخۆیانەیە و خۆشی وەک هونەرێکی لێکدراو، خاوەنی سەربەخۆیی و کەسایەتی جیاوازە. کەڵک وەرگرتنی «بەیت»لە سەرمایەی ئەو چەند هونەرە بەتایبەت شێعر، بووەتە هۆی دەوڵەمەندی و دەستڕۆیشتوویی و بەرفراوانییەکی وا، کە لەهیچ شێوەیەکی دیکەی ئەدەبی و هونەری گەلەکەماندا نابیندرێ.

«بەیت وێژ» بەگشتی لە ناو خەڵکی ئاسایی هەستاون، هەر ئەو خەڵکەش هۆگر و گوێگری سروشتی مەجلیسی «بەیت وێژان»بوون بەڵام ئاغا ومەزن و سەرۆک خێڵی کوردیش، وەک پشتیوان و هاندەر یا خود دابینکەری ژیانی ئابووری«بەیت وێژ، دەورێکی ئەوتۆیان لە پرۆسێسی خولقان و جێگیربوون و بڵاوبوونەوەی هونەرەکەدا بووە کە بە کوژانەوەی چرای دیوەخانی میر و بەگلەران، مۆمی ژیانی «بەیت»یش ڕووی لە کزی ناوە و لە ڕۆژگاری ئێمەدا، کەوتووەتە گیانەڵلا و دوانەفەس.

وەک دیاردەیەکی گشتی، «بەیت»تایبەتکراوی کۆمەڵگەی کوردەوارییە و شەقڵی زمان و ئایین و فەرهەنگ و نەریتی کورد لە هەموو لایەنێکی خەرمانی «بەیت» دراوە. بەڵام تەنانەت ئەو بەیتانەش کە ڕووخساری لە سەتاسەت کوردییان هەیە وئاوێنەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردانن، یان لە جوغرافیایەکی جیا لە کوردستان ڕوویان داوە یان قارەمان و ـ زۆربەی کات «دژی قارەمان»یان، غەیرە کوردە(عەرەب، ڕۆمی، عەجەم...)، یان سێکوچکەی داستانەکە لە ئەدەب و ئەوسانە و «ئوستورە»ی میللەتانی دیکە وەرگیراوە(لەیلی و مەجروون، یوسف و زلێخا، مێهر و وەفا، بارام و گوڵەندام و...).

بەهەمان شێوە، ئەدەبی گەلانی دراوسێش لە خەرمانی هونەری کوردی بێبەش نەماون: «بایاتی»بەشێکی دەوڵەمەند لە فۆلکلۆری خەڵکی ئازەربایجان پێکدێنێ؛ نزیکایەتی و وێچوویی ئێستای ناوی ئەو دوو هونەرە(بەیت و بایاتی) دوور نییە لە ڕابوردوویەکی دوورتردا باڵی کێشابێتە سەر هاوبەشی لە ناوەرۆک و فۆڕمی هونەرەکانیشدا بە تایبەت کە ئەم ناوە، کەمتر واهەیە تورکی بێ ←

و دەبێ ڕیشە و بناوانی لە زمانی «ئازەری کۆن»دا بدۆزرێتەوە و، ئەویش خۆی لە پێوەندییەکی یەکجار نزیکی زمانی کوردیدا بووە.

«بەحری تەویل» وەک بەشێک لە کەلەپووری ئەدەبی فارسی ئامێتەیەکی پەخشان و شێعرە و وەک سەرەتایەک بۆ سەقامگیربوونی شێعری نوێ باسی لێوەدەکرێ. ئەم هونەرە، زۆر خیسلەتی هاوبەشی لەگەڵ «بەیت»ی کوردیدا هەیە.

ئەمانە و زۆر شتی تر، ڕاستییەکمان بۆ دەردەخەن: لە ناو فەرهەنگ و هونەری کوردی و گەلانی دیکەی ناوچەکەدا(بە کۆن و تازەوە)دیواری چین نەکشاوە و کوردستان لە مێژووی تەئسیردانان و تەئسیرهەڵگرتنی دوولایەنی وەلانەنراوە. کاتێک کە شوێنی تەریقەتی نەخشبەندی و ناوی بنەماڵەی کورد لە«ئەندۆنێزیا»و«مالێزیا»هەڵدەگیرێ(٢)، ئیتر باسکردن لە ناوچەکانی بن گوێی کوردستان پێویستیەکی نامێنێ.

***

«هوانێس کاراپێتیان» شاعیری ناسراوی ئەرمەنستانە. «لویی ئاراگۆن» سەبارەت بە کاراپێتیان دەنووسێ:«لە شێعرەکانیدا هەموو شوێنەوارێکی شاعیرێکی نەتەوەیی کۆبووەتەوە.» «هوانێس کاراپێتیان»کە نازناوی شێعری«شیراز»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە لە ساڵی ١٩١٤دا لە خێزانی جووتیارێکی هەژاری شاری«ئەلێکساندراپوول»لەدایکبووە و تا ساڵی ١٩٦٨، زیاد لە دوازدە کۆمەڵی شێعری لە چاپ داوە. دەگوترێ کە لاوانی ئەرمەن هەموو شێعرەکانی«شیراز»یان لەبەرە و بەم پێیە دەبێ شوێنی لە ناو کۆمەڵگای ئەرمەنستاندا وەک شوێنی«گۆران»لە کوردستان بێت. شێعری«شیراز»بە زیادتر لە چل زمان تەرجەمەکراون.

دووهەمین بەرهەمی چاپکراوی«شیراز»، چیرۆکە شێعرێکی درێژە بە ناوی «سیامانتۆ و خەجێ زارە»کە لە ساڵی ١٩٣٥دا لە چاپ هاتووەتە دەرێ. شێعرەکە، داستانی ئەوینی «سیامانتۆ» ـ کوڕە شوانێکی ئەرمەنییە لەگەڵ «خەجێ»ی کچی«زارە»کە خانێکی کوردی خاوەن مەڕوماڵاتە و بە گشتی کۆپییەکی تەواوە لە بەیتی«خەج و سیامەند»ی کوردی. شاعیر لە یەکدوو شوێن نەبێ، دەستی نەبردووەتە بەیتەکوردییەکەوە و ڕووداوی ئەوینی ئەو دوو دڵدارە ناکامەی بە هەمان شێوە و بە تام و چێژێکی ئەرمەنییانەوە گێڕاوەتەوە سەر زمانی ئەرمەنی. بەڵام لێرەدا ئیتر «بەیت»جێی خۆی دەدا بە شێعرێکی زوڵاڵی پاراو کە بەسەتان ئیماژ و سەنعەتی شێعری ڕازاندوویەتەوە و تەنانەت لە بیچمی تەرجەمەکراویشدا، تیرێژی جوانی و هونەرە.

هۆگری شێعر و ئەدەبی کوردی لە خوێندنەوەی شێعرەکەی «شیراز»تێر نابێت. ڕووداوەکان، شوێنی جوغرافیایی، پاڵەوان و کەسایەتی ناو چیرۆکەکە، چاخ و کێو و دارەبەنی سیامەند کوژ، ئەوینی خاوێنی دوو دڵدار، داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگا، لەخۆبوردوویی عاشق و ئەمەگداری گراو، هەموو دووپاتکراوی ناوەرۆکی بەیتەکوردییەکەن. ئەم شوێن هەڵگرتنەی«شیراز» لە ئەدەبی نەتەوایەتی گەلی کورد، بەداخەوە لە هیچ شوێنێکی سەرەتا یان دەقی چیرۆکەکەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵام خۆی لە خۆیدا نیشاندەری تێپەڕبوونی سنووری نەتەوایەتییە لە لایەن هونەرمەندەوە و، گەلێک جیاوازە لە بۆچوونی کاک«عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان»کاتێک لە سەرەتا بۆ چاپی«خەج وسیامەند»، هەوڵدەدا بەیتەکە بە دیاردەیەکی خالیسی کوردی و دابڕاو لە هەموو گەلانی تر بداتە قەڵەم.

کاک عوبەیدوڵڵا دەنووسێ:«شێوەی بیرکردنەوەی کەسایەتی ناو بەیتەکە نە یۆنانی، نە ڕۆمی و نە سامی یە، بەیتەکەش خۆی نە توند و تیژی بیری سامی، نە شەوقی ئاسیای ڕۆژهەڵات و نە بای ڕۆژئاوای لێ نەدراوە» (٣). ئەوەش لە گەڵ ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەک ناگرێتەوە. بە بڕوای من، کورد نابێ لەوە بترسێ کە باو و باپیرانی لە پێوەندی نزیکدا بوون لەگەڵ فەرهەنگی گەلانی دیکە. ئەم پێوەندییە دوولایەنییە، نابێتە هۆی سەرشۆڕی هیچ لایەنێکی کارەکە، وەک چۆن شوێن هەڵگرتنی ڕاستەوخۆی «شیراز» لە ئەدەبی کوردی، بایەخی شاکارەکەی واتە«سیامانتۆ و خەجێ زارە»ی کەم نەکردووەتەوە. «شیراز» بێ ئەوەی لە ناو وناتۆرە ی کەسێک بترسێ، کەرەسەی شێعرەکەی لە کوردی وەرگرتووە و تێکەڵاوی خەیاڵی شاعیرانە و بیری نەتەوەیی خۆی کردووە، ئەوەش کە لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاوییە هاتووەتە بەرهەم، شاکارێکی شێعری ئەرمەنییە نەک کوردی!

"بۆ دڵە تینووەکەت،
بە گۆزەی زێڕینی گۆرانی
لە کانیاوی ئەوینێکی سووتێنەر
تێکەڵ بە گیان و ڕۆحی گەلەکەم
ئاوێکی زوڵاڵم هەڵگوستووە.
نیگام،
وەک چاوی سوسەن پشکووت،
لە ئاسمانی ڕۆحم دا
هەموو گوڵە پشکووتن،
دڵم بووە زەریایەک،
زەریای خۆشەویستی
ئینجا«سیامانتۆ» و«خەجێ زارە»هاتنە تکام
تا ئەفسانەی ئەوینی تاڵیان
بە بەستەیەک بێنمە ئەنجام.
ئینجا،
کۆتری دڵم
بەرەو سەیرانگای«سیپان»وزەریای«وان»
لەوێوە بۆ سەر کانیاوی«تەبەرک»و
دواجار، بەرەو«ئاختامار»
لە شەقەی باڵی دا.
داخەکەم،
گۆزەڵەی بیرەوەریم
لە ئەسرینی ئەوین و تاڵاوی ئارەزوویان
غەرقی ئاونگی فرمێسکم بوو
لە زوڵاڵی ئەو شەوغەدا،
دوو سووتاو، دوو ناکام
بە چاوی پڕ فرمێسکەوە
لەوپەڕی سنووری سەدە و ساڵانەوە
تێیان ڕوانیم.
ئەتگوت هەر لەودەمەدا
گوڵاڵەی ئەوین لە ناخم دا زەردهەڵگەڕا و
بە تاریکایی نیوەشەوێکا هەڵاوەسرام
کە تیایا،
شوانێکی ئەرمەن وکیژۆڵەیەکی کورد
لە خەون و خەیاڵی کوێستانی«سیپان»دا
پەیمانیان بەست و
دوور لە چاوی ئاسمان
وەک سروە ، یەکتریان ڕامووسی.
بەڵام چارەنووس
خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوە مڵاس دابوو
هەربۆیەش،
ئەم دوو تینووە ئارەزوومەندە
لە گوێن دوو دڵۆپەی ئاو
لە جەرگەی بیابانێکا، سووتان.
هۆ کیژەکان!
وەرن با بە باڵی کەژاوەی شێعرم
لە سیپانەوە هەڵتانگرم و

له عەرشی خودایانی ئەویننتان دانێم
با گۆزەڵەی ئەو دڵانەی وا
له زوڵاڵی ئەوینی نیشتمان خاڵین
له گەڵم بێنە زەریای«وان»
ـ کانیەڕوونەکەی چیای«سیپان»!"

ئەوەی لەم چیرۆکە شێعرەدا بۆ ئێمەی کورد جێی وردبوونەوەیە بۆچوونی نەتەوەپەروەرانەی شاعیرە، کە هەموو ئەو سەرزەمینەی وا شوێنی ڕووداوەکانە، بە زێدی گەلی ئەرمەن و بەشێک لە خاکەکەی دادەنێ:

"داستانێکی سەیرە، نەتبیستووە؟
زەریای«وان»لە فرمێسکی گەلی ئەرمەن،
لە داوێنی «سیپان»هاتە جیهانەوە!"

لێرەدا وان و سیپان و«بنگوڵ» و ئارارات(سیس و ماسیس) بەشێکی دانەبڕاوی خاکی ئەرمەنن. پێوەندی کورد و ئەرمەن لە ڕوانگەیەکی چینایەتییەوە سەیرکراوە:

هەموو شوان و سەپان و زەحمەتکێشەکوردەکان لە شەڕی سیامانتۆی شوانی ئەرمەنی و «زارە»ی دەرەبەگی کورددا، لایەنی یەکەمیان دەگرن و دژ بە ئەوەی تریان دەجەنگن. جامۆ، هامۆ، جەلال و حەسەن لە هەڵبژاردنی نێوان سیامانتۆ و خانی کورددا تووشی هیچ گومان و دوودڵی نابن:

"کوردێکی تر گوتی: بووک هی تۆیە سیامانتۆ!
تۆ کە برایانە، مێهرەبانیت بەسەردا دابەشکردین."

***

"بە خاک و بە پیاوەتی قەسەم
بە مووی سمێڵتان قەسەم
تا ئەو ڕۆژەی پیاوەتیمان پێوەماوە، بە نامەردی ناتفرۆشین
کوردی هەژار، ئەرمەنی بێ عەنوا لە خانێکی دەوڵەمەند
بەباشتر ئەزانێ!"

بەڵام ئەم ڕۆحی نزیکی و برایەتییە تایبەت بە کورد نییە و ئەرمەنی ئەوینداریش لەو هەستەدا هاوبەشە:

"ئەگەر لە ڕەگەزێک نین،
هەر دوولا، ڕیشەمان لە خاکێکدایە.
ئەوین بیر لە بنەچەک ناکاتەوە
قسەی ئەوین قسەی دڵە و
خوێنی هەموو دڵێکیش یەک ڕەنگە."

بە بڕوای من، شاعیری چیرۆکە ئەرمەنییەکە نەک هەر شارەزای بەیتی«خەج وسیامەند» بەڵکوو ئاگاداری گەلێک بەیت وباوی دیکەی کوردیش بووە. چیرۆکە شێعرییەکەی«شیراز»گەرچی لەباری دارشتنەوە، کۆپیکردنێکی بەیتی«خەج وسیامەند»ە، بەڵام لە هێندێک شوێندا دەچێتەوەسەر«مەم و زین». وەک پێشتر گوتم لە هیچ شوێنێکیشدا ناوێک لەو شوێن هەڵگرتنەی خۆی ناهێنێ. بەڵام ئەوەی لە شێعرەکەدا چاوی خوێنەر بگرێ و هەستی ڕاکێشێ، خەیاڵ و هەستی شاعیرانەی «شیراز»ە. ئەم لایەنەی چیرۆکەکە، «سیامانتۆ و خەجێ زارە»دەگەیەنێتە لووتکەی سەرکەوتوویی هونەری. لێرەدا بۆ نموونە، بەشێک لەو بەیتەکوردییە بەئەرمەنی کراوە دەخەمە بەرچاوی خوێنەر بە هیوای ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرجەمی چیرۆکەکە، ڕاستەوخۆ لە زمانی ئەرمەنییەوە وەربگێڕدرێتەسەر کوردی.

شانۆی پێکرانی سیامانتۆ و کەوتنەسەر«دارەبەنان» ئیمجا شیوەنی«خەجێ» بۆ زاوای یەکڕۆژە:

"ـ سیامانتۆ! ئەم تیرە چۆنی پێکای؟
بەزەییت بە تەنهاییم دابێت، ڕابە!
ـ خەجێ! چارەنووس ئەوینی لە خاچ داوە.
ـ سیامانتۆ! باری خەمانم بەبێتۆ چۆن بکێشم؟
سندووقی ڕازی دڵم بۆ کام مەحرەم بکەمەوە؟
سپییەتی بەفری سەر زوڵفانم،
کامە دەست بەلایدا بخا؟
ـ خۆشەویستەکەم! بێدەنگی بکە بە پەردەپۆشی ڕازم،
بڵێ سیامانتۆ ئێستاش
لە کوێستانی«سیپان»خەریکی ڕاوە.
ـ نا، خۆشەویستەکەم، نا!
من تاقە نێچیری تۆم
ئیتر ئاسکێک نەماوە.
تەنیا مردن ئەتوانێ شینی من کۆتایی پێبێنێ
وەک دایکێکی ڕۆڵەکوژراو لە قووڵایی دڵەوە ئەگریا و
خەمی هەموو پاییزان لە گیانی دا شینی ئەگێڕا.
ـ کەشتی ژیانم، سەوڵی شکا،
دەردم لە ژمارە نایەت،
بەختەوەریم لێ ونبوو،
هەموو ئەم خاکەم بۆ بکەنە گۆڕستان!
ـ خەجێ! مەگری، مەناڵە،
لێمگەڕێ با لە تاڵاوی مردندا گیان بسپێرم
ـ بەڵام فرمێسکی زەریا کۆتایی بۆ نییە
چاوەکانم لە تامی تاڵی مەرگی تۆدا
چلۆن ئۆقرە وئارامیان ئەبێت؟
ئاخ، سیامانتۆ، ئاخ!
ئاخ بۆ ئاخکێشانەکەت!
ئیتر کێ دە شمشاڵەکەت بتورێنێ؟
سینگم لە گوێن شمشاڵەکەت کون ئاژنە.
...................
ـ خەجێ! بگەڕێوە ماڵێ، بڕۆ!
ـ کام ماڵ؟ کام هێلانە؟
من ماڵیکراوی دەستی تۆم
ئێستاش نە باڵم ماوە نە باڵەفڕ
بڕوانە! بەفر باڵی کوێستانی داپۆشیوە.
لە باوەشم بگرە!
بێ من خەو نەتباتەوە!
...................
ئینجا وەک گوڵاڵەیەک بەدەم شەماڵەوە شۆڕبووەوە،
چاوی بڕیە زاری هەڵدێرەکە:
ـ سیامانتۆ! باوەشتم بۆ بکەوە
و...........
بە باڵەفڕ خۆی هاویشتە قووڵایی دۆڵەکەوە ئەندامی،
وەک شەپۆلێک لە شەڕی گاشەبەرددا، لەبەریەک چوون.
ئەتگوت سیامانتۆش بە حەسرەتەوە ئاخی کێشا و
ناوی سیامانتۆ لە سەر لێوی خەجێ
بە ناتەواوی مایەوە:
سیامانـ ... !
بە نیگای تاسەباری«سیپان»باوکەوە و
لەگەڵ ئەسرین ڕێژانی بە سۆزی«وان»،
شنەی شەماڵ لە پرسەیاندا
گۆرانی ئەچڕی،
ئەتگوت ئەم ئاوازە،
دوا سروودی سەر زاری سیامانتۆ بوو."

***

پەراوێز:

١) ئەم وتارە، لە سەر ئەساسی تەرجەمەی فارسی چیرۆکەکە، نووسراوە و شێعرەکانیش هەر لە دەقە فارسییەکە وەرگیراون. بڕوانە: هوهانس شیراز، سیامانتو و خەجە زارە، ترجمە الک خاچادوریان، تهران، ؟، ١٩٦٨؛

٢) بڕوانە:«مارتین ڤان براونێسن»، «عولەمای کورد و شاگردە ئیندۆنیزیاییەکان»تەرجەمەی حەسەنی قازی، گۆڤاری ڕووناکبیری، ژمارە ٣ ـ ٤، سوێد، دیسەمبەری ١٩٩٣، ل ٢٢٤ تا ٢٥٧.

٣) عوبەیدوڵلای ئەیوبیان: «چریکەی خەج و سیامەند»، نشریە دانشکدە ادبیات تبریز، سال هشتم، بهار ١٣٣٥[= ١٩٥٦]، چاپخانە شرکت سهامی ازربایجان.

■

# جێژنی بەهار

عوسمانی ئیسماعیلی، ئاشق ،

بەهارە، ئاسەوار و نیشانەکانی وەرزی نوێ سەر بە کەلێن و قوژبنی هۆدە بچکۆلانەکەم دا دەکەن. تیشکی خۆر بە ئەسپایی لەپەردەی روونی شووشەی پەنجەرەکان تێ دەپەڕێ و گەرمایەکی شادیدەر دەخاتە خوێنی دەمارەکانی لەشم. گەرمایەک کە تینی ئاگری دەسکردی نێو ماڵم لە پێش چاو دەخا و وەبیرم دێنێتەوە کە کاتی هەڵکورمان و دوش دامان لە گۆشەی دیوی تەمگرتوو و لەپاڵ کوورەی نێڵدراو بەسەر چووە. بە تەواوی وجوودمەوە هەست دەکەم و حەزدەکەم دەرگاو پەنجەرەکان بکەمەوە و لەمپەران هەڵگرم تا شەپۆلی تیشکی هەتاو بە سانایی بڕژێتە ژوورەکەم و ئاسەوار و بۆنی خەمی زستان پاک کاتەوە.

سەیرکە! جریوەی چۆلەکە و مەلی جۆراو جۆر چ ئاهەنگێکی جێژنیان لەسەر دار و بنچک و قەراغ رووبار و گوێسوانەی ماڵەکان وەڕێخستوە. هەر دەڵێی شای بەهار دوای سەرکەوتنی گەورەی بەسەر سوپای زستان دا دەستووری رازاندنەوەی زەوی و پێکهاتنی کونسێرتی خۆشخوانانی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆی داوە.

ئەوەی دەیبینم خەون و خەیاڵ نییە. پێڵوو و مژۆڵەکانم هێدی هێدی وەک پەردەیەکی دووبەر ئاواڵەدەبن و لەشی شەکەت و خەماوی و خەواڵووی چاوەکانم بەجێ دێڵن . لەرانەوەی ئاهەنگی کۆنسێرتی دەنگ خۆشانی بەهار لەسەر پەردەی گوێم و تینی هەتاو کە وەک دەستی دڵداری بێ ئۆقرەی خەیاڵ لەشم دەلاوێننەوە، وشیارم دەکەنەوە: "هەستە! چ کاتی دانیشتن و بیرکردنەوە و دوور کەوتنەوەیە. بڕوانە وەستای سروشت چۆن دیمەنی بووکی دنیای رازاندۆتەوە. حەیف نییە ئەو هەموو جوانییە لە ئاوێنەی هەستدا ڕەنگ نەداتەوە و نەبێتە ئیلهام و سووژەی ستایشێکی بەجێ و راستگۆیانە؟"

هەڵدەستم دێمەدەر، پڕ بەسینگم هەوای بێگەردی بەهاریی هەڵدەمژم و پڕ بە چاوان لە دیمەنی سەوز و جوانی زەوی دەڕوانم. لەپڕ پرسیارێک بە مێشکم دادێ. بڵێی هیچ بە هارێک لە بەهاری کوردەواری جوانتر و رازاوەتربێ؟... بڵێم چی ڕەنگە هەشبێ. بەڵام شکۆی جوانیی لەیل تەنیا بە ڕوانین لە پەنجەرەی چاوی مەجنوونەوە دەردەکەوێ. ئەوەندە دەزانم بە هاری هیچ شوێنێک، کوێستان و هەوارگە و هەوارچی و بێری و بانەمەڕ و هۆبە و رەشماڵ و ڕان و کانیاوی بە جوانیی کوردستان نییە.

بەهارە دەشت و کێو یەکسەر لیباسی ئەتڵەسی پۆشی
بەسەرچوو کاتی دڵتەنگی و وەدەرهات سەردەمی خۆشی
تەماشای گوڵشەن و چیمەن دڵان دێنێتە سەرخۆشی
دەسا موتریب بە دەنگی سازونەی بشکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

بگێڕە جامی مەی ساقی بە دوو دەستی بلوورینت
سەماکە و لەنجە بێنە ناز بدە چاوانی نەخشینت
بە عیشوە تێبکە بۆمان شەرابی کۆنی رەنگینت
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
لە بالای دلبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

لە خەو چاوی هەڵێنا گوڵ کە دیتی عەرزی رەنگاورەنگ
بە قاقا پێکەنی پشکووت لە تیف و جوان و شۆخ و شەنگ
گوتی:"بولبول دەمی وەسڵە وەرە بخوێنە بۆم ئاهەنگ"
دەسا موتریب بە دەنگی سازونەی بشکێنە خامۆشی
کە رۆژی شادی یە دایکی تەبیعەت پڕگوڵە کۆشی

شنەی بای بەربەیان هێنای لەگەڵ خۆی بۆنی عەتری گوڵ
دەخوێنن بولبول و قومری لەنێو باخا بە سۆز و کوڵ
خەریکی بەزم و گۆرانین مەلی خۆش خوێن لە بانی چڵ
دەسا موتریب بە دەنگی سازونەی بشکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

لە شاخا دەنگی کەو هەروا لەنێو باخا هەزار دەستان
بەنەرمی رازی زیندوومان دەچرپێنێتە گوێی مەستان
"دەمی کار و ژیان ئێستایە سبحەی دوورە بۆ هەستان"
دەسا موتریب بە دەنگی سازونەی بشکێنە خامۆشی
لە بالای دلبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

تەوژمی خێر و خۆشی دای چەماند پشتی پەژارە و دەرد
کراوە چاوی کانی هەڵقوڵی فرمێسکی روونی هەرد
بە ڕێژنەی ئەشکی شادی زەردەخەندە کەوتە لێوی بەرد
دەسا موتریب بە دەنگی سازونەی بشکێنە خامۆشی
کە رۆژی شادی یە دایکی تەبیعەت پڕ گوڵە کۆشی

لەهەر شوێنێ کە دەڕوانی بیساتی عەیشە بەرپایە
بە دەستە بۆ سەیاحەت کۆمەڵی عالەم لەسەحرایە
قریوەی بەزم و خۆشحاڵی لەهەر گۆشە و لەهەرلایە
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
کە ڕۆژی شادی یە دایکی تەبیعەت پڕگوڵە کۆشی

ئەتۆش " ئاشق "مەکە سستی بچۆ سەیرانی نێو گوڵزار
لەبن دارێکی دانیشە و بە یادی لێو و کوڵمەی یار
تەماشاکە گوڵ و خونچە و بە دڵگەرمی بڵێ ئەشعار
دەسا موتریب بە دەنگی سازونەی بشکێنە خامۆشی
لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

بەڵێ خۆشە بەهارت کوردەواری نیشتمانی خۆم
بەهەشتم، ڕووگەکەم ئەی دڵبەر و دڵداری جوانی خۆم
لە ڕێگەت دا وەتەن هەرگیز دریخ ناکەم لە گیانی خۆم
دەسا موتریب بە دەنگی سازونەی بشکێنە خامۆشی
سروودی ڕاپەڕین لێدە کە گەل دێنێتە سەرخۆشی

«ئاشق»: بەهاری ١٣٥٣ی هەتاوی

## «بۆ هاوڕێم ئەسرین»*

**عەبدولقادر سەعید**

ـ تۆ هەواڵی شەهیدبوونی خۆت بیستووە.. ؟!
بە چاوی دڵ، چاوی خەیاڵ
مەدالیای پۆستەرەکەی خۆت
لە گەردنی دەرگا کلۆم دراوەکان
درەختی سەر شەقامەکان،
لەسەر دیواری ڕووخاوی یەکە.. یەکە
شەقامی شار ژماردووە.. ؟!
سیمات ڕوانینمان بانگ دەکات
بیستنمان دائەچڵەکێنێ
برووسکەی ژانێکی، ئەچزێ ی
بە ویژدانی دایکێ، باوکێ
ڕێبوارێکی سەردرێوە
ئەزانم چاوی پەژارەت،
گیانی بزە لێبڕاوت
چۆن دێتە سەما و هەژانێ
کە دەبینێ لەبەر دەمی وێنەکەتدا
وێنەی کچە خاچ ـ شکاوێ
لە جیاتی چرکەیەک وەستان
هەموو دەمێ،
پۆلێ ڕێبوار تێدەپەڕێ و
پۆلێکی تر وان بەڕێوە.

* ئەسرین: ئەسرینی ئەقێ عەبدوڵلا مامۆستای سانەوی«دەربەندیخان»بوو، لە ساڵی ١٩٨٨ لە دووڕێیانی سەرچنار، برایەکی لەگەڵ پێنج مێردمناڵی تردا، بە بەرچاوی خێزانەوە ڕەمی کران.. دوای ئەوەش خێزانی هەر پێنج شەهیدەکە گیران و.. بە ئەمرێکی«عەلی کیمیاوی»دوای چەند مانگێک ئیعدام کران.

سلێمانی ـ ١٩٩١

## بەهاری زێدەکەم

**ئەنوەر . س**

وەرزی بەهارە بەفری بناران توایەوە
مەل باوی باڵی بۆ بووەوە، گوڵ گەشایەوە
یاسای سروشتە مێملی ئەشیا لە خۆیەتی
کۆشکی چلەش بەزەبری ڕنوو هەڵوەشایەوە
سەرما کلیلە بەفری کەلی بوو بە داسی مەرگ
دامیاوە یافتی پیرەژنی پێ بڕایەوە
بەوبایە هەڵ دەکا لەبەهارا بەرە و شیمال
بەژنی چنار و عەرعەر و بی چەم شەکایەوە
دیسان بەوەشت و ڕێژنە کانی تەقینەوە
گوڵ ئەک لەگڵ، لەنێو دڵی بەردیش ڕوایەوە
واگورگەزایە ڕەشبەڵەکی ساو و سێبەرە
تاقی زەفەری میری بەهاری چەمایەوە
نێرگس بەچاوی مەستەوە هێند جوانە دیمەنی
لالەش کە قەلبی کەیلی خەمە بۆی شنایەوە
گوڵخونچەزاری کردەوە بۆ شەوغی بەیان
فەرشی حەریری سەوزی چەمەن ڕاخرایەوە
ڕێواسی مزر و ناسکی بەرکاو و لانزار
ڕووپۆشی کەسکی تۆخی لەسەر لادرایەوە
قومری بەلەنجە دێن و دەچن شاد و سەربەخۆن
کەو ڕووی لە فڕگە کرد و لەگەرمێن گەڕایەوە
خەشخاشە چەن بەنازە کە کاکۆڵی خستەدەر
پەل پەل ڕەوەی پەپوولە لە دەوری خولایەوە
کوێستان بەتینی خۆری بەهاری تەزووی شکا
دەرکی دەواری کۆچەری یان هەڵ درایەوە
دیسان وەڵامی ئەرمە هەوای کیژە بەندەنی
بە چریک و هوری بولبولی سەرچڵ درایەوە
کیژۆڵە بەرخ و کاری لەبەر دایە بۆ چڕۆ
مێگەل بەیاڵ و دۆڵ و چەما هەڵ پژایەوە
دیسان بە سۆز و تاسەوە شوانەی بەزیپک و زاخ
چاوی لەشەنگە بێریوانە بێ بە لایەوە
قارە و هەرایە تێکەڵی یەک بوونە بەرخ و مەڕ
کابانە کە داماوە بەلای سارە مایەوە
پێشەنگە دەنگی زەنگی بە ئاهەنگی دێ لە دوور،
یا زایەڵەی شەتاوە لە گوێما زرایەوە
دڵ بولبولی پەڕیوەیە کوێستانە زێدەکەی
یادی وڵاتی کورد و برینی کولایەوە

بۆڵێ ـ بەهاری ٦٧ی هەتاوی

# هەرچی جارێ ناوت دێنن

گۆران قەرەداغی

«لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ وەختە بــێ بە ئـــــاو و بە چاوما بکاعبور»
**نالی**

I

هەرچی جارێ ناوت دێنن
وەک باڵداری گیرۆدەی داو
دڵم ئۆقرەی لەبەر دەبڕێ،
گەر بۆی بکرێ
داوی جەستەم بە جێدێڵێ
بۆ لات دەفڕێ.

هەرچی جارێ ناوت دێنن
بەندی دڵم وا دەپچڕێ..
دڵ ڕیتمی(١)خۆی لێ تێکدەچێ
بە چوار نۆتەی ڕیتمی ناوت..
خورپەی دەپژێ،
بەسەرهاتی سووتانی من
بۆ باڵای تۆ و
مێلۆدی ی(٢) دوا ژوانی تۆ
بۆ من دەچڕێ.
ناوت دێنن
ئەندێشەکان دەهەژێن و
بیردوەرییم دەورووژێنن،
ناوت دێنن
تاسە و ئەوین ئاگر دەگرن
شاڵاوی گڕ بە ناو لەشما دەپرژێنن.
ناوت دێنن
من کە بۆخۆم..
پەروانەتم
دەشبمە مۆم
بە شەو لە سەر مەزاری یاد
کز دەسووتێم،
کە پەروانەم
لێوی گڕی تاسەت دەمژم
هەڵدەپرووکێم.
ناوت دێنن
دەمرم و دەژێمەوە،
لەگەڵ ناوتا..
لە نێوانی مەرگ و ژینا دێم و دەچم
وانەی مەرگم بە ژیانم دەڵێمەوە.

II

ئا بەو ئەشقە بێنامانە
بەو سووتانەی لات پەنهانە
هەتا ئێستاش
هەرکە نۆتەی چرپەی ناوت
دەگاتە گوێ،
من سەرلەنوێ
زامەکانم دەکولێنەوە
خەمەکانم دێنەوە سوێ.
ئا بەو کۆچە تۆ نەزانە
بەم غوربەتە پڕ لە ژانە
هەتا ئێستاش
کە سیمفۆنیای نەرمی ناوت،
کە تیشکێکی گەرمی چاوت
بە خەیاڵا گوزەر دەکەن:
ئەندێشە و زام،
ئەشقی ناکام
لە دەروونما دەبنە گڕکان.. کڵپە دەکەن،
دڵ و گیانم دەتوێنەوە
دەبنە خوێناو
کە پڕ دەکەن گۆمی ناخم
لە دیدەوە سەردەکەن و
سیمای ژیان لە ڕوخسارم دەشۆنەوە.

سوید ـ نۆڤەمبەری ١٩٩٢

*****

١) ڕیتم: کێش، هاوسەنگی، بۆنموونە کێشی شێعر یان مووزیک.

٢) مێلۆدی: ئاواز.

## لۆتکەوانی لاو

**لەنگستن هیووز**
(Langston Hughes)
(ئامریکایی)

وەرگێڕانی: **ئاشتی**

هێزی خۆی پێیە و
پێکەنینی خۆی،
ئەمڕۆی خۆی و
دنیای دیکەی خۆی ـ
ئەم لۆتکەوانە لاو و بە هێزەی
دەریا هەراوەکان.
پووڵ بۆ چییە؟
ئەو دەڵێ بۆ خەرجکردن.
ئەدی شەڕاب؟
بۆ خواردنەوە.
ئەدی ژن؟
بۆ خۆشویستن.
ئەدی ئیمڕۆ؟
بۆ خۆشیی.
دەریای سەوزیش
بۆ هێز،
زەوی قاوەییش
بۆ پێکەنین.
دنیای دیکەش
بۆ هیچ.

## بێڕەنگدانەوە

**وەرینگ کانی**(Waring Cuney)
(ئامریکایی)

ئەو کیژۆڵە
نازانێ کە چەند بەدەوە
وادەزانێ لەشی قاوەیی ئەو
دڵگیر نییە.
بێتوو ئەو کیژۆڵە توانیبایەی سەما بکا
ڕووت ڕووت،
لە بن دارە خورماکان و
وێنەی خۆی دیبایە لە ڕووبارا،
ئەوکاتە دەیزانی.
بەڵام
لەدەم شەقامەکان دارەخورما
وەبەر چاو نایە
ئاوی دەفریش ڕەنگدانەوەی
لە دەست نایە.

چیرۆک

مەهاباد قەرەداغی

# گیاندان

وا دێم بۆلات فاتم، نەمووت لەو دنیاش بەیەک دەگەین، هەر تۆزقاڵێ ئوقرە بگرە هاکا گەیشتمە لات، من تەنها لەبەر بێکەسی دایکم بوو دوا کەوتم دەنا ئارەزووم دەکرد هەر دوای ئەو کۆچەت منیش دوات کەوتبام، فاتم گیان بیرتە کە لەسەر تەنوورەکەی بەرماڵتان یەکەم نانت دامێ، نانەکەم لەسەر دڵم دانا و بۆنم دەکرد، بۆنی تو و ئەوین و وەفاداری لێدەهات. هەشت ساڵ دڵمان بۆ یەک لێیدا فاتم، زۆرجار دەمویست خەیاڵ بکەم تۆ لە باوەشمایت و توند بە خۆمەوەت دەنووسێنم و ماچت دەکەم و ئاوێزانی یەکتر دەبین، بەڵام هەر زوو ئارەقی شەرمەزاری بە نێوچەوانمدا دەهاتە خوارەوە، هەستم بە گوناه و پەشیمانی دەکرد و دەمووت ئێمە بەپاکی یەکترمان خۆشدەوێ و نابێ خەیاڵی پیس بکەم... ئەوەندە هەست بە گوناهم تیا دروست بووبوو تەنانەت کە تۆش داوام لێبکەی توخونت نەکەوم، ببورە فاتم گیان ئەو ڕۆژەی کە لە کادێنەکەدا یەکمان بینی هەستم کرد جەستەی تۆش بووەتە یەکپارچە ئارەزووی ئاوێتەبوون لەگەڵ جەستەی مندا، دەستت هێنایە پێشەوە تا دەستم بگری، من لێت دوورکەوتمەوە و گوتم سوێندم خواردووە بەپاکی خۆشتم بوێ. ئێستا دەزانم چەندم غەدر لە تۆ و خۆم کرد، بەڵام ئەوە ئاواتی من نەبوو، وایان فێر کردبووم کە خۆشەویستیی پاک پێوەندی نێوان ڕۆح و ڕۆحە نەک جەستە و جەستە، هەموو وا فێرکرابووین کە پێوەندی نێوان جەستەی کوڕ و کچ زینایە، نەخوازەڵلا تۆ فاتم کە کەچە شێخ بوویت و لە تەکیە پەروەردەبووبووی و لە ناو دەروێشە پرچ درێژەکاندا چاوت کردبووەوە، کەچی تۆ لەمن چاوکراوەتر بووی، تۆ دەتویست دەستم بگریت و چێژی پێکەوە نووسانی جەستە و جەستەم فێرکەی.

لێم ببورە فاتم تەنها خوشەویستی بوو، تەنها دڵسۆزیم بوو بۆ تۆ وایلێکردم خۆم و تۆش لەو چێژە بێبەش بکەم، دەنا منێکی کوڕە شاڕیی تا ئەو کاتەش نەمدەزانی قیبلە لەکوێیە و چەند ڕکات نوێژ فەڕزە، کە تۆم خوشویست بەرماڵم هەڵگرت و دەستم بەنوێژ کرد. لە خوا دەپاڕامەوە کە لەم دنیادا، من و تۆ بەیەک شادکات، زۆر ئازاری ئەوەم دەچێژا کە دەمبیست دەڵێن شێخەکان تەنها کچ دەدەن بەشێخ، بەڵام نائومێد نەدەبووم و لە هەوڵدابوم بۆ خۆ نزیککردنەوە لە باوکت، زۆر جار نوێژەکەم بە ئەنقەست لە تەکیە دەکرد، بەڵکوو باوکت بمبینێ و بزانێ چ موسڵمانێکم، بەڵام فاتم من ئەلحەمدووم دەخوێندەوە (قل هو الله)م نەدەخوێندەوە، بەڵکوو تا دەمتوانی ناوی تۆم دەهێنا، تابێکۆتا بیروخەیاڵم لە خۆشەویستی تۆ دەکردەوە، شێوە فریشتەییەکەی تۆ وەکوو خوا لەبەرامبەرمدا بوو. بۆیە کڕنۆشم دەبرد و دەگریام، من بۆ ئەوە دەگریام دەترسام لەوەی من و تۆ بەیەک نەگەین و شێخێتی ببێتە دڕکی«مەم و زین»ی نێوانمان. کەچی دەروێشەکان وایان دەزانی من لە خۆشەویستی خوادا نوقم بووم، تەنانەت باوکیشت نەیدەزانی من لە خەڵوەتی عەشقی تۆدا بوومەتە دێوانە، باوکیشت کە دەروێشەکان پێیان وابوو لە غەیبەوە پەیامی بۆدێ و ئاگاداری چارەنووس و نەزانراوەکانە نەیدەزانی من گیرۆدەی تۆم، لە دڵی خۆمەوە دەمووت خۆزگە وا بوایە و بەڕاستی ئاگاداری غەیب بوایە بۆ ئەوەی دەردی منی زانیبا و تۆی دابایە بەمن.

فاتم گیان نیگەران مەبە، ئەوەندەت چاوەڕێ کردووە چەند خولێکی تریش چاوەڕێ بە، دێم و هەموو ئەو تەنیایی و چاوەڕوانیەت قەرەبوو دەکەمەوە، ئیدی دڵت ناشکێنم و ئەگەر ویستت دەستم بگری نەک هەر دەستمت لەناو دەست دەنێم بەڵکوو تا بێکۆتا لە باوەشت دەگرم ولێوەکانت دەمژم، ئەزموونێکی تاڵمان بینی و نابێ دووبارەی کەینەوە، ئێستا باوەڕم وایە جەستە و ڕۆح پێکەوە زیندووێتی دەدەنە ئەوین، خۆشەویستی ڕۆح بەبێ جەستە خۆشەویستییەکی ناتەواوە، فاتم گیان ئەمجارە دێم و بۆت دەسەلمێنم بە تەواوی خۆشم دەوێی. کێ دەیووت فاتم گیان ئەو ڕۆژە دێ؟ لە خەیاڵی کێدا بوو، هەمووی لە چرکەیەکدا بوو ڕوویدا، جا ئەو ساتانە سات بوون یان بۆرکان؟ جا ئەو ڕۆژە زەمەن بوو یان ئەفسانە؟ کێ دەیووت وامان لێدێ کێ؟ بیرتە ڕۆژێ کە لەلای کانیەکە ژوانمان هەبوو، هێلانە چۆلەکەیەک لە سەر درەختەوە کەوتبووەخوارەوە چۆن باسمان کرد؟ فرمێسکم لە چاوە پڕلەبەزییەکانتدا بینی کاتێ بێچووە چۆلەکەکان بە جیکەجیک بەدەوری

←

دایکە بێدەرەتانەکەیاندا باڵەفڕێیان دەکرد و منیش هەستام و هێلانەکەم خستەوە سەرلقی درەختەکە و چاوەکانی تۆ پڕ بوونەوە لە بریسکەی شادی.

کێ دەیووت ئەمە ڕوودەدا فاتم کە ساڵ بێت و بڕوا و من تۆ نەبینم؟ ئای چەند دەگریام، بە دەنگێکی بەرزی لە شێوەی گۆرانی دەگریام، لەگەڵ ئەو گۆرانیانەدا تنۆک تنۆک دەتوامەوە، بپرسە لە شاخ! هەر ئەوان حەسرەتەکانمیان لە توێی حەسرەتەکانی خۆیان حەشاردەدا، بپرسە لە تفەنگەکەم کە ئەو چرکەیەکیش لێم جیانەبووەتەوە و گوێی لە یەکەیەکەی ئێشەدەنگدارەکانم بووە، بپرسە لەو چەند هاوڕێ بە ئەمەگەم کە پێکەوە برسێتی و تینوێتی و ترس و سەرمامان چێشت و لەوچۆڵەوانییەدا هاودەردی یەک بووین.

فاتم گیان گەر هاتم باسی هەموو شتێکت بۆ دەکەم، لەو ڕۆژەوە کە ئیتر تۆم نەبینیەوە، من سەختیم زۆر کێشا بەڵام دەزانم هەموو ئەو سەختیانەی کە من کێشاومە ناگاتە چرکەیەکی سەختییەکانی تۆ. چونکە هەر چۆنێ بوو من خۆم ئەو سەختییەم هەڵبژارد و ئازاد بووم، بەڵام تۆ، تۆی ڕوون وەک کانی، تۆی جوان وەک فریشتە ئەو ڕێگە ناهەموارەیان بەسەردا سەپاندی، من دەزانم بەتۆ بوایە بە دووی من بکەوی و بڕۆین بەڵام بە دەستی خۆت نەبوو، ئەو جارەیان بە دەستی باوکیشت نەبوو، بە دەستی براکانیشت نەبوو، فاتم گیان بە دەستی کەسانێ بوو کە هیچ مافێکیان بەسەرتەوە نەبوو، تۆیان برد و هەمووانیان برد، من لە پاڵ شاخەکەوە دەمبینی کە چۆن سواریان کردن، دەگریام و ئاگر لە جەستەمەوە هەڵدەستا، هاوڕێکانیشم دەگریان، تفەنگەکانیشمان لە بێدەسەڵاتیا خەریک بوو دڵیان شەق بەرێ، بەچاوەکانی خۆم بینیم گڕ لە شوێنەواری یادگارییەکانمان بەرز دەبێتەوە، فاتم گیان هەموویان سوتاند، تەکیە، کادێن، ماڵەکان، درەختەکان، هەموویان ڕووخاند فاتم، ئەو تەنوورەش کە تۆ نانت تیا دەکرد و من سەیری قەدوباڵام دەکردی و یەکەم نانت ددایە من.

فاتم گیان کە هاتم تۆش سەرگوزەشتەی خۆتم بۆبگێڕەوە، پڕ دڵم گرییە و بەتۆ نەبێ ناکرێتەوە، من هێندەم قسەبیستووە نازانم چەندیان ڕاستن و چەندیان درۆ. تۆ بۆم باس بکە و دڵنیام کە، هیوادارم فاتم گیان ئەوانەی بیستوومن ڕاست نەبن، هیوادارم کە ئەو جەستە پاک و ڕوونەت کە من نەمدەوێرا پەنجەی بۆ بەرم، ئەو جەستە پیرۆزەت بە جەستەی ئەوان لیخن نەبووبێ، ئای چۆن گریانێکی نەهێنی دەگریام کە دەمبیست ئێوەی فریشتە لەبەر چاوی باوک و براکانتدا ڕووتدەکەنەوە و بەزۆر کچێنیتان لێدەستێننەوە. فاتم گیان تۆ لە سەرنجی من هەروەک جاران پیرۆزیت، جەستەت وەک جاران پیرۆزە، کچێنیت هەبێ یان نەبێ، جەستەی تۆ دەریایەکی فراوانی ڕوونە و بە دەمی ئەوان گلاو نابێت، هەر تۆزێکی تر دان بە خۆتدا بگرە ئیدی لەو چاوەڕوانییەوە درێژخایەنە ڕزگارت دەکەم و دەبین بە هاوسەر.


نا، دڵ لە دڵ مەدە ئازیزم، هۆی ئەم دواکەوتنەم بێ ئەمەگی و بێ بەڵێنی نەبوو، بەڵکوو من پێموابوو بە مانەوەم لە شاخ و بەم تفەنگە دەتوانم ڕزگارت کەم، بەڵام ئاخ هیچم پێنەکرا وتۆش تا دەهات زیاتر دوور دەخرایتەوە، بیابان بە بیابان دەیانبردی. سەدان جار خەونم پێتەوە دەدی کە چۆن قرچەی نیوەڕۆ ئەو لەی بیابان داغ دەکا و چزە لە جەستە ناسکەکەت هەڵدەستێنێ، کە لە خەو ڕادەپەڕیم تفێکم لەو تفەنگە بێدەسەڵاتەی خۆم دەکرد کە هیچی لەدەست نایەت و زیاتر ئازارم دەدا، کە لەو کابوسانە ڕادەپەڕیم لە گابۆڕەم دەدا و پڕ بە شاخ بانگم دەکردی، چیم کردبا ئازیزم لەو چۆڵەوانییە سامناکەدا تەنها من و ئەو چەند هاوڕێیەم وەکوو پیاوی ناو ئەفسانە لە شوێنەواری دێ و ماڵ و هێلانەی ڕووخاودا دەگەڕاین. فاتم گیان هەر(بنەکە)نەبوو کە کاولکرا، گشت دێکانی تریش، ئای ئاخۆ، ئەوان چەند جێژوانیان تیابوو بە خۆڵەمێش و چەند دڵداری ئێمەئاسایان تیایاندا لەیەک ترازاند، زۆرجار دەچوومە سەر شوێنەواری تەکیەکەتان، تەنوورەکە، سەر بیری ئاوەکەی ناو حەوشەتان، کادێنەکە، کێ دەیزانی لەو شوێنە پیرۆزانەدا ژوانێک لە نێوانی دوو ئالودە ڕوویان داوە بێ ئەوەی ماچێکی یەکتر بکەن.

خانمەکەم... هۆشم نەیدەویست بڕوا بکات کە جەستەی تۆش و ئەوانی تریش لە چاڵە ڕەشەکانی بیاباندا بە زیندوێتی داپۆشراوە، نەمدەتوانی باوەڕبکەم تۆ کوژراوی، زەینم توانای قبوڵکردنی ئەوەی نەبوو کە دەستانێ هەبن بتوانن تۆیەکی فریشتە بخەنەچاڵێکەوە و بە زیندوێتی داپۆشن. نەمدەتوانی، هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی، نەمدەتوانی باوەڕبەکەم تۆ نەماوی. ڕەنگبێ هۆی ئەوەبێ کە ڕۆحت هەمیشە لە گەڵمدابوو، دەیدواندم، دڵی دەدامەوە، هێزی دەخستمەوە بەر و هانیدەدام و سووری دەکردم لەسەر مانەوە لە شاخ و یاخی بوون. هەر هۆی ئەوەبوو مامەوە و سەختییەکانم لا ئاسایی دەبوونەوە، تا ئەو کاتەی توانیمان بە تفەنگ ڕێگایەک بەرەو شار بکەینەوە و ڕزگاری کەین، منیش بە دیداری دایکە دوورەکەم بگەم، ئەو دایکەی لەوەتی بیرم بێتەوە لە پرسە و جلی ڕەش دایە، ئەو بە دیتنی من لە پرسە و جلی ڕەشی کاکم دەرچوو، هەڵهەڵەیەکی لێدا، پێموابوو دەنگی هەموو دایکان ئاوێتەی دەنگی بووە و گوزارشت لەو سەرکەوتنە دەکا. فاتم گیان گەر ئەو ڕۆژە دایکەکانت دەدی چۆن باوەش بە ئێمەدا دەکەن هەرچی برینت هەیە سارێژ دەبوو، تەمەنێکی درێژبوو نەیانتوانیوە بە ئازادییەوە چاوهەڵبڕن و سەیری کەژ و کێو بکەن، سەیری باڵای کوڕەکانیان بکەن. لەو ڕۆژەدا کە تارمایی ئیزراییلەکانیان لێ دوورخرابووەوە دەیانتوانی نەک هەر سەیر بەڵکوو کوڕەکانیان بخەنە نێو بیلبیلە بە فرمێسکە شۆڕاوەکانیانەوە. ئای خانمەکەم، چەند شادمانم کەوا لە نۆ نزیک دەبمەوە، هێندەش پەژموردە و دڵگیرم کە دووبارە دایکم دەناڵێنمە بەرگی پرسە و ماتەمینی، ئەمجارەیان بۆ یەکجاری ئەو بە جێ دێڵم و یەکجاری بۆ لای تۆ دێم.

ئای فاتم گیان... دەنگی ئەم بۆمبایە کاسیان کردم،«باوەشاسوار»یش وەکوو من کاس بووە و سنگی سەدان تۆپی بەرکەوتووە، بەڵام ئەو ڕاوەستاوە و من لە پاڵ ئەم تاوێرە دام و چاوەڕێم دوادڵۆپەکانی ئەم برینەی سنگم نەخشەی بە ئەمەگیم لەناو ئەم تەنگە(بوغاز)بنەخشێنێ و منیش دەست بە کۆچەکەم بکەم، ئای، هاتم ئازیزم.. دەستت بێنە.. وەرە باوەشمەوە.. نەمووت لەو دنیاش بێت بەیەک دەگەین.. نە.. موو.. ت.. فا..تم.. گیا.. ن. ■

# گوڵی ئاخ

یادێک لە تێکۆشەری زانا، شەهید ( **ئازاد قازی زادە** ).
زستانی ۹۳ ـ کوردان



**کوردان**

بەداخەوە لەژمارە ی پێشوودا(ژمارە٦) نزیکەی نیو لاپەڕەیەک لەسەرەتای چیرۆکی«گوڵی ئاخ» بەهۆی هەڵەی تێکنیکی لە کاتی مونتاژکردندا قرتابوو، وێڕای داوای لێبووردن لە نووسەری بەڕێز «کاک کوردان» و هەروەها خوێنەرەوان، ئەوا لێرەدا، چیرۆکەکە سەرلەنوێ پێشکێش دەکرێتەوە. (گزینگ)

لەکەنار گۆڕەپانەکەی ئەوبەری شەقامی نزیک بە زرێ ڕاوەستـــا. لە ڕاستـــیدا ئەو خـــۆی ڕانەوەستا، بەڵکە چاوەکانی بوون ڕایان گرت و هەر لەو جێیە چەقاندیان کە لێی ڕاوەستا بوو. هەم چاوی ڕاستی کە وەک جاران ڕوون و زوڵاڵ مـــابۆوە و هەم چاوی چەپی کــە پێـــستی هەڵچقرچاوی بەسەر کشابوو؛ بەم چاو، بەو چاو، بە هەردووچاو سێرەی لێگرت و کرپارانە سەر تا بەپێی هەڵسەنگاند. ئەمەشیانی وەکی ئەوانی تر پێ جوان بوو. گوتی:« ماڵەکەم قەبرە کە جوانی!... ڕەعنای و خانمانی!... ژیکەڵە وخـــۆش تەرز و لەبەر دڵانی!... خـــوا ناهەق بگرێ کـــە دیدارەکـــەت ســـەد دین دێنێ... هەنگوینی... شەکری... گەزۆی... شیلە و ڕەواقی هەودست لێ دەتکێـــتـــەوە وکـــراسی گوناهت لەبەر دایە!... »

لەو بەری شەقامەکەی بەرامبەری ئەو، هەر ڕاست ڕوو بەئەو، باڵابەرزێکی نەشمیلانە، بێ دەربەست بە هەرچی کە لە دەور و بەری دابوو، بێ خـــەیاڵ ڕاوەســـتـــا بوو. هەر بەس دەمـــدەم ســـەرێکی بۆ بەری ڕۆژئاوای شـــەقـــامـــەکـــە لار دەکـــردەوە، جـــار جـــارێکیش ســـەیرێکی کاتژمێرەکەی دەکرد و دیسان لەنزیک دوو جانتا بچکۆلانەکەیدا دەهات و دەچوو.

ئـــەویـــش بـــەم چـــاو چـــاوێـــک و بـــەو چـــاو نیگایەک، تۆزێکی تریش بەگۆڕەپانەکەدا هات و هەتا سەر لێوارەی شەقامەکە بۆی هات؛ هەر پانایی شەقامەکەیان نێوان بوو. ئەم جارەش وەکی جارانی دی هەموو وجوودی بوو بەچاو. بوو بەهەڵم، بوو بەخەون وخەیاڵ و لەخۆی جیا بۆوە. گـــیـــانی تینووی لە سروەی ئێـــوارە دەمـــانی کـــەنارەی زرێ هالاّ و ســـووکـــبـــارتر لە پەپوولە، کەوتە باوەشی هەواوە. سووک و نەرمتر لە خەیاڵ بەرەو کـــەناری شـــەقـــامی ئەو بەر چوو؛ ئەو خـــۆی نەچوو، بەڵکە گـــیـــانی تینووی لەڕێی چاوانەوە باڵی گـــرت و ئاوێتـــەی شنە بۆی چوو. دەگـــەڵ شنە، بە ژێر بسک و قـــژیدا هەڵکشـــا، چەشنی ماری ئاشق بە کەنار لاجانگ و ڕوومـــەتی ڕەنگ مـــانگەشـــەویدا خزی و لەگـــەردنی شـــووشی هالاّ. بەرەو ســــەرتر هەڵگەڕا و تینووتر لە پەرێزی تینوو، دەمی بۆ خوناوکەی ناو دەم ولێـــوی ئاڵی کردەوە. بوو بەخەرمانەی دەوری ڕوخسارەکەی و لەوێوە داخـــزی، داخزی و بەسـەر شەپۆلی توندی سنگیدا قەڵبەزەی کرد و لەقوڵایی ی نێوان سنگ و مـــەمی دا بەرەو خـــوار هات و کـــەوتە ســـەر شلکەی ڕانی ڕووتی. هەر لەگـــوێن مـــاری قـــەف خواردووی قـــەدی تورتەداری پەسـاری ســـێبـــەران نەرم نەرم بەســـەر کـــەوانەی ســـمت و نەرمـــانی سێبەندەی پشـــتیدا سەرکەوتەوە و لە قـــووڵایی ژێرگـــەردەنی شـــووشی دا گـــوڵـــنمی ئاوی ژیانی خواردەوە . دیسان لەپەنجەی پێیەوە هەتا تەوقی سەر، لەتەوقی سەریەوە هەتا پەنجەی پێی، ورد ورد پێـــیـــداهات و بۆی هەڵگەڕایەوە. گـــوتی « وەیش کە جوانە! کوترە! کۆتری پێ بەکوڵکەیە... نا، نەخـــێـــر کـــفـــرە دەگـــەڵ کـــۆتر هەڵســـەنگاندنی...کـــۆتر نیـــیـــە و ئاسکە!... ئاسکی کـــەمـــەرە شلی خـــۆش ڕەوت و ڕۆیە... بە لار و لەنجـــەیە... خـــۆش دیمەن و گـــیـــان ڕفـــێنە...

ئای لە من !... خـــۆ من ڕاوکـــەرێکی دامـــاوی هەمـــیشـــە ڕاو بەتاڵم و چیم لە چنگ نایە، وەی لەمن !... کوا کەی ئەم ئاسکە ئازاد و ڕەوەکەم بۆ دەســـتـــەمـــۆ دەکـــرێ ؟... هەر من حـــەیران و داماوی دەستی نێچیران خۆم ! ... سەیری کە، هەردەڵێی کەوە... وەی بەسەرگەردت بم! خۆزگە ئەمە سڵەی لێ نەکردبایەم و هێشتبایەی تێری دڵم ســـەیری ڕەنگ و نیگار وخاڵ وخـــەتەکـــەیی بکەم .. خـــۆزگـــە هێـــشـــتـــبـــایەی مـــەچەکـــانمی لەشلکەی ئەو کـــەمـــەرە باریکە گـــیـــر بکەم و ئاوێزانی بالاکـــەیی ببم!... » خۆیەکی لەراندەوە و هەنـــگـــاوێـــک بـــەرەو پێـــش چـــوو. هەنـــگـــاوێـــک بەرەو پێش، دووهەنگاو بەرەوە دوا، دیســـان بۆ پێـــش، بـــۆ پاش؛ وەک داری چـــاکـــی بـــەدەم بـــای هـــەوەس لـــەرەی هـــات و لارەی هـــات و ڕاژا. ڕاوەســـتـــا، پەنجەکانی دەپاڵ یەک بەزاندن و هەر دە قـــامکی یەکـــڕا تەقـــاندنەوە. مل و پشت و کـــەمـــەریشی بادا. هەســـتی کـــرد لەشی خـــاوە، گـــەرووی کـــڕە، هەناوی وشکە و دڵـــی قـــورســـە؛ توونیـــشـــی بوو. ئیـــســـتـــێک لەمـــەوبەر ئاوی خواردبۆوە، بەڵام گەرمە تونیایەتییەکی سەیری بەهەناو دادەهات و دەمـــاری دەروونی وەجـــۆش دەهێنا. خۆی دەیزانی کە ئەمە تونیایەتی نییە دەی سـووتێنێ. گوتی: «ئەمە ویست و نیازی لەگـیـان کۆپێ کراوی هەمـوو گـیـان لەبەرێکە و دەبێ بەکـات و وەخت دابین بـکرێ. بە کـات و وەخت دابین نەکرێ ، دەروون و بێـروون یەکجێ دەڕووشێنێ. من پیرە کوڕێکی بوخچە نەکراوەی دەروون پڕ لە گڕم ولەدەم و وەختم لای داوە. ئەم مـــەیلە لەدەروونم دا بەیات مـــاوەتەوە و دەبێ چاری بکەم. لەولا ئەمەم بەدەمدا هاتبایە گوناە و تاوانێکی مـــەزن بوو، بەڵام لێـــرە نە تاوانە و نەگـــوناهە. ئەوە مـــافی ڕەوای گـــشت ژینەوەر و ژیـن لـەبـەرانـی زیـنـدووە. لـەولا دەبـوو ڕەنـگـی دەروێش وسـۆفـیی تۆبەکـار لەخـۆت هەڵسووی و بە درۆ خـــۆت بکەیتـــە بەرانی خـــەســـیـــوی بێ ئارەزوو. گـــوێدان و گـــوێ ڕایەڵی بە تۆفـــان و هەڵچوونی ئەم هەستە لە گیان چەسپاوە خەتا بوو. دەبوایە سەرکوتی بکەی؛ پێی نەوەستابای و بۆیت سەرکوت نەکرابایە، لەچۆل و بەندەناندا، لە نێـو ئاژەڵ و پاتاڵ و کـەر و گـوێرەکـاندا دەبوو بەنهێنی و بە دزی تیر دەربکەیت. وەلێ خۆ ئێرە مـەڵـبـەندی چیـا و تەلانی ولاتە خـەمـبـارەکـەی خۆمـان نییە. دابین کردنی ئەم ویستە ئاسان و ئاسـاییـە؛ وەک تێـرکـردنی سگی برسی وایە... دەچمـــە پێش و پێی دەڵێم ، پێی دەڵێم کـــە هەمـــوو گـــیـــانم بڵـــێـــســـەی ئارەزووی لێ هەڵدەستێ... ئەم بڵـێسەیە دەم سووتێنێ، دەم قـرچێنێ و دەم کـاتە قـەقنەس... بەڵام ئاخـر

چون؟! چۆنی بۆ بچم و چۆنی خـۆ نیـشـان بدەم؟... خۆ من ساغ و بێ عەیبە نیم! لایەکی ڕوومـەت و لاچاو و لاملم هەڵقـرچاوە. دیەنم شێری ئازاش دەپرینگێنتەوە. کێ بە جەرگە و کێ بە ورەیە، بم بینێ سـامم لێ دەکـا و لێم دەترسێ. بەچی دیارە کە ئەمەیش وەکی ئەوانی تر لێم ناپرینگێتەوە و ڕووم لێ گرژ ناکا. هەر تاوێ دی، لەو بەری پردی «گاملاستـان »ەوە، چی ئەمـا سـەرم تێـدا بچێ. خـۆ من چیم پێ نەگوت و چیم لێ نەکرد؛ هەر بەس لێی چوومە پێش، لێی چوومە پێش و ویستم ورد سەیری بکەم و هەمـوو جـەمـاڵ و جەلالەکەی بۆ شـەو بەمـێشـک بسـپـێـرم؛ کـەچی، بە یەک هاوار عـالەمی تێ وەرووکـاندم. نازانم نـازداری ئەو بەری پرد بۆچ وا نامـیـهـرەبان بوو دەرهەقم... بەڵام ئەرێ بەڕاستـی ئەم گشـتـە خـەڵکە لەپڕا لەکـوێ هەڵقـوڵین؟! هـەر دەتـگـوت پێشـمـەرگەیەکی بەتاک کەوتووم و کەوتوومەتە ناو گەمارۆی دوژمنەوە . بەجێ نەبزووتبایەم و زوو بۆی دەرنەچووبایەم سـەرم تێـدا دەچوو... سـەیرە! لەولاش ناکـامی و لێـرەش هەر ئەم مـەتاحـە تاڵە. لێـرە کـەس بێ هاواڵ و هاودەم نیـیـە. لەڕۆژدا هی وا دەبینم، گـەر سـەگ بی بینێ، پشـیلە لێی دەڕشـێـتـەوە؛ کـەچی دەستەملانی نازداری ئەوتۆیە، مەپرسە. منیان پێ سەر ڕەشی گەوجە و، خۆم لێ نادەن، بەڕۆژ، هەموو ڕۆژێ، بەهەموو شوێنێکدا دەگەڕێم. سەر بەهەمـوو دوکـان و فـرۆشگەوبازاڕێکدا دەگرم و سـەر هەرد و ژێر هەرد دەخـولێـمـەوە. ڕۆژ نیـیـە سـەت و هەزار و دەهەزار مـۆڕەم لێ نەکـەن و بەچاوی پیاوی دز، دەس پیس، پیاوکوژ، چەتە، تاڵانچی، گورگی برسی و... نا، نا... گـورگی برسی نا ، چونـکە ئەوانە زۆر شیـعـر و سروودی دڵنەوازیان هەیە بۆ گورگان ، بۆ ورچان ، بۆ مار و دووپشکان و، منالی باغـچەی منالان و پۆلی سـاوایانی پێ ڕادێن. هیچ منال و زارۆکـێکی ئەم وڵاتە نییە کە حەز بە مام ورچ، مـام گورگ، مار و مێروو نەکا. تەنانەت ناوی ورچ و شێر و بەراز و گورگ و ئەسپیش کراوەتە ناوی ئینسان و زور کـەس بەم ناوانە بانـگ دەکـرێن... های لەو مرۆڤایەتییە!... دەک وەرگەڕێ ئەم دەور و دووکـانە! دەبێ مـن لە مـار و گـورگ وشـێـر و ورچی کـێویش هار و ژاردارتر بم کە کـەس خۆم لێ نادا؟! سـەیرە!... زۆر سـەیرە! ئەگـەر گەورەکانیان بەچاوی سووری پڕلەقینەوە سەیرم دەکـەن، چ قـەیدی نیـیـە و دڵم ناگـەزێ. من لەوڵاتەکـەی خـۆیشم هەر بەم چاوانەوە سـەیر کـراوم و پێی ڕاهاتووم. داگـیـرکـەرە شۆڤینیستەکانی بان سەریشمان ئەم ڕقەیان هەر



لەمنە. بەڵام منالەکـانی ئەم وڵاتە بۆ ئاوا لە مـرۆی سـەر ڕەش دەپرینگێنەوە؟! ئەو ڕۆژە، لە پاسەکەی بەر زانکۆی مەزنی شاری ستۆکهۆڵمدا بەرەو شـوێنێکی نادیار لەسـەفـەر دابووم. لە وێسـتگەیەکی ئەولاترەوە ، پازدە منالی پۆلی ساوایان هاتن و سوار بوون. هەموویان سەر خڕ و چاوشین و قـژ کـاڵ بوون. هەمـوویان وەک بەچکە هەوێردە ، چەشنی بەچکەکـەو، بێ فـێڵ و بێ مەکر و زۆر سادە بوون. من تەنیا دانیشتبووم. پاسەکەش هەر بەس چەند کورسیی بەتاڵی تێدا مابۆوە. منال هورووژمیان کرد و کورسی بەتاڵیان پڕکردەوە و هەر بەس پەنادەستی من چۆڵ مایەوە. بە دەسرۆکەیەک لاچاوە هەڵقرچاوەکەم داپۆشی و بە دەست و بەچاو بانـگم کـردن، نەهاتن. نەهاتن کـە نەهاتن... نەهاتن کـە هیـچ! بگرە وەک پیـاوکـوژێکیشـیـان بینی بێ ، لێم پرینگانەوە و لێم دوور کـەوتنەوە، منال هەمـیـشـە بێ تاوانە؛ «خەتی خوار هەر لە ژێر سەری گای پیر دایە». بەڵام هەمـووی هەمـوویشـیـان وا نین، ڕەنگە تێیاندا هەڵکەوێ ئینسانی بەمانا ئینسان. ئەرێ بڵـێی ئەم حەیاتەش لەو یەکـدانە هەڵکەوتووانە نەبێ و خـوای عـەشق بۆ منی ئاوارەی پەرێشـانی حەواڵە نەکردبێ؟ بەشکەم لەوان بێ ! دەچم پێی دەڵـێم کـێم و چیم... ئەوە هات و دەسـتی ئارەزوومەندی گرتم و بوو بەمایەی سوکنایی دڵی ئاوارەم!... خۆ دنیا خاپوورنابێ!... دەستێکی کردە سایەبانی بەر نیگای چاوی و وردتر سەیری کرد. زەردەی هەتاوی دەمەو ئێوارێ خۆی لە بەژن و باڵاکەی هاڵاندبوو. شنەی فێنکی بەری زرێش دەگـەڵ تاتای قـژ و بسکە زەردەکـەی خـەریکی گەمەی لوولدان وخزین وگەوزین بوو. ورد چاوی تێ بڕی. هەر ئەم دوو چاوانە، ڕۆژانە، ڕۆژ نەبوو بە دەیان جار ڕای نەگرن و ڕێی لێ نەگرن. ئەو دەم کـــە لەوڵات بـوو، ئەو چاوانە بەدیەن ودیەنگای دیکەوە بەند بوون وشـتی تریان پێ دەبیندرا؛ چەک و چیـا، خـەڵکی ڕەش و ڕووتی ڕەویوی دەسـتی زۆردار، کـەسـاسی، ناسـازی، نەخۆشی، کوشتاری بەکۆمەڵ و زۆر شتی تریان دەدیت. لە کـەنار ڕەپسـتـە و داوێنی مـێـرگ و لاپاڵ و نواڵەکـانی مـەڵبـەندی هەڵسـووڕانی سیاسیشیدا، قەرە و جووتبەندە، سەگ و شوان، کەر و گـاوان، کـار و بەرخ، شـەگەل و مـێگەل وگـاڕانی پێ دەدیتن . جـار جـاریش بەکـاتی پشووودان و حەسانەوە ، هەر ئەم دووچاوانە، لە دەم چەم و ڕوبارەکـان، لە ژێر سـایەی درەخـتان، لە هەیوان و بەربێـلای بنکەی پێـشـمـەرگـەو لە مزگەوتەکـاندا بەسـەر دێڕی کـتـێـبەسـەربەرگـە نەماوەکانی مارکس، ئینگەڵس، لێنین و هیتردا دەگـەڕان. هێـزی کـار، بەلاش بوونی ڕەنجی باسک و باڵی هێـزی کـار، ڕەوت و ڕۆی بێـڕەحـمـانەی دەسـمـایە، یەکـەم چەخـمـاغـەی کۆمۆنی پاریس، زاڵ بوونەوەی کۆنەپەستی، زل بوون و زاڵ بوونی سـەرمـایە بەسـەر هەمـوو دنیـادا، تەشـەنای سـەرمـایە، بەتاڵان چوونی سەرڕپاکی بازاڕی فرۆش و کانگاکانی ژێر زەوی و سـەرزەوی، شـەڕی دابەش کـردنی جـیـهـان، زێدەبایی، سـەقـامگیـربوونی ئیـمـپـریالیـزم، شـۆڕشی مـەزنی ئۆکـتـۆبەر، دیکتـاتۆرییـەتی سوور، ورد وخاش بوونی کرێکار، بێناز بوون و بەسـتـەزمـانیی چینی بن دەست و زۆر شـتی تریشی پێ دەخـوێندرایەوە. هەر دەگـەڵ ئەم خـوێندنەوانەش، لە دەور و بەری خـۆیدا پێی دەبیـنی کـــــە چـلۆن هەنـدە دەسـت و پێ سپیلکەیەکی قـەت ئازار نەدیدەی نان بە نرخی ڕۆژ خۆر، بەسیرە سیڕ و جیرە جیڕ خۆ لەقالبی کرێکار و زەحمەتکێش هەڵدەکێشن و لە حەوت پشـتـەوە خـۆ دەگـەیەنەوە پێـشـمـەرگـەکـانی بەڵشویکی سوور. گەرمە بازاڕی هەژاری و خۆ بەکوڕە هەژار قـەبلاندن، ئەسپێونی وجلکی شڕ پۆشینیشی هەر بەم جووتە چاوانەوە دەبینی. ئەم دوو چاوانـە ورد دەیـان خـــوێـنـدەوە و ورد لەهەمـــووشت خـورد دەبوونەوە. عـەیبی هەرە مـەزنی خـاوەنی ئەم دووچاوانە لە ژیانیـدا، هەر بەس ئەم وردبینیـیـە بوو. گـەر بەم جـوتەچاوانە ورد لەشت خورد نەبوایەوە و بەم تەرتیبە مووی چەرمگی لە مـاسـتـدا نەبینیـبـایە، تووشی وەتووشی ئەم شـەقـامگەردی و ئاوارەگی و دەربەدەرییـەی وڵاتی سـاردی سـوید نەدەهات. هەرچی کـردی هەر ئەم وردبینی و سـەرنجـدانە قـووڵە قـۆڕە بوو کـە ڕێی بەم نەهاتییـەدا هێنا. یەکەم ڕۆژ کە لەشار بۆ شۆڕش هاتە گوند، دەگەڵ هاوڕێ « دارتاش » دانیـشـت. هاوڕێ دارتاش ورد سـەیری کـرد و ئەویش ورد خـوێندییـەوە. هاوڕێ دارتاش لێی هاتەپێش، بای لەگـەروو گرت و لێی پرسی :

ـ « بۆ هاتوویتە دەر؟... مەبەست، هۆی چی

بوو دەسـتت لە پیشـەی ئامـۆژیاری و مامۆستایەتی هەڵگرت و... »

[ لەدڵدا ئافـەرینی بۆ هاوڕێ دارتاش نارد. بەلای خـۆیەوە گـوتی «خـوا قـەزاکـەت هاوڕێ دارتـاش! کـەواتـە تۆیـش هـەر وەک هۆشـی مینەکەی ڤییەتنام، لاگر و لایەنگری زانایی و زانستی و، سەرت تێدا بچێ ناهێڵی یەکدەم دەرس و مەکتەب و فێرگە لەجەرگەی شۆڕشدا لەدەست بچێ! ] پرسیـارەکـەی بە پەلە بڕی و وەرامی دایەوە :

ـ «لە شاخ باشـتـر بەکـار دێم ، پێم وایە بەرهەمم باشـتـر دەبێ. لە شـاردا، سیـسـتـمی ڕاهێنان و پەروەردەکردن کلکی کەرانە و خەڵک بەردو کـەریزم و گـوێلپـاریزم دەبا. من ناخـوازم لەمشـتی خواوەندانی لەخۆباییدا ببمە کوتەکی سـەرکـوتانەوەی زانست وخـەڵکم بەدەست کـەربێن. پێم وایە، من لەجەرگەی شۆڕشدا ببم باشـتـرە؛ بەرهەمم سـەت چەندان دەبێ و بە فـیـرۆناچم. من خـۆم دەبەر بیـر و باوەڕەکـەم دەمرێنم و یەکدەم ڕاناوەستم. بۆ شـۆڕش دەبمە هەزارپیـشـە ، ئارەقی ڕەش و شـینی بۆ دەڕێژم ... زۆر زانا نیم، بەڵام کـەمیش نیم. لەمـێژە ئاشنای تاریخ و فـەلسـەفـەم و...» قـسـەی لەدەمدا بڕی و تێی ڕاخوڕی :

ـ « لە ئێمە کێ دەناسی؟»

[ کـێ دەناسـم؟ ئێ! ئـەوە چی بوو؟ هـاوڕێ دارتـاش بۆچ ئەم پرسـیـارەی لەدەم دەرپەڕی؟! هاوڕێ دارتاش لەهەموو مەڵبەند دا بەنێوبانگە. بە بەژن و بالا خۆش ئەندامە و بەجەستەپۆشتە و بەڕەخت و پێلاو تەیارە. بەڕیش و چاوسووری ڕێکخـراوەیە، پردی شـۆرەپۆلاینی نێـوان سەروخـواری تەشکیلاتە و هومـێدی شـۆڕشی سـوورە. ئەی خۆ پیـاوێکی ئەوتۆ سیـاسی نابێ بەدوور لە ژیربێـژی بێ! هەڵەوەڕی و چەوت بێـژی و دەم بە هەلەق مـەلەق بوون، شـیـاوی بۆرەپیاگانە. نەخێر وانییە! هاوڕێ دارتاش ئەم عەیبەی تێدا نییە و لێی بەدوورە . ڕەنگە هەر لەم کـاتەدا کـە ڕوو بەمن دانیـشـتـووە و من دەدوێنێ ، دەمی پڕ لە پرسیاری ڕوو بە یەکێکی تر گرتبێت و لەڕێی بێتەلی نەهێنییەوە وت و وێژانی لەگەڵدا بکا... ]

: « ـ گـوتم لە ئێـمـە کێ دەناسی، بۆچ بێدەنگ مایتەوە ؟!»

وەخـۆ هاتەوە و هێـدیانە گـوتی: « چی پێشـمـەرگـەی کـە لەم ناوچەیە دان، زۆربەیان دەناسم . »

ـ « من دەناسی ؟! »

ـ « بەڵێ تۆیش دەناسم ، بەڵام تۆ ، لەڕێی چاوی فـام و نەقڵـەوە دەناسم ... نێـوبانگتم



گەلێ بیستبوو، بەڵام هەنووکە باشترت دەناسم » هاوڕێ دارتاش بزەی کەوتە سەر لێوان . هەوای دەنگی نەرمتر کرد ولێی پرسی :

ـ « دەگەڵ کتێب و خوێندنەوە چۆنی ، چیت خوێندۆتەوە ؟! »

ـ « ناڵێم هەموو ، بەڵام بەشێک لە تەمەنم لە نێو کتێب دابووم و پیشە و کارەکەشم هەر لەو خەتە دا بووە... »

ـ « کتێبی چۆن ؟... هەموو کتێبێک ناویان کتێبە، بەڵام زۆر کتێب هەن کە شیاوی یەکجار خوێندنەوەش نین... »

ـ « ڕاستە... وایە! منیش لەگەڵتم... منیش گەلێ کتێبی بودەڵەی بێ سەر و بێ سەرەنجامم خوێندۆتەوە وکاتی خۆمم پێ کوشتوون، بەڵام ئەوان هی دەوری زوو بوون، لەمێژە لەو خەتە دوور کەوتوومەتەوە... دەکرێ بڵێم ، لەوەتی دەستی ڕاست و چەپی خۆمم ناسیوە و هاتوومەتە ناو جغزێکی ڕامیارییەوە، سنووری خۆمم لەم کتێبانە جیا کردۆتەوە. ئاشقی فەلسەفە و تاریخ و عیلمی کۆمەڵناسیم و هەر ئەو کتێبانەش بوون کە ئەم ڕێیەیان خستۆمەتە بەر... ئەگینا... »

ـ « ئەگـینای، چی ؟ ... بۆچ بێ دەنگ بوویت؟!»

ـ « ئەگینا منیش لە شار دا خەریکی خانوو ساز کردن و، کڕین و فرۆشتنیان دەبووم و هەگبەی خۆمم پێ پڕ دەکردن.»

ـ « ژن و منداڵت هەیە؟»

ـ « نەء !... نیـمـە، چەلێ زووە. ژن و منداڵدارییش کاتی خۆی هەیە، پەلەم نییە،کاتی ئەویش دەگاتێ. هەشم بوایە ڕێگاکەم هەر ئەو ڕێگایە دەبوو کە ئێستا گرتوومەتە بەر... بەڵام ئیشی بە بەرنامەم پێ باشترە . ئیش و کار کە بەرنامـەی لە ژێر دا نەڕژرابێ ، تووشی هەڵەنگووتن دەبێ و گرفتی بە دوا دا دێت... »

ـ « مەبەست !... من لەمەت تێ نەگەیشتم. تۆ پێت وایە هەموو ئیش و کارێک هەر دەبێ بەبەرنامەبێ؟ بەرنامەی بۆ دانەڕژابێ، نابێ ؟! »

ـ « بەڵێ !... »

ـ « کەواتە من هەڵەم کردووە کە ژن و منداڵم لەشار دا جێ هێشتووە ؟! دەبوایە بەدیار ماڵ و منداڵمەوە دانیشتبام و لەجێ نەجمیبام! ئەوەی کـە من کـردوومـە و زۆربەی هاوڕێیـانیش کردوویانە، چونکە دەگەڵ ڕوحی بەرنامە ڕێژیی ئێـوە یەک ناگـرێتـەوە، بەرهەمـەکـەی تووشی هەڵەنگووتن دێ ؟!... ئەی من ئەم کـردبایە و هاوڕێیانم نەیان کردبایە، کێ بی کردبایە؟! من دانیـشم و ئەوان دانیـشن ، ئەی کێ هەستێ؟!...»

ـ « نەخێر... نەخێر ! هەر بیرای بیرا ئەوە نیاز و نەزەری من نییە و نابێ... مەبەستی من شتێکی ترە ... قسەکەم، تۆ و ئەو وئەوی تر ناگرێتەوە. مەبەست هەر خودی خۆمم و بەس. لەمێژە من خولیای ئەم ڕێگایەم و هەموو شتێکم لەبەر تێزکەی ئەم تفەنگەوە میزان کردووە... لە مێژە... زۆر لەمێژە...»

ـ « لەمـێژە ؟!... تەمـەنت چەندە و چەند ساڵە بەم هەوایەوە بەندی ؟»

ـ « بیست و شەش ساڵە دەژیم و پێنج ساڵە بەم ڕێگایەوە بەندم »

ـ « پێنج سـاڵ لەمـەو بەر!!... ئەها ! واتە ئەو دەم و کاتەی کەوا من وەستاکارێکی دەست و پێ قەڵەشیوێکی ناو ئەم کۆمەڵگایە بووم و چوار دیوار و هۆدە و مـاڵم بۆ هەژاران پێکەوە دەنا ؟!... دەبێ ئەو دەم تۆ چی بوو بیت و چیت کردبێ!...»

ـ « منیش لە سەرچاوەی سونێ ڕا نەهاتووم هاوڕێ !... لە هاویندا فەعلایی وکورەی خشت پێژی دەستی ڕاموسیوم و لە پاییز و زستان و بەهارانیشدا سەرگەرمی دەرس وکتێب بووم... ڕەنجی هاوینانم کـردۆتە پەڕتووک و پێنووس و کـتێب، پێم خوێندوون و لێم خوێندوون. بەڵام نیاز و نەزەری من بیرای بیرا، هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ژیننامەکان نییە و نابێ. پێم وایە هەر کەس لە ژینی خۆیدا سەربەستە چ ڕێگایەک بۆ ژیان هەڵدەبژێری و چی دەکا. هەرکـەسیش بە پێی جەوهەری سروشتی خۆی ڕێگەیەک دەگرێتە بەر و لەپیشەیەکدا سەردەکەوێت. لەپاش سەری مـێشکی کـار و بەرنامـەی ڕۆژانەی هەرکەسێکیشدا، نیاز و نەزەرهایەک خەوتووە و هەر ئەم پاش سەری مێشکانەشن کە کەس و کـەسـان بەرو ئیـدە و ئیـمـانەکـان هان دەدەن. هەندێک هەتا ئاخری تەمەن کۆی دەکەنەوە و هەر بەپارە و دراو بازن. هەندێک فشەئینسان و زڕتەبۆزەن و هەر بەنێو و نێوبانگی خۆ دەنازن و هەمـوو ئاکار و ڕەفتارێکیان هەر لە خزمەت ڕاگرتنی ئەم دەهۆڵە بۆشە دایە. جـەماعـەتێک

ڕێناس و ڕێبینی ڕاستەقینەن و خۆ دەبەر ئامانجی خۆ دەمرێن. دەستەیەک نانی فیشەکان دەخۆن وکەلاکان دەخەن. دەستەیەک خۆ بەختکەرن و کەلاکان هەڵدەگرنەوە و توخم و تۆوی زۆرداران دەفەوتێن. تۆ وەستاکارێکی دەست و پەنجە قەڵشیو بووی و بەم ڕێگایەدا هاتووی، منیش ئامۆژیارێکی دەرس و فێرگە بووم و ئەم ڕێگەیەم هەڵبژاردوە. تۆ باڵ و باسکت لە ناو قوڕ و دار و بەرددا خستۆتەگەڕ، منیش مێشکی ناو کەللەم لە کتێبدا هێناوەتەسەر. بەڵام هەنووکە هەر دووکمان ڕێگەیەک دەپێوین و گۆڕەپانێکمان لەبەردەمدایە. ئەم گۆڕەپانەش ڕێگایەکی دوور و درێژی بە بەرەوەیە و لە پێچ و خەمەکانیشیدا گەلێک مەنزڵگەی تاقیکردنەوە ی لەباخەڵدایە.. »

ـ « بەڵێ... بەڵێ! شۆڕش شەمەنەفەرێکی مەزنە و ڕێگایەکی بێ غایەت دوور و درێژیشی لەبەر دەمدایە ؛ دانیشووانی شەمەنەفەری شۆڕشی درێژخایەن، هەموویان خاوەنی یەک تین و تاقەت نین و هەموویان هەتا وێستگەی ئاخر دەگەڵ شۆڕش نایەن... »

ـ « ئەوە قسەی مامۆستایەکی مەزنە و ڕاستە. بەڵام کەسانێکیش هەن کە لە شەمەنەفەری شۆڕشدا خەو دەیان باتەوە ؛شەمەنەفەرچۆن بڕوا و بۆ کوێ بڕوا، خەوتووی ناو بێشکەی شەمەنەفەر، کەرەکی خەوتوون و هەوساری خۆیشیان لەدەس دا نییە...»

ـ « بەڵام بڵێ بزانم دنیاکەی ئیمڕۆ چۆن دەبینی... ئەم گشتە خەت و ڕێبازانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا هەڵدەسووڕێن و دادەسووڕێن، چۆنیان بۆ دەچی و لێکدانەوەت چییە لێیان؟ »

ـ « لە مەبەستی ئەم پرسیارەت تێ نەگەییم... نازانم چییە مەبەستت، بەڵام ئەگەر مەبەستت مەڵبەندی فکری و دنیا بینینی سیاسیمە، من ئاگایانە و شارەزایانە ئەم ڕێگەیەم گرتۆتە بەر. پێم وایە ئەم ڕێگەیە ژیرانەترینی ڕێگەی هەنووکەییە و بۆ ڕزگاری خەڵکەکەمان هەستاوەتە پێ... بۆ سبەیش نازانم، بەڵام هەتا ئەم ڕووناوە خاوێنە بەم جۆیەدا ڕاببرێت و بەشوێنگەی ناپاکدا ڕێ کل نەکا، من ڕێبوارێکی توند و تۆڵ و قورس و قایمی ئەم ڕێبازەم. کورت و کرمانجانەترت پێ بڵێم کە من بەهەموو وجوودەوە دژ بە دەمار وشکی و خۆ پەرستیمە و قەتم پێ وانییە ئاسمانی سیاسەت قەڵشی تێ کەوتووە و ڕێبازەکەی ئێمەی بە تاک لێ زاوە. ڕەگ و ڕیشەی هەر درەختێکی سیاسی کە لە ناو



دەریای خەڵکدابێ و سایەی بەسەر خەڵکەوە بێ، دەژی. ڕەگ و ڕیشەی درەختی لە ئاو دەرکەوتوو، زۆر ناژی...»

چەند سەعات لە چەند ڕۆژاندا دانیشتن و هەموو قسەکانیان کرد و ئاخر سەر بەپێشمەرگە وەرگیرا . کە بوو بە پێشمەرگە و نانی پێشمەرگایەتی خوارد ، چاوە ساغ و بێ ئازارەکانی لە هەموو دەم کراوەتر کرانەوە و وردتر بە هەموو شت دا هاتن. زۆر شتی ئاشکرا، دەیانی نادیار، گەلێک هەڵە، لێکدانەوەی ک ، بۆچوونی ناڕاست، بەملا داکەوتن و بەولادا هاتن وگەلێ شتیان خوێندەوە. هەر لە دنیای دێ و لەگوندەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگایەتییدا، فەرمانی ڕەتکردنەوەی کۆنە ڕێبازی پڕ لە هەڵەیان پێ بینرا، فەرمانی پشت گوێ خستنی خەڵک و ئیش نەکردن دەگەڵ جووتکارانیان پێ خوێندرایەوە، فەرمانی بەرزکردنەوەی چەکوش و مەکینە و کارگە، نزم کردنەوەی داس و پاچ و خاکەناز، لەچەک بۆ کتێب، لەکتێب بۆ چەک، هەر دووکیان، هیچ کامیان، ئەم لا، ئەولا... دەیان و دەیان شتیان پێ دیترا، تەنانەت چی نەما ئەو دنیاشیان پێ بدینرێ . کە لە مەتەرێز دا پێکا و بەلا داکەوت، کەس بە هەویای مانەوەی نەبوولامل و لاچاو و لاشەویلکەیەکی تەواو هەڵتەکابوو. چ لە چنگاڵی نەمانی ئەستاندەوە؟ دوکتور( د ) دەیگوت کە هەر هومێدی مانەوەی خۆی بوو بوو. نەمرد و هەستاوە. کە هەستاشەوە، هەرچەند کە شێری ئازا دیتبایەی سڵەی لێ دەکرد، بەڵام ئەو گوێی بە جوانی و ڕەعناییەوە نەبوو، هومێدی هەر مابوو؛ کە هومێدی پێ نەما و ڕێی لێ بەسترا، دەستی هەڵگرت و ڕووی کردە دەر. لە دەر ڕۆژ نەبوو هەر ئەم چاوانە، بەدەیان جار ڕای نەگرن و ماوەیەک سەرگەردانی نەکەن. هەموو ڕۆژێ کرگاری ئەمە بوو: ڕۆیشتن، توندکردن، ستۆپ کردن و ڕاوەستان... ڕۆیشتن و توند کردن بە دەستی دڵی بوو، ڕاوەستان وستۆپ کردنیش بەدەست چاوەکانی بوو. ئەو خۆی چی بەدەست نەبوو. یەخسیری دەسی ئارەزووی دڵ و بەستەی ڕوانینی چاو بوو. هەرچی چاو دیتبای، دڵ گرووی بۆ دەگرت. لە دەست ئەم دڵە و لە چنگ ئەم چاوە هیچ ئۆقرە و ئارام و هەدادانێکی پێ نەمابوو. کتێب و خوێندنەوەی ئێستاکەی هەر ئەم ڕۆیشتن و ستۆپ کردنە بوو. ئەوەی خوێندبوویەوە و ئەوانەی کە دەی دیتن، خواکەشیان یەک نەدەهاتنەوە. کرێکاری مەلەکەی مێشکی سەردەمی پێشمەرگایەتیی چی بوو و کرێکاری بەر چاوی ئێستاکەی چییە؟ هەموو شتێک بە قەدرایە عەرز و عاسمان جیاوازییان لە مابەین دایە. ئاخێکی کێشا و هەنگاوێک بەرەو دوا داگەڕا.

لە بەری ڕۆژاوای شەقامەکەوە دووی نازدارتر هاتن و دەگەڵ دەنکە شۆخەکەی ئەوبەری شەقام بوون بە سێ. هەر سێ، دەم بە قاقای مەستانە و حەکەدارانەوە بۆ یەک چوون و باوەشیان بە یەک دا گرت. هەر سێیان هەگبە و جانتاکانیان لەبەر دەم دانا و چاوەڕوان مانەوە. ئەویش لەوبەری شاقام، تەنیایەکی تەنیا بۆیان هات؛ ئەو خۆی بۆیان نەچوو، بەڵکە گیانی تینووی لەڕێی چاوانەوە باڵی گرت و ئاوێتەی شنە بۆیان چوو. بەڵام چی پێ نەچوو ترۆمبیلێکی ئاخر مۆدێل هات و لەبەر دەمیان ڕایگرت. هەر سێیان دەم پڕی حیلکە و تریقەی هەوەس بزوێن سوار بوون و جێیان هێشت. شەقام و گۆڕەپانەکە بەرە بەرە ئارام و بێ هاموشۆکەر دەبوو. ئێوارەکە، ئێوارەی ڕۆژی هەینی بوو، دانسینگ و سەماگەکەن پڕاوپڕی دەنکە نازدارەکانن و هەر لە ئێستاوە هەتا نیوەی شەو، هەمووی هەر گەرمی بادان و گەوزین و خزینن. شەو درەنگانانیش، هەر دەنکەی لە باوەش خۆشەویستێک دەخزێ و دوور لە تەنیایی، شەو بە ڕۆژ دەگەیەنن. ئەوان سبەکەشی هەر سەرخۆشی شەوی پێشینن؛ هەڵدەستن، جانتاکانیان دەکەنەوە و جلکی حەمام دەردێنن و شەکەتی و لەش گرانی بەئاو دادەدەن. شەوی تر و شەوانی تریش هەر ئەمەیە کار و کرگاریان. تەنیایی ناخۆشە و نای هێنێ تەنیا بژین .

لەشەقام تێپەڕی و هاتە هەر ئەو شوێنە، کە دەمێک پێشتر سێ چەپکەگوڵی ڕەعنای لێ چەقیبوو. بۆن و بەرامەی عەترەکەیان لەهەوادا هەر مابوو. لە قووڵایی سینە، ئاخێکی بە هەوا دادا. ئاخی سینەی ئەو و عەتری سنگ و مەمی ئەوان لێک هاڵا و بوو بە گوڵی ئاخ. کەنارە و کەنار، بە ڕۆخی زرێدا هەڵکشا. هەر ئەو بوو کە بە تەنیا بوو. ■

# تیشکێک بۆ سەر ڕەچەڵەکی قەرەج

وەرگێڕان و ئامادەکردن لە ئاڵمانی یەوە:
**ئەنوەر محەمەد ئەحمەد**

«قەرەج» وەک دەبینرێ و دەبیسترێ، لە هیچ وڵاتێکدا ژیانی ئارامیان نییە. لەگەڵ زۆر گیروگرفتدا ڕووبەڕوون و دەبوخزێندرێن. بۆ نموونە هەتا ئێستەکەش لەم وڵاتەدا(ئاڵمان)، ڕاستڕەو و کۆنە نازی و تازەنازییەکان، چۆن لە دژی جوولەکە و بیانین ، لەو ئەندازەیەش زۆرتر و پەڕگرتر دژی ئەو گرۆ و کەسانەن کە(سینتی و ڕۆما و تسیگۆینە)یان پێدەگوترێ. ڕەچەڵەکی هەرسێ گرۆیەکەش هەمان(قەرەج)ەکەی لەمەڕ خۆمانە.

لە شەڕی جیهانی دووهەمدا(قەرەج)یش وەک جوولەکە، کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی ئیمپراتۆرێتی سێهەمی نازییەکان و زیاد لە نیو میلیۆن ڕووبەڕووی مەرگ بوونەوە و گیانیان لە دەستدا. هەنووکەش زیاد لە ٧٥هەزار قەرەج لە ئاڵمان دا دەژین و داوای پاداشتی ماڵی و خەسارەت دەکەن، لە هەوڵی ئەوەش دان کە کەمایەتی قبووڵ بکرێن و ببنە هاووڵاتی ئاڵمانی.

خراپ نابێ گەر بڵێین هەر لەو(ڕۆمانیا)یەش کە زۆربەی ژمارەی قەرەجی تێدایە، گوزەرانیان هەردەم خراپتر دەبێ. لەلایەن ڕاستڕەو فاشیستەکانەوە ماڵیان ئاگر تێبەردەدرێ، بە ئاشکرا و بەهەموو شێوەیەکی نامرۆڤانە دژایەتیان دەکرێ.

زمانی قەرەجەکان ڕۆمانێس(Romanes)ە کە سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ(سانسیکرێت)ی بەرایی هیندستان، نەک ڕۆمانی یاخود ڕۆمێنیس!

زمانی قەرەجەکان کە (ڕۆمانێس)ە لەگەڵ زمانی ڕۆمانییەکانی وڵاتی ڕۆمانیادا، زۆر لێک جیاوازن. ئەوەش کاردانەوەیەکی سروشتی و زانستییە گەر قەرەجەکانی هەر وڵاتێک، وشە یان زاراوەیان لەو زمانانە وەرگرتبێ کە تێیدان و لەگەڵیاندا دەژین. قەرەجەکان تەنیا زمانی گفتوگۆیان هەیە، واتە دەربڕینیان بەو پیت و جۆری نووسینی ئەو وڵاتانەیە کە تێیدا دەژین. بەداخەوە، تەنانەت زاراوەکانیشیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و زۆرتر لێک دوور کەوتوونەتەوە کە گیروگرفتی لێک تێنەگەیشتن لە نێوان قەرەجی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی بەزەقی دیارە. بەکورتی ئەو قەرەجانەی زۆرتر لەیەکەوە نزیکن، لەیەکتر تێدەگەن.

وەک لەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ڕەچەڵەکی قەرەج دەگەڕێتەوە بۆ هیندستان(هیندستانی کۆن بە پاکستان و ئەفغانستانی ئەمڕۆوە).

«.. لە شانامەی فیردەوسی دا هاتووە کە لە ڕابردوودا میللەتێک لە ئێراندا هەبوون کە نیگەران بوون، خواردن و خواردنەوەی زۆریان هەبوو بەڵام هەردەم بیریان لە هیلاکی ژیان دەکردەوە. شا(بەهرامی گوور) شازادەیەکی دڵفراوان بوو، بیری لە گەلەکەی دەکردەوە کە هیچیان بۆ سەفا و بەسەربردن نییە. بۆیە تکای لە(مهاراجا)ی(هیند)کرد کە کۆمەڵەخەڵکێکی بۆ بنێرێ هەتا بە هونەرکارییەکانیان ئەو نیگەرانییە بڕەوێننەوە. ئەوەبوو کە دوازدەهەزار یاریزانی گەنجی ژن و پیاو ڕوویان لە ئێران کرد. (شا)ش زەوی و خەلەوخەرمان و مانگای دانێ هەتا پێی بەڕێوە بچن. بەڵام دوای ساڵێک ئەو خەڵکە هیچیان بۆ خواردن نەما. ئەوەی کە پێیان درابوو لە ساڵێکدا خواردیان و کێڵگەکانیشیان خستەپشت گوێ و گرنگیان پێنەدان. بەهرام بەو کارە زۆر توڕەبوو و فەرمانی دانێ، بڕۆن، بەکەر و بارەکانیانەوە بە وڵاتدا بگەڕێن و بەگۆرانیبێژی بژین. ئیدی لەساوە ئەم خەڵکە بە دنیادا دەگەڕێن. دەگەڕێن بۆ کەسێک کاری بۆ بکەن.. بارگەوبنەیان پێچراوەیە و شەو وڕۆژ بە ڕێگەوەن.»(١)

گەرچی بە پێی ئەم زانیارییە دەردەکەوێ کە یەکەم مەنزڵی قەرەجەکان لەو کۆچ و ڕەوەیاندا ئێران بێ!، بەڵام ناکرێ ئەم نەقڵ و گێڕانەوەیەی شانامە جێی شک و گومان نەبێ! گوایە قەرەجەکان بۆ هەمیشە بەر نەحڵەتی شاگووری فارسی کەوتبن!.. دەبێ هەمیشە بە چاوی گومانەوە بنوارینە تۆمارەکانی مێژوو و بە هوشیارییەوە ڕاستییەکانی لێدەرهاوێین.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان ڕەچەڵەکی گرۆ قەرەجەکان(سینتی)یە. (سینتی)ش یاخود ڕووباری(سینث = sinth) ئەو نێوچەیەیە کە کەوتووەتە پاکستانی ئەمڕۆوە.

هێڵی کۆچ و ڕەوەکەش بەمجۆرە بووە. «لە ٧٥٠ی زایینیدا ڕەوی ئەو گرۆیە لە هیندستانەوە بەرەو ئێران بووە ولە ئێرانیشەوە دوو لکی لێبووەتەوە. لکی یەکەم: بە ژووررووی ئەفریقادا ڕۆیشتوون و گەیشتوونەتە ئیسپانیا و پۆرتوگال. ئەم کۆچ وڕەوە لە ساڵی ١٤٤٧دا کۆتایی پێهاتووە.

لکی دووهەم: بەرەو تورکیای ئێستە بووە کە ئەم کۆچ و ڕەوەش لە ساڵی ٨٥٥دا کۆتایی پێهاتووە. لە تورکیاشەوە دوولکی لێبووەتەوە. لکی یەکەم: بەرەو یۆنان کە ئەمیش تا ساڵی ١٣٢٢ی خایاندووە. لکی دووهەم: بەرەو زێربیا و وڵاتی بەڵکان کە هەتا ساڵی ١٣٤٨ی خایاندووە و لەوێشەوە هەتا ساڵی ١٤٢٢ بەرەو ئیتالیا و فەڕەنسە بووە. ساڵی ١٤٠٧ گەیشتوونەتە ئاڵمان و ساڵی ١٤٤٠ یش گەیشتوونەتە بریتانیا. ساڵی ١٥٠٩ گەیشتوونەتە پۆڵۆنیا. لە ئاڵمانیشەوە واتە لە ساڵی ١٤٠٧ەوە بەرەو وڵاتانی سکاندیناڤیا ڕۆیشتوون کە هەتا ساڵی ١٥١٧ی خایاندووە . ساڵی ١٤١٦ گەیشتوونە ڕۆمانیا.»(٢)

کۆچ و ڕەوێکی درێژ و مێژوویی، لە منزڵێکەوە بۆ یەکێکی دی چەندین ساڵ و سەدەی خایاندووە. تەنیا لە ئێرانەوە بۆ تورکیای هاوسێ، ١٠٥ساڵ و لە ئێرانەوە بۆ ژووررووی ئەفریقا و پاشان بۆ ئیسپانیا و پۆرتوگاڵ ٦٤٧ ساڵ، واتە چوار سەدەونێو، هەروەها لە ئاڵمان بۆ وڵاتی سکانیدیناڤیا ٧٠٨ساڵی خایاندووە.(٣)

واش بەراورد دەکرێ کە ڕێژەی قەرەج لەو وڵاتانەدا زیاد لە حەوت میلیۆن بێ:

١) ڕۆمانیا: ٢,٠٠٠,٠٠٠
٢) چیکۆسلۆڤاکیا: ٨٠٠,٠٠٠
٣)بولگاریا: ٨٠٠,٠٠٠
٤) یۆگۆسلاڤیا: ٨٠٠,٠٠٠
٥) هەنگاریا: ٦٠٠,٠٠٠
٦) تورکیا: ٥٠٠,٠٠٠
٧) ئیسپانیا: ٥٠٠,٠٠٠

**بڕوانە لاپەڕەی ٦٣** ←

# کوا حەق وایە؟

نووسین وئامادەکردن: **عەلی کەریمی**

**ز**مانەوان و مێژونووس و ئەدیبە هەڵکەوتووەکانی کورد وەک ماموستایان: تۆفیق وەهبی، قەناتی کوردۆ، کەمال فوئاد، عەبدولڕەحمانی زەبیحی و... پاش ساڵەهای ساڵ حەول و تێکۆشان لە سەر مەسەلەی ئەدەب و زمانەوانی، زور شتی بە نرخ و مێژوویيان راست کردووەتەوە و بە یادگار بۆیان بەجێهێشتووین، تا ئێمە و نەوەی داهاتووی گەلەکەمان کەڵکی لێوەرگرین و بتوانین لە سەر مێژوو و زمانی کوردی بە کاریان بێنین؛ دیارە زۆر جێگای ڕێز وحورمەت وشایانی ئەو پەڕی سوپاس و پێزانینە.

بەڵام برایان، حەق وانییە ئێمەی کاڵ وتازە بەمیدان هاتوو هەموو ڕیسەکەیان لی بکەینەوە خوری!

ئەورۆژانە کتێبی **"کوردەکان"** نووسینی **«حەسنی ئەرفەع»** وەرگێرانی لە فارسییەوە بۆ کوردی لە لایەن کاک **«حامید گەوهەری»**م بەدەست گەیشت.. لە پەراوێزی (١)ی لاپەڕەی ٤ کە کاک حامید خۆی لێی زیاد کردووە، دەنووسێ:

**«زمانی کوردی پێنج زاراوەی هەیە: زاراوەی زازاکی لە کوردستانی ژێر دەستی تورکیە لە دەوروبەری دیاربەکر. کرمانجی لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان یانی کوردستانی ژێر دەستی تورکیە، سوریە، ئەرمەنستان، ناوچە بادینانی کوردستانی ژێر دەستی عێراق وناوچەی شکاکان لە کوردستانی ژێر دەستی ئێران. سۆرانی لە ناوەند و رۆژهەلاتی کوردستان یانی بەشێک لە کوردستانی ژێر دەستی ئێران وعێراق. زاراوەی هەورامی لە هەرێمی هەورامانی ژێر دەستی ئێران و عێراق. لەکی و لوڕی لە باشووری کوردستان یانی هەرێمی لورستان وعیلام.»**

کاتی وا، حەق وایە کاک حامید زەحمەت بداتە خۆی وکتێب و نووسراوەی ئەو پسپۆڕ وزانایانە وەدەست خا و بیانخوێنێتەوە وبەکاریان بێنێ.

کاتی خۆی کە چەند نووسراوەیەکم لە سەر لەهجە و بن لەهجەی زمانی کوردی خوێندبوودوە، وەبیرخۆم هێناوە و سەرچاوەکانم دۆزینەوە، جێگای سەرنجە کە پاش ئەو هەموو ساڵە تێکۆشان وحەولدانە، ئێستاش لە ناو زانایانی زمانەوانی کورد لە سەر زمان، یان لەهجەی لوڕی قسەوباس هەیە کە ئایا لوڕی کوردییە یان نا؟ بەڵام کاک حامید هەر لە ڕێوە، بێ فوو لێکردن لوڕی بە زاراوەیەکی کوردی دادەنێ ولە سەر لەهجەکانی کوردی ماست ودۆشاو تێکەڵ دەکا!

لێرەدا بۆ ئاگاداری هەرچی زۆرتری خوێنەرەوەی خۆشەویست، دەقی نووسراوەیەکی «مامۆستا زەبیحی» کە لە ساڵانی ١٩٧٠وە زۆری زەحمەت لە سەر کێشاوە وکاری لە سەر کردوە، وەک نموونە دێنمەوە بەڵکوو کاک حامیدیش بتوانێ کەڵکی لێوەرگرێ:

«.. ئەگەر سەرنجێک لە مەڵبەندی دەستەڵات وفەرمانڕەوایی زمانی کوردی بدەین، لە باری شێوەی قسەکردنەوە سێ ناوچەی لێک جیاوازمان دەکەوێتە بەر چاو.

١) لە کەنارەی رۆژئاوای گۆلی ورمێ ڕا، دەق لەوشوێنەڕا کە ناوچەی (دزەی دۆڵێ) و (سندووس) لێک جیادەبنەوە، بە خەیاڵ خەتێک دەس پێدەکەین و بە پشت (شنۆ)یەیدا تێدەپەڕێنین و دەیهێنینە باکووری (ڕەواندز)ێ و هەروا بەرەو رۆژئاوا تادەگاتە (ئاکرێ) و (دهۆک) و (زاخۆ) و (شەنگار) و بە نێوان (قامیشلی) و (حەسەکە) دا دەربازی دەکەین بۆ جنوبی (دەرباسییە)، (راس العین) و دەیگەیێنینە (عفرین) و (چیای کورمانجا).

٢) هەروها بە خەیاڵ خەتێک لە مەڵبەندی رۆژئاوای (هەمەدان)ەوە هەڵدەگرین و بە باکووری مەڵبەندی (کرماشان)دا دەربازی دەکەین تا دەگاتەوە رووباری (دەجلە).

ئەم دو خەتە خەیاڵییە هەموو ئەو مەڵبەندەی بە زمانی کوردی قسەی تێدا دەکرێ دەکاتە سێ بەش، کە لە هەر بەشەیاندا لەهجەیێکی سەرەکی زمانی کوردی زاڵە:

**لەهجەی باکوری** ـ دەکەوێتە باکووری خەتی یەکەم، ئەو بن لەهجانەی تێدا بەدی دەکرێ: هەرکی، شکاکی، جەلالی (بایەزیدی)، هەکاری، بۆتی، جزیری، عفرینی، دومبلی، بادینی...

**لەهجەی ناوەندی** ـ دەکەوێتە جنوبی خەتی یەکەم و باکووری خەتی دووەم وبە غەڵەتێکی مەشهوور پێی دەڵێن لەهجەی سۆرانی، کە ئەوی راست بێ (سۆرانی) بن لەهجەیێکی لەهجەی ناوەندییە. لەم مەڵبەندەدا ئەو بن لەهجانە هەن: موکریانی، سۆرانی، سلەیمانی، شوانی، جافی، سنەیی، گەروسی...

**لەهجەی جنوبی** ـ لە جنوبی خەتی دووەم لەهجەی جنوبی زمانی کوردی زاڵە کە ئەم بن لەهجانەی تێدا بەدی دەکرێ: کرماشانی، کەلووڕی، کولیایی، پیرەوەندی، لەکی و لوڕی...

(لوڕی) دەکەوێتە بەشی هەرە خوارووی مەڵبەندی زمانی کوردی، دەربارەی ئەم بن لەهجەیە هەر کەسەی هاتووە قسەیێکی کردووە، «شەرفخانی بتلیسی» لە (شەرەفنامە)دا بە یەکێک لە چوار لەهجەی گەورەی زمانی کوردی دادەنێ، هیندێک زانا و رۆژهەلاتناسی فەرەنگی و ئێرانی بە لەهجەیێکی زمانی فارسییان داوەتە قەڵەم، دوکتور کەمال فوئاد رایەکی تری هەیە و دەڵێ: "... لە ڕووی ڕێزمانەوە (لوڕی) بە زمانێکی (ئێرانی باشوری ـ رۆژئاوایی) دائەنرێت، بەڵام فارسی نییە، بەڵکوو زمانێکی سەربەخۆیە، بەشی یەکەمیان (بەختیاری) وەکوو لە ڕووی زمانەوە (کوردی) نییە خۆشیان لە ڕووی نەتەوەییەوە بە کورد نازانن، بەڵام دووهەمیان، بەتایبەتی لە عێراق، لەبەر گەلێک هۆی مێژوویی و سیاسی و ئابووری لەڕووی نەتەوەییەوە لە کورد جیا ناکرێنەوە، هەتا لە ڕووی زمانەوە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونەوە زۆریان لە (کوردی رۆژ هەلاتی) وەرگرتووە."

ئەم مەسەلەیەی (لوڕی) کوردییە یا کوردی نییە، مەسەلەیێکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی، دوور لە هەست وعاتیفەی نەتەوایەتی و دور لە تەئسیری قسە و ناوبانگی فلانە رۆژهەلاتناسی فەرەنگی یا زانای غەیرە فەرەنگی هەیە، لێکۆڵینەوەیێکی کە کوردایەتی کوێرانە دۆ و دۆشاو تێکەڵ نەکا و هەر بە وێکچوونی چەند وشەیێکی کوردی ولوڕی، لوڕی نەکا بەکوردی. لێکۆڵینەوەیێکی واش کە

هەر لە بەر ئەوەی چەند وشە یا شێوەی بەکارهێنانی هەندێ فێعل دەگەڵ فارسی دەشوبهێنە یەک یا فلانە ڕۆژهەڵاتناس و زمانەوان، وای گوتووە، ئەکرێ بە ڕایەکی وا قایم وپتەو کە دەهەڵوەشانەوە نەیێت و (لوڕی) لە کوردی دابپچرێ، بە کورتی و بەکوردی ئەم مەسەلەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیێکی مەیدانی هەیە و تا ئەوکاتە بە لای منەوە (لوڕی) هەر لە کوردی نیزیکترە تا فارسی ، پێویستە ئەوەش بڵێم کە مەبەستی من لێرەدا ئەو بەشەی (لوڕی) نییە کە (لوڕی پچوک) قسەی پێدەکەن و بە لەهجەی (فەیلی) مەشهوورە ، چونکوو ئەمەیان جێی ئەوەی تێدا نابێتەوە کە سێ و دووی لێ بکری ، بە ئاشکرا بە بەر چاوی خۆمانەوە (فەیلی) بەکوردی قسە دەکەن و هەموو کوردی تر یا بە (جاف) یا بە (لەک) دادەنێن ، پرسیاری "کوردێگی یا جافێگی "، ووتەی "یە جافێگە ودویم دێرێ" و لاتاوی "لەکەترن" ڕێگای هەموو شک و دودڵییەک لەم بابەتە، دەبرنەوە .

ئەوەش هەر ڕاست نییە کە "لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونەوە زۆریان لە (کوردی ڕۆژهەڵاتی) وەرگرتووە"، لوڕ بە کچ دەڵێن "دوێت" و بە منداڵ "زارۆڵە"، لە کرمانجی یا لەهجەی باکووریدا "دۆت" و "زارۆ"یە ، خۆ هیچ پێویست بەوە ناکا بەڵگە بهێنینەوە کە لوڕێکی لە پشتکۆی لورستان دەژی ـ نەک فەیلی کە لە بەغدا زۆرن ـ لە وانەیە بابەلبابیشی کوردێکی زاخۆیی بە چاو نەدیتبێ تا (دۆت و زارۆ)ی لێ وەربگرێ ، مەعلومە پێچەوانەی ئەوەش هەر ڕاستە.

بەڵێ! کە دەڵێم تا ئەو ڕۆژەی لێکۆڵینەوەیێکی (مەیدانی)ـ دوور لە هەست و عاتیفە و دوور لە ئامانجێ کە پێوەندی دەگەڵ زمانەوانی نەبێ، مەسەلەکە ڕۆشن دەکاتەوە من لوڕی هەر لە کوردی نیزیکتر دەزانم، وەکوو لە پێشدا ووتم مەبەستم لوڕی پچوک نییە، بەڵکوو لوڕی گەورەیە، لوڕی بەختیارییە.

«دوکتور موعین» لە پێشەکییەکدا کە بۆ قاموسی (بورهانی قاتیع)ی نووسیوە ، وەکوو لەهجەیێکی زمانی فارسی لە (لوڕی) دوواوە و ئاوا دەڵێ:"لوڕی، لە لوڕستان و ئەویش شامیلی گەلێ بن لەهجەیە و (بەختیاری) دەگەڵ وی خزمایەتی هەیە". هەر لە پێش ئەوەدا لە لاپەڕەی ٣٧ ی پێشەکییەکەیدا دەڵێ:

"بێجگە لە زمانەکانی ئێرانی کە لە دوو ووتاری پێشوودا باسیان کرا، کۆمەڵێ (نیوەزمان) هەن کە پێیان دەڵێن لەهجەی ئێرانی، ئەغڵەبەی لەهجە ئێرانییەکان تا ئێستا لە قەڵەمڕەوی خۆیاندا ماون وقسەیان پێدەکرێ، هۆی مانەوەی ئەم لەهجانە ئەوەیە، ئەوانەی پێیان دەدوێن زۆریان دڵ پێیانەوەیە و دووریشن لە تێکەڵاوی و هەستان و ڕۆنیشتن دەگەل خەڵکی شارەکان و خوێندەواریی فارسیشیان نییە..."

کەوابوو! لوڕی و بەختیاری پێکەوە خزمن و نیوەزمانی ئێرانین و خەڵکیش قسەیان پێدەکەن چونکوو فارسی نازانن، ئەمە پێمان دەڵێ کە ئەم نیوەزمانانە فارسی نین، جا کە (بەختیاری) فارسی نەبێ و خزمی (لوڕی)ش بێ ـ بە شایەدی زانایەکی بەناوبانگی (فارس)ـ (لوڕی)ش خۆی کوردی بێ، هیچ ڕێگایەک نامێنێتەوە کە بە شێوەیێکی دوور لە زانست یا بۆ مەبەستێ کە هیچ پێوەندی بە سەر زانستەوە نییە، زمانی (بەختیاری) لە کوردی دابپچڕن ، سەرەرای ئەوەش من بریاری دوایی هەر بۆ لێکۆڵینەوەی (مەیدانی) دوور لە هەست و عاتیفەی نەتەوایەتی و دوور لە ئامانج و مەبەستی نازانستی ، بەجێ دەهێڵم و ئەم باسە بە وتەیێکی مامۆستا (عەلی سەیدۆ گۆرانی) دەبڕمەوە کە لە ئەنسیکلۆپیدیای تورکی وەرگرتووە ودەڵێ:"هیندێک زانایانی زمان ڕایان وایە کە (لوڕی) دەگەڵ (بەختیاری)، دەکرێ بە لەهجەیێک لە لەهجەکانی کوردی دابندرێن و ئەوان زۆر نیزیکن لە کۆمەڵە (کوردی) جنوبی"..» *

هەرچەند کاک حامید لە یەکێک لە بەرهەمەکانی بە نێوی "ئاواز وگۆرانی"لە لاپەڕەی ٢٨٢ی سەرچاوەکان ناوی قامووسی زەبیحی هێناوە بەڵام دیارە لێی وردنەبووەتەوە.

جێگای خۆیەتی وەبیر کاک حامید بێنمەوە کە "قامووسی زمانی کوردی ـ عەبدولڕەحمانی زەبیحی"بڵاوکراوەی ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی نییە و ساڵی ١٣٦٧(٨٧-١٩٨٨)ش نییە! بەڵکوو لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردە و لە ساڵی ١٩٧٧لەبەغدا لە چاپ دراوە. ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی هەروەک زۆر کتێبی دیکەی بە بێ ئیجازەی خاوەنی لە چاپ داوەتەوە و پارەی پێ پەیدا کردووە، ئەو کتێبەشی لە ساڵی ١٣٦٧(١٩٨٨)چاپ کردووتەوە وشتی لێ زیاد وکەم کردوە ، وەک پاشەبەرەی بەرگی دووەم کە وەک شتێک مامۆستا دەزانێ پاشەڕۆژی چی بەسەر دێ ! کە وابوو ،کاک حامید، حەق وانییە نیوەش لە نووسراوەکانتدا پروپاگەندە بۆ شتی ئاوا بکەن! بەڵام کوا حەق؟

* قامووسی زمانی کوردی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، لاپەڕەی ٤١ تا ٤٤. ■

**پاشماوەی لاپەڕەی ٦٥(ڕێبەرانی ...)**

ڕێگەپێدانی ئەو وەک سەرگەورە(صدر اعظم) چاکترە لە بێگانەیەکی ئاژاوەچی. هیتلێر کوکاییینی زۆر بەکاردێنا ، شتێکی کە فکرنەدەکراوە ئەو نەخۆشییە سەختەی وی چارەبکا.

ترس لەڕاونان،"لەنێو هەموو نەخۆشییەکانی ڕەوانی زیادتر سیاسی، ئۆقرەی لە «ستالین»بە ڕادەیەکی سامناک ئەستاندبوو. هەروەها زانیاری ئەو وەسێتنامەنهێنییەی لینین کە تانەیەکی ئاماڵ تراژێدییە، ئەوەیە کە ستالین نەیدەتوانی بە لووتکەی دەستەڵات بگا ئەگەر لینین ساغ بوایە و توانیبای ئامانجەکانی درێژەدابایە.

لە وێنە نەخۆشییەکانی ئەم دواییانەی کرێملینی فێڵباز کە تەواو دەرنەخراوە و هەروا باسی سەرزارانە تاقمی سێ کەسی: برێژنێف، ئاندرەپۆف و چێرنێنکۆی یەک لەیەک نەخۆشتر و خەرفاوترە، کە خۆی سەلماندنێکی خەمناکە سەبارەت بە ناوەرۆکی کتێبەکە ئەوەیکە نەخۆشی ڕێبەرێک دەتوانێ ڕەوتی دنیا بگۆڕێ.

**عیدی ئەمین نموونەیەکی تایبەت**

پیروپاتاڵەکانی بلۆکی شەرقی پێشوو ڕاستی قسەکان دەردەخەن. دیکتاتۆری ئالمانی شەرقی«ئێریش هونیکێر»جەڕاحی کرا و لە هاوینی ساڵی ١٩٨٩دا لە دەستەڵات کەوت. بەڵام وەزعییەتێکی وەها بەهێزی هەبوو کە ڕێژیم بەبێ وی لە کارکەوت. وەختایەک هەوڵی دا کە هەوسارەکان بگرێتەوە دەست، دەمێک بوو دەورانی بەسەرچووبوو. هەڵاتنی خەڵک و لێکترازان بە قسەی ڕەق و ڕژدی هونیکێر نەتوانرا پێشی بگێردرێ. ئەو سەری بۆ گارباچۆف دانواند. دیواری برلێن ڕووخا.

وتەی ئاخر ئەوەیە کە«هەر بڕیاریکی پزیشکی ئاکامێکی سیاسی وەردەگرێ و هەر ئەو ئاکامانەش کاردەکەنە سەر ئەو کەسەی بڕیاری پزیشکی لەسەر دراوە». بەڵام ئەوە حاڵەتێکی توندوتیژی وەک عیدی ئەمین بە دەستەوەدەدا، حاکمی تەواوی ئۆگاندا و«هەموو جانەورانی سەرزەوی و ماسییەکانی دەریا، فیلد مارشاڵ و سەرکەوتووی ئیپمراتوری بریتانیا لە ئەفریقا هاوکات پڕێزیدێنتی هەمیشەزیندوو"؟

نیشانەی نەخۆشی ئەمین ئەوەیە« جنوونی ترسی سادیستی» ، بەڵام کێ دەیتوانی ئەوە بلێ؟ پاکردنەوەی دوژمنانی خەیاڵی دوژمنانی ڕاستەقینەی خولقاند وێرای دامودەزاگایێکی ترس کە بەدوویدا هات. لە کۆتاییدا، توانرا ئەو تارماییە لابچێ ئەویش بە یارمەتی دەرەوە، هەر وەک هیتلێر، بەڵام ئەو ڕێبەرە نەخۆشە میللەتێکی ساغی کردە میللەتێکی دڕندەخوو.■

# مەحزوونی یا بێسارانی؟

ئەحمەد شەریفی

وتارە گرینگ و پڕ بایەخەکەی کاک **ئەنوەری سوڵتانی** دە«**گزینگ**»ی ژمارە ٦ی زستانی ١٩٩٥دا «**بێسارانی یا مەحزوونی**» هانیدام کە ئەم کورتە نووسراوەیە، وەک بیرەوەری بێنمەسەر کاغەز و بەشبەحاڵی خۆم ئەوەی لەم بارەوە بیستوومە پێشکەش بە خوێنەرەوەی کوردی بکەم.

هاوینی ساڵی ١٣٥١(١٩٧٢ز)ی هەتاوی، ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە تاران ڕێم کەوتە(انجمن کتب مقدسە)سەر بە کلیساکانی دیانی. لەوێ لەگەڵ گەنجێک بەناوی«بەشیری»ئاشنابووم، کاتێک زانی کوردم، گوتی: چەند کتێبی کوردیمان هەیە ودرە چاوی لێبکە.. کتێبەکان بریتی بوون لە«**مزگانی**»دانراوی دوکتور «**سەعیدخانی کوردستانی**» بە سەرەتایەکی دووردرێژی فارسی و ناوەرۆکی هەورامی و چوار جەلد ئینجیلی کوردی بە زاراوەی موکریانی. ئەمن ئەو کتێبانەم کڕی و لەگەڵ خۆم بردمنەوە کرماشان. ڕۆژێک، ئینجیلەکەم نیشانی«**میدیاخانی زەندی**»ژنی خوالێخۆشبوو «**حەسەن زیرەک**»دا، گوتی: ئەوە یەکێک لە وەرگێڕاوەکانی باوکم دوکتور«**عەزیزخانی زەندی**»یە..

لەم ماوەیەدا کە لە کرماشان بووم هامووشۆی خزمەت«**ئایەتوولڵامەردووخ**»م دەکرد و زۆر جاران بۆ زیارەت و دیدنی دەچوومە سنە، لە بەهاری ساڵی ١٣٥٢(١٩٧٣)دا، ڕۆژێک چوومە خزمەتیان و نوسخەیەکیشم«**مزگانی**» وەک دیاری بۆ برد. خوالێخۆشبوو هەر کە چاوە کەمسۆکانی بە«مزگانی»کەوت، پڕبوون لە ئەسرین و فەرمووی: سەعیدخان پیاگێکی فرەخاس بوو، دۆستایەتێکی نزیکی لە تەک خانەوادەی ئێمەدا هەبوو، باوکم چەند جارێ لە مەرگ و کوژران نەجاتی دا. پاشان کە چووە لەندەن و بوو بە پزشکی چاو، هاتەوە هەمەدان، دوو سێ جار سەردانی منی کرد. بڕیاری دابوو فەرهەنگێکی کوردی(هەورامی ـ فارسی ـ ئینگلیزی)بنووسێ، بۆ ئەم کارەش پێویستی بە سەرچاوە و نووسراوەی هەورامی هەبوو. ئەو وەخت بە دەگمەن کتێبی چاپکراوی کوردی (هەورامی)هەبوو. من لە کتێبخانەکەی خۆماندا سێ دەستنووسی هەورامیم پێ دا، یەکیان دیوانی «**مەحزوونی**»یا بێسارانی بوو کە باپیرم بە خەتی خۆی نووسیبووی، لەگەڵ دیوانی«**مەعدوومی**»(مەولەوی) و ڕۆستەم و زەردهەنگەکەی«مەلا مستەفای دڵدڵی». بەڵام نازانم ئەوانە چیان بەسەرهات، سەعیدخان فەرهەنگەکەی نووسی یا نە؟

ئەمە کاکڵەی قسەکانی خوالێخۆشبوو ئایەتوولڵا مەردووخ بوو.

من پاشان، لە ساڵەکانی دواییدا، چەند جارێک چوومە ئەنجمەنی کتێبی ئەسپەند(انجمن کتب مقدسە)، بەڵام کەسگەلێکی کە لەوێ بوون، هەر کە ناوی دوکتور سەعیدخانیان دەبیست، ڕوویان ترش دەکرد و سەبارەت بە یادداشتەکان و شوێنەوارەکانی خۆیان گێل دەکرد. چونکە دوکتور سەعیدخان کەسی نەبوو، هەموو مڵک و ماش و سەروەت و سامانی وەگیر ئەو ئەنجمەنە کەوتبوو. ئەوان لەوەی دەترسان کە کابرایەکی کوردی وەک من بەداشداری دوکتور دەرچێ و داوای مڵک و ماشیان لێبکات، بۆیە هەرکە ناوی دوکتوریان دەژنەوی، هەڵدەبەزینەوە. بەڵام سەرەنجام لە هاوینی ساڵی ١٣٧١(١٩٩٢)دا، لەلای پیرێژنێکی هەرمەنی کە دەماڵەکەی دوکتور سەعیدخان دا دەژییا، لە کۆنەسندووقێکدا، یادداشتەکان و فەرهەنگەکەی دوکتور سەعیدم دۆزییەوە. بڕیار وابوو، لە دەرفەتێکدا فەرهەنگەکە و بەشێک لە یادداشتەکانی کۆپی بکەم(ڕووی دەستکورتی و نەداری ڕەش)، بەڵام ئاسەوارێک لەو دەستنووس و دیوانانەی کە ڕەوانشاد«مەردووخ»باسی کردبوون نەبوو، یەکدوو مانگ دواتر چوومەوە تاران و پەیجوویی پیرێژنم کرد، یەک گوتی مردووە و یەک گوتی چووەتە ئەرمەنستان ماڵە دوێت[کچ]ەکەی. ئێستا لە نووسراوەکەی کاک ئەنوەر وادەردەکەوێ کە دوکتور سەعیدخان یەکێک لەو دەستنووسانەی ـ کە دەستنووسی باپیری یەزدانبەخش مەردووخ بووە ـ داوە بە نامەخانەی بریتانیا و کاک ئەنوەر وتاری لەسەر نووسیوە.

هەتا ئێرە لایەنێکی دۆزەکە، بەڵان لایەنێکی تری باسەکە، کە دیسان هەر پێوەندی بە مەحزوونی و بێسارانی یەوە هەیە، ئەوەیە:

ئەز لە ساڵی١٣٥١(١٧٢)وە، دۆستایەتێکی نزیکم لەگەڵ خوالێخۆشبوو مامۆستا«**سەید تاهیری هاشمی**»هەبوو، لە ڕێزی زارۆکانی دا بووم و زارگۆم بە زاراوەی هەورامی لەلای ئەو زاتە پشکووت و هەتا ڕادەیەک هەورامی لە لا فێربووم و هەتا ئەو ماوەیە کە لە کرماشان بووم، لانیکەم حەوتووی یەکدووجاران بە خزمەتی دەگەیشتم.

لە ئاخرو ئۆخری بەهاری ساڵی ١٣٦٧(١٩٨٨)دا، لە کرماشانەوە سەفەرێکی هەورامانی«لەهۆن»و«تەخت»و«ژاوەرۆ»م کرد، بە خزمەت زۆرزانای گەورە و پیرە پیاوی ژیهاتی ئەو نێوچەیە گەیشتم و چەند پارچە شێعری هەورامیم گردوکۆکرد و نووسییەوە. هەر لەو سەفەرەدا، سەرێکی بێسارانم دا، لەلایەکەوە چوومە سەیر و دیدەنی قەڵاکۆنەکەی میری میرانی«سێڕان»لە بێساران و لەلایەکی تردوە چوومە سەر گڵکۆی«بابا شێخ ئەحمەدی بێسارانی»و نزای گەلەکەمم بە گوێی ئەو زاتە پاکە چپاند. لە بێساران ژنەفتم کە باباشێخ ئەحمەد شاعیر بووە و شێعری لە سەر زاری خەڵکی هەیە. جا لەوێ دوو پارچە شێعری هەورامیم دەستکەوت، کە یەکیان وەک دەیانگوت شێعری بابا شێخ ئەحمەدە کە بەم بەیتە دەست پێدەکا:

**ئێمشەو ئاهیرێ گڕ بەست نە دەروون**
**بڵێسەش یاوا بە سەقف گەردوون**

..............................

وە، بەم بەیتەش کۆتایی دێ:

**چون ئاهووی خۆتەن ئاما جەلاوە**
**دەست دا وە ئاو دا سفتەم کوشتاوە**

پارچە شێعری دووهەم کە نووسیبوومەوە، گوتیان شێعری «مەحزوونی»یە و بەم بەیتە دەست پێدەکا:

**زەڕ شەوق قـــــامەت، جەمین پەڕەی گوڵ**
**موژەت چون نەشتەر، لەتلەت کـــەردەن دڵ**

وە، ئەم پارچەیەش بەم بەیتــەی خــوارەوە کۆتایی دێ:

**نە تەرکـــەش ویێت تیرێ هـــــەوا دەر**
**نی(مەحزوون) بەدبەخت یەکسەر خەلاس کەر**

کاتێک لە سەفەری گۆڕین گەڕامەوە، ڕۆژێک سەرجەمی شێعرەکـان کـە چەند پارچە شێعری«میرزا شەفیعی کولیایی»، «میزا قادری پاوەیی»، «مـــەولەوی»، «باباشـــێخ ئەحـــمەد»و«مـەحـزوونی» و ڕۆســتـەم و زەرهەنگی«مەلا مستەفای دلدلی»ی بوون، بۆ ڕاسـتکردنەوە و ڕاست نووسـینەوەیان بردمنە خزمەت مامۆستا مەلا سەید تاهیر. چاوێکی بە شێعرەکاندا گێڕا و بە شێعرێکی ـ کە لەسەرم نووسیبوو میرزا شەفیعی کولیایی ـ گوت: ئەوە شێعری «میرزا شەفیعی جامرێزی»یە.. کە گەیشتە شێعرەکانی شێخ ئەحمەد و مەحزوونی، فەرمووی: ئەوانەش هەردووکیان شێعری «مەلا مستەفای بێسـاران»ین.. ئەمن ئەوکـات قسەکانی مەرحوومی موردووخم سەبارەت بە دەستنووسەکەی باپیری، وەبیرهاتەوە و عەرزی مـامۆسـتـام کـرد، قـوربان من جـارێکیش لە ڕەوانشـاد مەردووخم ژنەفتووە کە بێسارانی و مەحزوونی هەر یەک کەس بوون، ئایا بە ڕاستی وایە؟ مامۆسـتـا مەلا سەید تاهیر فەرمووی: تەخــەللووسی شـێـعـری بێـسـارانی، (مەحزوونی)بووە، بەڵام چونکە خەڵکی گوندی بێسـاران بووە بە بێسـارانی زۆرتر ناوبانگی دەرکــردووە، هەر وەک چۆن«وەفـایی»ئێـوە تەخـەللووسی شـێـعـری وەفـایی بووە بەڵام بە«سابلاغی»یش مەشهوورە. مامۆستا پاش ئەم فەرمایشە، هەستا و بەیازێکی هێنا و نیشانی دام کە لەبان شێعرەکان نووسرابوو«اشعاری از مرحوم میرزا عبدالرحیم سابلاغی». بەمجۆرە، من لەو دوو زاتەم بیست کـە بێـسـارانی و مەحزوونی هەر یەک کەس بوون و تەنانەت ئەو شێعرانەش کە بە ناوی (باباشێخ ئەحمەدی بێسارانی) لە ناو خەڵکدا هەن، هەر شێعری (مەلا مستەفای بێسارانی)ن.

با لە کۆتاییدا ئەوەش بێژم کە، بڕیارە بەهاری ساڵی ١٣٧٤(١٩٩٥)کۆنگرەیەک بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری مەلامستەفای بێسارانی، لەلایەن ئەدیبان و زانایانی کوردەوە لە شاری مەریوان پێکبێ. بڕیاریش وابوو کـە ئەمن وتارێک لە سەر(بێسـارانی و مـەحزوونی) بنووسم، ئێستا وتارە گرینگەکەی ڕێزدار کاک ئەنوەر، ڕێگەی بۆ نووسینی ئەم وتارەی من خۆشتر و هەموارتر کرد. ■

پاشماوەی ل ٥٩(تیشکێک...)

٨) وڵاتانی سۆڤیەتی[پێشوو]: ٢٦٠,٠٠٠
٩) فەڕەنسە: ٢٥٠,٠٠٠
١٠) پۆرتوگال: ٩٢,٠٠٠
١١) یۆنان: ٩٠,٠٠٠
١٢)ئیتالیا: ٨٠,٠٠٠
١٣) ئالمان: ٧٥,٠٠٠
١٤) ئەلبانیا: ٦٢,٠٠٠
١٥) پۆڵۆنیا: ٥٠,٠٠٠
١٦) بریتانیا: ٥٠,٠٠٠
١٧) هۆڵەند و بەلجیکا و لۆکزامبورگ: ٣٠,٠٠٠
١٨) وڵاتانی سکانیدیناڤیا: ٢٦,٥٠٠
١٩) ئوتریش(نەمسە): ٧٠,٠٠٠
٢٠) ئیرلاند: ١٥,٠٠٠
٢١) سویسرا: ٥,٠٠٠

هەڵبەت لەم ئامارە دا ڕێژەی قەرەجەکانی عێراق، ئێران، پاکستان، ئەفغانستان، هیندستان و شوێنی تر حسێب نەکراوە(٤).

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش بگوترێ، هیچ دوور نییە کە (قەرەج)ەکەی لەمەڕ خۆشمان لە نێوی (کاراج)یان(کاراجی)یەوە هاتبێ کە شارێکە لە هیندستان، تەنیا بە درێژی سەردەم و کات پیتی/ک/ بوو بێتە/ق/!. ■

**سەرچاوە:**

١) گۆڤاری شتێرن(ئەستێرە)ی ئالمانی، ژمارە ٤٧، ١٢ نۆڤامبری ١٩٩٢.
٢) هەمان سەرچاوە.
٣) هەمان سەرچاوە.
٤)بەشێک لە زانیارییەکان لە نێوەندی(ڕۆما و سینتی)شاری دوسلدۆرف وەرگیراوە.


## ساڵی تازەتان پیرۆز بێ

### کتێبی ئەرزان

**بۆ نووسەران، شاعیران و ئەدیبانی کورد**

کتێبی ئەرزان لە مەودوا بەتەمایە بەرهەمی نووسەران و شاعیران و ئەدیبانی کورد کۆبکاتەوە و سەرلەنوێ لەچاپیان بداتەوە، کە یەکەمین هەنگاومان بۆ ئەوکارە، لە چاپدانەوەی بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەری بەنێوبانگی کورد خودالێخۆشبوو« مامۆستا هێمن»ە. بەم بۆنەوە لە هەموونووسەران و شاعیران و لایەنەنگران و خوازەرانی فەرهەنگی کوردەواری داوادەکەین کە بە گوێرەی توانا و بەسەرنجدان بەو خاڵانەی خوارەوە، بۆ ئەو ئەرکە هاوکاریمان بکەن:

١) نووسراوە، هونراوە، یان هەر نوکتەیەک و بیرەوەرییەک لە سەر مامۆستاهێمن شک دەبەن، نوسخەیەکمان(چ کۆپی بێ یان ئۆرگیناڵ) بۆ ڕەوانە بکەن وێڕای نووسینی ناو و نیشانی خۆتان.

٢) لەسەر داوای خاوەنەکان، نوسخە ئۆرگیناڵەکان دەدرێنەوە ، بەڵام نوسخەکۆپییەکان گل دەدەینەوە.

٣)ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە ئەگەر نووسراوە یان وتارێک بەنێوی«ناسناو»ی ناوبراو، لە جێیەک چاپ بووبێ، دەبێ ئەو نێوە لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی ئەو شاعیر و نووسەرە ناوبراوە، پەسند بکرێ.

نەورۆزی ١٣٧٤ی هەتاوی(١٩٩٥ز)

ئەدرێس:

Kitab i Arzan
Birger Jarlas g 9B
554 63 Jönköping
Sweden
Tel: 036 - 148031
Fax: + 036 - 110999

ئینگمار لیندمارکێر

# ڕێبەرانی نەخۆش ڕەوتی دنیایان گۆڕی

(SvD)، ٦ی مارسی ١٩٩٤

وەرگێڕان لە سوێدییەوە: **عەزیز نەژادیان**

**ترس لە ڕاونان، خەرفان، لەخۆبایی، ئالوودەیی، نەخۆشی سەخت وسادیسم لای پیاوانی خاوەن دەسەلات.**

**ئەگەر سەرکۆمار«ڕوزوێلت» لە کۆبوونەوەی«یالتا»دا ساغ بووبا، ئایا پۆلۆنی(Polen)ڕزگار دەبوو؟ ئایا نەخۆشی«ئێریش هونیکێر»، بوو بە هۆی ڕووخانی دیواری برلین؟ ئایا عادەت گرتنی«ئانتۆنی ئیدێن» بە«ئامفیتامین»یارمەتی دا بە کێشەی کانالی سوێز(Suezfiaskot)؟ ئایا خەرفانی «هیندنبۆرگ»، «هیتلێر»ی بە دەستەلات گەیاند؟ ئایا ئەوە شێرپەنجەی شاراوەی «شا»بوو، کە ڕێگای بۆ شۆڕشی«ئایەتوڵلاخومەینی»لە ئێران، خۆش کرد؟**

ئەوانە پرسیارگەلێکی مێژوویین لە سەر ڕابردووی نزیکی ئێمە. ئەوانە باس و خواسێکن کە لە کتێبی تازەلە چاپدراوی دوو زانای ئامریکایی وەلام دەدرێنەوە.

کەس ناتوانێ لە سەر باسی ڕۆژ و جیهانی ئاڵۆز، سکالا بکا لە کاتێکدا ڕێبەرانێکی وەک «یەلتسین» و«میتێران»نیشانەی ناساغیان پێوەدیارە. چارەنووسی ڕووسیە و جیهان دەکرێ بە بەیاننامەیەکی ڕەسمی پزیشکی لە لایەن «کرێملین»دوە بگوڕدرێ.

**ڕێبەران لە کتێبدا موعاینە دەکرێن**

لە ڕاستیدا باسێکی سەرەکی کتێبی:کاتێک نەخۆشی ڕێبەران دادەگرێ = When Illness Strikes the Leader( SvD ، ١٠ی یانواری ٩٤)، ئەوەیە کە ڕەوتی جیهان لەوەزیادتر دەگوڕدرێ کە پێمانوایە، بە تایبەت کە ڕێبەرێک نەخۆش دەبێ و دەیەوێ لە دەسەلاتیشدا بمێنێتەوە. بە پێی قسەی ئەو نووسەرانە«جێراڵ م. پاست»و«ڕۆبێرت س. ڕۆبینس»کە هەردووک پسپۆڕی زانستی سیاسی و ڕەوانناسین لە ئامریکا، ئێمە بەو پەڕی ڕاستییەوە، بەتەندرستی و ڕەوانساغی ڕێبەرانی سیاسی باوەڕدێنین.

بریتانیاییەکان شتێکی وایان کردکاتێک سالی ١٩٥١«وینستۆن چرچیل»ی ٧٦ساڵەیان بۆ سەرۆک وەزیرایەتی هەڵبژارد، بەلام لەڕاستیدا چرچیل " نموونەیەکی زیندووی زانستی پاتۆلۆژی" بوو وێڕای کۆمەڵێک نەخۆشی جۆراوجۆری لەشی، داو و دەرمانی قورس و چاودێری کران بە هۆی ئارەق خواردنەوەیەکی زۆر لە ژیاندا.

ئەو بێ هێز و بێ تاقەت ببوو و بە کەلکی کار نەدەهات، سەرەڕای دڵناسکی و جینگنی، تووشی ناڕەحەتی و دەربڕینی هەستی جۆربەجۆری تێکەلاو بەگریان ببوو. چرچیل تووشی چەشنێک نەخۆشی لەخۆبایی هاتبوو و پێی وابوو کە تەنیا ئەوە دەتوانێ پێش بە شەڕی سێهەمی جیهانی بگرێ. کاتێک لە سالی ١٩٥٣دا بۆ دووهەمین جار تووشی خوێن جمانی سەختی مێشک بوو، ئەم نەخۆشییە لەنێوان کاربەدەستانی دەوڵەتیدا بەتوندی شاردراوە.

**بێحالی ڕۆزوێلت لە کۆنفرانسی یالتادا**

نەخۆشی«فرانکلین د. ڕوزوێلت»بە هۆی ئەمەگداری نادروست، لەلایەن نزیکترین کەسانی وی شاردراوە. دوای فەلەج بوون لەسەردەمی منداڵییەوە هەمیشە لەسەر کورسی چەرخدار بوو، کەچی لە ٣٥٠٠٠ وێنەی کە بەڕاوەستاوی لە کتێبخانەی ڕوزوێلت کێشراون تەنیا دوو وێنەیان ئەوی بە کورسی چەرخدار نیشان دەدەن. وێنەکان بۆ«پاراستن»ی ڕێبەر بەدرۆ کێشرابوون.

خراپتر لەوەش، ئەو کە لەسالی ١٩٤٤، نەخۆش ولەحالی مردندایە، ڕێی پێدەدرێ کە بۆ چوارەمین جار بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێتەوە. لە کونفرانسی یالتا دوای ئەوەیکە ئوڕووپا لەتلەت کرا، ڕوزوێلت زۆر نەخۆش بوو. لەوانەیە هەر ئەوەش بووبێتە هۆی ئەوە ڕێبدا کە مەسەلەکان بەوپەڕی بێدەسەلاتییەوە تێپەڕن. یەک لەوکەسانەی بەترس و لەرزەوە چلۆنایەتی حالی سەرۆک کۆماری یادداشت کرد و شتێکی گاڵتەجاڕبوو،«چارلز مۆران»دوکتوری تایبەتی وینستۆن چرچیل بوو، کە تائێستاش نەیویست لە دوارۆژ حالی بێ.

زانیاری سەبارەت بە نزیک بوونەوەی مەرگی ئەو ڕێبەرەسیاسییە چ تەئسیرێک دادەنێ؟ هەروەها چ شوێنێک دەخاتەر سەر دەوروبەرکەی؟ سەرۆک کۆماری فەڕانسە«ژۆرژ پۆمپیدوو» تەنیا هێشتی چەند کەسی هەڵبژاردە بزانن کە ئەو بەهۆی سەرەتانی ئێسکەوە بەرەو پێشوازی مەرگ دەڕوا. ئەو خۆی ئاسایی نیشان دەدا، بەلام ئەم مەکرە ئەوی بەرەو قەیرانێکی درێژخایەن برد.

**مەرگی«شا»بە ناهومێدی لە قەڵەم درا**

شای ئێران توانی نەخۆشییەگیان ئەستێنەکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بشارێتەوە. دامودەزگا جاسووسییەکەی فەڕانسە ئاگاداری ئەوە بوو، شتێکی کە توانی بۆ ئایەتوڵلاخومەینی ببێتە یارمەتیدەر کە وەک پەنابەر لە فەڕانسە وەربگیرێ. بەلام سیا(CIA)ئەوەی نەکرد، شتێکی کە بوو بەهۆی سیاسەتێکی خاوی ئەمریکایی. ئەوە بەنۆبەی خۆی هەم بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و هەم بۆگۆڕانکاری بنەڕەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بایەخی هەبوو. بە زانینی نزیک بوونەوەی مەرگ،«شا» تێکۆشا کە گۆڕانکارییەکی بەپەلە لە ئێراندا پێکبێنێ. حالەتێکی ئەوهاش بۆ«مائۆ تسەدۆنگ»ی مەرگ لێنیشتووی ماوەکورتی ناهومێد پێش هات. ئەو ڕێپەیماییەگەورە و ئەو سیاسەتە جێنەکەوتوویەی شۆڕشی فەرهەنگی لە ئەساسدا ئەتیجەی ڕەنج و عەزابێک بوو لای پیرێکی نەخۆش کە ژیانی خۆی بەرەو تەواوبوون دەدی.

لەسەر قسەی ئەو نووسەرانە«چۆ ئێنلای»ڕاپەڕینێکی کاملی دیکەی گەرک بوو. مائۆ پاشان بۆ بە دەستهێنانی کەسایەتێکی ئەمر تێکۆشا کە ببێتە بەشێک لە پرۆسەی شۆڕشگێڕیی هەمیشەیی. «چۆ»، سەرەڕای نەخۆشی مەرگهێن، ماوەیەکی درێژخایەن بالانس(میزان)ی سیاسەت و هەست و قەستی خۆی ڕاگرت.

**«بوورقیبە» بەتوندی خۆی بەستبووەوە**

بەشێکی کتێبەکە سەبارەت بە دیکتاتۆری بەساڵاچووی تونس«حەبیب بوورقیبە»یە و ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن ئەو پیرەساڵە، ئەو ڕێبەرە نەخۆشە ددانی خۆی توند لەدەستەلات گیرکردووە. بوورقیبە وەک ئامالێ خودایەک چاولێدەکرا، داهێنەری میللەت ، کە ئەو ڕێ و ڕەسمە سیاسییەی خولقاند. «سیستم؟ منم سیستم.»

ئەو لە ئاخرونۆخری ٢٢هەمین سالی ژیانی سەرکۆماری خۆیدا بە سەختی نەخۆش کەوت. بەپێچەوانەی بەلێنی وازهێنان لە سەرکۆماری،

←

بورقیبە بۆ هەمیشە خۆی بۆ سەرکۆماری سەرپشک کرد. ئەو دەورانێکی دوورودرێژی لەنەخۆشخانەکانی دەرەوەی ولات تێپەرکرد و لە ئاخریشدا بوو بە دواخانەیەکی کۆچکردووی قبوولکراو.

حکوومەت لەکارکەوتبوو، رەخنەگران بێدەنگ کرابوون و بوورقیبە رێگادرا ببێتە«دیکتاتۆرێکی خەرفاوی ئاشکرا»بەرلەوەی لە کۆتاییدا بتوانرێ لێبخرێ.

رۆبینس و پاست، ئەونەفسانەیە تێکدەرووخێن کە رێبەرانی پیر و نەخۆش لەپیریدا نەرم دەبن. بەپێچەوانە ئەوان زۆرتر قۆرِدەماغ دەبن و بۆ چارەسەرکردنی چەنگ و چەلەمەی خۆیان لەوکاتەی کە ناحالین لە شێوەگەلی کۆن و توندوتیژی رۆژانی دەسەلاتیان کەلک وەردەگرن. یەک نموونە«دینگ شیائۆپینگ»ە کە دژ بە پێشنیاری گەنجەکان لە مەیدانی بەهەشتی ئازادیدا، فەرمانی کوشتاری گشتی دا.

هەموو وەک «شارل دێ گۆل»عاقل نین، کە سەرەرای دووا بەلگەی بۆ مانەوە لەلووتکەی دەستەلات، داوخوازانە خۆی کێشایەوە دواوە. بەلام پەندێکی لەخۆباییانەی فەرانسەیی هەبوو کە بۆگالتەپێکردنی وی لەوکاتەدا ئاوای لێهات: «ئازادی، بێ تەفاوەتی، پیری».

یەکێکی دیکە لەوانە ژەنەرال «فرانسیسکۆ فرانکۆ» بوو، کە ماوەیەکی درێژخایەن وەک زیندوو راگیرابوو بۆئەوەی بتوانرێ جێگرێکی بۆ ئامادە بکرێ. ئەوکارە بووە هۆی گالتەجارێ، کە وەختایەک وەزیرێک پێی گوترابوو بچێتە لای شازادە خوان کارلۆس وئەو هەوالەی بداتێ کە وەک شا دوای مەرگی فرانکۆ بە جێگر هەلبژێردرابوو:

ـ گەوردم، من هەم خەبەری خۆشم بۆت هەیە هەم نی ناخۆش.

ـ خەبەرە خۆشەکەم پێ بلێ.

ـ فرانکۆ مردووە.

ـ باشە، خەبەرە ناخۆشەکە چییە؟

ـ ئێوە دەبێ بۆخۆتان ئەوەی پێ بلێن.

کاتێک رێبەرێکی بەتوانا نەخۆش دەبێ و لەسەرجێگادەکەوێ، دەوروبەرەکەی فکردەکەنەوە کە نفوز و توانایی خۆیان لەدەست دەدەن. نموویەکی زیندوو بۆ ئێمە، کە لە لێکۆلینەوەی ئەو دوو ئامریکاییەدا نابیندرێ، پرێزیدێنت«نورهۆ کێکۆنێن»ە.

سەرکۆماری ئەفسانەیی فینلاند چەندین سال پێش وازهێنان، یا خود وەلانانی بە هۆی خەرفاوی وهاتەران پاتەران لەگفتوگۆی سیاسییدا پەکی کەوتبوو. باری نەخۆشییەکەی وەها خراپ ببوو کە بۆ راگرتن نەدەبوو، بەلام کاتێک کە رێبەرایەتی سیاسی قەرارێکی بێ سێ و دووی سیاسی دەرکرد، نەبوونی کێکۆنێن لەباری سیاسەتی ناوخۆوە ئالۆزی و لەناستی سیاسەتی دەرەوە ناهێمنی خولقاند.

### رۆلی دوکتوران چارەسازە


ناکاری نێوان دوکتور و رێبەری نەخۆش ناسکە. وەزعییەتی شازی ئەونەخۆشە[رێبەرە] دوکتوری دەتەنگانەداوێ چ بۆ دانی داوودەرمان، چ بۆ ئەوەی رازی بکا لە رێبەرایەتی وازبهێنێ. هەروەک لە کتێبەکەدا هاتووە:«خۆ بە داوودەرمان سپاردن دەتوانێ لە باری سیاسییەوە کارەساتاوی بێ؛ هەروەها رێدان بە بەرژەوەندی سیاسی پێش تێبینی پزیشکیش دەتوانێ ببێتە هۆی کارەسات».

دوکتورێکی سەر بەدەزگای دەستەلات بەشێکە لە رەوتی سیاسەتی ناوەوە. قسەی دوکتور بایەخێکی گرینگی هەیە بۆ بریاردان سەبارەت بە سلامەتی سەرۆکی دەولەت لە بەشداربوونی کۆبوونەوەیەک یان سەبارەت بە«جێگرێک»کە راستەوخۆ بنێردرێ بۆ کاری سەرەکی لە بری ئەو رێبەرە بێ توانایەی لەسەر حوکمە. نووسەرەکان دەنووسن، لە تەواوی لێکۆلینەوەکانماندا، یەک نموونەشمان نەدۆزیوەتەوە کە تێیدا دوکتور هەولی رازیکردنی ئالقەی ناوەندی دابێ بۆ لێخستنی رێبەرێکی ناشایست.

### نەخۆش بوون بەداوودەرمانی نهێنی

بوون بە کەسایەتێکی هەلکەوتوو، خۆی لە خۆیدا دەتوانێ بۆ سلامەتی مەترسیدار بێ. سەرکۆماری هەلبژێردراو و بەلام هێشتا دانەمەزراوی برێزیل«تانکرێدۆ نێویس»لە دەیەی ١٩٨٠دا بۆخۆی ئانتی بیۆتیکی دەخوارد تا نەخۆشی سەختی گەدەی بشارێتەوە. دوکتورەکان پێش هاتنەسەرکاری نێویس، نەخۆشییەکەیان زانی بەلام درەنگ ببوو. ئەو لەپێشدا بە هۆی دەستەیەک لە دوکتورانی برێزیلی جەراحی کرا، کە شەخسییەتی بەرزی نەخۆش لە موداواکردندا بێ تەئسیر نەبوو. جەراحەکان لە(سائۆ پۆلۆ)وە بە فرۆکە خۆیان گەیاندە نەخۆشەکە و عەمەلێکی نوێیان دەستپێکرد و سەرئەنجام، وەختایەک«نێویس»ی ٧٥ سالە مرد، دوازدە دوکتور وێرای گەلێک سیاسەتمەدار و هەوالدەر لە دەوری وی کۆزیلکەیان بەستبوو. ئەو لە وەزعییەتێکی شازدا مرد ـ ئەوە وەک نووسراوەیەکی سەرکێل دەنگی دایەوە.

لە ژێر فشاری قەیرانی سیاسیدا دکتورێک بەناسانی دەتوانێ دەرمانی قورس لەسەر داوای رێبەرەکە بنووسێ. ئەو بەدندوک پێوەبووە«ئانتۆنی ئیدێن» سەرۆک وەزیری



بریتانیا لە سالەکانی ٥٥ ـ ١٩٥٧، هەمیشە خورجێنێکی لە دەواودەرمانی جۆراوجۆر لەگەل خۆی هەلدەگرت کە پربوو لە مۆرفین. هۆی خووگرتن[و موعتاد بوون]ی بەوە رەنگە لەبەر ئێشی کیسەی زەرداوی بووبێ. هەروەها ئەوەندەی ئامفیتامین بەکاردێنا کە ئەو«ئیدێن»ە عاقلەی پێشووی کردبووە دەولەتمەدارێکی گێژ و بێ ئیرادە. لەسەردەمی قەیرانی کانالی سوێزدا سیاسەتێکی وەها کارەساتاوی گیرا کە ئاکامەکەی پاشەکشەیەکی ئابروبەرانە بوو بۆ هێزەکانی رۆژئاوا.

تانانەت«جان ف کەنەدی»یش وێدەچێ ئامفیتامینی بەکارهێنابێ باوەکوو نەشتوانین ئەندازەی بەکارهێنانەکەی بەدەستەوەبدەین.

بە رای نووسەرەکان مەترسیدارترین شت ئەوەیە کە رێبەرێکی سیاسی بۆ وەزعییەتی نۆرژانسی ماندوێتی دەیخوازێ و، لەدوکتورەکەشی وەردەگرێ، لە شتی ئاوەکی هێزوەبەرنانەوەرا بگرە تا داوودەرمانی وەخۆهێنەر. ئاوات و خۆشی لەرادەبەدەر دەگەل هەستی ناهۆمێدی و دامان تێکەل دەبێ. وزەی هەلسەنگاندن بەرەو لاوازی دەچێ.

### هیتلێر کوکایینی بوو

نموونەیەکی کلاسیک بۆ خراپ بەکارهێنانی دەرمان«ئادۆلف هیتلێر»ە، کە توانی بەدەستەلات بگا ئەویش لەبەرئەوەی«هیندنبورگ»ی پیر پێی وابوو کە

بروانە لاپەرەی ٦١




ژوان(کورتە ڕۆمان)
نووسینی: سەعید کاوە
قەوارە: مام ناوەنجی، ١٦٢ لاپەڕە
چاپی یەکەم: سوێد، ١٩٩٥
شونێی داواکردن: Tel: 019 - 260510




«چرۆکان» بەرگی یەکەم، چیرۆک بۆ منداڵان
نووسینی: ناصف مصطفی عبدالعزیز
وەرگێڕانی: جوان کاردۆیی
قەوارە: A4، ٢٨ لاپەڕە و ٢٠ تابلۆی ڕەنگی
شوێنی داواکردن: Tel: 031- 183471



## پەخشنامەی نەورۆز

ئامادەیە بۆ تایپکردن و مونتاژکردنی هەموو جۆرە کتێب و گۆڤار و نامیلکەیەکی کوردی، بە نرخێکی گونجاو، بە شێوەیەکی جوان، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بگرن بەم ژمارە تەلەفۆنە: 17636 - 0515 یان بەم ناونیشانەی خوارەوە:

Nawroz Forlag
Warenbergs g 22F
521 33 FALKÖPING
SWEDEN

* ئەم کتێبانەی خوارەوەی **«مەهاباد قەرەداغی»** دەتوانرێ بەو ناونیشانەی سەرەوە داوابکرێ:
١) پانۆراما ـ شێعر
٢) شاخ کێڵگەی گەنمە شامیە ـ شێعر
٣) کۆچ ـ چیرۆک
٤) لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا ـ لێکۆڵینەوە
٥) دانپییانانێکی پیاوانە ـ چیرۆک، (وەرگێڕان)
٦) شێعر هەناسەی گەردوونە ـ هەڵبژاردەیەک لە شێعری هاوچەرخی جیهانی (وەرگێڕان)
٧) نانی ژەهراوی ـ شانۆییەکی بۆڵگاری (وەرگێڕان)
* ئەم کتێبانەی **«مستەفا قەرەداغی»** بەهەمان ناونیشان:
١) سەمای دەروون ـ شێعر
٢) تەنیا دەنگ دەمێنێتەوە ـ هەڵبژاردەیەکی شێعری هاوچەرخی فارسی
٣) قەڵەوی.. نەخۆشی سەردەم.. یۆگا





**چوارینەکانی خەیام**،کوردی و فارسی وەرگێڕانی هەژار
ئامادەکردن: نەبی قادری (١٣٦ چوارینەی کوردی وفارسی لەبەریەک داناون)
قەوارە: مامناونجی، ٧٦ لاپەڕە
چاپ و بلاوکردنەوە: چاپخانەی مەنسوور

# ئاوی سوور

ساقیا، هەستە بە یەک پەیمانەوە
شەرمەزارم کە ، وەرە پێمانەوە
با بدرکێنم نهێنی خۆم کە چۆن؟
وردە ناسۆرم سەریان هەڵدانەوە
ئەو گراوی دوورکوژی نێزیک خەسار
چۆنی دڵ بردم لە کوردستانەوە؟
بێرە ، با لات هەڵبڕێژم دێرپەدێڕ
دەردوداخی خۆم لە ناخی گیانەوە
گەرچی نرخی نییە لە لام لۆمەی نەیار
داخدارم من، بە دەست یارانەوە
ئاوی تاڵی تۆ پەنای تەنگانەیە
خەمڕەوێنە و مەرهەمی دڵدانەوە
تێکە ئاوی سوور هەتا بیشۆمەوە
ئەوپەڵە ژەنگەی بەسەر دڵمانەوە
هەر بە خۆشی ئەو دڵەی، ئەستێرەیەک
ئێستێ شک نابا لەحەوت ئاسمانەوە...
گەر ئەوین فێڵ و فریو و پارەیە
نامەوێ پووچی بە هیچ عینوانەوە
لەو هەموو وەعد و درۆیەی جێژوان
دڵشکاوم، وا بەسەرسوورمانەوە...

•••

هێرش ـ ١٩٩٥

# GZING

Cultural - Literary Kurdish Magazine
No: 7. April, 1995.

